عەبدوڵڵا غەفور

# جوگرافیای کوردستان

چاپی شەشەم

هەولێر - ٢٠١٢

* ناوی کتێب: جوگرافیای کوردستان
* نووسینی: عەبدوللاّ غەفور
* پیتچنین: نووسەر
* سەرپەرشتیاری هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین
* چاپی یەکەم ١٩٩٦ (ئاپێک– ستۆکهۆڵم)
چاپی شەشەم ٢٠١٢ (ئەکادیمیای کوردی – هەولێر)
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی
ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

## ناواخن

بەرایی ..........................................................................٩

## بەشی یەکەم. جوگرافیای سروشتی

**سەربابەتی یەکەم. شوێنگەی جوگرافی کوردستان ................ ١٣**
ژێربابەتی ١. شوێنگەی فەلەکی کوردستان ......................
ژێربابەتی ٢. شوێنگەی رێژەیی کوردستان ......................
**سەربابەتی دووەم. ستراکتورەی جیۆلۆجی ........................ ٢٠**
ژێربابەتی ١. جولەی تێکتۆنی .........................................
ژێربابەتی ٢. پێکهاتەی جیۆلۆجی .....................................
**سەربابەتی سێیەم. تۆپۆگرافیای کوردستان ........................ ٢٥**
ژێربابەتی ١. چیایەکان ..................................................
ژێربابەتی ٢. گردەکان (تەپۆلگەکان) ...................................
ژێربابەتی ٣. دەشتەکان .................................................
**سەربابەتی چوارەم. ئاووهەوا ........................................... ٣٨**
ژێربابەتی ١. هۆیەکانی کارکردن لە ئاووهەوادا ................
ژێربابەتی ٢. رەگەزەکان ئاووهەوا.....................................
ژێربابەتی ٣. وەرزەکانی ساڵ .........................................
ژێربابەتی ٤. هەرێمەکانی ئاووهەوا ..................................
**سەربابەتی پێنجەم. سەرچاوەکانی ئاو ........................... ٦١**
ژێربابەتی ١. ئاوی سەر زەوی .........................................
ژێربابەتی ٢. ئاوی ژێر زەوی ..........................................
ژێربابەتی ٣. پرۆژەکانی ئاو ...........................................
**سەربابەتی شەشەم. گڵ ................................................... ٩٧**

ژێربابەتی ١. خەسڵەتەکانی گڵ ..........................
ژێربابەتی ٢. پۆلێنکردنی گڵ ..........................
ژێربابەتی ٣. گرفتەکانی گڵ ..........................
**سەربابەتی حەوتەم. رووەکی خۆڕسک** .......................... ١٠١
ژێربابەتی ١. دارستان ..........................
ژێربابەتی ٢. گیاوگۆڵی سروشتی ..........................
ژێربابەتی ٣. لەوەرگە ..........................
**سەربابەتی هەشتەم. گیانەوەری کیوی** .......................... ١١٢
ژێربابەتی ١. خشۆک ..........................
ژێربابەتی ٢. باڵندە ..........................
ژێربابەتی ٣. قرتێنەرەکان ..........................
ژێربابەتی ٤. دڕندە ..........................
ژێربابەتی ٥. ماسی ..........................

## بەشی دووەم. جوگرافیای دانیشتوان

**سەربابەتی یەکەم. ژمارە و دینامیک و رەوتی سروشتی دانیشتوان**.......................... ١١٧
ژێربابەتی ١. ژمارە و دینامیکی دانیشتوان ..........................
ژێربابەتی ٢. رەوتی سروشتی دانیشتوان ..........................
**سەربابەتی دووەم. پێکهاتەی دانیشتوان** .......................... ١٤٣
ژێربابەتی ١. پێکهاتەی تەمەن و توخم ..........................
ژێربابەتی ٢. خوێندەواری ..........................
ژێربابەتی ٣. سامانی کار ..........................
**سەربابەتی سێیەم. پێکهاتەیی نەتەوەیی و ئاینی دانیشتوان**.......................... ١٥٥

ژێربابەتی ١. پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان .........................
ژێربابەتی ٢. پێکهاتەی ئاینی دانیشتوان .........................
**سەربابەتی چوارەم. کۆچکردن و چڕی دانیشتوان ................. ١٦٣**
ژێربابەتی ١. کۆچکردنی دانیشتوان ..............................
ژێربابەتی ٢. چڕی دانیشتوان ......................................
**سەربابەتی پێنجەم. شارنیشی و گوندنیشی ..................... ١٨٢**
ژێربابەتی ١. شارنیشی ..............................................
ژێربابەتی ٢. گوندنیشی ..............................................
**سەربابەتی شەشەم. سنووری و دابەشبوونی کارگێڕی**
**کوردستان.............................................................. ٢٠٥**
ژێربابەتی ١. سنووری کوردستان ....................................
ژێربابەتی ٢. دابەشبوونی کارگێڕی ..................................

## بەشی سێیەم. جوگرافیای ئابووری

**سەربابەتی یەکەم. کشتوکاڵ ............................................ ٢٣٥**
ژێربابەتی ١. موڵکداری و چارەسەرکردنی زەوی ...............
ژێربابەتی ٢. جۆرەکانی بەروبۆمی کشتوکاڵی ...................
ژێربابەتی ٣. گرفتەکانی کشتوکاڵ .................................
**سەربابەتی دووەم. سامانی ئاژەڵ .................................... ٢٧٤**
ژێربابەتی ١. جۆرەکانی ئاژەڵ ......................................
ژێربابەتی ٢. پەلەوەڕ ................................................
ژێربابەتی ٣. هەنگ بەخێوکردن .....................................
ژێربابەتی ٤. گرفتەکانی ئاژەڵ .....................................
**سەربابەتی سێیەم. سامانی کانزا ...................................... ٢٨٨**
ژێربابەتی ١. سەرچاوەکانی وزە .....................................

ژێربابەتی ٢. کەرستەی خانووبەرە ..............................
ژێربابەتی ٣. کانزای بریسکەدار و نا بریسکەدار..........
**سەربابەتی چوارەم. پیشەشازی** ......................................... ٣٠٣
ژێربابەتی ١. پیشەسازی دەرهێنان ..........................
ژێربابەتی ٢. پیشەسازی گۆڕین ................................
سەربابەتی **پێنجەم. ڕێگەوبان** ......................................... ٣٢٨
**ژێر**بابەتی ١. ڕۆڵی ڕێگەوبان لە کوردستاندا .....................
ژێربابەتی ٢. ڕێگەوبانی زەمینی ...............................
ژێربابەتی ٣. ڕێگەوبانی ئاسمانی ............................
ژێربابەتی ٤. ڕێگەوبانی ئاوی .....................................
**سەربابەتی شەشەم. بازرگانی** ....................................... ٣٥٧
ژێربابەتی ١. بازرگانی دەرەوە .......................................
ژێربابەتی ٢. بازرگانی ناوخۆ .....................................
ژێربابەتی ٣. بازرگانی دیکە ......................................
**پێڕستی خشتەکان** ..........................................................
١ تێکڕایی پلەی گەرما (سانتیگراد) لە وێستگەکانی سینوپتی
٢ جیاوازی بەرزی و نزمی پلەی گەرما (سانتیگراد) ی ساڵانە
٣ پلەی گەرما لە مانگەکانی ساڵدا ..............................
٤ تێکڕایی بارانی ساڵانە ............................................
٥ تێکڕایی باران لە مانگەکانی ساڵدا .........................
٦ تێکڕایی ڕۆژانی بە باران لە مانگەکاندا ....................
٧ ژمارەی ئەو ڕۆژانەی لە مانگەکانی ساڵدا بەفریان تێدا باریووە
٨ ژمارە و دینامیکی دانیشتوانی کوردستان ١٩٢٥ ـ ٢٠١٠
٩ ژمارە و دینامیکی دانیشتوان بە گوێرەی ئەستانەکان .....
١٠ چڕی گشتی دانیشتوانی کوردستان بە گوێرەی ئەستان ...
١١ ژمارە و ڕێژەی شارنیش و گوندنیش لە کوردستاندا .......

١٢ ژمارە و ڕێژەی شارنیش و گوندنیش بە گوێرەی ئەستانەکان ...
١٣ ڕووپێو و ژمارەی دانیشتوانی یەکە ئیدارییەکان .........
١٤ بەرهەم هینانی نەفت لە کوردستاندا ..........................
١٥ درێژی و کەمەرەی بۆڕیەکانی نەفت لە کوردستاندا.......
**پێڕستی نەخشەکان** ...........................................................
١ شوێنگەی جوگرافی کوردستان.........................................
٢ شوێنگەی فەلەکی کوردستان .......................................
٣ ڕووبارەکانی کوردستان ..............................................
٤ پیکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان ...................
٥ چڕی گشتی دانیشتوانی کوردستان ................................
٦ ئەستانەکانی کوردستان ..............................................
٧ یەکە کارگێرییەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا ........
**سەرچاوە و تێبینی** ..........................................................
**لیتراتوورە** ..........................................................................

## بەرایی چاپی شەشەم

جوگرافیای کوردستان یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە ناو مامۆستا و خوێندکاری جوگرافیادا لە زانکۆ و ئینیستوت و هەروها خوێندەواری رەمەکی لە کوردستاندا ناوێکی ئەوتۆی داوەتەوە کە پێشتر زانستی جوگرافیا بە خۆیەوە نەیبێنی بوو.

جوگرافیای کوردستان دوای چاپی یەکەم کە لە لایەن وەشانخانەی ئاپیک و بەر لە پازدە ساڵ لە ستۆکهۆڵم بڵاوکرایەوە، چوار جار (دەزگای موکریانی بۆ بڵاوکردنەوە و توێژینەوە ـ سێ چاپ. دەزگای سەردەم ـ یەک چاب) هەرجارەی بە تیراژی هەزار دوو هەزار دانە، چاپکراوەتەوە. جگە لەوەی کە کۆلێژی مرۆڤایەتی لە زانکۆی سلێمانی بە کۆپیکراوەی هەشت سەد دانەی بەسەر خوێندکارانی بەشی جوگرافیا و مێژوو بەشیەوە.

جوگرافیای کوردستان، لە چاپی شەشەمدا، بە مەبەستی نوژەنکردنەوەی زانیاریەکان و راستکردنەوەی سەهوی زانستی و پوختەکردنی زمان و رێنووس و زاراوەکان، دەست کاری لە ناوەرۆکی بەشەکان و بابەتەکانی کراوە. بە نموونە ئەوانەی خوارەوە:

ـ نوژەنکردنەوەی ئامارەکان. واتە ئەوانەی کۆن لابردراون و هی تازەیان لە شوێن نووسراوەتەوە.

ـ نووسینی ناوەکانی جوگرافی، بە مەبەستی ئاسان دۆزینەوەیان لە ئەتلەس و نەخشەدا، بەو شێوەی لە بڵاوکراوەکانی دەوڵەت هاتووە.

ـ لابردنی ژمارەیەک لە چیا و رووبار و رووەکی خۆڕسک و کێوی.

ـ کورتکردنەوەی سنوور و نوژەنکردنەوەی دابەشبوونی ئیداری.

ئەکادیمیای کوردی، خەرجی چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆگرت. سوپاسیان دەکەم.

**عەبدوڵڵا غەفور**
**تەموز ٣٠ ٢٠١١**

## مۆتیڤی چاپکردنەوەی جوگرافیای کوردستان

ئەکادیمیای کوردی بۆ چاپکردنەوەی ئەو کارە زانستییەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عەبدوللا غەفور چەند خاڵێکی لەبەر چاوگرتووە:

- پێویستی خوێندکارانی زانکۆ و ئینستیتوتەکانی باشووری کوردستان.
- نوژەنکردنەوە ئامارەکان و زیادکردنی هی تازە.
- سووکردنی باری ماددی خوێندکارانی جوگرافیا.

لێژنەی چاپکردنی کتێب
لە ئەکادیمیای کوردی

# بەشی یەکەم

# جوگرافیای سروشتی

# سەربابەتی یەکەم
# شوێنگەی جوگرافی کوردستان


کوردستان دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای کیشوەری ئاسیا. سنوورەکەی لە هەر چوارلاوە بەو شێوەیە: باکوور ـ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا . باشوور ـ ئێران و کەنداو. رۆژهەڵات ـ ئێران. رۆژئاوا ـ عێراق و سوریا. بڕوانە نەخشەی ١ بکە.

## ژێربابەتی١. شوێنگەی فەلەکی کوردستان


کوردستان کەوتووتە نێوان بازنەی پانی ٤٠ ی باکوور و بازنەی ٣١ ی باکوور. واتە نێوان ٩ بازنە لە بازنەکانی باکووری هێڵی یەکسانی. هەروەها نێوان هێڵی درێژی٥٣ ی رۆژهەڵات و ٣٦ رۆژهەڵات. واتە ١٧ هێڵ لە هێڵەکانی رۆژهەڵاتی هێڵی گرین ویچ لە بەریتانیای مەزندا. بڕوانە نەخشەی ٢ بکە.

درێژی خاکی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور، نزیکەی ١٣٠٠ کم. پانیشی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، خۆی لە ٥٥٠ کم دەدات. ئەو پانایییە لە هەموو لایەکەوە، وەکو یەک نییە. لە لای باکوورەوە، پانایییەکەی دەگاتە ٥٧٨ کم و لە ناوەڕاستدا بۆ ٢٣٢ کم تەسک دەبێتەوە. تاکو بەرەو باشووریش بڕۆین، ئەو پانایییە تەسکتر دەبێتەوە. لە کۆتایییەکەیدا لە ١١٢ کم زیاتر نابێ.

شوێنگەی فەلەکی کوردستان بۆمان دەردەخات، کە ئەو وولاتە کەوتۆتە بەشی باشووری نێوچەی سازگاری باکوور، واتە شوێنی کوردستان لە نێوان ئاووهەوای بیابانی گەرم و دەریای ناوەڕاست دایە.




شوێنگەی جوگرافی
کوردستان
نەخشەی 1


35
40
45
50
40
40
35
35
35
40
30
30
45
50
شوێنگەی فەلەکی
کوردستان
نەخشەی 2

## ژێربابەتی ۲. شوێنگەی ڕێژەیی کوردستان

شوێنگەی ناوبراو، لە ئەنجامی گۆڕینی بارودۆخی مرۆیی و ئابووری و مێژوویی، بە بەردەوامی لە گۆڕان دایە. لە خوارەوە هەندێ لە شوێنگە ڕێژەییەکان شیدەکەمەوە.

### شوێنگەی ئاویی

کوردستان کەتووتە نێوان چەند ئاوان. وەلێ بە دوور و نزیکی جودا لە یەکتر. لە باکووردا ـ دەریای قەزوین(خەزەر) و دەریای رەش. لە باشووردا ـ کەنداو. لە رۆژهەڵاتدا ـ دەریاچەی ارومیە. لە رۆژئاوادا ـ بۆغازی ئەسکەندەرون و دەریای ناوەڕاست.

دەریای ناوەڕاست و کەنداو کاریگەری ئاووهەوایی و هاتوچۆی ئاویان لەسەر کوردستان هەیە. ئەوانی دیکە، لە کارتێکردنی ئاووهەوای بترازێ، کارێکی ئەوتۆ لە شوێنگەی ڕێژەیی کوردستان ناکەن.

کەنداو لە باشوور و ئەسکەندەرون لە باکووری رۆژئاوادا، بایەخیان بۆ کوردستان گەلێک زۆرە. لەو رێگایانەوە دەتوانرێ، بە ئاسانی پەیوەندی هاتوچۆ لەگەڵ وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا ببەسترێ. وەکو دەزانین، هاتوچۆکردن بە رێگای ئاویدا و هێنان و بردنی بار، لەچاو رێگاکانی دیکەی زەمینی و ئاسمانی، زۆر هەرزانتر دەکەوێ.

### شوێنگەی ئاسمانی

ئاسمانی کوردستان یەکێکە لە رێگایە گرنگەکانی ئاسمانی، لە نێوان ئەورووپای رۆژئاوادا و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا. ئەو بایەخە لە دوای دروستکردنی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی یەکەکیان لە هەولێر و ئەوەی دیکە لە سلێمانی، دەستی پێکردووە.

کۆمپانییە ئاسمانییەکانی کە ئەورۆ هاموشۆی فرۆکەخانەکانی باشووری کوردستان دەکەن: ڤیکنگ لاینی سوێدی و لوفتهانزەی ئەڵمانی و بەو دوایەش تورکیا هەوا یۆلۆ و هیدیکە. ئەو هێڵە ئاسمانیانە، حەفتەی سەدان نەفەر و تەن لە بار لە کوردستان دەگەینە وڵاتانی ئەوروپا و لە وێندر بۆ کوردستان دەیان هێنن.

**شوێنگەی زەمینی**

خاکی کوردستان بەشێک لەو خاکە پێک دێنێ، کە رێگەی زەمینی نێوان وڵاتانی ئەوروپا لە لایەکەوە و هی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا لە لایەکی دیکەوە، پێدا تێپەڕ دەبێ. سوود بینین لەو خەسڵەتە دەوەستێتە سەر هەبوونی جادەی پانوبەرین و قیرتاو و ئارامی سیاسی و چەشنی خزمەتگوزار لەسەر رێگایەکان و لە شارەکاندا. ئەو پێویستیانە، وەکو تێبینی دەکرێ، ماویانە بگەنە سەر ئاستی پێویست.

رۆڵی شوێنگەی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، کوردستان بە گشتی و هەرێمەکانی بە تایبەتی زۆر بەر چاوە. ئەو وڵاتە، لە مێژووی رابردووی و هی ئێستاکەی، بەرهەمی ئەو دوو فاکتەرەیە، بە ئەرینی و نەرینییانەوە.

**ژیانی ئابووری**

رۆڵی شوێنگەی فەلەکی کوردستان، لە ژیانی ئابووریدا، بە تایبەتی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ گەلێ گەورەیە. هەروەکو لە پێشدا بۆمان دەرکەوت، ئەو وڵاتە کەتووتە باشووری نێوچەی سازگاری باکوور. کەوابێ زۆربەی بارانەکەی لە کەژی زستاندا دەبارێ و هاوینیشی جگە لە رووپێویەکی زۆر کەم، بارانی لێ نابارێ و وشکە.

سیستەمی باران بارین لە کوردستاندا کارێکی کردووە، کە زۆربەی کشتوکاڵەکان لە زستاندا بکرێ و لەسەر باران بوەستێ.

وەکو دەزانین، ئەو نێوچانەی لە کشتوکاڵدا تەنیا پشت بە ئاوی باران دەبەستن، بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵیان، بە شێوەیەکی توند بە چەندایەتی ئەو بارانەوە بەستراوەتەوە، کە لە کەژی زستاندا دەبارێ. ئەو ساڵانەی کە باران زۆر ببارێ و لە کاتی پێویستی خۆیدا ببارێ، ئەوا داهاتێکی باش بە دەست دەهێندرێ و ژیانی هەموو لایەکیشی پێ دەگەشێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەو ساڵانەی کە باران کەم بێ، یا لە کاتی پێویستی خۆیدا نەبارێ و پەڵە نەدات، بەروبوومی کشتوکاڵ کەم دەبێ و ژیانی خەڵکیش دەکەوێتە تەنگوچەڵەمەوە.

ژیانی ئابووری دانیشتوانی کوردستان، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئێستادا، گەلێک باشتر دەبێت، ئەگەر بێتو زیاتر ئەو نێوچانە وەک هاوینەهەوار بەکار بهێنرێ و گرنگی بە جوڵانەوەی گەشتگوزار بدرێ و هەموو جۆرە پێویستییەکانی بزووتنەوەی توریزم دابین بکرێ.

### ژیانی کۆمەڵایەتی

کوردستان، هەر لە کۆنەوە، سەرەڕێ و جێگەی پێکگەیشتن و شوێنی ژیانی، هەموو ئەو شەپۆلە مرۆییانە بووە، کە لە نێوچە جیاجیاکانی ئاسیا وەکو ناوەڕاستی ئاسیا و مەنگۆلستان و نیمچە دوورگەی عارەبی و ئەوروپا وەکو یونان هاتوون و رۆیشتوون. هەندێک لەوانە بە یەکجارەکی لە کوردستان جێگیر بووە. ئەوە بۆتە هۆی پەیدابوونی نەتەوەی جیاواز بە ڕەچەڵەک و زمان و مێژووی نەتەوەیی و دابونەریت لە کوردستاندا. ئەو نەتەوانە، بە تێپەڕبوونی سەدان ساڵ بەسەر مانەوەیان، تایبەتی نەتەوەیی خۆیان پاراستووە.

## ژیانی ڕامیاری

شوێنگەی جوگرافی کارێکی یەکجا زۆر گرنگ، لە ژیانی ڕامیاری کوردستان دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین، مێژووی ئەم وڵاتە، بە بەرهەمی ئەم فاکتەرە دادەنرێ. ئەو بارە نالەبارەی بەسەر ئەو خاکەدا هاتووە، بۆ هەڵکەوتی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە، کە لە " نێوچەیەکی تخوبی" "تامپۆنی" دیارنەبووی نێوان دەوڵەتی تورکیا و ئێران پێک هاتووە(١). کوردستان لە سەدەی شازدەیەمەوە، تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی، گۆڕەپانی پێکدادانی هێزەکانی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی سەفەوی (ئێران) و عوسمانی بووە. گەورەترین جەنگێ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا رووی دابێ، جەنگی (چاڵدێران) ی ساڵی ١٥١٤ی زایینی بوو، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو، "یەکێتی جوگرافی خاکی کوردستان، بە تەواویی تێک چوو" بەشی رۆژهەلاتی کەوتە بندەستی سەفەوییەکان و بەشەکەی رۆژئاواشی کەوتە ژێر دەسەلاتی عوسمانییەکانەوە. پاشتریش ئەم بەشە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، جارێکی دیکە دابەش

کرایەوە. بەشێ هەرە گەورەی بەر تورکیای تازە کەوت و بەشێکی دیکەشی خرایە سەر سوریا. ئەوەی کە ماشەوە (ولایەتی موسڵ)، لەگەڵ ولایەتەکانی بەغدا و بەسرەدا، دەوڵەتی عێراقی ئەوڕۆیان لێ دروست کرد.

## سەربابەتی دووەم
##ستراکتوری جیۆلۆجی

مەبەست جولەی تەکتۆنی وپیکهاتەی جیۆلۆجیە کە خاکی کوردستانیان، بەو شێوەی ئەورۆ هەن، دروستکردووە. لە خوارەوە، بە کورتی، باسیان دەکرێ.

### ژێربابەتی ١. جولەی تەکتۆنی

کوردستان لە چەرخی یەکەمی جیۆلۆجیدا، بەشێک بوو لە کیشوەری گۆندوانالاند، کە لە کوردستان و ئێران و عێراق و نیمچە دوورگەی عارەبی و ئەرمینیا و باکووری هیندستان و نیوەی باکووری کیشوەری ئەفەریقا و هەروەها نیوەی باکووری کیشوەری ئەمەریکای باشوور پێک هاتبوو. لای باشووری رۆژئاوای کوردستان، لە چەرخی یەکەمدا، لەچاو بەشەکانی دیکەدا کەمێک نزمتر بوو. لە باشووری رۆژئاواشدا، تەپۆڵکەی نیمچە دوورگەی عارەبی هەڵ کەوتبوو. لەو کاتەوە ئاوی دەریای تیس زیادی کردووە، هەموو کوردستانی لەگەڵ خۆیدا ڕامالْیوە، هەروەها زۆربەی نێوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەشێک لە باشووری ئەوروپا و باکووری ئەفەریقاش، هەموو لە ئاوی دەریای تیسدا نقوم بوون. دەریای تیس بە درێژایی سەدەی دووەم و سێیەم (جۆراسی، تیریاسی و کریتاسی) و لە سەرەتای چەرخی سێیەمدا (ئیاسۆن)، هەموو باشووری رۆژئاوای ئاسیا بە کوردستانیشەوە، خستبووە ژێر ئاوەوە. لەو ماوەیەدا گەلێ مەتیریای جۆراوجۆر لەسەر ئەو پارچە زەمینە نیشت، کە زۆربەی زۆریان لە لم و زیخ و بەردی (تەفەل) پێک هاتبوو، دیارە ئەم مەتیریایانەش، لە بەرزاییەکانی

باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە، بە هۆی شەپۆل و جوڵانەوەی ئاوەکەوە دەهاتن و لە بنی دەریاکەدا دەنیشتن. ئاوی دەریای تیس، لە سەرەتای سەدەی ئۆلوگسیندا، لەبەر بەرزبوونەوەی زەوییەکەی بن ئاوەکە و پەیدابووونی چەند چینێکی نیشتوو، بەرەبەرە کەم دەبووەوە، تاکو وای لێ هاتووە، لە دەریایەکی گەورەی فراوانەوە، بووە بە دەریایەکی تەسکی نێوخۆ. گرنگترین ئەو مەتیریایانەی لە سەردەمی مێوسیندا، لە دەریای تیسدا نیشتوون، بریتی بوو لە لم، کێچ و ئەنهەندایت ... هتد. لە کۆتایی ئەو سەدەیەشدا، مەتیریا نیشووەکان زیاتر لم و قوڕ بوون.

## ژێربابەتی ٢. پێکهاتەی جیۆلۆجی

لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجی لە کوردستاندا، بۆ دوا ساڵەکانی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. زۆربەی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانە، لە لایەن کۆمپانیاکانی نەوتی ئەوروپاییەوە، بە تایبەتی ئینگلیزی و ئەڵەمانی و فەرەنسی و ئەمەریکی و رووسییەوە بە ئەنجام گەیەندراوە. لە دوای ئەمانیش، کۆمپانیاکانی تورکی و ئێرانی و عێراقی و سوری دێ. لە ئەنجامی هەموو ئەو کارانەی کە کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان پێی هەستاون، ئەوڕۆ زانیارییەکی زۆر دەربارەی پێکهاتەی جیۆلۆجی لەبەر دەست دایە. وەلێ زۆر لەو کارانە، تاکو ئەوڕۆ بڵاو نەکراونەتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەست دان، بە کورتی لە خوارەوە باسی پێکهاتەی جیۆلۆجی کوردستان دەکەین.

### سەردەمی کامبری و بەر لە کامبری

بەردەکانی ئەم قۆناغە جیۆلۆجیە، بە شێوەیەکی گشتی لە میکاشیست و گرانایت و ئەردواز" پێک هات بوون، هەمووشیان لەو جۆرە بەردانە بوون، کە لە ئاگر دروست بووبوون و (ئاگردەر). ئەو

بەردانە لە نێوچەکانی اورمیە و هەکاری و دەریک و ڕۆژئاوای ماردین و هەندێ شوێنی دیکە دوزراونەتەوە. بەردەکانی قۆناغی کامبریش، لە نێوچەکانی هەکاری و خۆی و حاجی ئۆمەران و مالکیە دۆزراونەتەوە، وەلێ ژێر بەردی کێچی کەوتوون.

**سەردەمی یەکەم – پالیوزویک**

سەردەمی ناوبراو، لەبەر جیاوازی مەتریالەکانی، بۆ سەر پێنج زەمەنی جیۆلۆجی دابەشکراوە. هەر یەک لەو زەمەنانە خەسڵەتی خۆی لە کوردستاندا هەیە.

٠١ ئۆردۆڤیسیان: لێکۆڵینەوەکانی جیۆلۆجی ، بەدەگمەن نەبێ، بەردەکانی ئەم چەرخە نیشان نادەن. تاکو ئێستا بە تەواویی نازانرێ، ئەم جۆرە بەردانە لە چ نێوچەیەک هەن، لە چی پێک هاتوون و چۆنن.

٢. سیلوریان: بەردەکانی ئەم چەرخە، ئەگەرچی لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستان دەبێ هەبن، وەلێ تاکو ئەوڕۆکە، لەبەر نەبوونی پشکنین و هەڵکۆڵینی جیۆلۆجی تەواو، نازانرێ لە چ شوێنێک هەن.

٠٣ دیڤونیان: پشکنینە جیۆلۆجییەکان نیشانی داوە، بەردەکانی ئەم جەرخە جیۆلۆجییە، لە نزیک شاری مەلاتیە و لە چیای بیگاگی و چیاکانی هەکاری هەن. دیڤونی ژێری بریتییە لە بەردی ڕەش، کە تێکەڵاوە لەگەڵ بەردی ڕیتحۆنیل.

٠٤ کاربونیفیر: لە نێوچەی ماکۆ و لە هەندێ شوێن لە چیای زاگرۆس و هەروەها لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر، بەردەکانی ئەم چەرخە جیۆلۆجییە دۆزراونەتەوە. ژێرکاربونی بریتییە لە مەتیریاڵە نیشتووەکانی کیشوەرە.

٠٥پیرمیان: بەردەکانی پیرمیان لە نێو چینەکانی ژێرەوەی زەوی کوردستاندا هەیە. پشکنین و هەڵکۆلینە جیۆلۆجییەکان، تاکو

ئەورۆکە، لە نێوچەکانی سلێمانی و رواندز و ئامێدی و کولی و سندی و گەلێ شوێنی دیکە، بوونی ئەم جۆرە بەردەیان سەلماندووە.

**سەردەمی دووەم – میزۆزۆیک**

بەردەکانی سەردەمی میزۆزۆیک، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا هەن و رۆلی سەرەکییان لە دروستکردنی زنجیرە چیاکاندا وازی کردووە. بۆ نموونە، زیاتر لە نیوەی بەردەکانی چیاکانی، کە لە بەرزایی ٧٠٠ مەتر و بەرزترن، لەم جۆرە بەردە جیۆلۆجییانە پێکهاتوون. سەردەمی ناو براو، بە گوێرەی مەتریالەکانی، بۆ دوو زەمەنی جیۆلۆجی دابەشکراوە. هەر یەک لەو زەمەنانە خەسڵەتی خۆی لە کوردستاندا هەیە.

١٠ترسیاس: پێکهاتەی ترسیاس لە کوردستان، لە نێوچەکانی هەڵەبجە و تەپۆڵکەکانی چەمی گوگسەر و لە لای باکووری رۆژهەلاتی سورداش و باکووری رانیە و لە هەندێ شوێن لە رواندز و لە باکووری ئاکرێ و لە بەرزاییەکانی دەوروپشتی ئامێدی و لە باکووری نێوچەی نێروە و ڕێکان و لە سندی و لە کورداغ دۆزراونەتەوە.

٢. کریتاسیۆس: بەردەکانی سەردەمی کریتاسۆس، لە لم و مارن و دۆلومیت و فۆسفۆر ... هتد پێک هاتووە. پێکهاتەی مەتیریالە کانی ئەو سەردەمە، کە لە هەندێ نێوچەی سلێمانی و کۆیە و رواندز و زێبار و کورداغ دۆزراونەتەوە.

**سەردەمی سێیەم – ساینۆزیک**

زۆربەی بەردەکانی خاکی کوردستان، بۆ سەردەمی ساینۆزۆیک دەگەڕێتەوە و نزیکەی دوو لەسەر سێی رووپێوی ئەو ولاتە لەو بەردانەیە. سەردەمی ناو براو، بە گوێرەی مەتریالەکانی، بۆ سێ

زەمەنی جیۆلۆجی دابەشکراوە. هەر یەک لەو زەمەنانە خەسڵەتی خۆی لە کوردستاندا هەیە.

٠١ ئۆلیگـــۆچین: مەتیریاڵـــە نیشـــتووەکانی ئۆلیگـــۆچین، لـــە نێوچـــەکانی گـــازی ئانتـــاپ و فـــورات و هەنـــدێ شـــوێنی دیکـــە دۆزراوەتەوە.

٢. پـالیۆگین: چینـەکانی پـالیۆگین لـە ژێـر زەویـدا، لـە نێوچـەی عـــەفرین، بـــە قـــوڵایی چەنـــد مـــەترێک (١ - ١٠ مـــەتر) بـــە نێـــو چینـەکانی زەویـدا بـڵاو بووەتـەوە. وەلـێ لـە نێوچـەی چیـای کـورد ئەم چینە تەنکترە. بەردەکانی پالیۆگین بریتییـە لـە لـم و مـارن و شیست. زۆربەی نەوتی کوردستان ، لەم چەرخەدا دروست بووە.

٠٣ نیۆگین: بەردەکانی نیۆگین لە کوردستاندا، بە زۆری بریتین لە لم و مارن و کۆنگلومیرا و کێچ و هەندێ بەردی دیکە. لە نێوچەی عفرین و هەندێ شوێنی دیکەش، ئەم جۆرە بەردە دۆزراوەتەوە.

**سەردەمی چوارەم - چارەکی**

بایەخی بەردەکانی سەردەمی چارەکی لەوەدایە، کە رۆلێکی گرنـگ لەسـەر دۆزی مرۆیـی و ئـابووریی دەگێـڕێ. هـەروەها لـە دروستکردنی رووپێویشدا گرنگە.

مەتیریاڵە نیشتووەکانی سەردەمی چارەکی، لە بەردەزورگ و کونگلومیـــەرەکان ولـــم و زیـــخ پیـــک دێ. زۆربـــەی نێوچـــەکانی کوردستان بە تایبەتی نێوچە دەشتایەکان، لە مەتریالەکانی ئەو سەردەمە، پێکهاتوون.

# سەربابەتی سێیەم
# تۆپۆگرافیای کوردستان

تۆپۆگرافیا- بەرزی و نزمی - هەر وڵاتێ، لە فاکتەرەکانی ناوەوە و دەرەوە دروست دەبێ. پەیدابوونی چیاکان بۆ ئەو پێچ و لۆچانە دەگەڕێتەوە، کە لە توێکڵی زەویدا دروست دەبن. دەشتاییەکانیش زۆربەیان لە خواروخێچییە فراوانەکانی زەوی پەیدا دەبن، کە لە دوایدا بە مەتیریاڵی نیشتووی ڕووبار و دۆڵەکان پڕ بوونەتەوە.

تۆپۆگرافیای کوردستان، لە ڕووی بەرزیی و نزمییەوە، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە. نێوچەی باکوور و ڕۆژهەڵات، بە چیای بەرز داپۆشراون، کە بەرزایی هەندێکیان ، لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێ. لە نێوان ئەو چیایانەدا، چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. نێوچەی باشوور و ڕۆژئاوا، نزمن و چیایان کەمە و بە زۆری لە دەشتایی پێک هاتوون. لە نێوان ئەم دوو دیاردە خۆڕسکییەدا، چەندین تەپۆڵکە هەن. بە شێوەیەکی گشتی، تۆپۆگرافیای کوردستان لە سێ بەشی جوگرافی جیاواز پێک هاتووە.

## ژێربابەتی ١. چیاکان

زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان، لە چیا پێک هاتووە. ئەم چیایانە، لە ئەنجامی بزووتنەوەیەکی زۆر بەهێزی ناوەوە و دەرەوە، کە بە بزووتنەوەی ئالپی ناسراوون، دروست بوون. ئەم بزووتنەوەیە لە کۆتایی چەرخی ئۆلوگسین و بە درێژایی چەرخی مێوسین و تاکو سەرەتای چەرخی بلیۆسین، زۆر توند بووە و فشاری بۆ سەر چینە نەرمەکانی ژێر دەریای تیس بردووە. جا لەبەر

ئـەوەی ئـەم چینانـە، کەوتبوونەتـە نێـوان تەپۆڵکـەکانی نیمچـە دوورگــەی عــارەبی لــە رۆژئــاوا و تەپۆڵکــە ڕەقــەکانی ئێــران لــە رۆژهەڵاتــەوە، هــەروەها تەپۆڵکـەکانی ئاسیای گچکـە لـە بـاکوور، ئەمانــە هــەموویان پێکــەوە، بــە هــۆی یەکــەمی بەرزبوونــەوەی چیاکـان دادەنرێن، کـە شێوەیەکی قـوڵی چـەماوە وەردەگرێ و لـە ئەنجامی پەیدابوونی چیاکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بـە تایبـەتی چیاکــانی کوردســتاندا دروســت بــوون. لــە لایــەکی دیکــەوە، بزووتنـەوەی ئـالبی بۆتـە هـۆی دروسـبوونی مـەتیریای بـازڵتی، کـە زۆربەی نێوچەکان دادەپۆشن.

سـەمتی بزووتنـەوەی سـەرهەڵدانی چیاکـان، تـاکو ئێستاکە بـە باشـی نەزانـدراوە. بـە بـڕوای هەنـدێ لـە زانایـان، سـەمتەکە لـە باکوورەوە بۆ باشوور بووە، واتـا لـە تەپۆڵکـەکانی ئێرانـەوە بـەرەو میسـۆپۆتامیا دەسـتی پـێ کـردووە. هەنـدێکی دیکـەش لەسـەر ئـەو باوەڕەن، کە لە باشوورەوە بەرەو باشوور بووە. دوای سەرهەڵدانی چیاکـان لـە کوردستاندا، لـە لایـەن ئـەو ئاوانـەی لـە چیاکانـەوە بــەرەو خــوار هــاتوون، جوڵانەوەیــەکی رووتاندنــەوەی زۆر تونـد دەستی پێ کردووە. ئەو ئاوانـە گاشـە بـەرد، بـەرد، چـەگل، زیـخ و لمیـان، لەگــەڵ خۆیانـدا ڕامـاڵیوە و بــەرەو شـوێنە نزمایییـەکان هێناویــانن و بــەجێیان هێشــتوون. وا لێــرەدا، هەنــدێ لــە خەسڵەتەکانی چیاکانی کوردستان دەخەینە روو:

١٠چیاکــان، بــە زۆری روویــان لــە بــاکووری رۆژئــاواوە، بــەرەو باشووری رۆژهەڵاتـە. تـەنیا ژمارەیـەکی کـەم نـەبێ، لـەم یاسایە دەردەچن و سەمتیان لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوایە، یاخود بـە پێچەوانەوەیە. سەمتی دیکە لە باری کوردستاندا چاوەڕان ناکرێ، چونکە لە رۆژهەڵاتدا تەپۆڵکەی ڕەقی ئێران هەیە، لـە رۆژئاواشدا نیمچــە دوورگــەی عــارەبی هەیــە، کــە بــە هــەمان شێوە ڕەقــە.

بزووتنەوەی ناوەوە هەر چەند بەهێز بێ، ناتوانێ کارێکی وا لەو دوو تەپۆڵکە ڕەقە بکات، کە سەمتی چیاکان بگۆڕێ.

٢. چیاکان لە بەرزایی ٥٠٠ مەتر لەسەر ئاستی دەریا دەست پێ دەکەن و بەرە بەرە زیاد دەکەن، تاکو دەگەنە پێنج هەزار مەتر. لەم رووەوە کەم نێوچەی دیکە هەیە، لە باشووری رۆژئاوای ئاسیادا، بەرزاییەکەی بگاتە ئەوەی کوردستان.

٠٣ لەبەر توندی بزووتنەوەی ناوەوە، چینەکانی چیاکان زۆر ئالۆزن. ئەوەش بووەتە هۆی تێکدانی یەک لە دوای یەکی چینەکانی زەوی، بەگوێرەی چەرخی جیۆلۆجی، لە هەندێ شوێنی چیاکاندا، قاتی چەرخی هەرە مێژووی لەسەر لوتکەکانن. لە هەمان کاتدا چینەکانی چەرخی نوێ کەوتوونەتە ژێرەوە.

٤. لوتکەی چیاکان زۆر بڵند و قەدەکانیان زۆر ڕکن و پێچاوپێچن. لە هەندێ شوێنیشدا زۆر لە یەکدی نزیک دەکەونەوە و دۆڵی زۆر قوڵیان پێک هێناوە، کە قوڵایی هەندێکیان لە سەدان مەتر زیاتر دەبێ.

٠٥ پرۆسێسی رووتاندنەوەی زەوی لە چیاکاندا، زۆر بە توندی رووی داوە، هۆکەشی بۆ بەفر و بارانێکی زۆر دەگەڕێتەوە، چونکە لەو کاتانەدا هێشتا بە تەواوی چیاکان خۆیان نەگرتووە.

ژمارەی چیاکانی کوردستان، تاکو ئەورۆ بە تەواوی، نازاندرێ. سەرچاوەکان ژمارەیەکی زۆری جیاوازیان تۆمار کردووە. بۆ نموونە، پەرتووکێک لە قەزای سنە، ناوی ٢٢٠ چیای هێناوە. لە هەمان قەزادا سەرچاوەیەکی دیکە، ناوی ١٢٢ چیای تۆمار کردووە.

درێژایی چیاکانی کوردستان، لە سەرچاوەکاندا، لە یەکدی ناچن. کەبیرکوە لە سەرچاوەکاندا، ٢٦٠ کیلۆمەترە، ١٦٠ کیلۆمەترە، ٢٠٤ کیلۆمەترە.

هۆیەکانی ئەو جیاوازییە، لە لایەکەوە بۆ ناتەواوی لێکۆڵینەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ناونانی یەک چیای دیاریکراوەوە بە ناوی جیاجیاوە، لە شوێنی جیاجیادا دەگەڕێتەوە. کوردستان چیای وای تێدایە، کە بڵندییەکەی زیاتر لە پێنج هەزار مەتر، لە رووی دەریاوە، دەبێ. هەندێک چیای دیکەشی لێ هەن، لە یەک هەزار مەتر کەمترە. چیایەکانی کوردستان، بە گوێرەی بەرزی و نزمیان لە رووی دەریاوە، بۆ بەسەر چوار دەستە دابەشیان دەکەین:

**١. چیا هەرە بەرزەکان (٤ هەزار مەتر و بەرەو ژوور)**

ئاگری گەورە (ئارارات) - ٥١٣٧ مترە. دینار - ٤٤٠٩ مترە. زەردەکوە - ٤٢٢١ مترە. ئولودۆروک (لوتکەی ڕەشکۆ) - ٤١٣٥ مەترە. بوزوی (جیلۆ) - ٤١١٦ مەترە. سیپان - ٤٠٥٨ مەترە. ئۆشترانکوە - ٤٠٥٠ مەترە. لێرەدا باس لە چیای زاگرۆس، لەبەر بایەخی مێژوویی، بە درێژی باس دەکەم.

**چیای زاگرۆس**

ڕشتەی (کوهستان) هەرێمی چیای زاگرۆس، گەلێ پان و بەرینە. لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی لە سنووری باکوورەوە، کە چیاکانی باشووری دەریاچەی اورمیەیە، تاکو سنووری باشووری، کە تەنگەی هورمز دەکات، ١٤٠٠ کیلۆمەترە. پانایییەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، لە نێوان ١٠٠ تاکو ٣٠٠ کیلۆمەترە. رووپێوەکەی ٣٣٢ ٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

ڕشتەی زاگرۆس، ئەگەر بە تەواوی تەماشای چۆنێتی باری ساختمانی و پانایی و پەیوەندی چیاکان لەگەڵ یەکدیدا و چەشنی ئاو بەخشینەوە بکەین، دەبینین جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نێوچەکانیدا هەیە. جوگرافیزانەکان ئەو ڕشتەیەیان بەسەر سێ

نێوچەی چیاییدا دابەش کردووە، زاگرۆسی شمالی و زاگرۆسی مرکزی و زاگرۆسی جنوبی(٢). وا لە خوارەوە باسی یەکەم دووەمیان دەکەین و سێیەمیشیان پشگوێ دەخەین، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی خاکی کوردستان هەڵکەوتووە.

**زاگرۆسی شمالی**

زاگرۆسی ناوبراو، لە باکوورەوە لەگەڵ چیاکانی دامێنی باشووری دەریاچەی اورمیە و دەرەی رووباری گدار، یاخود چەمی دورود و رووباری سیاه (قەرەسوو) (سنووری خولگەی ٣٧ پلەی پانی باکوور). لە رۆژئاواوە، لە سەرەتاوە بە دەرەی رووباری لاوین، یاخود رووباری کلاس لە دوایدا بە دەرەی رووباری چۆمان بەسراوە. (رووباری کلاس و چۆمان، چیاکانی زاگرۆسی باکوور لە چیاکانی باشووری کوردستان جیا دەکاتەوە.)، پاشان لەگەڵ دەرەی شلیرکە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە و بە چیاکان و دەشتەکانی هەڵەبجە و خورماڵدا تێپەڕ دەبێ. لە پاشان بە چیاکانی قەزاکانی پاوە و سەرپێڵی زەهابدا دەڕوا، تاکو لە ئەنجامدا دەگاتە دامێنی رۆژئاوای کەبیرکوە. لە باشوورەوە، بە دامێنی چیاکانی باکوور و رۆژهەڵاتی دەشتی خۆزستان و لە دوایدا بە دامێنی چیاکانی کەناری باکووری دەشتەکانی کەنداو و تەنگەی هورمز کۆتایی دێ. لە رۆژهەڵاتەوە، کەناری باشووری دەریاچەی اورمیە و رووباری زەرینەرود و رێگەی نێوان سەقز و سنە و ڕێچکەڕۆی نێوان سنە و هەمەدان، لە دوایدا بەرەو باشوور دەکشێ، تاکو دەگاتە ئاوەڕۆی باکووری رووباری دز.

بەرزایی زاگرۆسی باکوور، لەچاو بەرزایی زاگرۆسی ناوەندا کەمترە. لای باکووری ئەم بەشەی زاگرۆسەوە بەرزە و تێکڕایەکەی نزیکەی ٢٠٠٠ مەتر دەبێ، لای باشووریشییەوە، لە دەشتاییەکی

پانوبەرین پێک هاتووە و بە یەکێ لە ئاوەدانترین نێوچەکانی کوردستان دادەنرێت.

زاگرۆسی باکوور، لە سەدان چیای گەورە و گچکە پێک هاتووە، بەرزایی هەمووشیان تاکو بەرەو باشوور بڕۆین، بەرە بەرە کەم دەبێتەوە، بڵندترین لوتکە چیایان، چیای گەرینە، کە بڵندییەکەی ٣٦٤٥ مەتر دەبێ و ٢٨ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای بروجەرد و ٥٣ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەلاتی خرم آبادەوە دوورە. چیای میش پەروریش، کە بڵندییەکەی ٣٦٠٦ مەتر دەبێ، ٤٢ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەلاتی خرم آبادەوە دوورە.

زاگرۆسی باکوور، رووبارێکی گەلێ زۆر سەرچاوە لێ هەڵ دەگرن، کە هەندێکیان بەرەو رۆژئاوا دێن و هەندێکیشیان بە رووبارەکانی کەرخە و کارون تەواو دەبن، وەکو: مهاباد، تالاهو (سیمینەرود)، زرینە رود، خورخورە، ئاوی سیروان، زیمکان، قرەسوو، گاماسیاب، سیمەرە و بە دەیانی دەیکەش. بەڵەنسی بارانی ساڵانەی زاگرۆسی باکوور، لە قەزایەکانی سەردەشت و سەقز و بانە و مەریوان و سنە، لە نێوان ٦٠٠ تاکو١٠٠٠ ملیمەتر دایە. لە نێوچەکانی پاوە و کرماشان، لە نێوان ٦٠٠ تاکو ٨٠٠ ملیمەتر دایە. لە شوێنەکانی دیکەی ٣٠٠ تاکو ٦٠٠ ملیمەتر دەبێ.

تێکڕای گەرمایی ساڵانەی ئەو بەشەی چیای زاگرۆس، لە شوێنە بەرزاییەکاندا، لە ٥ تاکو ١٠ پلەی سانتیگرادە. لە نێوچەی کرماشان و لە نێوچە نزمەکانی دیکەی لە ١٠ تاکو ١٥ پلەی سانتیگرادە. لە ئەستانی ایلام و نێوچەکانی باشووری لوڕستان، ١٥ تاکو ٢٥ پلەی سانتیگرادە.

## زاگرۆسی مرکزی

زاگرۆسی ناوبراو، کە لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە، لە باکوورەوە بە رووباری دز دەست پێ دەکات، لە باشوورەوە بە کەویری مەروەست (سنجەمروست) و باکووری دەریاچەی طشک(بختگان) و سنووری تەوەری کازرون و رووباری شاهپور یاخود دالکی تەواو دەبێت.

زاگرۆسی مرکزی، کە تێکڕای بڵندییەکەی، لە دەوروبەری ۲۵۰۰ مەتر دەبێ، بڵندترین بەشی ڕشتە چیای زاگرۆس دادەنرێ و لە ژمارەیەکی زۆر لە چیای بەرز بەرز پێک هاتووە، بەرزترینیشیان کوە دنا (دینار) ە و بەرزاییەکەی ٤٤٠٩ مەترە و بە ۳۷ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای یاسوچەوە هەڵ کەوتووە، لە دوای ئەو چیایە، زەرد کوە دێ، بەرزاییەکەی ٤۲۲۱ مەترە و ۷۳ کیلۆمەتر لە شەهری کوردەوە دوورە، پاشان ئۆشتۆران کوە دێت، بەرزاییەکەی ٤۰۵۰ مەتر دەبێ و ۲۹ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی دورودەوە دوورە.

زنجیرە چیای زاگرۆسی مرکزی، سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆر لە رووبارە مەزنەکانی کوردستان پێک دەهێنێ، کە هەندێکیان لە رێگەی رووبارەکانی کارون و جراحی و زەهرە و شوور و دالکی، لە کەنداو بە یەک دەگەنەوە، هەندێکی دیکەشیان، بە دەشتەکانی نێوخۆ کۆتاییان پێ دێت.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی نێوچە بڵندەکانی ئەو زنجیرە چیایانە، لە نێوان ٦۰۰ ملیمەتر تاکو ۱۲۰۰ ملیمەتر دەبێت، لە دامێنی چیاکاندا لە نێوان ۳۰۰ ملیمەتر تاکو ٦۰۰ ملیمەتر دەبێت. لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا بارانێکی زۆر دەبارێ و شێدارە، بە شێکی زۆر لە نێوچەکانی زاگرۆسی ناوەند، بە گژوگیا و دارودرەخت داپۆشراوە.

تێکڕای گەرمیی ساڵانەی زاگرۆسی ناوەند، لە بەرزاییەکاندا لە نێوان ٥ تاکو ١٠ پلەی سانتیگرادە، لە جێگا نزمەکاندا لە نێوان ١٠ تاکو ١٥ پلەیە. لە شوێنەکانی حەوارەی کەنداو لە نێوان ١٥ تاکو ٢٠ پلەی سانتیگرادە.

**ئۆشترانکوە**

چیای ناوبراو، وەکو نموونە لە نێو چیا هەرەبەرزەکان، دەکەوێتە رۆژئاوای باشووری شارۆچکەی ئەلیگودەرزەوە. بەرزاییەکەی دەوروبەری ٤١٥٠ مەتر دەبێ. ئۆشترانکوە، کە بە یەکێ لە بڵندترین چیاکانی کوهستانی زاگرۆس دەژمێردرێ، لە باشووری رۆژئاوای دورود دەست پێ دەکات و تا باشووری گوندی چڤاگرگ بە درێژایی ٥٠ کیلۆمەتر و پانایی لە نێوان ٢ - ١١ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە. هەندێ لە لوتکە بەرزەکانی ئەم چیایە ئەمانەن: گلگل ٤٠٥٠ مەتر، سنبران ٤١٥٠ مەتر، پیارەدرە تەخت ٣٨٠٠ مەتر.

**٢. چیا بەرزەکان (٤ - ٣ هەزار مەتر)**

دەیان چیا لە چیایەکانی کوردستان، بەرزاییان لە چوار هەزار مەتر کەمترە و لە سێ هەزار مەتر بەرزترە لە رووی دەریاوە. ئەو چیایانە، لەبەر ئەوەی لە سەنتەری بزوتنەوەی ئالپی نزیک بوون، بە زۆری لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوون.

**شاهو**

چیای ناوبراو، وەکو نموونە لە نێو چیا بەرزەکان، بە یەکێ لە بەرزترین چیاکانی کوهستانی زاگرۆس دەژمێردرێ. بەرزاییەکەی ٣٣٩٠ مەتر دەبێ. شاهو سەرچاوەی چەمەکانی پاوە و دووریسانە.

شاهو لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو باشووری رۆژهەڵات تاکو باکووری ڕەوانسەر درێژ دەبێتەوە. درێژاییەکەی ٥٥ کیلۆمەترە

وپانایییەکەی لە ١٠ - ١٥ کیلۆمەتر دەبێ. بڵندترین لوتکەی بە ناوی شاهو (شاکر)، کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی گوندی شەمشیرەوە.

پلەی گەرمایی ئەو کوهستانە، لە نێوان ١٠ - ١٥ سانتیگرادە، بەڵەنسی تێکڕای بارانی ساڵانەی، لە بەشەکانی باکووریدا، لە دەوروبەری ٨٠٠ ملیمەتر دایە، لە بەشەکانی باشووریش لە نێوان ٥٠٠ - ٦٠٠ ملیمەتر دەبێ

**٣. چیا ناونجییەکان (٣ - ٢ هەزار مەتر)**

ژمارەیەک لە چیایەکانی کوردستان، بەرزاییەکەیان لە سێ هەزار مەتر کەمترە و لە دوو هەزار مەتر لە رووی دەریاوە بەرزترە. ئەو چیایانە لە زۆر نێوچەدا، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی کوردستان، بەرچاو دەکەون.

**کەبیرکوە**

چیای ناوبراو، وەکو نموونە لە نێو چیا ناوەنجییەکان، لە باشووری دەرەی رووباری ئاب ئافتاب و چەمی کەنجانەوە (قەزای مهران) دەست پێ دەکات و بەرەو باشووری رۆژهەڵات دەکشێ، تاکو بە دەرەی رووباری کەرخە ( قەزای خرم آباد) کۆتایی پێ دێ. دامێنی باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی بە دەرەی رووباری سیمەرە و کەرخە و دامێنی باشوور و باشووری رۆژئاوا، بە رێگەی نێوان مەهران بۆ دێهلۆران کۆتایی پێ دێت.

درێژایی چیای کەبیرکوە، لە دەرەی چەمی کەنجانەوە تاکو دەرەی رووباری کەرخە (١٥ کیلۆمەتر رۆژئاوای حوسەینییە) ١٧٥ کیلۆمەترە. پانایییەکەی لە نێوان رووباری سیمەرە و یاخود کەرخە، تاکو نێوچەکانی میهران و موسیان لە نێوان ٤٥ تاکو ٨٠ کیلۆمەترە، پانوپۆڕییەکەی ٩٥٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

بەڵەنسی بارانی ساڵانەی ئەم کوهستانە، لە بەشەکانی تێکڕای لە دەوروبەری ٣٠٠ ملیمەتر دایە و لە بەشەکانی دیکەشدا لە نێوان ٢٠٠ - ٣٠٠ ملیمەتر دایە.

تێکڕای پلەی گەرمایی ساڵانەی، لە بەشەکانی باکووری لە ١٠ - ١٥ پلەی سانتیگرادە و لە بەشەکانی ناوەند و باشووریشدا، لە ١٥ - ٢٥ پلەیە.

**٠٤ چیا نزمەکان (٢ - ١ هەزار مەتر)**

بەرزایی دەیان چیا لە چیایەکانی کوردستان، لە دوو هەزار بۆ یەک هەزار مەترە لە رووی دەریاوەن.

**دالاهۆ**

چیای ناوبرا، وەکو نموونە لە نێو چیا نزمەکان، کەوتۆتە دێستانی پشت تەنگ، لە قەزای قەسری شیرین، لە باکووری رۆژهەلاتی شارۆچکەی قەسری شیرینەوە ٣٣ کیلۆمەتر دوورە. بەرزاییەکەی لە دەوروبەری (١٨١٠ مەتر) دایە. سەرچاوەی چەمی پۆل زەهاب دەکەوێتە ئەم چیایەوە.

**٥. چیا هەرە نزمەکان ( لە ١ هەزار مەتر کەمتر)**

دەیان چیا لە چیایەکانی کوردستان بەرزاییەکەیان لە هەزار مەتر لە رووی دەریاوە کەمترە. ئەو چیایانە بە زۆری لە باشووریی رۆژئاوایی کوردستان، واتە نێوچە دەشتاییەکان، هەڵکەوتوون.

**چیای حەمرێن**

چیای ناوبرا،وەکو نموونە لە نێو چیا هەرە نزمەکان، لە رۆژئاوای شارۆچکەی مەندەلییەوە، بە چەند کیلۆمەترێک دەست پێ دەکات و لە باشووری رۆژهەلاتەوە بەرەو باشووری رۆژئاوا درێژ دەبێتەوە و بە نێوچەی (فەتحە) کۆتایی پێ دێت. درێژاییەکەی بە دەیان کیلۆمەتر دەبێت.

چیای حەمرین، لەبەر ئەوەی سنووری باشووریی کوردستان و عێراق لێک جوداده‌کاتەوە، بایەخی سیاسی بۆ کورد زۆرە.

### ژێربابەتی٢. گردەکان (تەپۆڵکە)

گردەکانی کوردستان بە زۆری لە زنجیرەیەکی خوارووخێچی چەماوە پێک هاتووە. لەچاو چیاکانی دەوروبەریان، زۆر بەرز نیین، وەلێ ئەگەر لە نزیک ئەو چایانەوە نەبوونایە، ئەوا هەر یەکەیان بۆ خۆی چیایەک دەبوو. ئەم گردانە کەڵکیان زۆرە، لە لایەکەوە دەغڵودانیان لێ دەچیندرێ و لە لایەکی دیکەشەوە بە دەیان مێگەلی مەڕومالاتی لێ دەلەوەڕێندرێ.

**پاسینلەر(ئەرزوروم)**

گردی ناوبراوە، وەکو نموونە لە نێو گردەکانی کوردستان، دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیایەکەوە. لە باکوورەوە بە چیاکانی کارگابازار و لە باشوورەوە بە چیای پالاندۆگین (٣١٢٤ مەتر) و لە رۆژهەڵاتیشەوە بە پشتە چیاکانی تالا (٣١٣٤ مەتر)، چواردەورە دراوە.

گردی پاسینلەر بایەخی ئابووری بۆ کوردستان زۆرە، بە تایبەتی لە سایەی بەرهەمهێنانی دەغڵودانەدا، وەکو گەنم و جۆ، ئەمەش دوای ئەوەی هێڵی ئاسنینی نێوان ئەرزوروم و ئەنقەرە راکێشرا، بە تەواویی بایەخی ئابووریی ئەم گردە زیادی کرد.

بەرزایی گردی پاسینلەر لەسەر ئاستی دەریاوە، دەگاتە ١٧٥٠ مەتر. رۆژهەڵاتی ئەم گردە، لەچاو رۆژئاوایدا بەرزترە و چەمی. ئارپاچای بە نێو ئەم گردەدا دەڕوات.

**کەرکوک**

گردی ناو براو، وەکو نموونەیەکی دیکە لە نێو گردەکانی کوردستان، لە نزیک رووباری دیالەوە دەست پێ دەکات و بەرەو

رۆژئـــاوا درێـــژ دەبێتـــەوە، تـــاكو دەگاتـــە دەشـــتی هـــەولێر. بەرزاییەكەی لە رووی دەریاوە، لە نێوان ٦٠٠ - ١٠٠٠ مەتر دایە. ئـەم گـردە لای رۆژئـاوای (٥٠٠ مـەتر)، لـەچاو رۆژهەڵاتیـدا (٣٠٠ مەترە)، بەرزترە.

پەیـــدابوونی گـــردی كـــەركوك، بـــۆ بەرزبوونـــەوەی زەوی دەگەڕێتـــەوە. چیاكـــانی رۆژئاوایـــان، زۆربـــەیان لـــە ئـــەنجامی بزووتنەوەیـەكی پێچـاوپێچی چـەماوەدا دروست بـوون، كـە لـەم چیایانــە پێـك هــاتوون: تسـاق، خــەڵخاڵان و ... هتـد. چیاكــانی رۆژهەڵاتیش، وەكو باسكی زەنور و ئۆمەردەلی... هتد. زابی گـەورە و لقـەكانی رووبـاری عـوزێم (خاسـە، تـاوغ و ئاوەسـپی) گـردی كـەركوكیان لــە زۆر جێگــادا بڕیـوە و بوونـەتـە هـۆی پەیـدابونی چەنـدین گـرد و شـیو. لـە نێـوان ئـەم گردانـەدا، چەنـد دەشـتێكی تەسک هەن، وەكو دەشتی ئاوەسپی.

## ژێربابەتی٣. دەشتەكان

دەشـتـەكانی كوردسـتان وەكـو سـەلمێندراون، بـــە زۆری لـــە پێچـاوپێچی چـەماوە پێـك هـاتوون، هەندێكیشـیان وەكـو بیـری لـێ دەكرێتەوە، هەر لە بنەڕەتدا دۆڵ بوون، لە پاشاندا بەرە بەرە بـە مـــەتیریاڵی نیشـــتووی رووبارەكـــان پـــڕ بوونەتـــەوە. رێـــژەی دەشـتاییەكان بـە لـە ٠/٠١٥ ی گشـت رووپێـوی خـاكی كوردسـتان دادەنرێت. هەندێ لەو دەشتاییانەی كوردستان، ئەمانەن:

### ئەمیر آباد

دەشتی ناوبراو دەكەوێتە نێوچەی كامیارانـەوە و رووبـەرەكـەی دەیــان كیلومــەتر چوارگۆشــە دەبــێ. تێكــڕای بــەرزایی لـــە رووی دەریاوە، ١٦٠٠ مەتر دەبێت. رووباری امیر آبادی بە نێودا تێپەڕ دەبێت و تەنیا رووباریشە كە بە درێژایی ساڵ وشك ناكات، ئەوە

جگە لەوەی ژمارەیەک لە شیو و دۆڵی تێدەکەوێ، کە بە زستانان و بەهاران ئاویان تێدا رادەوەستێ.

**هەولێر**

درێژایی دەشتی هەولێر، لە باشووری رۆژهەڵاتەوە تاکو باکووری رۆژئاوای، لە دەوروبەری ٣٠ کم دایە. پانییەکەشی نزیکەی ٤٢ کم دەبێت. ئەم دەشتە لە بنەڕەتەوە، چەماوەیەکی قوپاو بووە، لە دوایدا بە مەتریاڵی نیشتووی رووبارەکان پڕ بۆتەوە، کە لەگەڵ خۆیان ڕایانداوە. رووپێوەکەی بەرز و نزم هەڵ کەوتووە و چەندین دۆڵی تێدایە، کە لەو ڕێگایانەوە، ئاوەکەی دەڕژێتە نێو زێی گچکە و گەورەوە. بەرزاییەکەی لە رووی دەریاوە، لە لای رۆژهەڵاتییەوە خۆی لە ٤٦٠ مەتر دەدات، لە هەندێ شوێنیشدا بۆ ٥٥٠ مەتر بەرز دەبێتەوە. وەلێ بەرزایی رۆژئاوای لە ٣٠٠ مەتر زیاتر نابێ. چیای دیدەوان لە رۆژئاوای و زورگەزراو لە باشووری هەڵ کەوتوون.

**ئورفا**

دەشت ناوبراو، دەکەوێتە باشووری شاری ئورفاوە. درێژاییەکەی لە باکوورەوە بۆ باشوور، نزیکەی ٥٠ کم دەبێت. پانایییەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، ٣٠ کم دەبێت. تێکڕای بەرزایی لە رووی دەریاوە، لە نێوان ٦٠٠ - ٧٠٠ مەتر دایە. وەلێ لای رۆژهەڵاتی لە تێکڕای بەرزیی گشتی کەمێک نزمترە و لە نێوان ٥٠٠ - ٦٠٠ مەتر دایە.

## سەربابەتی چوارەم
## ئاووهەوا

سەرەتای تۆمارکردنی رەگەزەکانی ئاووهەوا لە کوردستاندا، بۆ کۆتایی ساڵەکانی بیست دەگەڕێتەوە. وێستگەی ئاوی دەوڵەتی و وێستگەی میترولوژی دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٢٩دا و وێستگەی تۆمارکردنی پلەی گەرما و بارستایی بارانیان، لە سەنتەری ئەستانکانی دیاربەکر، گازی ئانتاپ، ئورفا، سیرت و لە ساڵی ١٩٣٩دا، لە سەنتەری ماردین دامەزراند. لە دوای ئەم ساڵەش، دەزگا ناوبراوەکان سەرەڕای دەزگاکانی تۆمارکردنی پلەی گەرما و بارستایی باران، وێستگەی ئاووهەوایی دیکەیان، وەکو وێستگەی فشار، با، تەم، تۆز، لە سەنتەری ئەستانکان و هەندێ شوێنی دیکەیان دامەزراند. ئێستا زیاتر لە ١٥٠ وێستگەی هەمەچەشنەی ئاووهەوایی لە کاردان.

زانیاری ئاووهەوایی، واتە ژمارەکانی پلەی گەرما و باران و فشار و هێز و ئاقاری بایەکان لە کوردستاندا، لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە، بێ کەموکوڕی نییە.

١. رادەی شارەزای ـ کارمەندەکان، بە تایبەتی ئەوانەی دەرەوەی سەنتەری ئەستان، ناشارەزان لە مەیدانی ئاووهەوادا. زۆربەیان خوێندەواری سەرەتاییان هەیە.

٢. جۆری وێستگە ـ وێستگەکان، لەو شوێنای دامەزرێندراون، بە زۆری هی باران و گەرمان. واتە وێستگەکان یەک لایین.

٣. شوێنی وێستگە ـ وێستگەکان، لە هەندێ شوێندا، لەبەر رۆژ و لە سێبەر یان روو لە باران و پشت لە باران داندروان.

٤. لە کارکەوتنی وێستگە ـ هەندێ لە مەکینەی وێستگەکان، بە تایبەتی ئەوانە پیوانی شێداری و غوبار و بەفر، خراپ بوونە و لەبەر نەبوونی وەستای شارەزا، درەنگ چاک دەکرێنەوە یان هەر چاک ناکرێنەوە.

٥. ژمارەی وێستگە ـ کەمی ژمارەی وێشتگەکانی ئاووهەوا لەچاو رووپێوی کوردستاندا.

٦. دابەشبوونی وێستگە ـ دابەشبوونی وێستگەکانی ئاووهەوا، بەسەر خاکی کوردستان، زۆر نارێکە. سەنتەری ئەستانەکان، بەشی هەرەزۆری وێستگەکانیان بەرکەوتووە.

### ژێربابەتی ١. هۆکارەکانی کارکردە لە ئاووهەوادا

ئاووهەوای کوردستان، لە ئاکامی ئەو هۆکارانەی خوارەوە، دروست بووە.

**رووپێوی جوگرافی**

یەکێکە لە هۆکارە هەرە لەبەر چاوەکانی دیاریکردنی ئاووهەوا، لەسەر رووی زەمیندا. ئەو شوێنانەی دەکەونە نێوان بازنەی پانی ٤ بۆ ٥ ی باکوور و باشووری هێلی ئەکسانی ئاووهەوایان لە کەژەکانی ساڵدا زۆر لێک دەچێ و ماوەی تیشکی خۆر و رووناکی یەکسان دەبێ، وەلێ چەند بەرەو هێڵەکانی پانی دیکە برۆین، ئەم دیاردەیە دەگۆڕێ.

کوردستان، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٤٠ بۆ ٣١ باکوور. ئەو نێوچەش لە باشووری نێوچەی سازگاری باکوور هەڵکەوتووە. ئاووهەوای ئەم رووپێویە جوگرافییە، لە نێوان بیابانی گەرم و ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست دایە. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازێکی زۆر هەیە لە نێوان نێوچەکانی کوردستاندا. بە تایبەتی لە پلەی گەرما و بارستایی باران و جۆرە بارینەکانی دیکەدا، بۆ نموونە،

پلەی گەرما لە باکووردا، لەچاو پلەی گەرمای باشووردا، سێ کەڕەت نزمترە. تاکو لە باکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین، بارستایی باران بەرەو کەمی دەڕوات. هەروەها جۆر و شێوەی بارینەکانیش دەگۆڕێ، ئەگەر هاتوو لە باکووردا، بەفرێکی ئاسایی ببارێ، ئەوا لە باشووردا بەدەگمەن نەبێ، بەفر نابارێ، بە تایبەتی لە باشووری رۆژئاوادا.

**دوور و نزیکی لە دەریاوە**

کوردستان بە دەریای قەزوین و ڕەش و کەنداو و ناوەڕاست دەورە دراوە. لە رووی ئاووهەواوە، دەریای ناوەڕاست بە پلەی یەکەم و کەنداو بە پلەی دووەم، کاریخۆیان لەسر ئاووهەوای ئەم وڵاتە دەکەن. سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری باران ئەو تۆفانەن کە لە دەریای ناوەڕاست بەرەو کوردستان دێ. هەروەها سیستەمی باران بارینیش، واتە زستانی تەڕ و هاوین وشک، هەمان سیستەمی دەریای ناوەڕاستە.

**وشکانی ئاسیا**

ناوبراو، بە گەورەترین بەشی وشکانی سەر رووی زەمین دەژمێردرێ. لەسەر رووەکەی هەمەچەشنە دیاردەی ئاووهەوا روو دەدات، نەوەکو هەر کار لە درووستبوونی ئاووهەوای خۆی دەکات، بەڵکو لە هەندێ کاتیشدا، کار لە بەشەکانی دیکەی جیهانیش دەکات.

ئاووهەوا لە کوردستاندا، تا رادەیەکی زۆر، لە ئەنجامی کارلێکردنی وشکانی ئاسیا پەیدا دەبێ، لە پێش هەمووشیانەوە با، لە دوایشدا پلەی گەرما و بارستایی باران.

**بەرزی و نزمی**

ناوبراو لە سەر ئاستی دەریاوە لە نێوچەیەک بۆ نێوچەیێکی دیکە جودایە. وەلێ ئەوەی تێبینی دەکرێ کەمبوونی بەرزایە

چەندی لە باکوور بەرەوە باشوور بچین. بە نموونە ئەگەر بەرزاییەکە لە هەندێ شوێن لە باکووردا لە پێنج هەزار مەتر زیاتر بێ ئەوە لە باشووردا لە چەند مەترێک زیاتر نابی. ئەو جیاوازیە لە بەرزی و نزمیدا کاری لە رەگەزەکانی ئاو هەوا کردووە. بە نموونە، پلەی گەرما لە باکوور نزمە و لە باشوور بەرزە. ئەو جیاوازیەش بە گوێرەی ئەو یاسا ئاووهەوایە کە دەڵێ بە بەرزبوونەی هەر ١٥٠ مەتر لە رووی دەریاوە ١ پلەی گەرما دادەبەزی. هەمان شت بە گوێرەی بارانیش دەگوترێ. واتە کەم بوونی بارستایی باران چەندی لە باکوور بۆ باشوور رێ بکرێ.

### ژێربابەتی٢. رەگەزەکانی ئاووهەوا

ئاووهەوا لە: پلەی گەرما، باران، فشار و با، بەفر، شەختە، هەور، تەم، شێ، پێک هاتووە. لێرەدا بەگوێرەی توانا و پێویست، باسیان دەکەین:

**پلەی گەرما**

بریتیە لەو قەبارە گەرمایە کە زەوی لە ماوەی شەورۆژێکدا لە رۆژ پێی دەگات. پلەی گەرما یەکێکە لە گرنگترین رەگەزەکانی ئاووهەوا. لە ڕاستیشدا، هەموو رووداوەکانی ئاووهەوا، بەرهەمی گەرمان. قەبارەی گەرما، ئەو فاکتەرەیە کە پۆشەکی رووەکی و جۆرەکانی ئاژەڵ و ژیانی ئاسایی مرۆڤ، لە قوژبنە جیاوازەکانی گۆی ئەو زەوییە پێک دەهێنێ.

**تێکڕای پلەی گەرمای ساڵ**

تێکڕای پلەی گەرمای ساڵ لە کوردستاندا، لە دەوروبەری ١٥ پلەی سانتیگراد دایە، واتا ئاووهەوا لە رووی گەرمییەوە فێنکە (مامناوەندی). ئەمەش بۆ شوێنگەی جوگرافی نێوچەی فێنکی

باکوور دەگەڕێتەوە. ئەو ژمارەیە لە هەندێ ساڵدا، ٣ - ٤ پلە زیاد دەکات، لە ساڵی واشدا هەیە، ١ - ٢ پلە کەم دەکات.

تێکڕای پلەی گەرمای ساڵ، لەبەر جیاوازی بەرزیی و نزمی لە رووی دەریاوە و دوور و نزیکی لە هێڵی یەکسانی و شوێنگە بەگوێرەی باتۆفی دەریای ناوەڕاست و دوور و نزیکی لە دەریاوە، لە هەموو قوژبنەکانی کوردستاندا، وەکو یەک نییە. بڕوانە خشتەی ١.

**خشتەی ١**

**تێکڕایی پلەی گەرما (سانتیگراد)**
**لە وێستگەکانی سینوپتیکدا**

| وێستگەی سینوپتیک | بڵندی لە رووی دەریاوە (م) | چەند ساڵ | پلەی گەرما سانتیگراد |
|---|---|---|---|
| ئەرزنجان | ١٢١٥ | ٥٨ | ٥،٩ |
| ئەرزوروم | ١٨٦٩ | ٦٢ | ١٠،٩ |
| ئورفە | ٥٤٧ | ٥٩ | ٨،٧ |
| ارومیە | ١٣١٣ | ٤٦ | ١٦،٤ |
| ایلام | ١٣٦٣ | ١٠ | ١٧،٤ |
| خرم آباد | ١١٢٥ | ٤٦ | ١٣،٣ |
| دیاربەکر | ٦٦٠ | ٦٢ | ١٥،٨ |
| سنندج | ١٣٧٣ | ٣٧ | ١٢،٨ |
| سیرت | ٨٩٥ | ٤٩ | ١٨،١ |
| شهرکرد | ١٩٩١ | ٤١ | ١٤،٠ |
| کرمنشاه | ١٧٥٤ | ٥٣ | ١٤،٧ |
| گازی ئانتاپ | ٨٠١ | ٦٢ | ١٣،٦ |
| مەلاتیە | ٩٩٨ | ٦١ | ١٥،٩ |
| وان | ١٧٢٥ | ٥١ | ١٣،٣ |
| یاسوج | ١٨٨٠ | ١٠ | ١٥،٨ |

بەرزترین پلەی گەرما وەکو لە ژمارەکانی ناو خشتەکە دەردەکەوێ، لە شارەکانی ئورفا، خرم آباد، ایلام دان، نزمترینیشیان لە شارەکانی ڤان و ئەرزوروم دان.

## مەودای پلەی گەرمای ساڵ

مەبەست جیاوازی نێوان بەرزترین پلەی گەرما و نزمترین پلەی گەرما لە ساڵێکدا. تێکڕای پلەی بەرزی گەرما ٣٠ پلە لەسەرو سفرەوەیە، تێکڕای پلەی نزمی ٢٠ پلە لە ژێر سفرەوەیە. واتا جیاوازی نێوان بەرز و نزمی پلەی گەرمای ساڵانە ٥٠ پلەیە. ئەو جیاوازییەش لە نێوان وێستگەکانی کوردستاندا، گەلێ روون و ئاشکرایە. بڕوانە خشتەی ٢ بکە.

**خشتەی ٢**

**جیاوازی بەرزی و نزمی پلەی گەرمای ساڵانە**
**لە وێستگەکانی میترۆلۆژیدا (سانتیگراد)**

| وێستگە | پلەی گەرما | | | وێستگە | پلەی گەرما | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرز | نزم | چەند ساڵ | | بەرز | نزم | چەند ساڵ |
| بەکرەجۆ | ٢٤ | ١١ | ١ | گازی ئانتاپ | ٤٣ | -٤٣ | ٢٤ |
| خۆی | ١٨ | ٥ | ٢٢ | القحطانیە | ٣٠ | ٦ | ١٨ |
| خرم آباد | ٢٦ | ١٠ | ٢٢ | قامشلی | ٣٢ | ٧ | ١٨ |
| دزفول | ٣٢ | ١٦ | ٢٢ | کارەکۆسە | ٢٨ | -٤٣ | ٢٤ |
| المالکیە | ٤٦ | ٦ | ١٨ | کرمنشاە | ٢٢ | ٧ | ٢٢ |
| دیاربەکر | ٢١ | -٢٤ | ٤٢ | کەرکوک | ٢٨ | ١٥ | ٣٠ |
| سنندج | ٤٣ | ٥ | ٢٢ | مەلاتیە | ٤٢ | -٢٥ | ٤٢ |
| سیرت | ١٩ | -١٩ | ٢٩ | وان | ٤٧ | -٢٩ | ٣١ |
| سقز | ١٩ | ٤ | ٢٢ | ارومیە | ١٨ | ٥ | ٢٢ |
| سەلاحەدین | ١٩ | ١٢ | ٤ | ئەرزنجان | ٤١ | -٣٣ | ٣٨ |
| شهرکرد | ٢١ | ٤ | ٢٢ | ئەرزوروم | ٣٤ | -٣٠ | ٤٢ |
| سنجار | ٢٠ | ١١ | ١٨ | ئورفە | ٤٧ | -٢٩ | ٣١ |
| عین العرب | ٣٠ | ٥ | ١٨ | موسڵ | ٢٧ | ١٤ | ٣٠ |

جیاوازی پلەی گەرما، وەکو لە ژمارەکانی نێو خشتەکەی دەردەکەوێ، دەگاتە ئەو پەڕی بەرزی، لە گازی ئانتاپ (٨٦ پلە)، کاراکۆسە (٨١ پلە)، ڤان (٧٦ پلە) ... هتد. ئەوپەڕی پلەی نزمیش

له وێستگەی سەلاحەدین (٧ پلە)، بەکرەجۆ (١٣ پلە)، دزفول (١٦ پلە).

**تێکڕای پلەی گەرمای وەرزەکانی ساڵ**

تێکڕای پلەی گەرما لە وەرزەکانی ساڵدا، لەبەر جیاوازی قەبارەی گەرما، کە زەوی لە تیشکی رۆژەوە وەری دەگرێ و سەمتی تیرۆژ و درێژ و کورتی تیرۆژ و شوێنگەی زەوی بە گوێرەی رۆژەوە ... هتد، هەموویان وەکو یەک نیین. بەرزترین پلەی گەرما لە وەرزی هاویندایە و بە شێوەیە بەرز دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ٢١ سانتیگراد. ئەمش زیاتر لەبەر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هەوا و لە دەستدانی ئەو شێیانەی کە تەوژمی دەریاکان لەگەڵ خۆیان هەڵیان دەگرن، پێش ئەوەی بگەنە سەر خاکی کوردستان و هاتنی بای وشک بە تایبەتی لە لای باشوورەوە. ئەم بایانە هەموو کاتێک وشکن، چونکە خۆیان لە شوێنی وشکەوە هەڵ دەکەن. بە پێچەوانەوە لە وەرزی زستاندا، پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ١٥ سانتیگراد ئەوەش بە پلەی یەکەم، بۆ هاتنی بای ساردی سیبریایی دەگەڕێتەوە، کە سەرچاوەکەی زۆر ساردە و ڕێ لە بای وشکی باشوور دەگرێ، بە هۆی ئەوەوە کە فشار لەسەر خاکی کوردستان زۆر بەرزە. تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی بەهار - ١٧ سانتیگراد و پاییز - ١٥ سانتیگراد، زۆر گەورە نییە، لەبەر وێکچوونی رەگەزەکانی ئاووهەوا بە تایبەتی گەرما.

هەرێمە جیاجیاکانی کوردستان، لە رووی تێکڕای پلەی گەرمای وەرزی هاوینەوە، زۆر لە یەک دەچن. ئەم دیاردەیە لە باکوور - ٢٠ سانتیگراد، لە باشوور- ٢١ سانتیگراد، لە رۆژهەڵات – ٢١ سانتیگراد و لە رۆژئاواش - ٢٢ سانتیگرادە. بە هەمان شێوەش لە زستاندا، باکوور - ١١ سانتیگراد، باشوور - ١٢ سانتیگراد. رۆژهەڵات - ١١ سانتیگراد و رۆژئاواش - ١٤ سانتیگراد.

## تێکڕای پلەی گەرمای مانگەکان

پلەی گەرما لە مانگی تەممووزدا، کە گەرمترین مانگی ساڵە، بەرز دەبێتەوە و لە هەندێ وێستگەدا، دەگاتە ٣٤ سانتیگراد. لە مانگی کانوونی دووەمدا کە ساردترین مانگی ساڵە، نزم دەبێتەوە بۆ یەک سانتیگراد و جاری واش کەمتریش. واتا جیاوازی لە نێوان گەرمای ئەم دوو مانگەدا خۆی لە ٣٣ سانتیگراد دەدات. بڕوانە خشتەی ٣ بکە.

پلەی گەرما وەکو لە ژمارەکانی نێو خشتەکەی دەردەکەوێ، لە مانگی مایسدا زیاد دەکات و وردە وردە بەرز دەبێتەوە، تاکو دەگاتە لوتکە لە مانگی تەممووزدا، بگرە لە ئابیشدا هەر بەردەوام دەبێ، لە پاشان لە مانگی ئەیلودا، بەرە بەرە نزم دەبێتەوە، تاکو دەگاتە نزمترین پلەی لە مانگی کانوونی دووەمدا.

## گەرمای مانگی تەمووز

مانگی تەمووز گەرمترین مانگی ساڵ دەژمێردرێ، تێکڕای پلەی گەرما ٣٠ سانتیگراد (بەرواری - ٢٦ سانتیگراد، جزیرە - ٣٤ سانتیگراد). لەبەر روونی ئاسمان، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی، گەرماییەکی زۆر بگاتە سەر رووی زەوی، تیشکی رۆژ بە شێوەیەکی ستونی، گەیشتنی بای دەریاکان بەبێ شێدارەکانیان، نەهاتنی بای سیبریای سارد.

## گەرمای مانگی کانوونی دووەم

پلەی گەرما لەم مانگەدا، تەنیا ٣ سانتیگرادە (بەرواری - سفر، ئورفا - ٥ سانتیگراد). هۆکانی ئەم نزمی پلەی گەرمایە، بۆ گەیشتنی گەرماییەکی کەم لە تیشکی رۆژەوە بۆ سەر رووی زەوی دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو مانگەدا، هەورێکی زۆر لە ئاسماندا بەری تیشکی رۆژ دەگرێ. هەروەها لەو مانگەدا بایەکی

ساردی سیبیری هەڵ دەکات، لە نێوچە شاخاوییەکانیشدا فشار بەرز دەبێتەوە ... هتد.

**خشتە ٣**

**پلەی گەرما لە مانگەکانی ساڵدا**

| مانگ | ویستگە | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئادیەمان ١٦ ساڵ | ئورفە ٤٦ ساڵ | اورومیە ١٠ ساڵ | ایلام | یاسوج | خرم آباد | سنندج | شهرکرد | کرمنشاە |
| کانوونی٢ | ٤ | ٥ | - | ٥ | ٤ | ٥ | ٤ | - | ٤ |
| شوبات | ٦ | ٧ | ٤ | ٨ | ٨ | ٨ | ٥ | ٤ | ٧ |
| مارت | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ١١ | ١١ | ١٢ | ١١ | ٨ | ١٢ |
| نیسان | ١٥ | ١٦ | ١١ | ١٥ | ١٦ | ١٥ | ١٣ | ١٦ | ١٤ |
| مایس | ٢٠ | ٢٢ | ١٨ | ٢٣ | ٢٢ | ٢١ | ٢٠ | ١٨ | ٢٠ |
| حوزەیران | ٢٦ | ٢٨ | ٢٢ | ٢٩ | ٢٦ | ٢٧ | ٢٦ | ٢١ | ٢٦ |
| تەموز | ٣١ | ٣٢ | ٢٣ | ٢٩ | ٢٦ | ٢٨ | ٢٧ | ٢٢ | ٢٨ |
| ئاب | ٣٠ | ٣١ | ٢٠ | ٢٧ | ٢٤ | ٢٥ | ٢٦ | ٢٠ | ٢٥ |
| ئەیلول | ٢٤ | ٢٧ | ١٤ | ٢١ | ١٨ | ١٩ | ١٧ | ١٣ | ١٨ |
| تشرینی ١ | ١٩ | ٢٠ | ٦ | ١٣ | ١٢ | ١٢ | ٩ | ٩ | ١١ |
| تشرینی ٢ | ١٢ | ١٣ | ١ | ٩ | ٩ | ٨ | ٥ | ٥ | ٧ |
| کانونی ١ | ٦ | ٧ | - | ٩ | ٧ | ٨ | ٥ | ٤ | ٦ |
| سەرجەم | ١٧ | ١٨ | ١٣ | ١٧ | ١٥ | ١٥ | ١٤ | ١٢ | ١٥ |

## تێکڕای پلەی گەرمای شەو و ڕۆژ

دوای هەڵاتنی خۆر، هەوا دەست بە گەرمبوون دەکات، تاکو وای لێ دێ، لە کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆدا، دەگاتە ئەوپەڕی گەرمی، لە پاشان بەرە بەرە نزم دەبێتەوە و لە نیوە شەودا دەگاتە نزمترین پلە. پلەی گەرمایی ڕۆژ، لە دەوروبەری ٢٥

سانتیگراد دەبی (لە هاویندا - ٤٣ سانتیگراد، لە زستاندا - ٤ سانتیگراد) هی شەویش لە١٠ پلە نزیک دەبێتەوە (لە هاویندا - ١٤ سانتیگراد، لە زستاندا - ٤ سانتیگراد) واتا جیاوازی نێوان گەرمای شەو و رۆژ ١٥ سانتیگرادە. هۆکانی ئەم جیاوازییەش، بۆ روونی ئاسمان و بارستایی ئەو گەرماییەی کە زەوی لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا وەری دەگرێ و سەمتی تیشکی رۆژ ... هتد دەگەڕێتەوە.

باران

باران رەگەزێکی دیکەی گرنگی ئاووهەوایە، ئەو شوێنانەی بارانی باشی لێ دەبارێ، بە شوێنەوارێکی باش بۆ رووەک و گیانلەبەرە هەمەچەشنەکان دادەنرێ. بەپێچەوانەی ئەو نێوچانەوە، کە بارانیان کەمە و وشکن. باران رۆڵێکی گەورە، لە دیاریکردنی چالاکی ئابووری کۆمەڵگە هەیە. کاری دانیشتوانی شوێنە بە بارانەکان دارستان و پیشەسازی دارستان و هی شوێنە کەم بارانەکان کۆچکردن و شتی دیکەیە.

تێکڕای بارانی ساڵانە

تێکڕای ساڵانەی باران لە کوردستاندا ٦٠٠ ملیمەترە. سەرچاوەی ئەم بارانەش، بە پلەی یەکەم بۆ تۆفەکانی دەریای ناوەڕاست دەگەڕێتەوە. هەرچەندە ژمارەی تۆفەکان زیاتر بی، ئەوەندە باران زیاتر دەباری و بەپێچەوانەشەوە کەمبوونی ژمارەی تۆفەکان، تێکڕای بارانی ساڵانە کەم دەکاتەوهە. واتا بارستایی باران لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە. باران بە شێوەیەکی گشتی، لە نێوچەکانی باکوور و ناوەڕاستدا، لەچاو نێوچەی باشووردا زیاترە و لە باشووری رۆژئاوا و رۆژئاوادا، لەچاو نێوچەکانی باکوور و باکووری رۆژهەڵات کەمترە. لە نێوچە شاخاوییەکاندا، لەچاو نێوچە دەشتاییەکاندا، دوو تا سێ جار

زیاتره. واتا جیاوازییەکی گەوره لە رووی بارستایی بارانەوه، لە نێوان نێوچەکانی کوردستاندا هەیە. بڕوانە خشتەی ٤ بکە.

**خشتەی ٤**

### تێکڕایی بارانی ساڵانە

| وێستگە | ملم | چەند ساڵ | وێستگە | ملم | چەند ساڵ | وێستگە | ملم | چەند ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کیلیس | ١٠٥٠ | ٤٧ | ئادیەمان | ٧٩٧ | ٤١ | یاردیمجی | ٣٠٦ | ٢ |
| گازی ئانتاپ | ٥٥٦ | ٤٧ | دوتلوجە | ٣٨٤ | ١٤ | ئالتین بەشاق | ٣٨٢ | ٦ |
| ئەلبەیلی | ٤٠٥ | ١٢ | سووروج | ٣٦٠ | ٢٤ | چاملی دەره | ٣٨٨ | ١٣ |
| یاوزئەلی | ٥١٤ | ١٢ | ئاکپنار | ٥٥٤ | ١٥ | گولچوک | ٤٣٧ | ١٣ |
| ئارەبان | ٥٢٥ | ١٧ | کاهتە | ٦٦٠ | ٢١ | بوجاک | ٦٥٢ | ٥ |
| نیزیب | ٤٥٤ | ٢١ | نارینجە | ٨٤٢ | ١٣ | چونگوش | ١٠٥٥ | ١٤ |
| هالفەتی | ٤٦١ | ١٥ | ئورفە | ٤٧٠ | ٤٦ | سیڤەرک | ٥٤٨ | ٤٨ |
| بیرەجک | ٣٧٣ | ٢٥ | ئاکزیارەت | ٣٧٩ | ١١ | چەرمیک | ٨٢٢ | ٢٣ |
| بەراک | ٣٤٠ | ١٣ | تەپەخان | ٧٨٩ | ١١ | کەرەکاچی | ٣٧٦ | ٩ |
| یاییلاک | ٣٩٠ | ٧ | ئاکینجەلەر | ٦٥٧ | ١٢ | کەرەجەداگ | ٣٦٨ | ١٠ |
| سەمسات | ٥٠٨ | ١٥ | هیلڤان | ٤٧٤ | ١٥ | بۆغوتلەن | ٣٧٨ | ١١ |
| مورسشیدپنار | ٢٨٤ | ١١ | گەرگەر | ١٠٠٤ | ١٤ | بۆزۆڤا | ٤٠٧ | ١٩ |

جیاوازی نێوان بەبارانترین و بێ بارانترین وێستگە، وەکو لە دەردەکەوێ، لە ١٠٠ ملم زیاتره (ساسۆن - ١٢٥٩ ملم، خوی - ٢٥٨ ملم). هۆی ئەم جیاوازییەش، بۆ شوێنی وێستگەکە لە تۆفانەکانی دەریای ناوەڕاستەوه و بەرز و نزمی لە رووی ئاستی دەریاوه و چەشنی تۆپۆگرافی خاکەکە دەگەڕێتەوه.

### تێکڕای باران لە وەرزەکانی ساڵدا

زۆربەی باران لە وەرزی زستاندا دەبارێ، چونکە تۆفانەکانی دەریای ناوەڕاست، لەبەر نزمبوونەوەی پلەی گەرما، لەو وەرزەدا بە تەڕی دەگەنە کوردستان. وەرزی بەهاریش بارانی تێدا دەبارێ، وەلێ لە وەرزی زستان، دوو تا سێ جار کەمترە. بارستایی باران لە وەرزی پایزدا، لە چەند ملیمەترێک زیاتر نییە. وەرزی هاوین لە کوردستاندا وشکە و بەدەگمەن نەبێ، ئەویش لە نێوچە شاخاوییەکاندا بارانی تێدا نابارێ، وەلێ هەندێ نێوچەی دیکە هەن، لەو ڕێڕەوە دەردەچن، وەکو نێوچەکانی باکووری شاری قەرەکۆسە، کە بە هۆی هاتنی تۆفی تەڕەوە لە دەریای ڕەشەوە، بارانی لێ دەبارێ.

### تێکڕای باران لە مانگەکانی ساڵدا

باران لە تشرینی یەکەمدا دەست پێ دەکات، بەرە بەرەش لە مانگەکانی دواییدا، بارستاییەکەی زیاد دەکات، تاکو دەگاتە لوتکە لە کانوونی یەکەم و کانوونی دووەمدا. پاشان ئەم لوتکەی بارانە، وردە وردە لە مانگەکانی دوایدا نزم دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ئەو پەڕی نزمی لە مانگی حوزەیراندا. وەلێ لە مانگەکانی تەمووز و ئابدا، بەدەگمەن نەبێ باران ناباری. بڕوانە خشتەی ٥ بکە. وا دیارە پەیوەندییەکی توند، لە نێوان بارستایی باران و پلەی گەرمیدا هەیە. ئەم دیاردەیە لە مانگەکانی ساڵدا، زیاتر دەردەکەوێ. تاکو پلەی گەرما نزم بێتەوە، ئەوەندە باران زیاتر دەبارێ و بەپێچەوانەشەوە، ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە، کە گەرما شێی هەوا دەکاتە هەڵم و ڕێگەی یەکگرتنی پێ نادات.

جیاوازیی بارستایی باران لە مانگێکدا، لە نێوان وێستگەکانی باراندا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێ. هەموو ئەو وێستگانەی، کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای تۆفانەکانی دەریاکانی

ناوەڕاست و قەزوین و رەش، لە زۆربەی مانگەکانی ساڵدا بارانیان لێ دەبارێ، بۆ نموونە، دیاربەکر، گازی ئانتاپ کیلیس ... هتد وەلێ ئەو نێوچانەی لە ژێر کارتێکردنی ئەم تووفەدا نیین و دوورن، لە مانگەکانی مایس و حوزەیران و تەمووز و ئابدا، بە تەواوی وشکن، بۆ نموونە، مەخموور، سنجار و چوارتا ... هتد.

**خشتەی ٥**

## تێکرایی باران لە مانگەکانی ساڵدا

| مانگ | وێستگە | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کیلیس ٧٤ ساڵ | ئانتاب ٤٦ ساڵ | نیزیب ٢١ | بیرەجوک ٢٥ ساڵ | ئادیەمان ٤١ ساڵ | سووروج ٢٤ ساڵ | کاهتە ٢١ ساڵ | ئورفا ٤٦ ساڵ | سیوەرک ٤٨ ساڵ |
| کانوونی ٢ | ١٠٤ | ١٠٣ | ٨٣ | ٦٧ | ١٧٠ | ٦٤ | ١٠٣ | ١٠٠ | ٩٣ |
| شوبات | ٨٥ | ٨٦ | ٧١ | ٥٧ | ١١٧ | ٥٤ | ٨٦ | ٧٠ | ٨١ |
| مارت | ٧٦ | ٧٤ | ٦٣ | ٥٦ | ١١١ | ٥٣ | ٩٢ | ٦٤ | ٧٧ |
| نیسان | ٥١ | ٥٧ | ٥٢ | ٤١ | ٨٤ | ٣٩ | ٧٠ | ٥٥ | ٦٥ |
| مایس | ٢٨ | ٢٩ | ٢٦ | ١٩ | ٥٢ | ٢٤ | ٤٤ | ٢٦ | ٤٤ |
| حوزەیران | ٩ | ٧ | ٤ | ٤ | ٦ | ٦ | ٦ | ٣ | ٨ |
| تەموز | ١ | ٢ | ١ | - | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٢ |
| ئاب | ٣ | ٢ | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ١ |
| ئەیلول | ٤ | ٤ | ٢ | ٢ | ٤ | ١ | ٢ | ١ | ٣ |
| تشرینی ١ | ٣٢ | ٣١ | ٢٥ | ٢٢ | ٣٠ | ٢٠ | ٣٥ | ٢٢ | ٣٢ |
| تشرینی ٢ | ٥٣ | ٥٧ | ٤١ | ٣٤ | ٧٦ | ٣٦ | ٥٨ | ٤٢ | ٦٠ |
| کانونی ١ | ٩٩ | ١٠٤ | ٨٦ | ٧٠ | ١٤٦ | ٦٤ | ١٣٧ | ٨٥ | ٨٣ |
| کۆ | ١٠٥٠ | ٥٥٦ | ٤٥٤ | ٣٧٣ | ٧٩٧ | ٣٦٠ | ٦٦٠ | ٤٧٠ | ٥٤٨ |

### تێکڕای باران لە رۆژەکانی ساڵدا

ژمارەی ئەو رۆژانەی کە لە ساڵێکدا، بارانی تێدا دەبارێ، لە هەموو وێستگەکانی باران، لە نیوەی رۆژەکانی ساڵ کەمترن.

هەمان دیاردە، بە ڕێژەی بارانبارین لە مانگەکانیشدا، بە ڕاشکاوی دەبینرێ. بڕوانە خشتەی ٦

**خشتەی ٦**

### تێکڕای ڕۆژانی بە باران لە مانگەکاندا

| مانگ | وێستگە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دیاربەکر | ئەرزوروم | کەرکوک | موسڵ | دوکان |
| کانوونی ٢ | ١١،٨ | ١،٢ | ١١،٣ | ٩،٩ | ٨،٩ |
| شوبات | ١٢،٢ | ١٢،٢ | ١٢،٦ | ١٠،٩ | ٨،١ |
| مارت | ١١،١ | ١٢،٧ | ١٠،٦ | ٩،٣ | ٥،٨ |
| نیسان | ٨،٤ | ١٤،٩ | ٥،٩ | ٤،٩ | ٣،٤ |
| مایس | ٢،٤ | ١١،٢ | - | - | - |
| حوزەیران | ٠،٦ | ٦،٩ | - | - | - |
| تەموز | ٠،٣ | ٤،٨ | - | - | - |
| ئاب | ١،١ | ٥،٣ | - | - | - |
| ئەیلول | ٥،٨ | ٨،٨ | ٤،٩ | ٢،٥ | ١،٩ |
| تشرینی ١ | ٨.٨ | ٩،٤ | ٨،٦ | ٧،٠ | ٦،١ |
| تشرینی ٢ | ١٢،٦ | ١٠،٤ | ٩،٧ | ٨،٤ | ٦،٣ |
| کانونی ١ | ١٣،٤ | ١١،٢ | ١١،٥ | ١١،٦ | ٨،٠ |
| سەرجەم | ٨٨،٥ | ١١٩،١ | ١٣٦،٢ | ٧٥،١ | ٤٨،٥ |

**چەشنەکانی باران لە کوردستاندا**

چەند جۆرە باران لە کوردستاندا دەبارێ کە هەر یەکەیان بە ناوی ئەو شتەوە ناو دەبرێ، کە دەبێتە هۆی بارینەکە. گرنگترین چەشنەکانی باران ئەمانەن:

**بارانی سەر بە کڵاوە**

هەر وەکو لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد، زۆربەی بارانی کوردستان، لە وەرزی زستاندا دەبارێ و سەرچاوەکەشی تۆفەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسییە. دوای ئەوەی ئەو تۆفانە، دەگەنە سنووری

دەریـــای ناوەڕاســـت، دووبـــارە هێـــز پەیـــدا دەکەنـــەوە و ڕووەو ڕۆژهـــەڵات دەڕۆن. هەنـدێکیان دەگەنـە کوردسـتان و دەبنـە هـۆی بارانـی سەر بە کڵاو.

**بارانی هەڵەتان (بارانی رووپێو)**

چیاکانی کوردستان، هۆیەکی زۆر گەورەن بۆ زیادکردنی باران. ئـەم چیایانـە، ڕێگـە لـە باکـان دەگـرن و ناچاریـان دەکـەن بـەرز ببنـەوە، بۆ ئـەوەی درێـژە بـە ڕۆیشتنیان بدەن. لـە هـەمان کاتـدا، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی نزمبوونـەوەی پلـەی گـەرمایان و یـەکگرتنی ئەتۆمەکانی هەڵم، کە لـە ئەنجامدا، بـە شێوەی بـارانی هەڵـەتان دێنە خوارێ.

**بارانی بەرزەیی**

بارانـی بـەرزەیی لـە کوردستاندا، لەبـەر نـەبوونی رووگـەی ئـاوی گـــەورە، زۆر کەمـــە. وەلـــێ لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، لـــە ئـــەنجامی بـەرزبوونـەوەی هـەڵم لـە رووبارەکـان و ئاوبەنـدەکان پەیدا دەبـێ و بەشێک لـە بـاران دەبـارێ، زۆربەشـی لـە وەرزی بـەهار و سـەرەتای هاوینـدا روو دەدات. هۆکەشـی بـۆ بـەرزبوونـەوەی پلـەی گـەرما و شـــێداربوونی زەوی، لـــە ئـــەنجامی بـــارانی زســـتان و بـــەهاردا دەگەڕێتەوە.

**فشار و با**

تێکـڕای فشـاری جـەوی سـاڵانە لـە کوردسـتاندا، لـە دەوروبـەری ١٠٠٠ میلیبـار دایـە. وەلـێ ژمارەکـە بـەگوێرەی بـەرزیی و نزمـی پلـەی گـەرما دەگـۆڕێ. لـە هاوینانـدا، لەبـەر ئـەوەی هـەوا گـەرم دەبـی، ژمارەکـە کـەم دەکـات، تـاکو دەگاتـە ٧٥٠ میلیبـار. لـە زستانانـدا، ژمارەکـە بـەرز دەبێتـەوە، تـاکو دەگاتـە ١٣٥٠ میلیبـار. ئـەو بـەرزیی و نزمییـە، زیـاتر لـە مانگـەکانی سـاڵدا دەردەکـەوی، وەکو چاوەڕوانیش دەکرێ، لە مانگە هەرە گەرمەکانـدا، کـە مـانگی

تـەمووز و ئابـە، فشـار لـەو پـەڕی نزمیـدا دەبـی. لـە مانگـە هـەرە ساردەکانیشدا (کـانوونی یەکـەم و کـانوونی دووەم)، فشـار دەگاتـە ئەو پەڕی بـەرزی.

بــا لــە کوردســتاندا، لــە رووی ســەرچاوەی هــەڵکردن و پەیدابوونییـەوە، بەسـەر دوو دەسـتەی سـەرەکیدا دابـەش دەکـرێ، کە هەر دەستەیەکیشیان بەجیا، لـە چەنـد جۆرێکی تایبـەتی پێک دێن، کە ئـەمانـەی لای خوارەوەن:

**١. با گشتییەکان**

مەبەسـت لــە بــا گشـتییەکان، هــەموو ئــەو بایانــەن کــە لــە دەرەوەی کوردسـتانەوە هــەڵ دەکــەن و بەســەریدا دێــن و تێپــەڕ دەبن. نموونـەی بایـەکانی گشتی ئـەوانەن:

**بای شەماڵ**

بای ناوبراو لـە زۆربـەی رۆژەکانـی ساڵ هەڵدەکات و لـە بـاکووری رۆژئــاواوە بــەرەو باشــووری رۆژهــەڵات دەروات. ئـەمــەش لــە لایەکەوە، لەبەر ئەوەیە کە چیاکانی کوردستان بە هەمان شێوەی ڕەوتـی باکـان هـەڵ کـەوتوون و بـە ناچاری پـەیڕەویان دەکـەن، لـە لایــەکی دیکەشــەوە، لەبــەر ئــەوەی لــە نێوچــە جیاجیاکــانی کوردسـتاندا، جیاوازییـەکی زۆر لـە فشـاردا هەیـە. بنکـەی فشـاری نزمی کـەرتی ئاسیا، لـە هاویناندا لـە بـاکووری رۆژئـاوای هیندسـتان دایـە، لـەبـەر ئـەوە بـای شـەماڵ، بـەرەو ئـەو نێوچـە فشـارە نزمـە دەچـی و نـاتوانێ بـۆ نێوچـەکانی دیکـە بچـی، لەبـەر ئـەوەی لـەو نێوچانــە، بنکــەی فشــاری بــەرز هەیــە، بــە تایبــەتی لــە نێوچــە شاخاوییەکاندا. بای شـەماڵ لـە وەرزی پایز و زسـتان و بـەهار هـەڵ دەکـات و هــەمان سەمتیشـی هەیـە، ئـەمــەش لـەبــەر ئـەوەیــە، کــە بنکەی فشاری نزم لـە کـەنداو دایـە و بنکـەی فشـاری بـەرزیش، لـە نێوچە شاخاوییەکان دایە.

**هوره (بای پێچەوانە)**

هوره لە زستاناندا، لە دەریای ناوەندەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دێ. ئەمەش لە لایەکەوە لەبەر ئەوەیە، کە بنکەی فشاری نزم لە کەنداودا کۆ بۆتەوە و بۆ لای خۆی ڕایدەکێشی، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەیە کە ڕووی چیاکان لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە.

بای هوره باران لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ، چونکە ئەو شوێنەی لێوەی هەڵ دەکات، وشکانییە، هەر بۆیە کە لە هاویناندا هەڵ دەکات، گەرم و وشکە و لە زستانانیشدا، سارد و وشکە.

**٢. با خۆماڵییەکان**

مەبەست لە با خۆماڵییەکان، هەموو ئەو بایانەن کە لە زستاناندا یاخود لە هاویناندا، لە یەکێ لە نێوچەکانی کوردستانەوە هەڵ دەکەن. هۆکەشی بۆ جیاوازی پلەی گەرما و فشار دەگەڕێتەوە. ناوی باکانیش، بە ناوی ئەو شوێنانەوە ناودەنرێن، کە باکەیان لێوە دێت. هەندێ لەو با خۆماڵییانەش ئەمانەن: ڕەشەبا. قەهرە. سام. کوێرە و هیدیکە

**بەفر**

سالانە بە دەیان سانتیمەتر بەفر دەکەوی. هەندێ ساڵ، لە هەندێ نێوچەدا، بارستایی بەفر لە یەک مەتر زیاترە. گەلێ شوێن هەن، بە درێژایی ساڵ بەفریان لێ نارەویتەوە. وەکو لوتکەی چیاکانی ئارارات، قەندیل، کوەڕەنگ، کەبیرکوە و هەڵگورد ... هتد.

بەفر لە مانگی تشرینی دووەمەوە، تاکو مانگی مارت دەبارێ، واتا ماوەی بەفربارین پێنج مانگە. لەم ماوەیەدا، ژیان زۆر سەخت دەبی، بە تایبەتی لە گوندەکاندا، ئەویش لەبەر نەبوونی پێویستییە هوێکانی ژیانە. لە نێوچە شاخاوییەکانیشدا، ڕێگەوبان

بە تەواوی دەگێرێ. هەموو ساڵێ بە لانی کەمەوە ٤٣ رۆژ بەفر دەبارێ. ئەم ژمارەیە لە ئەرزوروم زیاد دەکات و دەگاتە ١١٣ رۆژ،لە ئورفا کەم دەبێتەوە و دەبێ بە سێ رۆژ. بڕوانە خشتەی ٧.

رۆژەکانی کانوونی دووەم و شوبات، لە رۆژەکانی مانگەکانی دیکە، زیاتر بەفری تێدا دەباری، چونکە کوردستان لەو دوو مانگەدا، زیاتر کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی بای ساردی سیبریاوە. هەروەها تۆفە گەرمەکانی کەنداو، لەبەر ئەوەی بنکەی فشاری بەرز، لەم مانگانەدا کۆ دەبنەوە و ناتوانن بگەنە ناوەڕاست و باکووری کوردستان.

خشتەی ٧

ژمارەی ئەو رۆژانە لە مانگەکانی ساڵدا بەفریان تێدا باریوە

| مانگ | وێستگە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دیابەکر | ئەرزنجان | ئەرزوروم | مەلاتیە | سیرت | ئورفا | ڤان |
| کانوونی ٢ | ٥،٦ | ١٤،٨ | ٢٩،٢ | ١٣،٣ | ٧،٥ | ١،٦ | ٢٢،٠ |
| شوبات | ٤،٦ | ١٣،٤ | ٢٦،٢ | ١٢،٥ | ٧،٠ | ١،٠ | ٢٢،٧ |
| مارت | ٠،٨ | ٤،٨ | ٢٤،١ | ٣،٣ | ١،٧ | - | ١٤،٨ |
| نیسان | - | ٠،٢ | ٤،٧ | ٠،١ | - | - | ٢،٢ |
| مایس | - | - | ٠،٢ | - | - | - | - |
| حوزەیران | - | - | - | - | - | - | - |
| تەموز | - | - | - | - | - | - | - |
| ئاب | - | - | - | - | - | - | - |
| ئەیلول | - | - | ٠،١ | - | - | - | - |
| تشرینی ١ | - | ٠،١ | ٠،٨ | - | - | - | - |
| تشرینی ٢ | ٠،١ | ٠،٩ | ٥،٢ | ٠،٥ | ٠،٢ | - | - |
| کانونی ١ | ١،٨ | ٧،١ | ٢٢،٧ | ٤،٥ | ٢،٥ | ٠،٣ | ٠،٢ |
| سەرجەم | ١٣،٠ | ٤١،٣ | ١١٣،٢ | ٣٣،٢ | ١٨،٢ | ٢،٩ | ٧٩،٠ |

### شەختە

زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، بە درێژایی زستان، شەختەی دەکات. لە ئەنجامدا ئاو دەیبەستێ و هاتوچۆ لەبەر خلیسکاندن ناخۆش دەبی. شەختە لە هەندێ شوێندا، پاش نیوەڕوان دەست پێ دەکات، تاکو چێشتەنگاوێکی درەنگ لە رۆژی دوایدا بەردەوام دەبی. پەیدابوونی ئەو دیاردە ئاووهەواییە، بۆ نەبوونی هەور لە ئاسماندا دەگەڕێتەوە، واتا لە شەوانی سایەقەدا دروست دەبی. هەروەها لەو کاتانەشدا روو دەدات، کە با پێش تۆفەکان دەکەوێ و لە چیاکانەوە بەرەو دۆڵەکان دێنە خوارەوە.

### هەور

هەور لە کانوونی یەکەم وکانوونی دووەم، و شوبات و مارتدا، لە ئاسمانی کوردستاندا پەیدا دەبی. ئەمەش بە دەوری خۆی، لە ژمارەی کاتژمێرەکانی گەیشتنی تیشکی خۆر، بۆ سەر رووی زەوی کەم دەکاتەوە. ئەم دیاردەیە کار لەسەر بارستایی باران و پلەی گەرما و هەروەها ماوەی رووناکی رۆژ دەکات. بۆ نموونە، درێژایی رۆژ لە قامشلی - ٨ کاتژمێرە. لە ئەرزنجان - ٧ کاتژمێرە.

### تەم

تەم بە زۆری لە نێو دۆڵ و شیوەکان و هەندێ جاریش لە دەشتاییەکاندا روو دەدات. ژمارەی ئەو رۆژانەی تەم دروست دەبی، لە دەوروبەری دە رۆژە لە ساڵێکدا. وەلێ لە زستاناندا دوو ئەوەندە دەبێ و لە بەهار و پایزاندا، نیو ئەوەندەیە و لە هاوینانیشدا بەدەگمەن نەبێ روو نادات.

تەم لە مانگی کانوونی دووەمەوە دەست پێ دەکات و تاکو نیسان، لە دوایدا دووبارە لە تشرینی دووەمەوە تاکو کۆتایی کانوونی یەکەم پەیدا دەبێتەوە. واتا ساڵی شەش مانگ، لە

ئاسماندا تەم دەبیندرێ. بوونی ئەم دیاردە ئاووهەواییە، دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرما، چونکە تەمەکە بەری تیشکی خۆر دەگرێ و لێ ناگەڕێ، بگاتە سەر رووی زەوی.

**شێی رێژەیی**

رێژەی شێ رێژەیی، لە هەوادا نزیکەی لە ٠/٠٥٣ یە. ئەو رێژەیە لەبەر جیاوازی پلەی گەرما و کارتێکردنی دەریاکان و بەرز و نزمی رووپێو و بارستایی بەفر، لە هەموو نێوچەکاندا، وەکو یەک نییە.

شێدارترین نێوچە لە کوردستاندا، شاری کاراکۆسەیە، هۆکەشی بۆ بەرزی لە رووی دەریا و بوونی نێوچەی بەفرێکی هەمیشەیی لە چیای ئارارات و بارانبارینێکی زۆر لە هاوینانـدا دەگەڕێتەوە. کەمترین شێداریش لە شارۆچکەی حویجە دایە، ئەویش لەبەر بەرزی پلەی گەرما و نەبوونی ئاو لەسەر زەوی.

**شێی رێژەیی لە مانگەکاندا**

رێژەکەی، بە نزمبوونەوەی پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە. بەپێچەوانەشەوە، بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما نزم دەبێتەوە. واتا شێی رێژەیی لە مانگەکانی زستاندا، لەچاو مانگەکانی هاویندا زیاترە.

## ژێربابەتی٣. وەرزەکانی ساڵ

ئەوەیان بە گوێرەی باران و پلەی گەرما و پۆشەکی رووەکی، لە یەکتر جودا دەکرێنەوە و هەست بە خەسڵەتەکانی هەر یەکەیان دەکرێ.

**بەهار**

یەکەم وەرزی ساڵە. هەموو ساڵێ لە ٢١ ی مارتدا دەست پێ دەکات و لە ٢١ی حوزەیراندا تەواو دەبی. پلەی گەرما لە بەهاردا

- ١٥ سانتیگرادە. بارستایی باران - ١٧ ملیمەترە و زۆربەشی تۆفانییە و بۆ ماوەیەکی کەم دەبارێ و بە تەواویی زەوی دادەپۆشێ، هەندێ جار زیانی گەورە بە کشتوکاڵ دەگەیەنی. ڕێژەی شێی بەرزە، لەبەر ئەوەی جاروبار باران دەباری و زەویش بە ئاوی بارانی زستان و ئاوی بەفری چیاکان لە کاتی تواندنەوەیدا، تەواو تەڕ و پاراو دەبی. لە بەهاردا لەوەڕگەکان بە تەواوی زۆر دەبن و سەوز دەبن. لە سەرەتاوە لە دەشتاییەکان و دواتریش لە کوێستانەکانەوە دەست پێ دەکات.

**هاوین**

وەرزی هاوین لە ٢٢ی حوزەیرانەوە دەست پێ دەکات و لە ٢٢ ی ئەیلولدا تەواو دەبی. پلەی گەرما لە چلەی هاویندا، بۆ ٤٢ سانتیگراد بەرز دەبێتەوە. باران جگە لە نێوچەیەکی تەسکی وەکو ئاگری ناباریێ. شێی ڕێژەیی زۆر نزم دەبێتەوە. درێژی ماوەی ڕۆژ لە نێوان ١٢ - ١٤ کاتژمێردا دەبێت. هەور لە ئاسماندا نابی. پلەی گەرما لە نێوان کاتژمێری ١٢ - ١٥دا بەرز دەبێتەوە، کە خەڵکی بە زەحمەت خۆیان لەبەردا رادەگرن، بە تایبەتی لە دەرەوە.

**پایز**

سێیەم وەرزی ساڵ، لە ٢٣ ئەیلولەوە دەست پێ دەکات و ٢١ کانوونی یەکەم کۆتایی پێ دێ. لەم وەرزەدا، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە. کەمێکیش باران دەبارێ. بە شێوەیەکی ئاسایی، وردە وردە هەور لە ئاسماندا پەیدا دەبی.

**زستان**

چوارهم وەرزی ساڵە و لە ٢٢ کانوونی یەکەمدا دەست پێ دەکات و لە ٢٠ مارتدا کۆتایی پێ دێ. لە زۆربەی نێوچەکاندا،

پلـەی گـەرما نـزم دەبێتـەوە تـا دەگاتـە ژێـر سـفر. بـەفر و بـاران دەبارێ. هەور بەری ئاسمان دەگرێ. شێی ڕێژەیی لە جەودا زۆر دەبێت. سەختترین کاتی زستان چلەیە، کە لە ١٦ی کانوونی یەکەمەوە دەست پێ دەکات و لە ٢٤ی کانوونی دووەمدا تەواو دەبێ. چلەش بەگوێرەی توندوتیژی سەرماوە، بەسەر هەشت بەشدا دابەش کراوە: ناوەکانیان لە دەشتی هەولێر ئەوهایە: بێدرخە، بێلندە، مێرەم، ئۆغەن، پیت، پاڵۆز، خدر، ئەلیاس. هەریەکێ لەم بەشانە ، ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنێ.

### ژێربابەتی ٤. هەرێمەکانی ئاووهەوا

دوای ئەوەی بە درێژی، باسی ڕەگەزەکانی ئاووهەوامان کرد، بۆمان روون بۆوە، کە جیاوازییەکی زۆر، لە رووی پلەی گەرما و بارستایی باران و بەفر، لە نێوان نێوچەکاندا هەیە. واتا هەر نێوچەیەک، تا ڕادەیەک ئاووهەوای تایبەتی خۆی هەیە. هەرێمە سەرەکییەکانی ئاووهەواش ئەمانەن:

### هەرێمی وشکی کەناری گەرم

ئەو هەرێمە ئاووهەواییە، لە نێوچەیەکی گچکەی باشووری کوردستان دایە، کە لە نێوان بەندەری ریگ ەوە، تاکو باشووری بهبهان، لەسەر کەنداو هەڵ کەوتووە. ئەو هەرێمەیە لە بیابان پێک هاتووە و پلەی گەرما لە هاویندا، بۆ ٥٠ سانتیگرادە بەرز دەبێتەوە. لە زستانیشدا، ڕەنگە گەرمترین نێوچەی کوردستان بێ. بارانی زۆر کەم لێ دەبارێ، لەبەر ئەوەی لە ژێر کارتێکردنی تۆفەکانی وشکی نیمچە دوورگەی عارەب دایە.

### هەرێمی بیابانی وشکی گەرم

رووپێوی ئەو هەرێمە ئاووهەواییە، لەو نێوچەی پێشوو فراوانترە و تایبەتە بە باشووری ئەستانی ایلام و قەزاکانی

دزفول و مسجید سلیمان ... هتد. پلەی گەرما لە هاویندا دەگاتە ٤٠ سانتیگراد. لە زستاناندا ٢٠ سانتیگراد دەبی. تێکڕای بارستایی باران - ١٥ سانتیمەترە. ئەو هەرێمە لە ژێر کاری تۆفەکانی نیمچە دوورگەی عارەب و تۆفەکانی دەریای ناوەڕاست دایە.

### هەرێمی نیمچە بیابانی گەرم

نێوچەیەکی فراوان لە کوردستاندا، لە ژێر کاری سیستەمی ئاووهەوای ئەو هەرێمەدایە، وەکو ئەستانی ایلام و قەزاکانی دزفول و اندیمشک و ایذە و شوشتر. پلەی گەرما لە مانگە هەرە گەرمەکاندا - ٣٥ سانتیگرادە، لە ساردترین مانگیشدا - ١٥ سانتیگراد دەبی. تێکڕای بارستایی بارانی سالانە - ١٧ سانتیمەترە و تۆفەکانی دەریای ناوەڕاست دەگەنە ئەو هەرێمە.

### هەرێمی کوێستانی سارد

زۆربەی نێوچە شاخاوییەکانی باکوور و رۆژهەلاتی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەم هەرێمە ئاووهەواییە دان. پلەی گەرما لە زستاندا، زۆربەی شەوەکان و بگرە لە زۆربەی رۆژەکانیشدا، لە ژێر سفرەوەیە و دەگاتە ١٠ سانتیگراد. لە هاویناندا، پلەی گەرمی لە دەوروبەری ١١ سانتیگراد دەبی. لە زستاناندا بەفرێکی زۆر دەبارێ و لە هەندێ شوێنیش، بە درێژایی سالْ بەفری لێ ناچێتەوە. بارستایی باران - ٨٠٠ ملیمەترە.

### هەرێمی دەریای ناوەڕاست

ئەمەیان پانترین نێوچەی ئاووهەوا لە کوردستاندا. پلەی گەرما لە هاویناندا بەرز دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ٣٠ سانتیگراد، لە زستانانیشدا پلەکە نزم دەبێتەوە، بۆ ٥ سانتیگراد، لە هەندێ شوێنیشدا بۆ ژێر سفر. بارانی بە زۆری لە زستاناندا لێ دەبارێ و لە هاویناندا وشکە.

# سەربابەتی پێنجەم
# سەرچاوەکانی ئاو

کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان بە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی. هەروەها سەرچاوەی هەرە گرنگی، ئاوی وڵاتانی دیکەی رۆژئاوای ئاسیایە. سامانی ئاوی ساڵانە، بە هەزاران ملیۆن مەتری سێگۆشە دەخەمڵێندرێ. کە بەداخەوە، بەشی هەرە زۆری بە خۆڕایی دەڕوا و لە رێگەی رووبارەکانەوە دەڕژێنە کەنداو و بۆغازی ئەسکەندەرون و دەریای قەزوین و ڕەش و دەریاچەکانی ڤان و اورمیە و هیدیکە.

رۆلی ئاو لە ژیانی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی، وڵاتەکانی رۆژئاوای ئاسیا بە کوردستانیشەوە بە تایبەتی، رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایە. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، بە بەردەوامی لە زیادبوون دایە، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر ئەوەی رووپێوی زەوییە بەراوە کشتوکاڵییەکان، لە فراوانبوون دایە. لە خوارەوە باسی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دەکەرێ.

### ژێربابەتی ١. ئاوی سەر زەوی

بریتییە لە ئاوی رووباراکان و دەریاچەکان و دەریایەکان. لە خوارەوە بای پێویست باسی یەک بە یەکیان دەکەم.

**یەکەم. رووبارەکان**

کوردستان خاوەنی رووبارێکی زۆرە، دەتوانین لە رووی درێژیی و قەبارەی ئاوەوە، هەندێکیان لەگەڵ رووبارە مەزنەکانی جیهاندا بەراورد بکەین، هەندێکی دیکەشیان لەبەر کورتییان، تاکو ئێستا شوێنیان لەسەر نەخشەکان دیاری نەکراون.

## خەسڵەتەکانی رووبارەکان

هەندێک لە خەسڵەتەکانی رووبارەکانی کوردستان، ئەو خاڵانەی خوارەوەن:

١. ئاڵۆزی زانیارییەکان ـ زانیاریەکانی بەر دەست، ئەوەندەی حەز بکەی تێکەڵ پێکەڵ کراون. ساغکردنەوەیان، کە لە توانای ئێمەدا نییە، لەو پەری زەحمەتیدایە.

٢. ناو ـ رووبار وەکو زانیومانە بە ناوێک ناو دەندرێ و ناو دەردەکات. وەلێ ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا دەیبینین، بە تەواوی بەپێچەوانەوەیە، چونکە هەر رووبارێک لە سەرچاوەکەیەوە تاکو رێژگەکەی، چەند ناوێکی هەیە. ناوەکان بە ناوی گوندەکانی سەروو یان بە ناوی دۆڵەکان دەندرێ و دەگۆرێ.

٣. درێژی ـ درێژایی رووبارەکان لە سەرچاوەکانیانەوە تا رێژگەکانیان، وەکو یەک نیین. لە هەندێ حاڵەتدا جیاوازییەکە، خۆی لە دەیان کیلۆمەتر دەدات.

٤. جیاوازی زاراوەکانی ئاو ـ زاراوەی جۆراوجۆر، وەلێ بێ هیچ پیوەرێک، لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆ ئاوەکانی سەر زەوی بەکاردەهیندرێ بە نموونە: لە باکووردا ـ دەرە، چای، سو، نەهر. لە رۆژهەڵاتدا ـ دەرە، ئاب، رووخانە، رود. لە باشوردا ـ جۆگە، ئاو، چەم (چۆم)، رووبار، زێ. لە رۆژئاوادا - وادی، نەهر. زاراوەکان بە تەواوی سنووریان دیار نییە. ئەو ئاوەی لە نێوچەیەک پێی دەگوترێ رووبار لە شوێنێکی دیکە بە ناوی چەم ناسراوە.

## سیستەمی رووبارەکانی کوردستان

لەبەر چاوترین خەسڵەتەکانی سیستەمی رووبارەکانی کوردستان، ئەو خاڵانەی خوارەوەیە:

١. سیستەمی رووبارەکان چیاییە، واتا لەسەرچاوەکانیانەوە زۆر بە تیژی دێن و بە هەمان هێز دەڕژێنە رووباری لە خۆیان گەورەترەوە.
٢. ئاوەڕۆکەیان زۆر قوڵ و تەسک و بە کۆسپن.
٣. ئەو رووبارانەی کە سەرچاوەکانیان لە بەفر و کانی هەڵ دەگرن، ئاویان هەمیشە نابڕێ، وەلێ ئەو رووبارانەی کە سەرچاوەکانیان ئاوی بارانە، ئەوا دوای باران بڕان، ئەوانیش وشک دەکەن.
٤. لافاوی رووبارەکان لە مانگەکانی نیسان و مایس دایە، چونکە بەفری سەر چیاکان لەم دوو مانگەدا دەتوێنەوە.
٥. رووبارەکان، لەبەر قولّی دۆڵەکان و تیژ رۆیشتنیان، بۆ هاتوچۆی ئاوی دەست نادەن.
٦ـ رووبارەکان بە سامانی ئاو، بە تایبەتی ماسی، دەوڵەمەندن.

**رێژگەی رووبارەکانی کوردستان**

رووبارەکان لە رووی رێژگەیانەوە، بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکرێن، کە بە رووپێو و قەبارەی ئاو لێک جیاوازن. بڕوانە نەخشەی٣ بکە.

**ء. ئەو رووبارانەی دەڕژێنە کەنداوە**

زۆربەی هەرە زۆری رووبارەکانی کوردستان ئاویان لە کەنداو دەکەن. ئەوەش لە گەڵ خۆڕسکی بەرزی و نزمی، واتە نزم بوونی بەرزایی لە باکوور بۆ باشوور، کوردستان لێک هاتووە

ژمارەیەکی یەکجار زۆر، لە رووبارەکانی کوردستان، لە رێگەی دوو رووبارە سەرەکیەکەی باشووریی رۆژئاوایی کێشوەرەی ئاسیاوە، واتە دجلە و فورات، لە کەنداو دەکەنەوە. بە کورتی لەسەریان و هەندێ لە لقەکانیان دەنووسین.


1 : 2 000 000
ئاگری
ئەرزەرۆم
دەرسیم
بینگۆل
موورات
فورات
مەرعەش
دیاربەکر
دیجلە
زابی گەورە
هەولێر
زابی بچووک
کەرکووک
سلێمانی
سنەندەج
سیروان
ئاوی سپی
کرماشان
ئیلام
خورەم ئاباد
دز
کارون
یاسوج
زەهرە
سنووری دەولی
ڕووبار
شار
ڕووبارەکان
نەخشەی 3

### رووباری فورات

درێژایی رووباری فورات، له سەرچاوەکەیەوە تاکو لەگەڵ رووباری دیجلەدا تێکەڵ دەبێت، ٢٨٠٠ کم. درێژاییەکەی لە نێو خاکی کوردستاندا، لە دەوروبەری ٢١٧٠ کم دایە، واتە درێژترین رووباری لە کوردستاندا.

رووباری فورات، لە تێکەڵاوبوونی رووباری قەرەسو (٤٦کم) و مورات (٦١٥ کم)، دوای ئەوەی دەرژێنە ئاوبەندی کابان، پێک هاتووە.

**١. رووباری قەرەسو(کاراسو)**

سەرچاوەکەی لە ئاوەکانی چیای دوملوەوە هەڵ دەقوڵێ. دوای ئەوەی هەموو ئەو ئاوانە، لە باکووری شارۆچکەی ئیلچا ، تێکەڵاو دەبن، بە ناوی رووباری قەرەسووەوە دەناسرێ. رێڕەوی ئەم رووبارە، لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دەڕوات، لە دوایدا بەرەو باشوور تاکو لە ئاوبەندی کابان دەڕژێ. رووباری قەرەسو دەیان لقی هەیە. بە نموونە چەمی باشی و یەشل چال و هیدیکە.

**٢. رووباری مورات**

ئەمەیان، لە تێکەڵاوبوونی ئاوی چیاکانی ئالا و تەندروک - پێک دێ. سەمتی رووباری ناوبراو، لە سەرەتاوە بۆ رۆژئاوا دەڕوات و لە پاشان بەرەو باشوور دێ. پاشان درێژە بە رۆیشتنەکەی دەدات، تاکو لە باشووری شارۆچکەی پالو، بە چەند کیلۆمەترێک. لە ئاوبەندی کابان دەرژێ. ئەم رووبارە، لە چەپ و ڕاستەوە، چەندین رووباری دیکەی تێدەڕژێ. بەنموونە دەرەی شێخ ئیبراهیم و دەرەی گەلوتان و هیدیکە.

**ڕووباری دیجلە**

ئەم ڕووبارە لە دەریاچەی گولچوک سەرچاوە هەڵ دەگرێ و لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشوور دەڕوات، تاکو لە ئاوەدانی (فەتحە) ی نێوان چیای حەمرین و مکیحل، لە خاکی کوردستان دەردەچێ.

درێژایی ڕووباری دیجلە، لە سەرچاوەکەیەوە تاکو لەگەڵ ڕووباری فوراتدا تێکەڵاو دەبێت - ١٩٠٠ کم، درێژاییەکەی لە نێو خاکی کوردستاندا لە دەوروبەری ٨٤٧ کم. هەندێ لە لقەکانی ئەم ڕووبارە، ئەمانەن:

**١. چەمی بەرکیلین**

سەرچاوەی چەمی بەرکیلین دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای ئاکچاکارەوە. لە باکوورەوە بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە، تاکو لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی ئەغیل، دەڕژێتەوە نێو ڕووباری دیجلەوە.

**٢. ڕووباری خابور**

لقێکی گەورەی هەیە، ناوی هیزیلە، کە ئەویش لە ئاوەکانی شرانش، چۆمی، بیجو، سرار، سابنە گوروکەرم پێک دێت.

**٣. زابی گەورە**

لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیە و سەرچاوەکەی دەکەوێتە چیاکانی ییگیت و مەنگەنە. لە باکوورەوە بەرەو باشوور دێت، تاکو دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لە دویدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، تاکو لە باشووری شاری موسڵ ، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلەوە.

درێژایی زابی گەورە نزیکەی ٣٩٢ کیلۆمەتر دەبێت. حەوزی ئاوڕێژی لە ٢٦ هەزار کچگ زیاترە. تێکڕای ئاوڕۆیشتنی لە نێوان ٤٠ - ٧٠ مەتری سێگۆشەیە لە چرکەیەکدا. ڕووباری دیجلە ساڵی ٠/٠٣٣ ی ئاوەکەی لە زابی گەورەوە بۆ دێت. زابی گەورە، وەکو

رووباری دیجلـه لـه ئـاوەرووی سـەروو نـاوەندیـدا، چەنـد رووبـارێکـی دیکەی تێکەڵاو دەبیّ.

**٤. زابی بچووک**

ئەوەیان لـه ئاوەکانی دەشتی لاهیجـانی رۆژئـاوای شـاری مهابـاد پێک دێت. لـه سـەرەتاوە بـەرەو باشـووری رۆژهـەڵات و لـه دوییشـدا بـەرەو باشـووری رۆژئـاوا دەڕوات و لـه رێگـادا، ژمارەیـەک لـه چیـا رەقەکان دەبڕیّ و بە دۆڵی قوڵدا تێپەڕ دەبـی. ئـەو رووبـارەش، لـه دوو ئـاو پێک هاتووە:

**ء. چەمی بانه**

سـەرچاوەکەی دەکوێتـه چیاکـانی سـنندج، دوای ئـەوەی لەگـەڵ چەنـد ئـاوێکی دیکـه تێکـەڵ دەبێـت، لـه دواییـدا دەڕژێتـەوە زابـی بچووکەوە.

**ب. چەمی ماوەت**

ئەو چەمە بە چـەمی قـەڵاچوالانیش نـاو دەبـریّ. لـه بنەڕەتـەوە لـه دوو چەمی جیاواز پێک هاتووە: یـەکەمیان، پێـی دەوتـریّ چـەمی سیوەیل، کە سەرچاوەکەی دەکەوێتە نێوچەی مـەریوان. دووەمیـان: بە چەمی گوگە سوور بە ناوبانگە. ئاوی سیوەیل و گۆگە سوور، لـه نزیک گوندی بەردەسین ، تێکـەڵ بـه یـەک دەبـن و رووبـاری مـاوەت پێک دەهێنن.

درێژایی زابـی بچـووک، لـه هەنـدیّ سـەرچاوەدا ٤٠٠ کیلۆمـەترە، واتا بە درێژترین لقی زێی دیجلـه دەژمێردریّ، رووپێوی حەوزەکەی لـه ٢٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشه زیاترە. داهاتی ساڵانەی ئـاوی، لـه ٧ ملیـار مـەتری سێگۆشـه زیـاترە و تێکـڕای ئـاو رۆیشـتنی، لـه وێستگەی پردێدا، له یـەکیّ لـه سـاڵەکاندا، گەیشـتۆتە ٢١٦ مـەتری سێگۆشـه. لـه دوکـان نزیکـەی ١٨٠ مـەتری سێگۆشـه بـوو لـه

چرکەیەکدا. رووباری دیجلە، ساڵی لە ٠/٠١٧ ی ئاوەکەی لە زابی بچووکەوە بۆ دێ.

**٥. ئاوی سیروان**

ئاوی کێوی پیر مەحموود و کێوەکانی دەوروبەری، لە چەند جۆگایەکدا کۆ دەبنەوە. لە دوایدا لە باشووری گوندی سیاسوانی ژێری تێکەڵاو دەبنەوە. پاشان بە ناوی رووباری قشلاقەوە دەناسرێ و بەرەو ئاوبەندی قشلاق دەڕوات. لە دوایدا بەرەو رۆژئاوا دەبێتەوە تاکو نزیکی گوندی بزلادە دەبێتەوە، هەر لەوێشەوە ناوەکەی دەگۆڕێ و دەبێتە ئاوی سیروان.

**٦. رووباری مەریوان**

سەرچاوەی ئەم رووبارە، بە گۆمی زرێبار (زرێوار) دادەنرێت. دوای چەند کێلۆمەترێک، دەڕژێتە نێو ئاوی سیروانەوە. ئاوەکانی دیکەی ئاوی سیروان، هەندێکیان ئەمانەن: داری گەلال، لەیلا، زیمکان، زەرەشک، قورەتو، گیلان غرب، جوانرود ... تاد.

**٧. رووباری عوزێم**

ئاوی باران و بەفری تواوەی نێوچەی سلێمانی و کەرکوک، لە چەند دۆڵێکدا، کە هەر یەکە ناوی خۆی هەیە، کۆ دەبنەوە و لە پاشان تێکەڵاو دەبنەوە و پێی دەوترێ رووباری عوزێم، لە دوایدا بەرەو رووباری دیجلە دەڕوات و بە چەند کیلۆمەترێک لە باشووری بەغداوە، دڕژێتە دیجلەوە.

**٨. رووباری گاماسیاب**

ئەمەیان لە نێوچەیەکی زۆر فراوانەوە ئاوی بۆ دێت. یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی ناوی ئاوی نهاوند ە، کە لە نێوچەی نهاوند ەوە سەرچاوە هەڵ دەگری. پاشان لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئاوی گچکە و سەرچاوەکاندا، بەرە بەرە ئاوەکەی زیاد دەکات. لە دوایدا بەرەو لقە

سەرەکییەکەی دیکەی رووباری گاماسیاب دەڕوات، کە لە نێوچەی مەلایر ەوە دێ و لە نزیکی نهاوند ەوە تێکەڵ بەو ئاوەی پێش خۆی دەبی. لقێکی سەرەکی دیکەی رووباری گاماسیاب، ئەو ئاوەیە کە لە باکووری رۆژهەڵاتی بناری کوە الوند سەرچاوە هەڵ دەگرێت و لە باکووری رۆژهەڵاتی تویسرکان، لە دەرەی تویسرکان بە ناوی تویسرکان دەناسرێ و پاشان دەرژێتە ئاوی نهاوند ەوە، دوای ئەمەش، ئاوەکە بە ناوی رووباری گاماسیابەوە ناو دەبرێت.

**٩. رووباری سیمەرە**

رووباری گاماسیاب، لە باکووری گوندی کوردشت، تاکو دەوروبەری گوندی چەمی کەلان، بە رووباری سیمەرە ناسراوە. ئەم رووبارە، دوایی تێکەڵ بوونی بە رووباری قەرەسوو، لقەکانی دیکەی وەکو رودماهی دەشت، هلیلان و کرند، بە دۆڵی قوڵ و تەنگدا دەڕوا و بە بناری کبیرکوە دا دێت و پاش ئەوەی لقەکانی وەکو کشکانن، زال، غەزال روو، هەرو ... هتد تێکەڵاو دەبن و بە دۆڵی قوڵتر و تەسکتردا دەڕوات و لە پل تەنگ تاڤگەیەکی بە بەرزایی ٤٣ مەتر و پانایی ٣ مەتر دروست دەکات.

**١٠. رووباری کەرخە**

رووباری سیمەرە دوای گوندی چەمی کلان، بە ناوی کەرخە بەرەو سنووری باشووری کوردستان دەڕوات. پاشان بە رۆژئاوای شارۆکەی شوش دا، بەرەو بازنەی پانی ٣٢ ی باکوور تێدەپەڕێ. لە پاش چەند کیلۆمەترێک، دەگاتە خاکی ئێران، ئینجا زەلکاوی عەزیم و لە دوایدا بەرەو دیجلە و شەتی عارەب، تا دەرژێتە کەنداوە.

درێژایی رووباری گاماسیاب - سیمەرە - کەرخە، لە سەرچاوەکەیەوە تاکو رێژگەکەی لە زەلکاوی عەزیم ٧٥٥ کیلۆمەترە. خەرجی سالانەی ٤٥٠٠ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە.

ئاوەکـەی لـە زۆر شـوێندا، بـۆ خواردنـەوە و کشـتوکاڵکردن بـەکار دەهێندرێت.

**١١. رووباری کارون**

ئـەوەیان، لـە دەوروبـەری گونـدی نـافجی بـاکووری شـهرکرد ەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێ و بـەرەو باشـوور دێ. رووپێوی ئـەم رووبـارە لـە نێوان ٢ - ٣ مەتردا دەبی. دوای ئەوەی بە نێوچەی لیلـی سریدا تێپەڕ دەبی، بە رووباری کیار یاخود آب جهان دەگاتەوە.

**١٢. رووباری جەڕاحی**

ئـەوەیان، کـە لـە یـەکگرتنی هـەردوو رووبـاری زل و مـارون پێک دێ، لـە چیاکـانی رۆژهـەڵاتی دێفـول ەوە، وەکـو کوەنیـل، سـەرچاوە هەڵ دەگری. ئـەم رووبـارە لـە دوو لق پێک دێت: یەکـەمیان نـاوی شـادگانە، کـە دەڕژێتـە نێـو رووبـاری کارونـەوە. دووەمیشـیان، لـە کەنـداوی خورمـوس ەوە دەڕژێتـە کەنـداوەوە. ئـاوی رووبـاری جـەڕاحی، لـە مـانگی نیسـاندا هـەڵ دەسـتێ. تێکـڕای ئـاو لەبەرڕۆشـتنی سـاڵانەی، نزیکـەی ٦٠٠ مـەتری سێگۆشـەیە لـە چرکەیەکدا.

**ب. ئەو رووبارانەی دەڕژێنە دەریای ناوەڕاستەوە**

گرنگتـرین رووبارەکـانی کوردسـتان، کـە دەڕژێنـە دەریـای ناوەڕاستەوە، ئەمانەن: رووباری جیحان رووباری عفرین.

**پ. ئەو رووبارانەی دەڕژێنە دەریای قەزوینەوە**

چەنـد رووبـارێکی کوردستان، رێڕەویـان بـەرەو دەریـای قـەزوین دەچی. لە خوارەوە باسی یەکەکیان دەکەم.

**رووباری ئاراس**

سـەرچاوەی رووبـاری ئـاراس، دەکەوێتـە باشـووری چیـای کارگـا بـازار و چیاکـانی شاهوالات ەوە . درێژایـی رووبـاری ئـاراس، لـە سـەرچاوەکەیەوە تـاکو دەڕژێتـە دەریـای خـەزەر، ١٠٧٢ کیلۆمـەتر

دەبێت، نێوەی ئەو درێژییە، لە خاکی کوردستان دایە. پانی رووباری ئاراس، لە نێوچەی پلدشت لە نێوان ٩٠ - ١٠٠ مەتر دایە و قوڵاییەکەشی لە هەمان شوێندا، دەگاتە دوو مەتر. حەوزی ئاوی لە دەوروبەری ١٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دایە و زۆربەشی دەکەوێتە نێو خاکی کوردستانەوە. گرنگترین لقەکانی رووباری ئاراس، لە نێو خاکی کوردستاندا ئەمانەن: چەمی ئارپا و چەمی دیگۆر و هیدیکە.

**ت. ئەو رووبارانەی دەڕژێنە دەریاچەکانەوە**

هەندێک لە رووبارەکان، رێڕەوەکەی خۆیان بە دەریاچەکانی وەکو ڤان و اورمیە و هەندێکی دیکە کۆتایی پێ دێنن. رووبارەکان بە زۆری کورت و کەم ئاون و هەندێکیشیان لە هاویناندا، لەبەر وشککردنی سەرچاوەکانیان، دەبنە کەندی بێ ئاو. هەندێک لە رووبارەکانی ڤان ئەمانەن: چەمی دەلی و دەرە ئۆروچ. و هی اورمییەش ـ چغتوو و باراندوز و گادەر و هیدیکە.

**دووەم. دەریاچەکان**

کۆمەڵە دەریاچە لە کوردستان لە ئەنجامی رۆچوون و جموجۆڵی تەکتۆنی چینەکانی ژێر زەوی و جوڵانەوەکانی سەر رووی زەوی و تا رادەیەکیش رووتاندنەوەی زەوی، دروست بوون. خەسڵەتە گرنگەکانی ئەم دەریاچانە لەوە دایە، کە ئاویان لەبەر نارِوات، واتا دەریاچەی داخراون، لەبەر ئەوە زۆربەیان ئاوەکانیان سوێرە و بۆ کشتوکاڵ و پێویستییەکانی رۆژانە، بەکار ناهێنرێن، وەلێ ئەوە هەیە، لە هاویناندا وشک ناکەن، چونکە ئەو رووبارانەی دەڕژێنە نێو ئەو دەریاچانەوە، سەرچاوەکانیان یا لەو شوێنانە هەڵ کەوتوون، کە ساڵ دوازدەی مانگ بەفریان لێ نارەویتەوە، یاخود لە کانییێک سەرچاوە هەڵ دەگرن، لە هەندێکیاندا پاپۆڕ هاتوچۆی پێدا دەکات، کە ساڵانە بە سەدان کەس و بە سەدان تەن

شـتمەک دێـنن و دەبــەن. دەسـکەوتـی سـاڵانە لـە سـامانـی ئـاو بــە تایبـەتـی ماسـی، دەگاتـە چەنـدین تـەن، وەلـێ گۆشـتـی ماسـییەکان کەمێ سوورە، ئەویش لەبەر سووری ئاوەکانە. رۆخـی دەریاچـەکان بە ئاوەدانییەکانی شار و گوند چواردەورە دراوە. لەو نێوچانـەدا، لەبــەر نــەبوونی هۆیــەکانی هــاتوچۆ و خراپــی خزمــەتگوزاری و نەبوونی ئوتێل، جولانـەوەی توریستـی تێدا کەمە. دەریاچـەکان لـە زستاندا، مەڵبەندی دەیان جۆر باڵندەی نێوچە ساردەکانی سەر رووی زەوین.

**دەریاچەی ڤان**

گـەورەترین دەریاچەیـە لـە کوردستـاندا. بەرزاییەکـەی لـە سـەر رووی دەریــاوە، ١٦٤٦ مــەترە. رووپێویەکــەی ٣٧١٣ کیلۆمــەتری چوارگۆشـەیە. بەشـی هـەرە فراوانـی کەوتۆتـە نێوچـەی شارۆچکەی تـاتوان ەوە. جێگـا هـەرە قوڵـەکانی لـە سـەد مـەتر زیـاترە دەبـی. دەریاچەی ڤان لـە هـەموو لایەکـەوە ئـاوی تێدەڕژێ، لـە هـەموویان گرنگتر، لـە رووی زۆری ئاوەوە، چەمی قەرەسوو و خۆشابە و بەنـدی ماهییە. ئاوی دەریاچەی ڤان سوورە، چونکـە ئـاوی لەبـەر نـاڕوات. رووی ئاوەکـەی لـە بـەهار و هاوینـدا، پـان دەبـی، چونکـە لـەو دوو ورزەدادا، ئــاوی زۆری تێــدەڕژێ. وەلــێ لــە پــایزدا، ئــەو ئــاوە پانابیەکــەی لــە ٣٠ - ٥٠ مــەتر کــەمتر دەبێتــەوە. شــەپۆڵەکانی دەریاچەی ڤان، لە نێوان دوو تاکو سێ مەتر دایە. شـەپۆڵەکان، بـە تایبـەتی لـە کـاتی زیـادبوونی ئـاودا، گـەلێک بڵنـد دەبنـەوە. دیـارە دەریاچــەی ڤــان، بــە هــۆی بزووتنــەوەی تــەکتۆنییــەوە، لــە شـوێنی دەشتی موش و چیای نەمرودی ئێستاکە، لە نیوەی دووەمی چـەرخی سێیەمدا پەیدا بووە و سەرەتا چاڵێکی گەورە دروست بووە و پاشان ئەو چاڵە، وردە وردە پڕ بووە لە ئـاو و لـە رێگـەی دۆڵـی مورادەوە، ئاوەکـەی لەبـەر رۆشـتووە. لـە سـەدەی چوارەمـدا، لـەنێو جـەرگـەی

زەویدا بومەلەرزەیەک رووی داوە، بە شێوەیەک بووە، کە چیای نەمرود بەرز بۆتەوە، کە بە دەوری خۆی کاری لە رۆشتنی ئاوەکەی دۆڵی موراد کردووە و رێی لە رۆشتنی ئاوەکەی گرتووە، پاشان ئاوەکە لەو چاڵەدا، لە شوێنە هەرە قوڵەکانیدا کۆ بۆتەوە، کە ئەورۆ دەریاچەی ڤانی پێ دەڵێن. ئەو جێگایانەشی کەمتر قوڵ بوون، دەشتی موشیان لێ دروست بووە.

ئاوی دەریاچەی ڤان، کلۆریدی کاربۆن و سولفاتی تێدایە. هەروەها ئاوەکەی زۆر سوورە و سۆدەشی تێدایە. رێژەی ماددە کیمیاوییەکان، لە ئاوی ڤاندا بەم شێوەیەیە: کاربۆناتی سۆدیۆم – ۰/۰٦ کلۆریدی سۆدیۆم – ۰/۰٤ کلۆریدی مەنغەنیز ۰۰،٤/ سولفاتی مەنغەنیز - ۰۰،۰/۳ سولفاتی کالیسیۆم - ۰۰،۰/۱ و گەلێ ماددەی کیمیاوی دیکەشی تێدایە. رۆخەکانی دەریاچەکە پێچاوپێچە، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵکشان و داکشانی ئاوەکەدا دروست بووە. کە ئاوی دەریاچەکە زیاد دەکات، دەگاتە شوێنە نزمەکانی دەوروپشتی دەریاچەکە، لە پاشان کە ئاو دەنیشێتەوە و کەم دەکات، ئاوەکە بۆ شێوەی پێشووی خۆی دەگەڕێتەوە. لە ئەنجامی ئەو هەموو هەڵکشان و داکشانەدا، کاری ڕنین لە رۆخەکان پەیدا بووە، بە دووبارەکردنەوەی ئەو کارە، شوێنە نەرمەکان لە شوێنە رەقەکان، زیاتر دەخورێن و ئاو شوێنەکانیان پڕ دەکاتەوە و شوێنە رەقەکانیش وەکو خۆیان دەمێننەوە، لە ئەنجامی ئەم پرۆسێسە بەردەوامەدا، ئەو پێچانە لە کەناری دەریاچەکەدا پەیدا بوون. هەروەها لە ئەنجامی نیشتنی ئەو قوڕ و لیتانەی، کە رووبارەکان لە رێژگەکانیانەوە، لەگەڵ خۆیان بۆ نێو دەریاچەکە دەیانهێنن، زەوییەکە زیاد دەکات، وەلێ لە شوێنەکانی دیکە، ئەم زیادبوونە نییە. لە نێو دەریاچەی ڤاندا، ئەم دوورگانە هەن: ئاقدامار، چارپاناک، گادیر. ئەوانە لە کاتی خۆیدا، هەموو نیمچە دوورگە

بـــوون، وەلـــێ لەبـــەر پرۆسێســـی هەڵکشـــان و داکشـــانی ئـــاوی دەریاچەکـــە، پەیوەنـــدییان لەگـــەڵ رۆخـــەکان بـــڕاوە و بوونەتـــە دوورگەی تەواو. لە دەریاچەی واندا، ساڵانە لە نێوان ١٠٠ - ١٥٠ تەن ماسی راو دەکرێ. لە مانگی نیسان و مایسدا، ماسییەکان بۆ گـەرا دانـان، پـەنا بـۆ بـەر رێژگـەکان دەبـەن، چونکـە ئـاوی ئـەو جێگایانـە، لـە ئـاوی ناوەڕاسـتی دەریاچەکـە شـیرینترە. بـە نێـو دەریاچەی ڤاندا، بۆ گواستنەوەی خەڵک و کەلوپەل، پاپۆڕ هاتوچۆ دەکات.

**دەریاچەی اورمیە**

پەیـدابوونی دەریاچـەی اورمیـە، بـۆ جوڵانەوەیـەکی تـەکتۆنی دەگەڕێتەوە، کە لە ژێر سنکلینال رووی داوە. رووپێوی دەریاچەکە ٤٨٦٨ کچگـە (لـەو شـوێنانەدا کـە ئـاوی زۆرە دەگاتـە شـەش هـەزار کچگ، لەو شوێنانەشدا کە ئاوی کەمە چوار هەزار کچگ دەبێت). نزیکـەی دوازدە ملیـار مـەتری سێگۆشـە، ئـاو دەگـرێ. دەریاچـەی اورمیـە دەکەوێتـە، نێـوان ٣٧.١٠ هێـل تـاکو ٣٨.٢٠ هێـل درێـژی رۆژهـــەڵات و نێـــوان ١٠.٤٠ هێـــل تـــاکو ٤٦.٠٠ هێڵـــی بازنـــەیی باکوورەوە. بەرزایی لە رووی دەریاوە ١٢٧٥ مەترە. تێکڕای قوڵایی لە نێوان ٥ - ٦ مەتر دایە. قوڵترین شوێن لـە دەریاچەی اورمیەدا دەکەوێتە باکووری رۆژئاواوە و نزیکەی دوازدە مەترێک دەبێ (لـە شـوێنە کـەم ئاوەکانـدا، ١٢ مـەتر دەبـێ، لـە شـوێنە پڕ ئاوەکانـدا، دەگاتـە بیسـت مـەتر). بەشـی سـەرەوەی ئاوەکـە، بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە جوڵـە دایـە. بـەرزایی شـەپۆلەکانی لـە کـاتی بـەفر تواندنـەوەدا، یـاخود لـە کـاتی زیـادبوونی ئـاوی دەریاچەکـەوە، کـە ئـاوی رووبارەکـانی تێدەڕژێ، دەگاتـە دوو مـەتر و زیـاتر. وەلـێ لـە وەرزەکـــانی دیکـــەدا، واتـــا ئـــەو وەرزانـــەی، نـــە بـــەفریان تێـــدا دەتوێتـــەوە و نـــە بارانیـــان تێـــدا دەبـــارێ، ئـــاوی ســـەر رووی

دەریاچەکە، زۆر هێمنە و بێ شەپۆڵە. بارستایی بارانی ساڵانەی، نزیکەی ٥٥٠ ملیمەترە، زۆربەی لە نێوان مانگەکانی مارت و نیساندا دەبارێ. دوای ئەوەی باران دەبڕێ و پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە و وەرزی وشکی دەست پێ دەکات، رووپێوی دەریاچەکە بچووک دەبێتەوە، لە دەوروبەرەکەی زەلکاو پەیدا دەبێ، لەو زەلکاوانە، خەڵکی بۆ دەرمان کەڵکی لێ وەردەگرن. ئاوی دەریاچەی اورمیە سوورە و رێژەی خوێ لە دەوروبەری ٢٣ ٠/٠ دایە، زۆربەی زۆری خوێیەکە، بریتییە لە کلۆریدی سۆدیۆم، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، زیندەوەری گەورە، وەکو ماسی، نەتوانێ لەو ئاوەدا بژی. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ زیندەوەری بچووک، لە نێو ئاوەکەدا دەژی. پلەی سوێریی لە وەرزی تەقینەوەی ئاودا، دەگاتە ٢٦٠ گرام لە یەک لیتر ئاودا، لە وەرزی کەم ئاو و هاویناندا زیاد دەکات و دەگاتە ٢٨٠ گرام لە یەک لیتردا. ئاوی دەریاچەی اورمیە لە زستاناندا نایبەستێ. دەریاچەی اورمیە، نزیکەی ٥٦ دوورگەی گەورە و گچکەی تێدایە، لە هەموویان گەورەتر شاهییە، کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتەوە، لە دەوروپشتەکەی دەشتایی و گردۆڵکە هەیە، کە لە هەندێ کاتی ساڵدا، کشتوکاڵی لێ دەکرێ. هەروەها ژمارەیەک لە کانیاو و دەرماناوی تێدایە.

**دەریاچەی زرێبار(زریوار)**

دەکەوێتە باکووری دەشتی مەریوانەوە و لە شارۆچکەی مەریوانەوە سێ کیلۆمەتر دوورە. هەروەها ١٢٨ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای شاری سنەوە دوورە. رووپێوەکەی بەگوێرەی زۆر و کەمی ئاوەکەی دەگۆڕێ. لە کاتی ئاو زۆریدا، رووپێوەکەی دەگاتە بیست کچگ و لە کاتی کەم ئاویشدا، رووپێوەکەی لە هەشت کچگ زیاتر نییە. درێژایی دەریاچەی زرێبار، لە

دەوروبەری شەش کیلۆمەتر دایە. پانایییەکەی نزیکەی سێ کچگ دەبێ. ئەو درێژی و پانییە، بە شێوەیەکی بەردەوام، لە زیاد و کەمی دایە، بە گوێرەی زیاد و کەمکردنی ئاوەکە.

قولایی دەریاچەی زرێبار، لە نێوان دوو تاکو شەش مەتردا دەبێ. قەوارەی ئاوەکەی لە نێوان ٣٢ - ٤٧ ملیۆن مەتری سێگۆشە دایە. زەوی دەوروپشتەکەی لە زەلکاو پێک هاتووە و لە ژێریشەوە، پەیوەندییان بە دەریاچەکەوە هەیە. دەریاچەی زرێبار لە رووی دەریاوە، دەکەوێتە بەرزایی ١٢٨٣ مەتر. لە نێوان ٤٦.٧ - ٣٥.٣٢ هێلی بازنەییدا هەڵکەوتووە. رووپێوی حەوزەکەی لە دەوروبەری ١٣٨ کچگ دایە. تێکڕای بارانی ساڵانەی، خۆی لە ١٢٢ ملیۆن مەتری سێگۆشە دەدات. لەو قەوارەیە نزیکەی ٦٣ ملیۆن مەتری سێگۆشەی دەبێتە هەڵم، ئەوەشی دەمێنێتەوە بریتییە لە ٥٩ ملیۆن مەتری سێگۆشە، بەشێکی بە عەرزەوە وەردە بێ و ناگاتە دەریاچەکە، بەشەکەی دیکەی لە رێگەی رووبارەکانەوە دەرژێتەوە نێو دەریاچەکەوە.

دەوروبەری دەریاچەی زرێبار بە دار و سەوزایی داپۆشراوە، ئەمەش بۆتە هۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرما لەو نێوچەیەدا، کە لە ئەنجامدا، پرۆسێسی بوون بە هەڵم کەم دەکاتەوە. ئاوی دەریاچەی زرێبار، لە زستاناندا بۆ ماوەی پەنجا رۆژ بە تەواویی دەیبەستێ. ئەستوورایی شەختەکەی دەگاتە یەک مەتر ئاوی دەریاچەی زرێبار شیرینە. لە رووی کیمیاوییەوە بۆ خواردنەوە دەست دەدات. هەروەها ماسی و باڵندەی زۆرە.

دەریاچەکانی دیکەی کوردستان وەکو تەنگەسوور و مورزەرد و و گۆمی کرمە سوور، لە ئەوانەی پێشتر بچووکترن و ئاویان کەمترە و لە هەندێکییاندا ماسی و زیندەوەری ئاوی دیکەی تێدایە.

سێیەم. دەریایەکان

کوردستان یەکێکە لەو چەند وڵاتەی کە بەشێک لە خاکەکی کەوتووتە سەر کەنداو لە باشووردا و دەریای ناوەڕاست لە رۆژئاوادا. لە خوارەوە باسیان دەکەم.

کەنداو[3]

رووپێوی کەنداو لە دەوروبەری ٢٣٣ هەزار کچگ دەبی. لەگەڵ دەریای عومان، لە رێگەی تەنگەی هورمزەوە یەک دەگرنەوە. درێژاییەکەی لە رێژگەی رووباری آروند ەوە لە باکووری رۆژئاواوە، تاکو تەنگەی هورمز - ٢٨٨ کیلۆمەترە. پانایيەکەی لە نێوان ٥٦ - ٢٨٨ کیلۆمەتر دەبێت. قولاییەکەی لە هەموو لایەکەوە، وەکو یەک نییە. قوڵترین شوێنی دەگاتە - ١٨٢ مەتر، لە سەری مسەندەم کەمترین قولایی (٣٠ مەترە)، کە دەکەوێتە رێژگەی رووباری آروند ەوە.

کەنداو یەکێ لە دەریا هەرە گەرمەکانی سەر رووی زەوی. پلەی گەرمی ئاوەکەی، لە پلەی گەرمی گشت ئاوەکانی نێوچەکە زیاترە. توندی گەرمای با لە ئابدا، دەگاتە - ٦٥ سانتیگراد. پلەی گەرمی رووی ئاو لە باشووری رۆژهەڵاتدا، دەگاتە - ٣٠ سانتیگراد. ئاووهەوای کەنداو لە زستاندا لەبارترە. لە مانگی کانوونی دووەمدا، کە ساردترین مانگی ساڵە، پلەی گەرمی کەم دەبێتەوە، تا دەگاتە ١٤ سانتیگراد، بە تایبەتی لە رۆژئاوادا.

شۆری ئاوی کەنداو، لەو وەرزانەدا کە ئاو کەمە، واتا وەرزی زستان، (٤٨ لە هەزار) لە شۆری ئاوی ئۆقیانووسی هیندی (٣٥ لە هەزار) زیاترە. دەریای قەزوین (١٤ لە هەزار)، وەلێ کە ئاو زیاد دەکات لە بەهاراندا، رێژەی سوێری ئاو کەمتر دەبێتەوە.

کەنداو لە رووی سامانی نەوتەوە، زۆر دەوڵەمەند. ئەورۆ لە زۆر شوێنیدا، نەوت دەردەهێندرێت. هەروەها بایەخی ستراتیژیی

و بازرگانیشی کەم نییە. بەشەکەی کوردستان لە کەنداو، لە گناوەوە دەست پێ دەکات و بە چەند کیلۆمەترێک لە باکووری بەندەری دەیلەم کۆتایی پێ دێت.

**دەریای ناوەڕاست**

ئەوەیان بە دەریایەکی نێوخۆی ئۆقیانووسی ئەتڵەنتیک دادەنرێ، دەکەوێتە نێوان کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەفەریقاوە. لە رۆژئاواوە بە هۆی تەنگەی جەبەل تاریقەوە، لە ئۆقیانووسی ئەتڵەنتی دەرژێ و لە باکووری رۆژهەڵاتەوە لە رێگەی تەنگەی دەردەنیل و مەڕمەڕە و بسفۆڕەوە، دەگاتە دەریای رەش و لە باشووری رۆژهەلاتەوە، بە هۆی کەناڵی سویس لەگەڵ دەریای سور تێکەڵاو دەبنەوە.

رووپێوی دەریای ناوەڕاست، ٢٥٠٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و بارستایی ئاوی ٣٧٥٤ هەزار کیلۆمەتری سێگۆشەیە و تێکڕای قوڵایی ١٤٩٨ مەترە.

**کەنداوی ئەسکەندەرون**

ئەوەیان لە باکووری رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا هەڵ کەوتووە و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای کوردستان. درێژێ ٧٤ کیلۆمەترە و پانی ٤٦ کیلۆمەترە و قوڵاییەکەیشی لە رۆژئاوادا، دەگاتە ٩٩ مەتر. کەناری رۆژهەڵاتی چیایە و کەناری رۆژئاواشی دەشتاییە.

**ژێربابەتی٢. ئاوی ژێر زەوی**

بەفر و باران، کە دوو سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوی پێک دەهێنن، دوو لەسەر سێی دەبێتە هەڵم و بە ئاسماندا دەچێ. بەشەکەی دیکەشی، هەندێکی لەسر زەوی دەڕوات و لە دواییدا لە رێگەی رووبارەکانەوە دەڕژێتە نێو دەریاکانەوە. هەندێکی دیکەشی زەوی

هەڵیان دەمژێ و ئاوی ژێر زەوی پێک دەهێنن و لە دواییشدا، لە شێوەی کانی و سەرچاوەدا، لە بناری چیاکانەوە یا دەشتاییەکانەوە، جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر زەوی. یاخود بە شێوەیەکی میکانیکی، واتە بە لێدانی ناعور و بیر لە لایەن خەڵکەوە، ئاوەکە دەردەهێنرێ و بەکار دەهێنرێت.

بارستایی ئاوی ژێر زەوی، بە پلەی شاشی بەردەکانی ژێر زەوییەوە بەندە. هەرچەندە بەردەکان شاش بن، ئەوەندە زیاتر ئاو لە قوڵایی زەویدا کۆ دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، چەند چڕ بن، ئەوەندە کەمتر ئاو دەگاتە ژێر زەوی.

کوردستان لە رووی سامانی ئاوی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە، چونکە زۆربەی بەردەکانی لەو بەردانەن، کە رێگە بە ئاو دەدەن، بۆ چینەکانی ژێر زەوی بڕۆن و لە بنەوە حەوزی ئاو پەیدا بکەن. هەرچەندە تاکو ئێستا، زانیارییەکی تەواومان لەسەر ئاوی ژێر زەوی کوردستان و بارستایی و شوێنی حەوزەکانی نییە، وەلێ وا لە خوارەوە، باسی هەندێ لەو حەوزە ئاوانەی ژێر زەوی دەکەین، بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستمان دان:

**ئاوی ژێر زەوی دەشتەکانی مهران، محسن آباد و حسین آباد**

بارستایی ئاوی ئەو نێوچانە، لە دەشتاییەکانی سەرەوە لە دەوروبەری سی ملیۆن مەتری سێگۆشە دایە لە ساڵێکدا. ئەو ئاوە بە هۆی چۆڕانەوە و ئاوڕۆیشتنی ساڵانەیەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام لە زیادبوون دایە. ساڵانە نزیکەی پێنج ملیۆن مەتری سێگۆشە، لەو ئاوە بۆ ئاودانی زەوی کشتوکاڵی و دابینکردنی ئاو بۆ شارۆچکەی مهران سەرف دەبێ. ئەوەشی دەمێنێتەوە، دەتوانرێ لە رێگەی بیری ئیرتیوازییەوە دەربهێندرێ و بۆ فراوانکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەکار بهێندرێ.

ئاوی ژێر زەوی درەشهر

کاربەدەستانی ئاو، لەم ساڵانەی دواییدا، چەندین بیریان بۆ تاقیکردنەوە لێ داوە، تا بتوانن بارستایی ئاو لەو دەشتەدا دیاری بکەن. پاشان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئاوی ژێر زەوی، نزیکەی سەد ملیۆن مەتر سێگۆشە دەبێ، کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی فراوانکردنی زەوی کشتوکاڵ و زیادبوونی بەرهەم.

**١. هەڵقوڵینی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی سروشتی**

ئاوی ژێر زەوی بە دوو شێوە لە ژێر زەویەوە بۆ سەر زەوی دێتە دەرێ. شێوەکانیش ئەوانەی خوارەوەن.

**ء. کانی**

کانی یاخود ئەو ئاوە ژێر زەمینییەی کە لە بناری چیاکان و گردەکان و دەشتاییەکانەوە هەڵ دەقوڵێ و دێتە دەرەوە، زۆربەیان هەر لە شوێنی خۆیاندا گۆمێک دروست دەکەن. ژمارەی کانییەکانی کوردستان، خۆیان لە چەند هەزار کانییەک دەدەن. بە نموونە، لە کۆتایی هەشتاکان لە ئەستانی چهار محال وبختیاری ـ ١٠٩٣ کانی ولە ئەستانی ایلام - ٦٧ کانی و لە ئەستانی کهگیلویە - ١٢٨ کانی. وەلێ بە داخەوە، لەبەر هەندێ هۆ، لەوانە وشکبوونی کانییەکان لە ئەنجامی کەم بارانی و نەبارینی بەفر لە هەندێ نێوچەدا، یاخود وێرانکردن و داپۆشینی ژمارەیەکی زۆر لە کانییەکان ئەو ژمارەیە نەوەکو هەر زیاد ناکات، بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵ کەم دەکات.

تێکڕای لەبەرڕۆشتنی ئاوی کانییەکان، بە سەدان ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبی. بۆ نموونە، ئەو پرۆسێسە لە کۆتایی هەشتایەکاندا بەو شێوە بوو: ئەستانی چهارمحال و بختیاری ـ ٥٨٥ ملیۆن مەتری سێگۆشە و لە ئەستانی ایلام ـ ٢٠ ملیۆن مەتر سێگۆشە.

کانییەکان لە رووی سازگاریی و تامی ئاوەکانییان، بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەکرێن:

١. کانی شیرناو

ئەو کانیانەی ئاوەکانیان سازگار و سوک و شیرینە، لە زۆر شوێنی کوردستان هەن. هەندێ لەو کانیانە ئاوەکانیان زۆرە و لە شوێنێکی وادا هەڵ کەوتوون، کە بە ئاسانی مرۆڤ دەتوانێ، لێیان بژی. بۆیە خەڵکی ئەو خەسڵەتەیان قۆزتۆتەوە و خانوبەرەیان لە دەوروبەری ئەو جۆرە کانیانە دروست کردووە و ئاوەدانیان کردۆتەوە و لێی نیشتەجێ بوون.

٠٢ کانی گۆگردی(دەرماناوە)

ئاوی هەندێ لە کانییەکانی کوردستان، شۆر و لێڵە و گۆگردی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە کاتی هاتننیاندا لە سەرچاوەکانیانەوە، بەسەر هەندێ جۆر لە بەرد و خۆڵی وادا تێپەڕ بوون، کە ماددەی کیمیاوی جۆراوجۆریان تێدا بووە و تام و ڕەنگی ئاوەکەیان گۆڕیوە. ئاوی ئەو جۆرە کانیانە، لە لایەن خەڵکەوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست و باداری (رۆماتیزم) بەکار دەهێنرێ.

**ب. سەروچاوە**

سەروچاوەش وەکو ئاوی کانییەکان، لە بناری چیاکان و گردەکان و دەشتاییەکانەوە هەڵ دەقوڵێ و دێتە دەرەوە. ئاوی هەندێکیان سازگار و بە تام و خۆشن و هەندێکی دیکەشیان ئاوەکانیان ناخۆشە. جیاوازیان لەگەڵ کانیەکاندا، لە قەوارەی ئاو لەبەرڕۆشتنی ساڵانەیان دایە. سەرچاوە هەمیشە ئاوی لە ئاوی کانییەکان زیاترە و بە بەردەوامیش لەبەریان دەڕوات. سەرچاوە لە کوردستاندا زۆرن، بۆ نموونە: لە ئەستانی کرماشان و لە ساڵی ١٩٨٨دا - ٣٢ سەرچاوە هەبوو. بە ئاوەکانیان دەتوانرێ،

بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆریان پێ ئاو بدرێ. هەروەها هەندێ لەو سەرچاوانە، بۆ دابینکردنی ئاوی رۆژانەی دانیشتوانی، هەندێ لە ئاوەدانییەکان، بە سەروچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێن.

هەندێک لە سەروچاوەکانی کوردستان ئەمانەن: قەنبەر لە ئەستانی کرماشان و بێخاڵ لە ئەستانی هەولیر و سولاڤ لە ئەستانی دهۆک و هتد.

**٢. دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی میکانیکی**

دانیشتوانی نێوچە بێئاوەکانی سەر رووی زەوی، لە سەردەمی کۆن و ئێستاشدا، لە رێگەی کارێز لێدانەوە، ئاویان لە شوێنە بە ئاوەکانی ژێر زەمینەوە، بۆ شوێنە بێ ئاوەکانی سەر رووی زەوی راکێشاوە، ئەمەش بۆ ئەوەی، ئاو بۆ پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و ئاژەڵ و بۆ ئاودانی بەروبوومەکانی کێڵگەی کشتوکاڵی مسۆگەر بکەن.

**کارێز**

بریتییە لە کۆمەڵە بیرێک، کە یەک لە دوای یەک لێ دەدرێ و قولایی هەر یەکەیان لەوەی پێش خۆی کەمترە. بیرەکان لە بنەوە، لە رێگەی تونێلێکەوە بە یەک دەگەیەندرێن. بیری یەکەم لە سەرچاوەی ئاوی ژێر زەمینەوە لێ دراوە، شوێنی ئەم بیرە، بە زۆری لە بناری چیاکاندا هەڵ دەکەوێ. قولاییەکەی لە نێوان ١٥٠ - ٢٠٠ مەتر و پانایییەکەشی لە نێوان ١- ٢ مەتر دایە. لە دوای ئەم بیرە، بیری دووەم بە دووری سەد مەتر لە بیری یەکەمەوە لێ دەدرێ. قولایی بیری دووەم لە قولایی بیری یەکەم کەمتر دەبێ. پاشان بە هەمان شێوە، بیری سێیەم و چوارەم و پێنجەم، تاکو دوا بیر لێ دەدرێ، بە شێوەیە وای لێ دێ، کە ئاوی بیری یەکەم، بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەکەوێتە سەر زەوی. بیرەکان سەریان

دەگیرێ، بۆ ئەوەی بە تۆز و خۆڵ پیس نەبن و مرۆڤ و ئاژەڵیش نەکەونە ناوی.

کارێزەکان لە رووی درێژاییانەوە، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە جیاوازن. لەو نێوچانەی کە ئاوی ژێر زەوی، لەسەر رووی زەوییەوە نزیکە، ئەوا درێژایی کارێزەکان لە چەند کیلۆمەترێک زیاتر تێپەڕ ناکەن و ژمارەی بیرەکانیش کەم دەبن. وەلێ لەو نێوچانەی کە ئاوی ژێر زەوی لە سەر رووی زەوییەوە دوورە، ئەوا کارێزەکان درێژتر دەبن و ژمارەی بیرەکانیش زیاد دەکات، بە شێوەیە لە هەندێ نێوچە، درێژایی کارێزەکان خۆی لە سەد کیلۆمەتر دەدات.

تێکڕای لەبەرڕۆشتنی ئاوی ساڵانەی کارێزەکانی کوردستان، چەندی ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبێت. بۆ نموونە، لە هەندێ ئەستاندا و لە هەشتایەکاندا بەو شیوە بوو: چهارمحال و بختیاری -- ٢٣٢ ملیۆن مەتری سێگۆشە. کرمنشاە -- ١٢٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە. ایلام -- ٨ ملیۆن مەتری سێگۆشە.

ژمارەی کارێزەکان نەوەک هەر وەکو خۆیان نەماونەتەوە، بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵیش کەمیان کردووە. ئەمەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە، لەوانە: لێنەدانی کارێزی نوێ، دوا کارێز لە ئەستانی هەولێر ـ ٧٠ ساڵ لەمەو پێش بوو، لە ئەستانی ایلام ـ ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لێ دراوە. دیارە پەیدابوونی رێگەی هاتوچۆی تازە و دۆزینەوەی رێگای نوێ بۆ هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی و دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی، بە شێوەیەکی ئاسان، کارێکی زۆری لەسەر ژمارەی کەمبوونی کارێزەکانی کوردستان کردووە. هەروەها کارێز لێدان، لە چاو هەڵکەندنی بیری ئیرتوازیدا، پارەیەکی زۆری تێدەچێ، کە لە توانای تاکە کەسێکدا نییە. جگە لە خاوێن نەکردنەوەی بیرەکان و تونێلەکانیان لە لم و قوڕی ساڵانە، لەبەر

گرانی و ماندووبوون و وشکبوونیان بە هۆی گۆڕانی ئاووهەواوە، بە تایبەتی کەمی باران و بەفر نەبارین، داپۆشین و وێرانکردنی هەندێکی دیکەیان

**ناعور**

یەکێ لەو شێوە کۆنانەیە، کە دانیشتوانی نێوچە جیاجیاکانی جیهان، بە هۆیەوە کەڵکیان لە ئاوی ژێر زەوی ، چ بۆ خواردنەوە و رێژەوپێژە و چ بۆ ئاودانی ئاژەڵ و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، وەرگرتووە.

ناعور بریتییە لە بیرێک، کە لە بیری ئاسایی گەورەترە و کەمەرەکەی دوو مەتر و قوڵاییەکەی پێنج مەتر زیاتر دەبێ. ئاوی ناعور بە دەولک و چەرخ و پەمپی ئاوو پەمپی ئاێ هەڵدەهێنجرێ.

**بیر**

لە نێوچە بێ ئاوەکانی سەر رووی زەویدا، هەروەها لەو نێوچانەی بۆری ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە، دانیشتوانی ئەو نێوچانە هەر لە کۆنەوە، بە هەڵکەندنی بیر، پێویستییەکانی رۆژانەی خۆیان لە ئاو، دابین دەکەن. بیر چاڵێکە، کە قوڵاییەکەی لە هەندێ نێوچەدا، پێنج مەتر دەبێت و لە هەندێکی دیکەشدا، خۆی لە پانزە مەتر دەدات، کەمەرەکەشی لە دوو مەتر کەمتر نابێت. دوو جۆرە بیر هەیە:

**١. بیری ئاسایی**

خەڵکی لە دیرزەمانەوە بیریان لێداوە. قوڵاییەکەیان لە نێوان ٥ - ٥٠ مەتردا دەبێت. کەمەرەکەیان لە یەک مەتر زیاترە. دەولکەیەک کە بە پەت بەسراوە، بۆ نێو بیرەکە شۆڕ دەکرێتەوە، پاشان بە دەست رادەکێشرێتە دەرەوە. لە کوردستاندا، بە دەیان هەزار بیر هەیە.

٢. بیری ئیرتوازی

دەوڵەت لە کۆتایی پەنجاکانەوە، دەستی بە هەڵکەندنی بیر بە مەکینەی تایبەتی بیرهەڵکەندن کردووە. قوڵایی ئەم جۆرە بیرانە، لە هەشتا مەتر و بەرەو ژوورە. ئاوی ئەم بیرانە، بە پەمپی ئاو بەرز دەکرێنەوە و لە حەوزێکی تایبەتی دەکرێن، کە لە تەنیشت بیرەکانەوە دروست کراون. ئەم حەوزانەش سەریان گیراوە و لە بۆرییەکی تایبەتییەوە، ئاوەکانیان لە کاتی پێویستدا، بەهۆی بەلوعەیکەوە بەردەدرێتەوە و بەکار دەهێندرێ.

ژێربابەتی ٠٣ پرۆژەکانی ئاو

لەسەر رووبارەکانی کوردستان، بە مەبەستی ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە کاتی پێویستدا، بە دەیان پرۆژەی ئاو دروست کراون. قەوارەی ئاوی داکراو لە ساڵێکدا، بە ٤٥ ملیار مەتری سێگۆشە دەخەمڵێندرێ. کەڵکی ئەم پرۆژە ئاوییانە، زیاتر لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

١. بەرهەمهێنانی دەیان ملیۆن کیلۆوات لە کارەبا، بە نرخێکی هەرزان.

٢. زیادکردنی چەندایەتی سامانەکانی ئاو، بە تایبەتی ماسی.

٣. دروستکردنی رێگەی ئاویی لە نێوان نێوچە جیاوازەکانی وڵاتدا.

٤. پاراستنی ئاوەدانی و زەوییە چاندراوەکان، لە مەترسییەکانی لافاو و هەڵچوونی رووبارەکان.

٥. دابڕینی نێوچەکانی جیاجیاکانی کوردستان، بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان.

عەنباراوەکان

ئەورۆ لە کوردستاندا، چەند عەنباراوی گەورەی جیاواز بۆ ئاو هەڵگرتن هەیە. لە بارەی درێژی و پانی و بەرزی و کەرەستەی

دروستکردن و نەخشەکێشان و بەرنامە و چارەسەری گیروگرفتەکان و شوێنگەی جوگرافییانەوە، جودان.

**عەنباراوی دوکان**

ئەوەیان، لە دەربەندی دوکان لەسەر رووباری زابی بچووک دروست کراوە و دەکەوێتە رۆژئاوای دەشتی رانیەوە و لە رۆژئاوای شاری سلێمانییەوە ٦٠ کیلۆمەتر دوورە. عەنباراوی دوکان بریتییە لە عەنباراوێکی کۆنکرێتی کەوانەیی، درێژاییەکەی لە رۆخی لای راستەوە، بۆ رۆخی لای چەپ، ٣٦٠ مەتر دەبی، بەرزاییەکەی ١١٦.٥ مەترە. لە لای راستی عەنباراوەکە، تونێلێک بە قولایی ١٢.٥ مەتر هەڵ کەندراوە، دەرگایەکی ئاسنیان تێخستووە، بۆ ئاو بەردان و ئاو گرتنەوە بەکاری دەهێنن. هەروەها پێنج کونیشی تێدایە،کەمەرەکانیان ٣.٦٥ مەترە و لە پێش هەر کونێکدا، تۆربینێکی گەورە دانراوە، بۆ دروستکردنی کارەبا.

مەبەستی هەرە گەورە لە دروستکردنی عەنباراوی دوکان، کۆ کردنەوەی ئاوی رووباری زێی گچکەیە، بە تایبەتی لە کاتی بوژاندنەوە و زیادبوونی ئاودا، بۆ ئەوەی بەشەکانی دیکەی کوردستان ژێر ئاو نەکەون. بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەش، چاڵێکی یەکجار زۆر گەورە، لە پشت دیواری عەنباراوەکە دروست کراوە، کە رووپێویەکەی ٢٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ٦.٨ - ٨.١ ملیار مەتری سێگۆشە ئاو دەگری.

**عەنباراوی دەربەندیخان**

لەسەر ئاوی سیروان هەڵ کەوتووە، لەو شوێنەدا کە رووباری تانجەرۆ لە نێوچەی دواوان دەرژێتە سیروانەوە. ئەو عەنباراوە لە دیوارێکی کۆنکرێتی پێک هاتووە، کە درێژاییەکەی لەم بەرەوە بۆ ئەو بەرەکەی دیکەی، ٤٧٥ مەتر دەبێت و بەرزاییەکەی ١٣٥

مەترە. لە پێش عەنباراوەکەدا چاڵێکی گەورە دروست کراوە، کە جێگەی زیاتر لە سێ ملیار مەتری سێگۆشە، ئاوی تێدا دەبێتەوە.

ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی عەنباراوی دەربەندیخان، کۆ کردنەوەی ئاوی نێوچەکەیە، بە تایبەتی لە کاتی بوژاندنەوەی ئاو و زۆربوونیدا، تا خاک، لە مەترسی و زیانی لافاو و ژێرکەوتنی گوندەکان رزگار بکات و هەروەها بەروبوومە کشتوکاڵییەکانی ئەو نێوچەیەش، لە هاویندا بە چاکی ئاو بدات و بۆ پەیداکردنی وزەی کارەباش بەکار بهێندرێت.

**عەنباراوی بێخمە**

دەکەوێتە سەر رووباری زابی گەورە و تاکو ئەورۆ، ئەگەر چی چەند ساڵ لەمەو بەر دەستی پێکراوە، تەواو نەکراوە. لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، ئەوەی کراش بوو تێک درایەوە. پێشدەچی، بە گوێرەی پلانی ئەسڵی، لەبەر هۆکاری سیاسی، تەواو نەکرێ.

ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە، خۆی لەو خاڵانەدا دەبینیتەوە: ئاوەدانکردنەوەی نێوچەکە و پەیداکردنی سەرچاوەیەک بۆ وزەی کارەبا، و بنبڕکردنی مەترسییەکانی لافاوە و دابێنکردنی ئاو بۆ ئاودانی کشتوکاڵی هاوینە و هتد.

**عەنباراوی مهاباد**

دەکەوێتە سەر رووباری مهاباد. لە ساڵی ١٩٧٠دا دروست کراوە. بارزایی دیواری عەنباراوەکە ٤٦.٥ مەتر دەبێت. درێژاییەکەشی خۆی لە ٧٠٠ مەتر دەدات. لەو چاڵەی لە پشت دیواری عەنباراوەکە هەڵ کەندراوە، جێگەی ٢٣٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. عەنباراوی مهاباد بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتوانی شاری مهاباد و بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پەیداکردنی سەرچاوەیەک بۆ وزەی کارەبا دروست کراوە.

**عەنباراوی ئاراس**

دەکەوێتە باکوری شارۆچکەی قەرەزیائەدین و لەسەر رووباری ئاراس دروست کراوە. بەرزایی عەنباراوەکە ٣٨ مەتر و درێژاییەکەشی ٩٤٥ مەتر دەبێت. چاڵەکەی پشت عەنباراوەکە، جێگای ١٣٥٠ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. هۆی دروسکردنی ئەم عەنباراوە، زیاتر بۆ ئاودانی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەو نێوچەیە و بەدەسهێنانی وزەی کارەبایە.

**عەنباراوی زیرن چەم (جغتوو یا زرینە رود)**

ئەم عەنباراوە لەسەر رووباری زیرن چەم دروست کراوە. مەبەستی سەرەکی لە دروسکردنی ئەم عەنباراوە، بۆ ئاودانی هەموو ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەیە، کە دەکەوێتە نێوچەکانی میاندوآب و لە باشووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی بۆکان دا هەڵ کەوتووە. بەرزایی دیواری عەنباراوەکە، پەنجا مەترە و درێژاییەکەشی ٧٢٠ مەتر دەبێت. توانای کۆکردنەوەی ئاوی ٦٥٠ ملیۆن مەتری سێگۆشەیە. ئەم عەنباراوە لە ساڵی ١٩٧١ دا تەواو بووە.

**ئاوبەندەکان**

ئاوبەندەکان، نە ئەوەندەی عەنباراوەکان بەرزن و نە ئەوەندەی ئەوانیش ئاو دەگرن. ئامانجی هەرە گەورە لە دروسکردنیان، بەرزکردنەوەی ئاستی ئاوی رووبارەکانە، تا بە شێوەیەکی ئاسان، لە هەردوو بەری رووبارەکانەوە، ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکان بدرێ. لە ئاوبەندە گرنگەکانی کوردستان، تاکو ساڵی ١٩٩٥، ئەمانەن:

**ئاوبەندی چغلوەندی**

نێوچەی چغلوەندی لە لرستان، نێوچەیەکی بەپیت و بڕشتە لە کوردستاندا. ئەو نێوچەیە زەوی کشتوکاڵی زۆرە و لە هەمان کاتدا

ڕووباری هەرودی پێدا تێپەڕ دەبێ، بۆ ئەوەی ئاوەکەی بە خۆڕایی نەڕوات و بەرهەمی ساڵانەی کشتوکاڵ زیاد بکات، ئەو ئاوبەندیان لەسەر ئەو ڕووبارە دروست کردووە. ئەم ئاوبەندە لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواو بووە. بەرزایی دیواری ئاوبەندەکە ٣.٢ مەترە.

**ئاوبەندی اسدخان (میسیوەندی)**

کشتوکاڵ لە نێوچەی اسدخان پێش ساڵی ١٩٥١، بە زۆری لەبەر باران دەکرا. لەو نێوچەیەدا کانییەک بە هەمان ناوەوە هەیە، کە ئاوەکەی هەمووی بە خۆڕایی دەڕژایە ڕووباری (هرود)ەوە. بۆ ئەوەی بە تەواوی کەڵک لەو ئاوە وەربگیرێ و ئاوی زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوچەکە بدات، لە لایەن دەزگای کشتوکاڵییەوە، ئاوبەندی اسدخان یان دروست کرد. ئەوڕۆکە ئەو ئاوبەندە، نزیکەی ١٢٠ هەزار هێکتار لە زەوی کشتوکاڵی هاوینە ئاو دەدات.

**ئاوبەندی دز**

ئەم ئاوبەندە، لەسەر ڕووباری دز دروستکراوە. ئاوبەندەکە بە شێوەیەکی کەوانەیی دروست کراوە و چوار تۆڕبین گەورەیان لەسەر داناوە. لە ساڵی ١٩٦٢ دا، دەست بە دروستکردنی کراوە و لە ساڵی ١٩٦٩ دا تەواو بووە. ئاوبەندەکە لە بەرد دروستکراوە و دوو کەوانەییە، شوێنەکەی لە تەنگەی کیوان، لە شاری دزفول ەوە ٢٥ کیلۆمەتر دوورە. بەرزایی ئاوبەندەکە ٢٠٣ مەترە و درێژییەکەشی ٢١٢ مەتر دەبێ. چاڵی پشت دیواری ئاوبەندەکە، ٣.٣٨ ملیار مەتری سێگۆشە ئاو دەگرێ و توانای ئاودانی ١٢٨ هەزار هێکتار زەوی چاندراوی هەیە. بەرهەمی وزەی کارەبای ٥٢٠ هەزار کیلۆواتە. ئاوبەندی دز، دوو ئاوبەندی خواربووەوەی گچکەی هەیە، کە درێژاییەکەی ٣٠٤ مەتر و بەرزاییەکەی چوار مەتر دەبێت. هەروەها ئاوبەندێکی ڕێکوپێکی هەیە، کە درێژاییەکەی ١٣٦ مەتر و بەرزاییەکەی بیست مەتر دەبێ. تۆڕی

ئـاودانـی ئـاوبـەنـدی دز، لـە ٣٠٥ کیلۆمـەتری سـەرەکی و لقـەکانـی و ١٨١ کیلۆمــەتر جـادە و ١٦١ کیلۆمــەتر بـا و لــە ٢٠٢٥ کیلۆمــەتر ساختمان ئاودان، پێک هاتووە.

**ئاوبەندی کارون**

ئـەم ئاوبـەنـدە لـەسـەر رووبـاری کـارون، لـە شـوێنێکدا بـە نـاوی گادار بردقمچییـەوە دروستکراوە، کـە سـی کیلۆمـەتر لـە شارستانـی ایذە وە دوورە. لـە سالّی ١٩٧٧دا تـەواو بووە. ئاوبـەندەکە لـە بـەرد دروست کـراوە و شـێوەکەی کەوانـەییـە. درێژاییەکـەی ٣٨٠ مـەتر و بـەرزاییەکەشی ٢٠٣ مـەتر دەبـێ. عەنباراوەکـە ٣.٣ ملیـارد مـەتری سێگۆشـە ئـاو دەگرێـت و توانـای بـەرهـەمهێنانـی وزەی کارەباشـی، یەک ملیۆن کیلۆواتە.

ئاوبـەنـدی کـارون ٣٨٠ هـەزار هێکتـار زەوی کشـتوکالّی نێوچـەی گتونـد و عباسـی ئـاو دەدات و ئاوبـەنـدێکی خـاکی بـۆ ئـاودانی زەوییـەکانی گتونـد دروسـتکراوە، کـە درێژاییەکـەی ٢١٠ مـەتر و بـەرزاییەکەشـی ٢٣ مـەترە و کـەوتۆتـە بـاکووری گتونـد ەوە بـە ٣.٥ کیلۆمەتر. درێژایی کەنالّی ئاودانـی ١٠٠٤ کیلۆمەترە.

**ئاوبەندی کەرخە**

لـەسەر رووباری کەرخـە دروستکراوە. لـە ئاوبـەندێکی نـزم پێک هاتووە. بـەرزاییەکەی تـەنیا ٥.٥ مەتر و درێژاییەکەشـی ١٩٢ مـەتر دەبێت. ئـەو ئاوبـەندە دوو کـەنالّی لـە لای راست و لـە لای چەپـەوە هەیـە. لـەبـەرڕۆشـتنی ئـاوی کـەنالّی لای راسـت، کـە درێژاییەکـەی سی کیلۆمـەترە، هەشت مـەتری سێگۆشـە دەبـێ. ئـەوی لای چەپیشـی کە درێژاییەکەی یانزە کیلۆمـەترە، نزیکـەی پـەنجا مـەتری سێگۆشـە دەبــێ. ئــەو ئاوبـەنـدە لــە ســالّی ١٩٥٥دا تــەواو بــووە و توانــای دابینکردنـی ئـاودانی نزیکـەی ٣٦ هــەزار هێکتـار زەوی کشـتوکالّی هەیە.

### ئاوبەندی ئەڵوەند

ئەو ئاوبەندە، بەرزایییەکەی هەشت مەترە و لەسەر یەکێ لە رووبارەکانی نێوچەی قصرشیرین ، بە ناوی ئەڵوەندەوە دروستکراوە. مەبەست لە دروسکردنی ئەم ئاوبەندەش، بۆ دابینکردنی ئاوە، کە نزیکەی ٤٦٠ هەزار هێکتار زەوی چاندراوی ئەو نێوچەیە ئاو دەدات.

### ئاوبەندی گەنجانەجم

رووباری گەنجانەجم، ساڵی ١٧٣ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی لەبەر دەڕوات. ئەم رووبارە، بە یەکێ لە هەرە گرنگترین رووبارەکانی نێوچەی کرماشان دەژمێردرێ. بۆ ئەوەی کەڵک لە ئاوەکەی وەربگیرێ، دەزگای کاروباری ئاو، لە ساڵی ١٩٤٩دا، دەستیان بە دروستکردنی ئەو ئاوبەندە کرد و لەم ساڵانەی دوایدا تەواو بوو. لە ئەنجامدا، رووپێوی زەوی چێندراو، لە ٨٠٠ هێکتارەوە بۆ ٦٠٠٠ هێکتار زیادی کردوە.

### ئاوبەندی باب الحدید (دەمیر قەبۆ)

ئەوەیان لە تەنیشت گوندی دەرکە ئاسنی ناحیەی جەوادییەوە هەڵ کەوتووە. توانای کۆ کردنەوەی ئاوی، لە دەوروبەری ٢٣ ملیۆن مەتری سێگۆشە دایە و ئاو بۆ ٢٢٥٠ هێکتار زەوی چاندراو دابین دەکات. ئەم ئاوبەندە لە دوو کەناڵی جیاواز پێک دێت، یەکەمیان درێژایییەکەی ١٢٤٦٩ مەترە و دووەمیشیان ٢٦٩ مەتر دەبێ. ئەو ئاوبەندە، لە ساڵی ١٩٨٠دا تەواو بووە.

### ئاوبەندی جوادیە

دەکەوێتە باکووری جوادییەوە، لە نزیک ئاوبەندی دەرکە ئاسن هەڵ کەوتووە. توانای کۆکردنەوەی ئاوی هەشت ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە و ٨٠٠ هێکتار زەوی چێندراو ئاو دەدات. لە ساڵی ١٩٨٠دا تەواو بووە و کار دەکات.

### ئاوبەندی جراحی

توانای کۆکردنەوەی ٢١.٥ ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە. لە دوو کەناڵ پێک هاتووە. یەکەمیان درێژاییەکەی ٣٦٤ ٢٠ مەترە و ئەوی دیکەشیان ١٨٥ ٢٢ مەتر دەبێت. لە ساڵی ١٩٨٣ دا تەواو بووە و ئاو بۆ ١٩٠٠ هێکتار زەوی دابین دەکات. ئاوبەندی جراحی دەکەوێتە سەر رووبارێک، کە هەمان ناوی هەیە و لە ناحیەی (القحطانية) هەڵ کەوتووە.

## ژێربابەتی٣. پرۆژەکانی ئاودێری

دەوڵەت لەو ساڵانەی دواییدا بایەخی بە دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری داوە، بە مەبەستی داکردنی ئاو، ئاودێری و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و زیاد کردنی سامانی نێو ئاو وەک ماسی. لە نموونە ئەو جۆرە پرۆژانە:

### ئاوبەندی موسڵ

دەکەوێتە نزیک شاری موسڵ و بەرزاییەکەی ١٣٥ مترە و درێژاییەکەشی ٣٥٠٠ مەتر دەبێ و توانای کۆکردنەوەی ١٠.٧٣ ملیار مەتری سێگۆشە ئاوی هەیە و شەش کونی تێدایە، کە کەمەرەی هەر یەکەیان ١٨ مەتر دەبێ. مەبەست لە دروسکردنی پرۆژەی موسڵ ئەوەیە، کە مەترسی پەنگخواردنەوە و زیادکردنی ئاوەکە نەهێڵێ و شارەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە مەترسی لافا و زیانەکانی رزگار بکات. هەردوو رۆخی کەناری دیجلە لە نێوچەی موسڵدا ئاو بدات. هەروەها کۆکردنەوەی ئاوی نێوچەیە و کەڵک لێ وەرگرتنی لە کاتی بێئاویدا لە وەرزی هاویندا، تا زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوچەکەی پێ ئاو بدرێ. هەروەها بۆ رێکخستنی رێگای ئاویی و هاتوچۆکردن لە نێوان کوردستان و

عێراقدا و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و بەخێوکردنی ماسی ... هتد.

**ئاوبەندی کەرکوک**

ئەم ئاوبەندە، دەکەوێتە سەر زابی بچووک، لە نزیک شاری کەرکوکەوە، ئاوەکەی بە کەناڵێکی گەورە، دەگاتە زەوییەکانی نێوان زابی بچووک و عوزێم.

پرۆژەی کەرکوک، بۆ دابینکردنی ئاودانی ١٩١ هەزار هێکتار، لە زەوی چاندراو لە نێوچەی کەرکوک دروست کراوە، بۆ ئەوەی رێژەی کشتوکاڵ بە رێگای بەراو، لەسەر حیسابی کشتوکاڵ بە شێوەی دێم، زیاد بکرێ.

**ئاوبەندی سەنگەسەر**

لەسەر رووباری گافرێن، یەکی لە لقەکانی زابی بچووک هەڵ کەوتووە و لە شارۆچکەی سەنگەسەر ەوە نزیکە. مەبەستی سەرەکی لە دروسکردنی ئەم پرۆژەیە، ئاودانی نزیکەی بیست هەزار هێکتار زەوی چێندراوە، کە وەرزێرەکانی ئەو دەوروبەرە و لەگەڵ ئەو وەرزێرانەشدا، کە زەوییان وەرگرت، لە دوای دروسکردنی ئاوبەندی دوکان، کاروباری کشتوکاڵی تێدا دەکەن.

**ئاوبەندی دووبز**

ئەوەیان، لە باشووری شارۆچکەی پردێ وە هەشت کیلۆمەتر و ٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای شاری کەرکوکەوە دوورە. ئەو پرۆژەیە بۆ گەیاندنی ئاو لە زابی گەورەوە، لە کاتی هەڵسان و پەنگخواردنەوەیدا، بۆ پرۆژەی ئاوی کەرکوک دروست کراوە. بۆ ئەو مەبەستەش، چاڵێکی گەورە هەڵکەندراوە، کە جێگەی هەشت تاکو سی ملیۆن مەتری سێگۆشە ئاوی تێدا دەبێتەوە. هەروەها بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا، بۆ شاری کەرکوک و دەوروپشتەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

**گاپ (پرۆژەی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ)**

ئەوەیان، بە یەکێک لە پرۆژە هەرە گەورە و گرنگەکانی کوردستان دەژمێردرێ. لەسەر ئاوەڕۆی ژوورووی هەردوو رووبارە گەورەکەی کوردستان (دیجلە و فورات) دروست کراوە. رووپێوەکەی ٧٣ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێ. زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئەستانکانی ئورفا و ماردین و گازی ئانتاپ و ئادیەمان و دیاربەکر و سیرت ئاو دەدات و کەڵک لەم پرۆژەیە دەبینن.

گاپ، لە دوانزە پرۆژە و سیازدە ئاوبەند و وێستگەی وزەی کارەبا و سی دامودەزگای ئاو پێک هاتووە. توانای ئاودانی پرۆژەی ناوبراو، ٩ ملیۆن و ٧٦٥ هەزار دۆنم زەوی چێندراوە. بەرهەمی وزەی کارەبایشی، ٢٤ ملیار و ٤٠٢ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

**١. پرۆژەی ئاوەڕۆی ژوورووی فورات**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی کاراکایا، کە بەرهەمی ٧.٥ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی ئاتاتورک، کە بەرهەمی ٨.١ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە. ئاودانی دەشتاییەکانی ئورفا - هەرران، ماردین - جەیلان پینار، سیڤەرەک - هیلڤان، کە رووپێوەکەی ٧.٣ ملیۆن دۆنم دەبێت.

**٠٢ پرۆژەی تخوبی فورات**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی بیرەجیک (فینکلی)، کە بەرهەمی ٢.٣ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی کارکامیش، کە بەرهەمی ٨٠٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

**٣. پرۆژەی سووروچ** - بازیکی، کە ١ ملیۆن و ٤٦٥ هەزار دۆنم زەوی ئاو دەدات.

**٤. پرۆژەی ئادیەمان - کاهاتە.**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی ئادیەمان، کە بەرهەمەکەی ٤٠٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- ئاوبەندی کاهاتە.

- یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆنم، لە زەوی دەشتی ئادیەمان و کاحهاتە ئاو دەدات.

**٥. پرۆژەی گازی ئانتاپ**

- ئارەبان: ٢٣٣ هەزار دۆنم لە زەوییەکانیان ئاو دەدات.

**٠٦ پرۆژەی گازی ئانتاپ:** ٨٩٠ هەزار دۆنم لە زەوییەکانیان ئاو دەدات.

**٧. پرۆژەی دیجلە** - کیرالکیزی.- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی کیرالکیزی، کە بەرهەمی ١٤٥ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی دیجلە، کە بەرهەمی ٢٢١ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- یەک ملیۆن و ٢٦٠ هەزار دۆنم، لە زەوییەکانی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

**٨. پرۆژەی باتمان**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی باتمان، کە بەرهەمی ٤٦٠ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- ٣٧٧ هەزار دۆنم لە دەشتی باتمان و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

**٩. پرۆژەی باتمان – سیلڤان**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی سیلڤان، کە بەرهەمی ١.٥ ملیار کیلۆوات کاتژمێرە.

- دوو ملیۆن و ١٣٠ هەزار دۆنم، لە دەشتی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

**١٠. پرۆژەی گازی ئانتاپ**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی گارزان، کە بەرهەمی ٣١٥ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- دوو ملیۆن و ١٣٠ هەزار دونم، لە دەشتی دیجلە و دەوروبەرەکەی ئاو دەدات.

**١١. پرۆژەی یلیسو**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی یلیسو، کە بەرهەمی ٣.٧ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

**١٢. پرۆژەی جیزرە**

- ئاوبەند و سەنتەری هایدرۆئێلێکتریکی جیزرە، کە بەرهەمی ١.٣ ملیۆن کیلۆوات کاتژمێرە.

- یەک ملیۆن و ٢١٠ هەزار دۆنم، لە دەشتی نوسەیبین - جیزرە و سلۆپی ئاو دەدات.

# سەربابەتی شەشەم
# گڵ

گڵ چینی یەکەمی سەر رووی زەوییە و لە ئاکامی کارتێکردنی بیۆسفێر و ئەتمۆسفێر، لە لیتۆسفێر دروست دەبێت. مەرجەکانی دروسـبوونی گـڵ زۆرن، هەنـدێکیان ئەمانـەن: ئاووهـەوا، وردوخاشـبوونی بـەردی چیاکـان، ڕزانـدنی پۆشـەکی رووەکـی و میکرۆئۆرگانیزم ... هتد. ئەرکی سەرەکی گڵ، لە هەڵمژینی ئاو و ئاودانی رووەکەکانی سەر رووی زەوی پێک هاتووە. پلەی بەپیتی و بێپیتی هەر خاکێک، پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە چەشنی ئەو مـاددە کیمیاوییەکانـەوە هەیـە، کـە لـە خاکەکـەدا لەگـەڵ گردیلـەکانی خۆڵەکـەدا تێکـەڵ بـوون. گـڵ بنـەمای سـەرەکی بەرهەمهێنانی هەموو جۆرە بەروبوومێکی کشتوکاڵییە.

## ژێربابەتی ١. خەسڵەتەکانی گڵ

گڵ لە هەر نێوچەیەکی سەر ڕوی زەویدا، خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بەو فاکتەرانەوە هەیە، کـە بونەتـە هـۆی دروسـبوونی، بـە تایبـەتی ئاووهـەوا، جـۆری بـەردەکان. جا لەبـەر ئـەوەی ئاووهـەوا و بـەرد لـە کوردستاندا جۆراوجۆرن، هەر وەکو لە بەشەکانی پێشوشدا باسمان کردن، بۆیە گومان لەوەدا نییە، کە خەسڵەتەکانی گڵ، هەر جۆراوجۆرن. وا لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

١. گڵی نێوچە شاخاوییەکان، لەچاو گڵی نێوچە دەشتاییەکاندا، قەبارەکانیان درشتترە، هۆکەشی بۆ چۆنێتی ماددە نیشتووەکانی نێو ئاوی چەمەکان و رووبارەکان دەگەڕێتەوە. ئەو ماددانەی کە

قەبارەکانیان گەورەیە و لە ئاوەڕۆکەکانی سەرووی رووبارەکان دان، بە زۆری لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەنیشن. ئەو ماددانەش کە قەبارەکانیان ناونجین و لە ئاوەڕۆکانی ناوەندی رووبارەکان دان، لە خاکی نێوان نێوچە شاخاوییەکان و دەشتاییەکاندا دەنیشن. بە پێچەوانەشەوە، ئەو ماددانەی کە قەبارەکانیان وردن و لە ئاوەڕۆکانی خوارووی رووبارەکان دان، لە دەشتاییەکاندا دەنیشن. ئەم سیستەمەی نیشتنی ماددەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە توانا و هێزی ئاوەکانەوە هەیە.

٠٢ گڵی کوردستان بە زۆری لە سەدەی چوارەمی جیولۆجیدا دروست بووە، واتا تەمەنیان کەمە. وەلێ ئەوە ئەوە ناگەیەنێ، کە گڵ لە سەدەکانی پێشوودا، بە تایبەتی سەدەی سێیەم لە کوردستاندا نەبووە، هۆی دەرنەکەوتنیشیان، زیاتر بۆ داپۆشینیان بە گڵی سەدەی چوارەم دەگەڕێتەوە.

٣. چینەکانی گڵ لە نێوچە شاخاوییەکاندا تەنکە، بە تایبەتی لە قەدپاڵی چیاکاندا، چونکە گڵی ورد ناتوانێ، لەو نێوچانەدا خۆی بەرانبەر هێزی ئاو ڕابگرێ. بە پێچەوانەشەوە، لە نێوچە دەشتاییەکاندا، چینەکانی گڵ ئەستوورە، لەبەر ئەوەی لە هەندێ گردیلەی ورد ورد پێک هاتووە و رووبارەکانیش ئەو هێزەیان نەماوە، تاکو رایان بدەن.

٠٤ زۆربەی هەرە زۆری ماددە کیمیاوییەکان، لە گڵەکانی کوردستاندا هەن، وەکو کلس، زیخ، قوڕ، لیتە، فۆسفات، ماددەی ئۆرگانیکی و قیر ... هتد. وەلێ ڕێژەی ماددەی کلس لە هەموویان زیاترە، لەبەر ئەوەی بنەمای سەرەکی گڵی کوردستان، لە بەردی کلس پێک هاتووە. بە نموونە، ڕێژەی ئەو ماددە کیمیاوییە لە گڵی نێوچەی سەنگەسەردا ٠/٠٨، لە گڵی نێوچەی دوکاندا –٠/٠١١ و لە گڵی دەشتەکانی شارەزوور و رانیە و سندیدا – ٠/٠٩ یە.

### ژێربابەتی ٢. پۆلێنکردنی گڵ

دابەشکردنی گڵ، لەبەر ڕۆشنایی چەند خەسڵەتێکی تایبەتیدا دەبێت، وەکو ماددەی کیمیاوی، چەشنی ئاووهەوا، جۆرەکانی رووەک. جا ئەوەی لێرەدا سەرنج رادەکێشێت، ئەوەیە کە یەک شێوازی یەکگرتووی تایبەتی، بۆ دابەشکردنی گڵ لە کوردستاندا نییە. لە نێوچەی باکوور شێوازی تێکەڵاو لە ئینگلیزی و فەرەنسی ئەڵەمانی، لە رۆژهەڵات - فەرەنسی، لە باشوور - ئینگلیزی و لە رۆژئاواش - فەرەنسی و رووسی پەیرەو دەکرێت. ئەمە بە یەکەم گیروگرفتی پۆلینکردنی گڵی کوردستان دادەنرێت.

چەشنەکانی گڵ لە کوردستاندا - هەندێکیان لە مانەی خوارەوە پێک هاتوون: قەسپۆک، رەشۆک، زەردە، سوور. بە داخەوە لەبەر ئەوەی، زانیاری تەواومان نییە، ناتوانین شوێنەکانیان لەسەر نەخشە دەسنیشان بکەین، یاخود ناوی شوێنەکانیان بخەینە روو.

### ژێربابەتی ٣. گرفتەکانی گڵ

گڵ تووشی چەند گرفتێک دەبێت، هەندێکیان بە تەواوی دەبنە هۆی لەنێوبردنی، هەندێکی دیکەشیان، کەڵکیان لێ دەبڕێ و بۆ کشتوکاڵ بێسوودیان دەکات. گرنگترین گیروگرفتەکانی گڵ ئەمانەن:

**١. رووتاندنەوە**

ئەوەیان، زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا روو دەدات. هەندێ لەو هۆیانەش دەگەڕێنەوە بۆ: کێڵانی چەوت ـ کێڵانی زەوی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، پێویستە تیواوتیو (لە باری پانی) بێت، نەوەکو شاقولی. وەلێ جوتێارەکان، بە زۆری ئەو یاسایە ڕەچاو ناکەن، زەوییەکە چۆن بوو، وای دەکێڵن.

### ٣. وێرانکردنی دارستان

بڕینـــی داری قـــەدپاڵی چیاکـــان و دەرهێنـــانی ڕەگـــەکانیان، سـوتاندنی دارسـتانەکان، بـــە دوو هـۆی سـەرەکی دادەنـرێن، بـۆ ئەوەی گردیلەکانی گڵ یەک نەگرن، کە زۆر بە ئاسانی بە هۆی ئاوی بارانەوە، پرۆسێسی رووتاندنەوە روو دەدات.

### ٤. شێوازی لەوەڕاندن

شـوانەکان، بـــە شـــێوەیە مێگەلـــەکانیان لـــە لەوەڕگاکانـــدا دەلەوەڕێنن، تاکو بە تەواوی لە بنی دێنن. پۆشەکە رووەکیەکان ماوەیان پێ نادرێ، سەرلەنوێ سەوز ببنەوە، لەبەر ئەوەی هەر بە ساوایی دەخورێن. لە ئاکامی ئەم لەوەڕاندنە نارێکەدا، رێگە بۆ رووتاندنەوە خۆش دەکات.

### ٢. گڵ خزین

چینەکانی گڵی سەر بەردەکان، لە جێگا سەرەو لێژەکان و لە دەوکەندکاندا، بە ئاسانی دەخزن، ئەگەر هاتوو باران بە گوڕ ببارێ و زەوییەکـــە بـــە پۆشـــەکی رووەکـــی دانەپۆشـرا بـــێ. ئـــەم دیاردەیە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، روو دەدات.

### ٣. نەبوونی زەوی کشتوکاڵی

زەوی کشتوکاڵ لە نێوچە شاخاوییەکاندا کەمە. جوتیارەکان بۆ دابینکردنـی پارچـە زەوییـەک بـۆ کشـتوکاڵ، دەسـت بـە بڕینـەوەی داری جێگایـەکی دیـاریکراو دەکـەن و لـە جێگەکەیـدا دەغڵـودان دەچێنن. وەلـێ داهـاتی ئـەو جـۆرە زەوییانـە، دوای یـەک دوو سـاڵ، ئەوەندە کەم دەبێتەوە، کە بایی ماندووبوونەکەی ناکات. لەبەر ئـەوە جوتیارەکـان واز لـەو زەوییـە دەهێـنن و لـە شـوێنێکی دیکـە، زەوی بۆ چاندن ئامادە دەکەن، تا لە ئاکامدا، رێگـە بـۆ نەهێشـتنی دارستانەکان و رووتاندنەوە، خۆش دەکەن.

# سەربابەتی حەوتەم
# رووەکی خۆڕسک

رووەکی خۆڕسک ـ پۆشەکی رووەکی ـ بەو رووەکانە دەوترێ، کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی لەسەر رووی زەوی دەڕوێن. ئەگەرچی رووەکی خۆڕسکی بەرهەمی ئاووهەوا و رووی زەوی و خۆڵە، وەلێ وا دیارە کاریگەری فاکتەری یەکەمیان، لە دوو فاکتەرەکەی دیکە زیاترە. خەسڵەتی رووەکی خۆڕسکی کوردستان لەوە دایە، کە خۆیان لەبەر بەرزی پلەی گەرما و وشکیدا دەگرن. تاکو لە باشووری رۆژهەلاتەوە، بەرەو باکووری رۆژئاوا بڕۆین، چڕیی رووەکی خۆڕسکی زیاد دەکات، هۆکەشی بۆ جیاوازی قەوارەی بارانبارین دەگەڕێتەوە. رووەکی خۆڕسکی لەمانەی خوارەوە پێک هاتووە:

## ژێربابەتی ١. دارستان

دارستان و دار و دەوەن، نزیکەی پانزە ملیۆن هێکتاریان (١٥٠ هەزار کچگ) لە زەوی کوردستان داگیر کردووە. لەوانە دارستانە دەست لێ نەدراو و باشەکان - سێ ملیۆن هێکتار، دارستانی تەنک - حەوت ملیۆن هێکتار، دارستانی وێرانکراو و خراپ - پێنج ملیۆن هێکتار. زۆربەی دارستانەکان، لە سەرەتای شەستەکانەوە تاکو ئەورۆ، لەبەر ئاگر تێبەردان و بڕینەوەی بێ ئەندازەیان، حاڵیان بە تەواویی شڕ بووە، چونکە پێ راناگەن جارێکی دیکە چرۆ بکەن و گەورەببن و کە لە ئەنجامدا سەدان هێکتار دارستان لە ساڵێکدا تێدا دەچێت. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم زیانە گەوریە، دەوڵەت لە هەندێ شوێن، یاسای پاراستنی دارستانەکانی دەرکردووە.

هەرچەندە ئەو یاسایانە، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا دەستی دەوڵەتی ناگاتێ، بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ ناکرێ. ئەو هۆیانەی کە ئەو گیروگرفتانەشی دروست کردووە، زیاتر خۆیان لە جەنگ و نەبوونی کەرەستەی دیکە بۆ سوتاندن و خۆگەرمکردنەوە و نەبوونی ئالیکی تەواو بۆ ئاژەڵەکاندا دەنوێنێ، کە دیارە ئەو گیروگرفتانە، تاکو ئەوڕۆش، بێ چارەسەر ماونەتەوە.

**چەشنەکانی دار**

دارەکانی دارستانەکانی کوردستان، لە ٠/٠٦٥ یان لە خێزانی داربەروون، لە ٠/٠٢٠ یان لە خیزانی بنە (پوستی و حشی) و لە ٠/٠٥ ەی دیکەشی لە خێزانی بادامی کێوین (ئەرژن). ئەوەی کە دەشمێنێتەوە، لە پۆشەکی دارستانی جۆراوجۆر پێک هاتووە. لە کوردستاندا نزیکەی حەفتا جۆرە داری بەردار و بێبەر هەیە. لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەین:

**بەلاڵوک**

دیمەنی بەلاڵوک، لە داری ئاڵوباڵو و گێلاس دەچێ. بەرەکەی زۆر خۆش و مزرە. رەنگەکەی سوورێکی تۆخە. دەنکەکانی لە دەنکەکانی ئاڵوباڵو پچووکترە. بالآ و لقەکانی گەورە و بەرینن. رەنگی دارەکەی سوورێکی بریقەدارە.

**هەنجیر**

دار هەنجیر زۆر جۆری هەیە. قەدەکەی ٣ - ١٠ مەتر بەرزە و لقەکانیشی بڵاوە. گەڵاکانی پان و کەمێک ئەستوور و درە. لە بنەڕەتدا هی دەیای ناوەڕستە، وەلێ ئەوڕۆکە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێت.

**ئوجا**

داری ئوجا، گل پردار، سمد، وج ولی دارێکە توێکڵەکەی رەق و ئەستوورە. ئەم دارە لە دامێنی دارستانەکانی نێوچە

کوێستانییەکان و قەراغ جادەکان دەڕوێت. بەرزایی قەدەکەی لە نێوان ٢ - ٢٠ مەتردا دەبێت. لە کۆتایی مانگی نیسانەوە، تاکو سەرەتای مانگی مایس بەر دەدات. درێژایی بەرەکە سێ سم و پانایییەکەی ١.٥سم.

**بادام کێوی**

داری بادام وەحشی، یاخود ئەرژن لە نێوچە ناوەندی و ساردەکانی کوردستان

دەڕوێت. بەرەکەی روون نییە و کەمی تەڵخە، وەلێ ناوکەکەی شیرینە و بۆ خواردن بەکار دەهێنرێت.

**بەروو**

دار بەروو یاخود مازوو یاخود بەلوانە، بە شای دارستان ناسراوە. لە نێوچە ناوەندییەکاندا دەڕوێ. دارێکی بە شکۆ و بڵندە. بەرزاییەکەی ٣٥ - ٤٠ مەتر دەبێت. ماوەی ٥٠٠ - ٢٠٠٠ ساڵ دەژی. گەڵاکانی سەوز و بە رەونەقن. لە مانگەکانی نیسان و مایسدا گوڵ دەکات. بەرەکەی هێلکەییە و لە نێو گەڵایەکی نیمچە رەق دایە، کە وەکو کڵاو وایە. لە کوردستاندا چەند جۆرە داربەروویەک هەیە، کە باشترینیان بەرووی خاسەیە.

دار بەروو سوودی زۆرە. گەڵاکەی بۆ خواردنی مەڕ وماڵات بەکار دەهێندرێ، بەرەکەی کە بە برا مازوو (گەلوان) ناسراوە، بۆ پیشەسازی پێستە خۆشکردن بەکار دەهێندرێ، داربەروو هەروەها بۆ سوتاندن و کەرەسەی خانوو و بەرە و کەلوپەلی نێوماڵ بەکار دەهێنرێت.

**دار توو**

ئەم دارە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێ. بەرەکەی شیرین و خۆشە و بە تەڕی و وشکی دەخورێ. گەڵاکەی بۆ خواردنی مەڕ و ماڵات بەکار دەهێندرێ. داری توو، لەو شوێنانەدا کە

ئاویان زۆره، تاکو بیست مەتر بەرز دەبێتەوە و ئەستوراییەکەشی دەگاتە یەک مەتر.

**دار هەنار**

دارێکی زۆر جوانە. گەڵاکانی شیلانی و مەیلەو سەوزە. بەرەکەی لە قوڵایی دەست گەورەترە. هەندێکیان توێکڵیان تەنکە و هەندێکی دیکەیان توێکڵەکانیان ئەستوورن. دەنکەکانی کە لە نێو ئەو توێکڵانە دان، سوورێکی تاریکن و بە پێستێکی تەنک داپۆشراون.

**دار چنار**

داری چنار قەدەکەی باریک و بڵند و جوانە و گەڵایەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە دانیشتن لە بن سێبەرەکەیدا خۆشە. بەرەکەی خڕە و کەمەرەکەی ٣ - ٤ سم دەبێ. ئەم دارە، لە نێوان بەرزایی ١٥٠٠ - ٢٥٠٠ مەتردا دەڕوێ.

**دارسماق (دارترش)**

یەکێکە لەو دارانەی، کە لە هەرێمە بە ئاووهەواکانی دەریای ناوەڕاستدا دەڕوێ. دار ترش لە زۆر شوێنی کوردستاندا دەڕوێ، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا بە باشی گەورە دەبێ. بەرەکەی هێشوویی یە و دەنکە دەنکەیە. پێستی دەرەوەی سەوزە و تامەکەشی مزرە. لەگەڵ خواردن و هەندێ لە سەوزەواتدا دەخورێ و تامێکی ترش بە خواردنەکە دەبەخشێ. گەڵاکەشی پێستەی پێ خۆش دەکرێت.

**سنەوبەر**

سنەوبەر دارێکی بەرزە و زۆر خێرا گەورە دەبێت و ٣٠ - ٤٠ جۆر سنەوبەر هەیە.

هەندێ لە دارەکانی دیکەی کوردستان، ئەمانەن: شەهن، سپون، گزک، سربنچک (سیجک، سرنجک،) سنجو(سەنجینە)، هول (یوول)،

وێوڵ، دمکانا، بناوچ، تەلووک، شیلان (عەناب) ئەرخەوان، گۆیژە زەردە (بلچی زەرد)، گویژە سوورە (بلچی سوور)، گلاسگانە (گوڵەباخن ، گوڵباخی، گوڵە شارەزووری، گوڵە سەگانە)، تەمشک (توورک، توودزیە، تووترک، تووڕک)، گەڵە زەردە، گۆیژە رەشە، سورەچی، پەرەک، تەورێزی، پەلەبی (بی)، بیمشک، رەشەبی، یترو (تەردانە)، توی، گەز، تایلە (تاووت)، مەو (ڕەز) ... هتد.

## ژێربابەتی ٢. گیاوگوڵی خۆڕسک

گیا و گوڵی خۆڕسکی لە کوردستاندا زۆرن، وەکو ئەوانەی بۆ رەنگ و کاری پزیشکی و سەمغ و بۆن و خۆراک، بەکار دەهێندرێن.

١. گیا و گوڵی رەنگ ـ بریتییە لە نیل رووناس ، خەنە، مازی، کافشە و سیاچەهرە، کە لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا دەڕوێن.

٢. گیا و گوڵی دەرمان ـ بە دەیان گیا و گوڵی دەرمان، لە نێوچە جیاجیاکانی کوردستاندا دەڕوێن. هەندێ لەوانە بریتین لەمانەی لای خوارەوە: ئانچوچک کڵ، سماق ، ئەسپند. گوڵە وەنەوشە، پیازی گورستانی، گەچەنەک، رێواس، پونگی دەشتایی، شاترە و ... هتد.

٣. گیا و گوڵی سەمغ ـ بریتییە لە سەمغی زەرد، مازوچ وزدو سقز، سرێش لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

کەتیرە - گیایەکی سەمغییە و سەربەخۆشین دەبێ. لەو نێوچانەی کە ئاووهەوایان وشک و نیمچە وشکە و کوێستانین دەڕوێ. فاکتەری ئاووهەوا، کارێکی زۆر گەورە لە ئەندازەی دروستبوون و جۆری بەرهەمەکە دەکات. گەون لە کاتی گەورەبوونیدا، پێویستی بە بارانی بەهار و تواندنەوەی بەفری زستان هەیە، لە کاتی بەردانیشدا، پێویستی بە ئاووهەوای وشک و تیشکی خۆر هەیە.

کەتیرە لە زۆر پیشەسازیدا بەکار دەهێندرێ و یەکێ لەو کەرستە خاوانەیە، کە ساڵانە کوردستان، بۆ دەرەوەی دەنێرێ.
سەمغی زەرد - لە چیاکانی کوردستان دەڕوێ. دوای ئەوەی خۆش دەکرێ، لە هەندێ پیشەسازی جۆراوجۆردا بەکار دەهێندرێ.
مازوج - لە کۆمەڵێ گیا و گوڵی سەمغی پێک دێت، کە لە پیشەسازی پێستە خۆشکردندا بەکار دەهێندرێ. مازوج هەر لە کۆنەوە، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا ناسراوە.
سقز - گیایەکی سەمغییە، لە دارستانەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی خۆڕسکی دەڕوێت و سێ جۆری هەیە: سپی، زەرد و رەش.
سریش - گیایەکی رەگدارە و لە زۆربەی چیاکانی کوردستان دەڕوێت. کەرەستەیەکی خاوی سەرەکییە بۆ دروسکردنی چەسپ.
٤. گیا و گوڵی بۆندار ـ هەندێ گیا و گوڵ، بە شێوەیەکی خۆڕسکی بۆنێکی خۆشیان لێ دێ. هەندێکی دیکەشیان دوای وشککردنەوە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هەندێ گیا و گوڵی دیکەدا، یاخود تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ هەندێ ماددەی کیمیاویدا، بۆ دروستکردنی گوڵاو بەکار دەهێندرین. لە گیا و گوڵە بۆندارەکان، ئەمانەن: گوڵی شەوبۆی کێوی ...هتد.
٥. گیاوگوڵی خۆراک ـ ئەم جۆرە گیاوگوڵە، لە بەهاراندا زۆرن. هەندێکیان وەکو خواردنی رۆژانەی خەڵکی بەکار دەهێنرێن، وەکو کنگر، تۆڵەکە، کاردو، دومەڵان، کوارگ، پونگە، رێواس، پیفۆک، شیلمشاق، زارگەزەوی، تورۆکە و ترشۆکە.

ژێربابەتی ٣. لەوەڕگە

کوردستان بە لەوەڕگەی خۆڕسکی دەوڵەمەندە. رووپێوەکەی تاکو ئێستا نازاندرێ. وەلێ بە دەوروبەری ٣٦ ملیۆن هێکتار دەخەملێندرێ. کوردستان لەبەر ئەوەی شوێنگەیەکی جوگرافی تایبەتی هەیە و دوو چەشنە ئاووهەوای جیاواز لە یەکتر، گەرم و ساردی هەیە، خاوەنی لەوەڕگەیەکی جۆراجۆرە، وەکو:

١. لەوەڕگە کوێستانییەکان

ئەو لەوەڕگایانە، لە نێوچە شاخاوییە بەرزەکاندا هەڵ کەوتووە. پۆشەکی رووەکی ئەم نێوچەیە، بە زۆری لە پۆشەکی هەرێمی ئەلبی دەچێ، لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا، گەلێ چیای بەرز هەن و بارستایی بارانی ساڵانەی ٣٥٠ - ٥٥٠ ملم. پۆشەکی رووەکی هەمەچەشنەی هەیە. زۆربەی ئەم نێوچانە، ئاویان زۆرە، لەبەر ئەمە فشاری لەوەڕاندن، دیار نییە.

رووەکەکانی لەوەڕگە کوێستانییەکان، لە خێزانی گرامینە و لیگیۆمینۆزە، کە بە زۆری لە ماددەی پرۆتین پێک هاتوون. هەندێکیان قەدەکانیان زۆر گەورەیە، کە مەڕ و ماڵات لە توانایاندا نییە، بۆ خواردن بە کاریان بهێنێ، لەبەر ئەوە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکان، دەیان بڕنەوە و وشکیان دەکەنەوە و ئالیکێکی تایبەتییان لێ دروست دەکەن، کە زستانان دەرخواردی ئاژەڵەکانیان دەدەن. هەندێ لە رووەکە جۆربەجۆرەکانی ئەم نێوچەیە، ئەمانەن: پونگە، گەون، ئەسپرس.

٢. لەوەڕگەی گەرمیانییەکان

ئەم لەوەڕگایانە، لەو نێوچانە هەڵ کەوتوون، کە بەرزاییان لە رووی دەریاوە، لە ٣٠٠ مەتر کەمتر نابێ. بارستایی بارانی ساڵانە لەم نێوچەیەدا، لە نێوان ٢٥٠ - ٤٠٠ ملیمەترە. خاکەکەی بە زۆری لیتوسل و تاکو رادەیەک شاشە. رووەکی خۆڕسکی ئەم

نێوچەیە، بە زۆری وەرزییە و قەدیشیان کورتە و رووەکی هەمیشەییشی بە دەگمەن لێ دەڕوێت. هەندێ لەو رووەکانەی لەو لەوەڕگایانەدا دەڕوێن، ئەمانەن: گەون، ئەسپرس، پێنج ئەنگوست، شورک، کنگر و ... هتد.

**پۆلێنکردنی لەوەڕگەکان**

لەوەڕگاکانی کوردستان بەگوێرەی بایەخیان، بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا دابەش دەکرێن.

١. لەوەرگەی چڕوپڕ

ئەوەیان لە بەرزایی ١٨٠٠ مەتر و زیاترە هەڵکەوتووە. بەرهەمی ئالیکی وشکی لە یەک هێکتاردا، لە دەوروبەری ٥٥٠ کیلۆگرام دایە. ئەو رووەکانەی لەم لەوەڕگایانەدا دەڕوێن، زۆربەیان لە خێزانی گرامینە و لیگیۆمینۆز. قەد و گەڵاکانیان پڕن لە پرۆتین. بە درێژایی ماوەی ژیانیان، ئالیکی سێ سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ سەد رۆژ دابین دەکەن.

٢. لەوەرگەی چڕ

ئەوەیان لە بەرزایی ١٦٠٠ مەتر و زیاترە هەڵکەوتووە. بەرهەمی ئالیکی لە هێکتارێکدا، ٤٠٠ کیلۆگرام دەبێ. رووەکەکانی لە خێزانی گرامینە و لیگیۆمینۆز. ئەم لەوەڕگایانە هەمیشەیی نین و دەدورێنەوە. بە درێژایی ماوەی ژیانیان، ئالیکی دوو سەر ئاژەڵی گچکە بۆ سەد رۆژ دابین دەکەن.

٣. لەوەڕگەی مام ناوەندی

ئەوەیان لە بەرزایی ٥٠٠ مەتر و زیاترە هەڵکەوتووە. بەرهەمی ئالیکی وشکی لە هێکتارێکدا ٢٠٠ کیلۆگرامە. لە رووەکی هەمیشەیی و یەک ساڵی تێدا دەڕوێ. ئالیکی یەک سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ ماوەی سەد رۆژ دابین دەکات.

٤. لەوەرگەی هەژار

ئەوەیان لە بەرزایی پێنج سەد مەتر و کەمتر هەڵکەوتووە. بەرهەمی ئالیکی لە یەک هێکتاردا ١٠٠ کیلۆگرامە. زۆربەی رووەکەکانی تەنیا ساڵیک دەژین. هەر لە دوو هێکتاردا، یەک سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ ماوەی سەد رۆژ دابین دەکات.

٥. لەوەڕگەی زۆر هەژار

بەرهەمی ئالیکی لە یەک هێکتاردا، پەنجا کیلۆگرامە. رووەکی خۆڕسکی تەنیا یەک وەرز دەژی. هەر لە چوار هێکتاردا، ئالیک بۆ یەک سەر ئاژەڵی گچکە، بۆ ماوەی سەد رۆژ دابین دەکات.

**ژێربابەتی ٤. هەرێمەکانی رووەکی خۆڕسک**

کوردستان لە پێنج هەرێمی رووەکی خۆڕسکی جۆراجۆر پێک هاتووە. وا لە خوارەوە، بەپێی توانا باسی هەر یەکێکیان دەکەین:

**١. هەرێمی کوێستان (ئالبی)**

ئەو هەرێمە لە شوێنە هەرە بەرزەکانی چیاکاندا هەڵ کەوتووە، لەو شوێنانەی کە پلەی گەرما، نەوەکو هەر لە زستاناندا، بەڵکو لە هاوینانیشدا، زۆر نزمە و بەفرێکی زۆریشی لێ دەبارێ، بە شێوەیەک پێ راناگات بە تەواویی بتوێتەوە، تاکو ساڵێکی دیکە، سەرلەنوێ بەفر دەبارێتەوە، واتا لەو نێوچانەدا، شوێنی بەفری هەمیشەیی پەیدا دەبێ. رووەکەکانی ئەم هەرێمە، لە هەندێ گیا و دەوەنی قەد باریک پێک هاتوون، لەبەر نزمی پلەی گەرمی ، داری لێ ناڕوێ. لەبەر ئەوەی هەرێمە کوێستانییەکان، بە لەوەڕگای جۆراوجۆر دەوڵەمەندن، ئەو گوندنشینانەی مەڕ و ماڵات بەخێو دەکەن، دوای تەواوبوونی لەوەڕ لە نێوچە دەشتاییەکاندا، لە وەرزی بەهار و سەرەتای هاویندا، بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکانیان، روو لەو شوێنانە

دەکەن و نزیکەی سێ مانگ و پێش ئەوەی پلەی گەرما، بە تەواویی نزم بێتەوە چۆڵی دەکەن و بەرەو گەرمیانەکان دەگەڕێنەوە.

### ٢. هەرێمی دارستان

ئەم هەرێمە لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دایە و دەکەوێتە چوارچێوەی نێوچەی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست. بارستایی بارانی ساڵانەی، خۆی لە سەد ملم دەدات. لەو هەرێمەدا داری جۆراوجۆر دەڕوێ، وەلێ پلەی چڕییان، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە. ئەو جێگایانەی کە کەوتوونەتە سەر رێگای بای دەریای ناوەڕاست، واتە ئەو شوێنانەی رووپێوووی باکانن، لەچاو شوێنەکانی دیکەدا، ئەوا داریان زیاتر لێ دەڕوێت.

### ٣. هەرێمی دەوئاوان

دەوئاوان جێگای رواندن و سەوزبوون و گەورەبوونی داری سوورە چنار و چنار و ئەسپیندار و دەردار و دەلفە و گوێزە ... هتد. سوودی ئەم جۆرە دارانە، لە لایەکەوە لە بەرەکانیان دایە و لە لایەکی دیکەشەوە لە بەکارهێنانیان دایە، بۆ دروستکردنی خانوو و سووتەمەنی و ئەوانەی لەسەر رێگاکانیشدا دەڕوێن، بۆ پشوودان و حەواندنەوەی خەڵکی لە هاویناندا، کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.

### ٤. هەرێمی ئیستبس

ئەم هەرێمە بە شێوەیەکی گشتی، لە باشووری رۆژئاوا و رۆژئاوای کوردستاندا هەڵ کەوتووە. رووەکەکانی بە زۆری لە هەندێ گیاوگۆڵ و رووەکی پیازی و حوشترالوک پێک هەتوون. رووەکەکانی هەرێمی ئیستێبس، لەبەر جیاوازی گڵ و ئاووهەوا، بە تایبەتی بارستایی بارانی ساڵانە و پلەی لەوەڕاندن و چەشنی کشتوکاڵ، هەمەچەشنەن. رووەکەکانی رۆژئاوای تەنک و کورتە

بالا و کەم تەمەنن و لەو جۆرە رووەکانەن کە لە بیابانەکان دەڕوێن، واتا توانای خۆڕاگرتنیان، بەرانبەر پلەی بەرزیی گەرما و بێ ئاویی و وشکی زۆرە. وەلێ رووەکەکانی لای رۆژهەلاتی، لەو جۆرە رووەکانەن، کە لە هەرێمی دارستانەکاندا دەڕوێن و پڕتریشن.

٥. هەرێمی بیابانەکان

ئەم هەرێمە لە نێوچەیەکی تەسکداو لە باشووری کوردستان هەڵ کەوتووە، رووەکەکانی لەوانەن کە لە هەرێمی بیابانەکاندا دەڕوێن. لەو هەرێمەدا، پلەی گەرما بەرزە و بارانی کەم لێ دەبارێ. بۆ ئەوەی رووەکێکی دیاریکراو بتوانێ، بە تەواویی بڕوێ و داکۆکی لە مان و بوونی خۆی بکات، پێویستە خاوەنی کۆمەڵە رەگێکی درێژ بێت، تا بە ناخی زەویدا قوڵ دابچێ و بە ئاسانی لە چینەکانی خوارەوەی ژێر زەوییەوە، ئاو هەڵ بمژێ. هەروەها دەبێت گەڵاکانی پان نەبن و تیژ بن، تاکو پرۆسەی ئاودەردان کەمتر ببێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، دابەشبوونی رووەکەکان لەسەر رووی زەوی هەرێمەکاندا، پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە فاکتەرەکانی دابەشبوونی ئاوی ژێر زەوی و ئاستی قولاییان و بارستایی باران و جۆری گڵەوە هەیە.

## سەربابەتی هەشتەم

## گیانەوەری کیوی

مەبەست گشت ئەو گیانەوارەن کە دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ و لە چیا و دەشت و ناو ئاو دەژین. خۆراکیان لە سروشت دابین دەکەن. گیانەوەی کیوی بۆ ئەوانەی خوارەوە دابەش دەکەین.

### ژێربابەتی ١. خشۆک

دەربارەی پەیدابوونی خشۆکەکان، بۆچوون و بیروڕای جۆراوجۆر هەیە. بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی، تاکو ئێستا کراون، ئەم گیانلەبەرانە بە سەد ملیۆن ساڵ، پێش دەرکەوتنی گیانەوەرە شیردەرەکان، لەسەر رووی زەوی هەبوون. وەلێ شوێن و شێوەی پەیدابوونیان، بە تەواویی روون نییە.

کوردستان لە رووی بوونی خشۆکەکانەوە، لەبەر خۆڕسکی هەرێمایەتی لە کەرتی ئاسیا و باری جوگرافی و ئاووهەوا و رووەکی خۆڕسک و تۆپۆگرافیای جۆراوجۆر، وڵاتێکی تا رادەیەک دەوڵەمەندە. هەندێ لە خشۆکەکانی کوردستان ئەمانەن: مارموزک، مارمێلکە، بزن مژە (سپی، زەرد و ڕەش)، کیسەڵ، مار، مارکتکی (ماری زەنگی)، ماری سوچەی سوور، ماری شینی گائەنگێو، ماری ئاوی، تیژەمار، ماری ڕەش، توولەمار.

### ژێربابەتی٢. باڵندە

ژمارەیەکی زۆر لە باڵندە، لە دارستان و چیاکانی کوردستان دەژین. ئەو باڵندانە، بە شێوە و ڕوخسار و گەورە و گچکەیی و ڕەنگ و دەنگ و ڕەچەڵەک، لە یەکدی جیا دەکرێنەوە. هەندێکیان لەبەر ئەوەی لە لایەن مرۆڤەوە ڕاو دەکرێن، بەرە بەرە بەرەو

نـــــەمان دەچـــن. باڵنــــدەکان بــــەگوێرەی شــــوێنی ژیــــان و نیشتەجێبوونیان، دوو بەشن:

١. باڵندە نیشتەجێبووە هەمیشەییەکان، وەکو بولبول، پۆپنەکی، پۆڕ، چرگ، جوڕە، گەڵوازە، چۆلەکە، دارکونکەرە، دالاش، زیقاوە، سرورە ڤانگ، ڕیشۆڵە، قاژوو، قەشقەڕە، قەلەباچکە، کاسەڵە، شینکە، کلک هەڵتەکێنە، کۆتر، کورکوڕە، هەوێردە، هەڵۆ.

٢. باڵندە کۆچەرەکانن، وەکو پەڕەسێلکە، لەقلەق، پێ بە قونەی سەر بە کلاو، دەنوک بێڵە، ڕەش بەشە، ڕەوڕەوە، قورینگ، قوڵە شینکە، قەل مراوی، کەڵک، ماسی خۆرکە، ماسی گرە.

## ژێربابەتی٣. قرتێنەرەکان

ئەمەیان، لە هەموو شوێنە وشکەکانی سەر رووی زەوی هەیە، جگە لە هەندێ نێوچەی هەردوو تەورگە، کە لە ژێر مەرجی ژیانی جۆراوجۆردا دەژین، وەکو ئاو، وشکانی، ژێر زەوی، لەسەر دار، چیا بەرزەکان، نێوچە سارد و بەفراوییەکان، بیابانە گەرم و وشکەکان. ئەم زیندەوەرانە لەهەر شوێنێک بن، بە خێرایی زاووزێ دەکەن.

هەندێ لە شیردەرە کێویەکانی کوردستان ئەمانەن: سنجابی، زەمبینی، مشکی دوو پای پێنج پەنجەی گچکە، مشکی دوو پای پێنج پەنجەی گەورە، کەروێشکی دەشتی، کەروێشکە مشک، مشکە کوێرە، مشکی ئاوی، مشکی موغان، گوزنی زەرد (ف)، ئاسک، ئاهو، بزنەکێوی.

## ژێربابەتی٣. دڕندە

ئەوانە خواردنی خۆیان لە ڕێگەی ڕاوکردن گیانەوەری کێوی دابین دەکەن. هەندێ لە دڕندەکانی کوردستان ئەمانەن: گورگ،

چەقەڵ، ڕێوی ئاسایی، ورچی قاوەیی، قەبر هەڵکەنە، پڵنگ، بەراز، کەمتیار، سەگاو ... هتد.

### ژێربابەتی٥. ماسی

لە کوردستاندا بە سەدان سەرچاوە و رووبار هەن. لە نێو ئەو ئاوانەدا، بە دەیان جۆر ماسی دەژین. وەلێ بە داخەوە لەبەر چاودێری نەکردنی یاسای ڕاوکردن، بەشێکیان بەرەو نەمان دەڕۆن و هەندێکی دیکەشیان، بە تەواوی لەنێوبراون. ڕاوە ماسی بە قولاپ و تۆڕ و ژەهر و بۆمبا، هەروەها بەستنی رێگەی گەڕانەوە لە ماسییەکان بۆ نێو ئاوە قوڵەکان، دوای ئەوەی ماسییەکان گەراکانیان لە ئاوە تەنکەکاندا دادەنێن. ڕاوکەری ماسی و ئەوانەی مەراقی ماسی گرتنیان هەیە، ساڵانە بە سەدان تەن ماسی ڕاو دەکەن. لە ئەستانی کرماشان، رۆژانە بە رێگەی یاسایی، پێنج تەن ماسی ڕاو دەکرێ. وەلێ لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بەبێ پرس و بە قاچاغی ڕاوە ماسی دەکەن، ئەم ژمارەیە دوو ئەوەندەی دیکە زیاد دەکات. هەندێ لەو جۆرانەی لە کوردستاندا هەن، ئەمانەن: ماسی قەرەجی، ماسی ڕەش، سس ماهی (ف)، ماسی زێڕی (کەپور)، پشیلە ماسی " هتد.

## بەشی دووەم

# جوگرافیای دانیشتوان

## سەربابەتی یەکەم
## ژمارە و دینامیک و رەوتی سروشتی دانیشتوان

### ژێربابەتی ١. ژمارە و دینامیکی دانیشتوان

شیکردنەوەی ژمارە و دینامیکی دانیشتوان، بە لێدوان لە سەرژمێری گشتی دانیشتوان و خەملاندنی دانیشتوان دەست پێدەکەم. لێرەدا باسی ساڵی ئەنجامدان و مۆتیڤی ئەنجامدان و خەسڵەتە گشتییەکان و دیاریکردنی ژمارەکان دەکەم.

**سەرژمێری دانیشتوان**

یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی زانیاری ئاماری لە سەر دانیشتواندا. هەر لەبەر ئەوەشە دەوڵەت پارەی باشی بۆ راهێنانی کادر و کارمەند و قرتاسیە و مەکینەی تایپ و چاپکردن و بڵاوکردنەوە تەرخان دەکات و لێی خەرج دەکات.

سەرەتای دەسپێکردنی پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە کوردستاندا بۆ سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەرێتەوە. لەو ساوە تاکو ئەورۆ ئەو پرۆسەیە چەندین کەرەت، لە لایەن فەرمانگەی ناونووسی وڵاتەوە، ئەنجام دراوە. سەرژمێرییەکان، لەسەر بنەمای مێژوویی و باری سیاسی کوردستان بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکەم.

**یەکەم. سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٨٣١ـ ١٩٢٧**

دەزگای نانووسکردن، لەو قۆناغەدا کە ماوەکەی نۆهەت و شەش ساڵە سێ سەرژمێری گشتی لە کوردستاندا ئەنجام داوە. واتە نێوان دوو سەرژمێری ٣٢ ساڵ بووە. لەو روانگەوە کوردستان هاوشانە لەگەڵ زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تاکو ئەو کاتە لە جیهاندا هەبوو.

### ١. سەرژمێری ساڵی ١٨٣١

یەکەمین سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٨٣١ زاینی بوو. روونتر لەو سەردەمەدا بوو کە لە کوردستاندا عوسمانییەکان دەسەڵات داربوون و ئەوروپا، لەبەر نەبوونی هیچ ئامارێکی فەرمی لە سەر دانیشتواندا، داوای ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دەکرد و پێویستی ئیمپراتۆریەت خۆی بە زانیاری ئاماری لەسەر دانیشتواندا بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەو نێرینانەی کە بۆ سەربازیکردن بانگ دەکرێن و بۆ زانینی ژمارەی ئەو خاوەن زەویانەی کە لە سەریانە باج بە دەوڵەت بدەن بۆ ئەوەی دەوڵەتیش بودجەی ساڵانەی خۆی دیاری بکات و رای بگەینی. ژمارەی دانیشتوانی رۆژئاوای کوردستان چەند هەزار کەس بوو.

### ٢. سەرژمێری ساڵی ١٨٧٦

دووەمین سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٨٧٦ زاینی ئەنجام دراوە. واتە دوای بەسەرچوونی ٤٥ ساڵ بەسەر ئەوەی یەکەمدا. دانیشتوان لەو سەرژمێرییەدا بە گوێرەی ئاین تۆمارکراون. واتە چەند لە دانیشتواندا ئیسلام و دیان و جو و هیدیکەن. ژمارەی دانیشتوانی رۆژئاوای کوردستان یەک دوو هەزار زیادیان کردووە.

### ٣. سەرژمێری ساڵی ١٨٨٤

سێیەمین سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی ١٨٨٤ زاینی ئەنجام دراوە. واتە دوای بەسەرچوونی ٨ ساڵ بەسەر ئەوەی دووەمدا. ژمارەی دانیشتوانی رۆژئاوای کوردستان یەک دوو کەرەت لە چاو ئەوانەی پێشوو زیادی کردووە و خۆی لە ملیۆنێک داوە.

### خەسڵەتەکانی سەرژمێرییەکان

هەندێک لە خەسڵەتەکانی سەرژمێرییەکانی ئەو قۆناغە خۆیان لەو خاڵانەی خوارەوە بەرچاو دەخەن.

١. دەزگـــای ناونووســـکردنی دانیشـــتوان لـــە ئیمپراتۆریـــەتی عوســـمانیدا، لەبـــەر ئـــەوەی کوردســـتان لـــە چوارچێـــوەی ئـــەو ئیمپراتۆریەتەدا بووە، سەرژمێریەکانی ئەنجامداوە.

٢. کارمەندانی ناونووسکردن، لەبەر ئەوەی پێویستییان زۆر بە ژمارەی مێینە نەبووە، مێینەیان نەنووسیوە یان پشتگوێ خستووە و ژمارەیان لەسەر ئەوانەی نێرینە خەملاندووە.

٣. سەرژمێرییەکان، تەنیا لە رۆژئاوای کوردستان، واتە بەشەکەی ژێـر دەســەلاتی ئیمپراتۆریــەتی عثمــانی، ئــەنجام دراون. واتــە پرۆسەی ناونووسین سەرانسەری نەبووە.

٤. نێرینــە لــە ترســی ســەربازی(ئیجبــاری)، بــە تایبــەتی لــە گوندەکانــدا، ئەوەنــدەی بــۆی کرابــێ خــۆی لــە ناونووســینکردن دزیتەوە.

٥. کارمەندانی ناونووسکردن، لەبەر ئەوەی لە کارەکەیان باش شارەزانەبوون، زانیاریەکانیان لەسەر تاکەکان وەکو پێویست و لە شوێنی خۆی تۆمار نەکردووە.

٦. دانیشـتوان بـە گشـتی و لـە گونـدەکان بـە تایبـەتی، لەبـەر نەزانین رۆژی لە دایکبوون و مردن و ژنهینان و لە ترسی باج و لێ رانـەهاتن و شـەرم، زانیـاری لەسـەر خـۆی و مـاڵ منداڵەکـەی بـە راست و دروست و رێک و پێکی بە ناونووسەران نەداوە.

٧. ئـەنجامی سـەرژمێرییەکان، لەبـەر نـەبوونی کـادری شـارەزا و بودجــەی پێویســت و کــەمی دەزگــای چاپەمــەنی، درەنــگ و بــە ناتەواوی و نیوەچلی بڵاوکراونەتەوە.

٨. بەشێک لە دانیشتوانی گوندەکانی دوورە دەست لەبەر خراپی رێگەوبان و درەنگ گەیشتن و نەچوونی ناونووسەر بۆیان نەکراوە ناوی خۆیان بنووسن.

٩. دانیشتوان بە ناونووسینیان ناویان لە دەفتەری ناونووسین(سجلات النفوس) تۆمارکراوە. واتە دەکومێنتێکی فەرمی، ئەوجا هەر چۆنێکی بێ با ببێ، هەبوونی لەو وڵاتەدا دەسەلمێنێ.

١٠. فەرمانگەی ناونووسینکردن و کارمەندانی لە ئەنجامی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان شارەزاییان لە کارەکەدا پەیدا کردووە و ئەوانەی دوای خۆیان فێرکردوون.

١١. فەرمانگەیێکی تازە و سەربەخۆ بە ناوی فەرمانگە و کارمەندانی ناونووسین، لە زۆربەی سەنتەری یەکە ئیدارییەکانی وڵات وەکو متصرفیە و قەزا و ناحیە، دەستییان بەکارکرد.

١٢. ئەنجامدانی ناونووسین لەو ساڵانەی کە دەوڵەت بە پێویستی دەزانی و بودجەی پێ دابین دەکرێ. واتە ژمارەی ساڵانی نێوان دوو سەرژمێری دەست نیشان نەکراوە.

١٣. دەفتەری نفوس یان بە ناوێکی دیکەوە بریتی بوو لە کاغەزێکی ئەستووری قەدکراوی رەنگ سوور. ناو و تەمەن و شوێنی لە دایکبوون و دیانەت و رەگەز و هاوسەری و زانین و نەزانینی خوێندن و شوێنی وێنە(دەفتەر نفووسی ژنان وێنەی لێ نەدەدرا) و مۆری پەنجەی گەورە لە پشتی قەدی یەکەم دەنووسراوە.

**دووەم. سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٢٧ـ ٢٠٠٩**

دەزگایەکانی ناونووسکردن بەکەمێ جودا بە ناو و بە یەک ناوەرۆک لە چوار پارچەی کوردستاندا، لە هەشتا ساڵی بۆریدا ٣٣ سەرژمێرییان، لەژێر سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی جودادا ئەنجام داوە. ژمارەی سەرژمێرییەکان لە پارچەکانی کوردستاندا وەکو یەک نییە و نەخشەکە تاکو دواترینیان بەو شێوە بوو: باکوور ـ ١٣ کەڕەت. باشوور ـ ٨ کەڕەت. رۆژهەڵات ـ ٦

کەڕەت رۆژئاوا ـ ٤ کەرەت. واتە نێوان دوو سەرژمێری لە سێ ساڵ کەمتر بووە. ئەوە خۆی لە خۆیدا، نەوەک هەر بۆ کوردستانێکی داگیرکراو و ئابووری دواکەتوو، بەڵکو بۆ هەر وڵاتێکی سەر ئەو زەمینە نۆرمال نییە. ئەوەی لە کوردستاندا کراوە ئەنجامی داگیرکردن و دابەشکردن بووە.

**خەسڵەتەکانی سەرژمێرییەکان**

هەندێک لە خەسڵەتەکانی سەرژمێرییەکانی ئەو قۆناغە خۆیان لەو خاڵانەی خوارەوە بەرچاو دەخەن.

١. سەرژمێرییەکان لە یەک ساڵدا نەکراون و چەند ساڵێک یەک پێش یەک ئەنجام دراون.

٢. زانیاریە ئامارییەکان، بەبێ چوار پرۆسەی حسابی، واتە زیادکردن و دەرهێنان و لێکدان و دابەشکردن، ناکرێن بە هی ساڵێک.

٣. نێوان سەرژمێرییەکان، لە پێنج ساڵ بۆ دە ساڵ بووە. وەلێ لەو ساڵانەی دوایدا، دەزگا ئامارییەکان، لەبەر درەنگ بڵاوکردنەوە و خەرجی زۆر و پێ رانەگەیشتن، پەیرەوی لە دە ساڵ جارێک دەکەن.

٤. پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێریەکان، لە ئەنجامی پەیداکردنی شارەزایی لە مەیدانی ئاماردا، بەرەو باشی دەچێ. کەموکوڕیەکانی سەرژمێری پێشوو ئەوەندەی لە دەست بێ لە وەی پاشی دووبارە ناکرێنەوە.

**خامڵاندنی دانیشتوان**

یەکێکە لەو میتۆدانەی کە جوگرافیازان لە مەیدانی دانیشتواندا، بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوان و کۆچکردن و سامانی کار بەکاری دەهێنی. خامڵان، لەبەر یەک نەبوونی ساڵ و گیربوون سەرژمێری گشتییەکان و دەست نەکەوتنی ئاماری تازە، بۆ

کوردستان، یەکجار پێویستە. بێ خامڵاندن نووسین لەسەر دانیشتوان پەکی دەکەوی.

خامڵاندن لە کوردستاندا، وەکو وڵاتی دیکەی جیهان، لەسەر بنەمانی ئاماری سەرژمێری و فۆرمولەکانی کە لە لایەن هۆبەی دانیشتوان لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار دەهێندرێ، ئەنجام دەدرێ. واتە خامڵاندنەکە لەسەر بنەمایێکی زاستی دەکرێ.

**ژمارەی دانیشتوانی کوردستان**

ئەوەیان ساڵ لە دوای ساڵ لە زیادبوون دایە. زیادەکە لە هەشتا و سێ ساڵی بۆریدا(١٩٢٧ – ٢٠١٠) ٣٩٥٢٨ هەزار کەس بوو. بڕوانە خشتەی ٨. بەشی هەرەزۆری زیادبوونەکە لە ئەنجامی جولەی سروشتی دانیشتوان بووە. بەشەکەی دیکە بەرهەمی نیشتەجێکردنی بیانی و کۆچکردنی دەرەوە رووی داوە.

**ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی هەرێمەکان**

کوردستان لە رۆژی ئەورۆدا، لە لایەن چوار دراوسێیەکەی بە بێ خواستی کوردستانییان و لە ئەنجامی شەڕو و پێکدادان و پەیمانەکانی نێوان دەوڵەتی صەفوی و عثمانی و وڵاتانی هاوپەیمان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا (پەیمانی لۆزان) لە لایێکەوە و تورکیای تازە کراوە بە چوار هەرێمی جودا بە رووپێو و ژمارەی دانیشتوان. لە خوارەوە ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمەکاندا، لەسەر بنەمای سەرژمێری گشتی دانیشتوان، شیدەکرێنەوە.

**هەرێمی باکوور**

هەوەل سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە هەرێمی باکووردا لە ساڵی ١٩٢٧ دا و دواترنیش لە ساڵی ٢٠٠٠دا کراوە. بە گشتی لەو هەرێمەدا لە ٧٣ ساڵی بۆریدا ١٤ سەرژمێری ئەنجام دراوە. دەزگای ئاماری پەنجاو پێنج ساڵ (١٩٣٥ ـ ١٩٩٠) رەچاوی پێنج

خشتەی ٨

ژمارە و دینامیکی دانیشتوانی کوردستان
١٩٢٥ - ٢٠١٠

| ساڵ | دانیشتوان هەزار | زیادبوون ڕەها | زیادبوون ڕێژە | ناوەندی گەشە کردنی ساڵانە (لە سەددا) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٢٥ | ٤٣٨٦ | ..... | ..... | ..... |
| ١٩٣٠ | ٥٥١٠ | ١١٢٤ | ١٢٥,٦ | ٤,٦ |
| ١٩٣٥ | ٦٢٠١ | ٦٩١ | ١١٢,٥ | ٢,٤ |
| ١٩٤٠ | ٦٨٢٣ | ٦٢٢ | ١١٠,٣ | ١,٩ |
| ١٩٤٥ | ٧٤٤٥ | ٦٢٢ | ١٠٩,١ | ١,٨ |
| ١٩٥٠ | ٨٦٠٠ | ١١٥٥ | ١١٥,٥ | ٢,٩ |
| ١٩٥٥ | ٩٧٥٠ | ١١٥٠ | ١١٣,٤ | ٢,٥ |
| ١٩٦٠ | ١١٤٣٣ | ١٦٨٣ | ١١٧,٣ | ٣,٢ |
| ١٩٦٥ | ١٢٩٨٦ | ١٥٥٣ | ١١٣,٥ | ٢,٦ |
| ١٩٧٠ | ١٥١١١ | ٢١٢٥ | ١١٦,٤ | ٢,٥ |
| ١٩٧٥ | ١٧٤٢٨ | ٢٣١٧ | ١١٥,٣ | ٢,٩ |
| ١٩٨٠ | ٢٠١٨٦ | ٢٧٥٨ | ١١٥,٨ | ٣,٠ |
| ١٩٨٥ | ٢٣٥١٩ | ٣٣٣٣ | ١١٦,٥ | ٣,١ |
| ١٩٩٠ | ٢٦٣٩١ | ٢٨٧٢ | ١١٢,٢ | ٢,٣ |
| ١٩٩٥ | ٣١٠١٥ | ٤٦٢٤ | ١١٧,٥ | ٣,٢ |
| ٢٠٠٠ | ٣٥٢٤٧ | ٤٢٣٢ | ١١٣,٦ | ٢,٦ |
| ٢٠٠٥ | ٣٩٥٧٩ | ٤٣٣٢ | ١١٢,٣ | ٢,٣ |
| ٢٠١٠ | ٤٣٩١٤ | ٤٣٣٥ | ١١٠,٩ | ٢,١ |

ساڵەی لە نێوان سەرژمێرییەکان کرد. وەلێ ئەوە بیست ساڵە(١٩٩٠ ـ ٢٠١٠) لەبەر پێ ڕانەگەیشتن و خەرجی زۆر و تاکو رادەیێکیش پێویست نەبوون، نێوان سەرژمێرییەکانی بۆ دە ساڵ درێژکردووە. هەڵە لە ژمارەکان، بە دەگمەن نەبێ، لە نووسینەوەی ژمارەکان و لەسەرچاوەی جودا رووی نەداوە.

ئەنجامی سەرژمێرییەکان، لە بەرگێکی تایبەتدا و هی هەر یەک لە ئەستانەکان لە هی یەکێکی سەربەخۆدا بڵاوکراونەتەوە.

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی باکوور، لە حەفتا و سێ ساڵی رابردوودا (١٩٢٧ – ٢٠٠٠) ١١ ملیۆن و ٦١٥ هەزرا کەسی زیاد کردووە، تێکڕای زیادبوونی ساڵانەش ٢.٩ بوو. هۆیەکە، بێ گومان، بۆ زیادەی سروشتی و کۆچکردنی دەرەوە دەگەرێتەوە. زیادبوونەکە ئەگەر هەرێم ئارامی بە خۆوە بینیبوایە و ئەوەندە خەڵک بە دەستی سوپای تورک لە چیایەکانی کوردستاندا تیرۆرنرکرابونایە، زیاتر دەبوو.

**ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی ئەستانەکان**

ژمارەی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا، لەبەرجیاوازی رووپێو و چەشنی چالاکی ئابووری(کشتوکال. پیشەسازی. خزمەتگوزاری) و باری رامیاری و شوێنی جوگرافی جودایە. بڕوانە خشتەی ٩

شانلی ئورفا بە دانیشتوانترین(ساڵی ٢٠٠٠ ـ ١٤٤٣ هەزار کەس) ئەستانە لە باکووری کوردستاندا. دوای ئەو دیاربەکر(١٣٦٣ هەزار کەس) و گازی ئانتاپ(١٢٨٥ هەزار کەس). زۆرری دانیشتوان دەگەرێتەوە بۆ: زیادکردنی بەرهەمی ساڵانەی بەروبوومی کشتوکاڵ لە یەک هێکتار زەویدا، بەهێزبوونی توانای چاندن، گۆڕینی سروشت و شێوەی چاندن لە کشتوکاڵکردندا بە شێوەیەکی فراوان، بۆ کشتوکاڵکردن بە شێوەیەکی چڕتر، واتا چاندنی بەرهەمی پیشەسازی و ئالیکی بۆ ئاژەڵ، لە جیاتی گەنم و جۆ، کۆچکردن لە هەندێ ئەستانەکانی دیکەوە، بۆ ئەم یەکە ئیدارییانەوە.

ئەستانی تونجەلی تاقە ئەستانە لە هەرێمی باکووردا، کە ژمارەی دانیشتوانی لە شوێنی ئەوەی وەکو ئەستانەکانی دیکە، زیاد بکات کەم دەکات. بە نموونە، کەمبوونەکە لە دە ساڵی

خشتەی ٩

## ژمارە و دینامیکی دانیشتوانی کوردستان
## بە گوێرەی ئەستانەکان(سەرژمێری)

| ئەستان | دانیشتوان | | زیادبوون | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٩٠ | ٢٠٠٠ | ڕەها | تێکڕایی زیادبوونی ساڵانە ٠/٠٠ |
| ئادیەمان | ٥١٠٨٢٧ | ٦٢٣٨١١ | ١١٢٩٨٤ | ١٩,٩٨ |
| ئاگری | ٤٣٧٠٩٣ | ٥٢٨٧٤٤ | ٩١٦٥١ | ١٩,٠٣ |
| ئەرزنجان | ٢٩٩٢٥١ | ٣١٦٨٤١ | ١٧٥٩٠ | ٥,٧١ |
| ئەرزوروم | ٦٣٧٦١٧ | ٧٤٢٤٨٩ | ١٠٤٨٧٢ | ١٠,٠٠ |
| ئەلازیغ | ٤٩٨٢٢٥ | ٥٦٩٦١٦ | ٨٠٣٩١ | ١٣,٣٩ |
| ئۆسمانییە | ٣٨٤١٠٤ | ٤٥٨٧٨٢ | ٧٤٦٧٨ | ١٧,٧٦ |
| ئیغدیر | ١٤٢٦٠١ | ١٦٨٦٣٤ | ٢٦٠٣٣ | ١٦,٧٦ |
| باتمان | ٣٤٤١٢١ | ٤٥٦٧٣٤ | ١١٢٦١٣ | ٢٨,٣٠ |
| بیتلیس | ٣٣٠١١٥ | ٣٨٨٦٧٨ | ٥٨٥٦٣ | ١٦,٣٣ |
| بینگۆڵ | ٢٤٩٠٧٤ | ٢٥٣٧٣٩ | ٤٥٥٥ | ١,٨٦ |
| تونجەلی | ١٣٣٥٨٤ | ٩٣٥٨٤ | ٤٠٠٠٠- | ٣٥,٥٨- |
| دیاربەکر | ١٠٩٦٤٤٧ | ١٣٦٢٧٠٨ | ٢٦٦٢٦١ | ٢١,٧٣ |
| سییرت | ٢٤٣٤٣٥ | ٢٦٣٦٧٦ | ٢٠٢٤١ | ٧,٩٨ |
| شانلی ئورفا | ١٠٠١٤٥٥ | ١٤٤٣٤٢٢ | ٤٤١٩٦٧ | ٣٦,٥٥ |
| شرناک | ٢٦٢٠٠٦ | ٣٥٣١٩٧ | ٩١١٩١ | ٢٩,٨٦ |
| کاهرامانمارش | ٧٥٠٦٠٦ | ٨٦٨٦١٥ | ١١٨٠٠٩ | ١١,٤١ |
| کیلیس | ١٣٠١٩٨ | ١١٤٧٢٤ | ١٥٤٧٤ | ١٢,٦٥- |
| گازی ئانتاپ | ١٠١٠٣٩٦ | ١٢٨٥٢٤٩ | ٢٧٤٨٥٣ | ٢٤,٥٠ |
| ماردین | ٥٥٨٢٧٣ | ٧٠٥٠٩٨ | ١٤٦٨٢٥ | ٢٣,٣٤ |
| مالاتیا | ٧٠٤٣٥٩ | ٨٥٣٦٥٨ | ١٤٩٢٩٩ | ١٩,٢٣ |
| موش | ٣٧٦٥٤٣ | ٤٥٣٦٥٤ | ٧٧١١١ | ١٨,٦٣ |
| هەکاری | ١٧٢٤٧٩ | ٢٣٦٥٨١ | ٦٤١٠٢ | ٣١,٥٩ |
| ڤان | ٦٣٧٤٣٣ | ٨٧٧٥٢٤ | ٢٤٠٠٩١ | ٣١,٩٦ |
| هاتای | ١٨٧٦٥٩ | ٢١٠٢٤٠ | ٢٢٥٨١ | |
| سیڤاس | ٣٢٧١٩ | ٢٣٣١٣ | ٩٤٠٦- | |
| کارس | ١١٠٩٤٧ | ١٠٥٩٣٤ | ٥٠١٣- | |
| سەرجەم | ١١٢٤١٥٦٧ | ١٣٧٥٩٢٤٥ | ٢٥١٧٦٧٨ | ٢٠,٤١ |

دریژەی خشتەی ٩

| ئەستان | ساڵی١٩٩٦ | ساڵی ٢٠٠٦ | ڕەها | تێکڕایی زیادبوونی ساڵانە لە سەددا |
|---|---|---|---|---|
| آذربایجان غربی | ٢٤٩٦٣٢٠ | ٢٨٧٣٤٥٩ | ٣٧٧١٣٩ | ٠، ٨١ |
| ایلام | ٤٨٧٨٨٦ | ٥٤٥٧٨٧ | ٥٧٩٠١ | ١,١٣ |
| چهار محال و بختیاری | ٧٦١١٦٨ | ٨٥٧٩١٠ | ٩٦٧٤٢ | ١,٢٠ |
| کردستان | ١٣٤٦٣٨٣ | ١٤٤٠١٥٦ | ٩٣٧٧٣ | ٠,٦٨ |
| کرمنشاه | ١٧٧٨٥٩٦ | ١٨٧٩٣٨٥ | ١٠٠٧٨٩ | ٥٥،٠ |
| کهگیلویه و بویر احمد | ٥٤٤٣٥٦ | ٦٣٤٢٩٩ | ٨٩٩٤٣ | ١,٥٤ |
| لرستان | ١٥٨٤٤٣٤ | ١٧١٦٥٢٧ | ١٣٢٠٩٣ | ٠,٨٠ |
| لە بوشهر | ٩٤٦٩٦ | ١١٢٨٦٩ | ١٨١٧٣ | ١,٧٧ |
| لە خوزستان | ١٦٢٩٤٧١ | ١٨٥٩٠٣٤ | ٢٢٩٥٦٣ | ١,٣٣ |
| لە فارس | ٢٠٣٨٣٠ | ٤٣٢٨٧٢ | ٢٢٩٠٤٢ | ١,٢٨ |
| سەرجەم | ١٠٩٢٧١٤٠ | ١٢٣٥٢٢٩٨ | ١٢٢٣٧٤٢ | ١,٢٣ |
| **ئەستان** | **ساڵی ١٩٨٧** | **ساڵی٢٠٠٧ خ** | **ڕەها** | ..... |
| دهۆک | ٢٩٣٣٠٤ | ٥٠٥٣٤٢ | ٢١٢٠٣٨ | ٢,٥٧ |
| سلیمانی | ٩٥١٧٢٣ | ١٨٩٤١٢٣ | ٩٤٢٤٠٠ | ٣,٥٠ |
| کەرکوک | ٦٨٧٤٧٢ | ١٠٦٥٢٤١ | ٣٧٧٧٦٩ | ٢،٢١ |
| هەولێر | ٧٧٠٤٣٩ | ١٥٤٢٣٤٩ | ٧٧١٩١٠ | ٣,٥٣ |
| نەینەوا | ١٣٥٦٢٦٨ | ٢٤١٨٤٨٢ | ١٠٦٢٢١٤ | ٢,٩٣ |
| لە دیالا | ٣١٨٨٦٥ | ٥٧٢٥٩٣ | ٢٥٣٧٢٨ | ..... |
| لە واسط | ٨٦٢٦ | ٩٣١٣ | ٦٨٧ | ..... |
| سەرجەم | ٤٣٨٦٦٩٧ | ٨٠٠٧٤٤٣ | ٣٦٢٠٧٤٦ | ٣,٠٥ |

بۆریدا(١٩٩٠ـــ ٢٠٠٠) ٤٠ هەزار کەس بوو. فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ: بۆ خۆ ناونووس نەکرد بە دەستی ئانقەست بۆ ئەوەی نە بە تورک و نە بە هاونیشتمانییانی تورکیا لەقەڵەم

بدرێ. ناونووسنەکردنی ئەوانەی لەگەڵ ئەندامانی دیکە، بۆ کوردستان لە شاخدان.

ئەستانەکانی دیکەی باکووری کوردستان، بە گوێرەی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا بەو شێوە ڕێژیان گرتبووو: ڤان(٨٧٧ هەزار کەس). کاهرامانمارش(٨٦٨ هەزار کەس). مالاتیا(٨٥٤ هەزار کەس). ئەرزوروم(٧٤٢ هەزار کەس). ماردین(٧٠٥ هەزار کەس)... هتد.

**هەرێمی باشوور**

یەکەم سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە هەرێمی باشووردا، لە ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا بوو. دواترنیشیان لە ساڵی ١٩٨٧ دا بوو. واتە لە شێت ساڵدا بە هەمووی حەوت سەرژمێری لەو هەرێمەدا کراوە. هەندێک لە خەسڵەتەکانی سەرژمێری ئەوانەی خوارەوەن.

١. دەزگای ئاماری لە هەرێمی باشووردا، بە گوێرەی یاسای وڵات، دەبووایە هەر دە ساڵ جارێک ئەو کارەی بکردابوایە و ڕەچاوی دە ساڵەی لە سەرژمێرێک بۆ یەکی دیکە بکردابوایە. وەڵی سێ کەرەت و لەسەردەمی جودادا کاری بە گوێرەی یاسا نەکردووە.

یەکەم. سەرژمێری گشتی پێنجەم کە دەبوایە لە ساڵی ١٩٦٧دا بکرابوایە. وەلێ لەبەر هەندێ هۆکاری سەربازی وەکو دەستپێکردنی شۆڕشی ١١ ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١دا و دامەرزراندی هێزی پێشمەرگە و مەرامی ڕامیاری وەکو پرۆپاگەندەی عێراق دژی کوردستان، دوو ساڵ پێشخرا و لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەنجامدراوە.

دووەم. سەرژمێری هەشتەم کە لە ساڵی ١٩٩٧دا، لەبەر ئەوەی عێراق ڕەزامەندی لەسەر گەڕاندنەوەی نێوچە دابڕیندراوەکان بۆ ژێر کۆنترۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدا، لە سێ ئەستانی(هەولێر. سلێمانی. دهۆک) باشووریی کوردستان نەکراوە.

سـێیەم. حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـتان، لـــە دوای ســـاڵی ١٩٩١ بـەدواوە، داوای سـەرژمێری گشـتی لـە عێـراق دەکـات. وەلـێ عێـراق ئـەوە بیسـت سـاڵە بـە هەنجـەتی ئامادەنـەبوونی کاربـەدەسـتانی ئەسـتانـەکان و بـاری نالـەباری رامیـاری وڵات و پرۆپاگەنـدەی بـێ بنـــەمای وەکـــو دەســـت تێـــوەردانی پێشـــمەرگە لـــە کارەکـــانی سەرژمێریدا، بە دەنگـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان نـەهاتووە و لـە مـەش بـەدواوە، لەبـەر ئـەوەی دڵنیایـە لـەوەی کـە زۆربـەی هـەرەزۆری دانێشـتوانی نێوچـە دابڕینـدراوەکان، نکـۆڵی لـە کـورد بـوونی خۆیـان ناکـەن و بـە کـورد نـاوی خۆیـان لـە دەفتـەری ناونووسین(سجلات احصائية) تۆمار دەکەن.

٢. سـەرلـەبـەری ئـەنجامـەکانی سـەرژمێریـەکان، وەکـو بـۆ تـوێژەران دەرکـــەوتووە، لـەگـــەڵ راســتیدا یـــەک ناگرنـــەوە. هۆکارەکـــانیش ئەمانـەن: بـاری نـا ئـارامی کـە بـە درێژایـی هەشـتاو پێـنج سـاڵە عێـراق لـە باشـووریی کوردسـتاندا خوڵقاندوویـەتی. هەڵقەنانـدنی دانیشتوان، بـە تایبـەتی گوندنیشـەکان، لـە زیـدی خۆیانـدا. پشتگوێ خسـتنی ناونووسـکردنی دانیشـتوانی ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشمەرگە و هۆکاری دیکە.

ژمـارەی دانیشـتوانی هـەرێمی باشـوور، لـە هەشـتا سـاڵی بۆریـدا (١٩٢٧ – ٢٠٠٧) ٧ ملیۆن و ١٠٣ هـەزرا کـەسی زیاد کـردووە، تێکـڕای زیـادبوونی سـاڵانـەش ٢.٩ بـوو. هـۆی ئـەم زیادبوونـەش زیـاتر بـۆ زیـــادبوونی سروشـــتی دانیشـــتوان و نێشـــتەجێکردنی عێراقـــی بـــە زۆرەملـــی. عێـــراق هـــەر لـــە ســـەرەتایی لکانـــدنی باشـــووریی کورستان(ولایـەتی موسڵ) لـە ساڵی ١٩٢٥، دەستی بـەو کارە کردووە. بـە نـاوی نیشتـەجێکردنی عارەبی بـەدوو و پـڕۆژەی ئـاوی حـەویجـە و بـــەکارهینانی زەوی کشـــتوکاڵی ئـــەمیری پاراســـتنی ئاسایشـــی

مەیدانــەکانی نــەفت و پاراســتنی ســنوور لــە هــاتووچۆی بــەناو تێگدەرەکان(المخربین) و هۆکاری دیکە.

ژمارەی زیادبوون گەلێ زیاتر دەبوو، ئەگەر بهاتایە ڕەوشی ڕامیاری هێمن بووایە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان دەربەدەر و ئــاوارەی دەرەوە نەکرانایــە و بــۆ عێــراق ڕانەگوێزرانایەتــەوە و بێسەروبن نەکرانایە، خەڵکی بە کۆمەڵ نەکوژرانایە و چەکی کیمیاوییان دژی دانیشتوان بەکار نەهێنایە.

**ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی ئەستانەکان**

ژمارەی دانیشتوان، لە ئەستانێک بۆ ئەستانێکی دیکە، کەم و زیادی هەیە. بڕوانە خشتەی ٩

ئەستانی نەینەوا، بە ژمارەی دانیشتوان(ساڵی٢٠٠٧ – ٢٤١٨ هەزار کەس) ، لە ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستان بە دانیشــتوانترە. هۆیەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ: فروانــی رووپێــو و سەنتەرێکی گەورەی خوێندن و بازرگانی و هاتوچۆ و شوێنگەی جوگرافی و نیشتەجێبوونی عێراقی و سوری و کۆچکردنی دەرەوە. ژمــارەی دانیشــتوان زیــاتر دەبــوو ئەگــەر بــە هــەزارەها لــە دانیشتوانەکەی لە کورد و ئاسووری و کلدانی و سریانی، بە خورتی و بە تۆقاندن بۆ ئەستانەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوە کۆچییان پێ نەکرابوایە.

ئەستانەکانی دیکەی باشووریی کوردستان بە گوێرەی ساڵی ٢٠٠٧ بەو شێوە ڕیزیان گرتبوو(خەملاندن): سلێمانی(١٨٩٤ هەزار کەس). هەولێر(١٥٤٢ هەزار کەس). کەرکوک(١٠٦٥ هەزار کەس)، دیالا(٥٨٣ هەزار کەس). دهۆک(٥٠٥ هەزار) کەس.

**هەرێمی ڕۆژهەڵات**

یەکەم سەرژمێری گشتیی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتدا، لە ساڵی ١٩٥٦دا کــرا. واتــە بیســت و نــۆ ســاڵ دوای هــەرێمی بــاکوور و

باشووردا. واتە لە پەنجا ساڵدا بە هەمووی پێنج سەرژمێری لەو هەرێمەدا کراوە. هەندێک لە خەسڵەتەکانی سەرژمێری ئەوانەی خوارەوەن.

١. دەزگای ئاماری دانیشتوان، هەر دە ساڵ جاریک دانیشتوان ناونووس دەکات.

٢. ئەنجامی گشتی سەرژمێریەکان لە بەرگێکدا و هی ئەستانەکان بە جودا، دوای چەند ساڵ، بڵاودەکرێتەوە.

ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی رۆژهەڵاتدا، لە پەنجا ساڵی بۆریدا(١٩٥٦ ـ ٢٠٠٦) ٨ ملیۆن و ٧٨٩ هەزار کەس زیادی کردووە. تێکڕای زیادبوونی ساڵانە، ٠/٠٣،٢ بوو. هۆی زیادبوون، وەکو هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، بۆ زیادەی سروشتی و کۆچی دەرەوە و تۆمارکردنی لە دایکبوون لە کاتی خۆیدا، بۆ ئەوەی لە کۆبۆنی خواردن و شتی دیکە بێ بەش نەکرێ و ناونووسکردنی ئەوانەی، کە لە سەردەمی خۆیدا لەبەر دووریی و کۆچکردن لە بیرکرابوون.

**ژمارەی دانیشوان بە گوێرەی ئەستانەکان**

ژمارەی دانیشتوان، لە ئەستانەکانی ئەو هەرێمەدا، بەگوێرەی رووپێو و چەشنی چالاکی ئابووری(کشتوکاڵ. پیشەسازی. خزمەتگوزاری)، یەک لە یەکێ کەم و زیاترە. بڕوانە خشتەی ٩

ئەستانی آذربایجان غربی، بە ژمارەی دانیشتوان(ساڵی ٢٠٠٦ ـ ٢٨٧٣ هەزار کەس) لە بەرایی ئەستانەکانی دیکەی ئەو هەرێمە بوو. ئەستانەکانی دیکەی هەرێمی رۆژهەڵات، بە گوێرەی ئەنجامی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٦ بەو شێوە ریزیان بەستبوو: کرمنشاه( ١٨٧٩هەزار کەس). لرستان(١٧١٧هەزار کەس). کوردستان(١٤٤٠هەزار کەس). چهارمحال و بختیاری(٨٥٨ هەزار

کەس). کهگیلویە و بویر احمد(٦٣٤هەزار کەس). ایلام(٥٤٦ هەزار کەس).

**هەرێمی ڕۆژئاوا**

دەزگای ئاماری لە ساڵی ١٩٦٠دا، بۆ جاری یەکەم لە هەرێمی ڕۆژئاوادا سەرژمێری گشتی کرد. لە پاشاندا، هەر دە ساڵ جارێ ئەو کارەی دووبارە دەکاتەوە. وەلێ لەبەر هۆی ئیداری سەرژمێری چوارەمی، ساڵێک دوای کاتی خۆی ئەنجامدا.

ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی ڕۆژئاوادا، لە چل و چوار ساڵی بۆریدا (ساڵی ١٩٦٠ – ٢٠٠٤) ٩٦٠ هەزار کەس زیادی کردووە. تێکڕای زیادبوونی ساڵانەش ٠/٠٣،٢ بووە. واتە کەمێکی لە تێکڕای گشتیی زیاترە. هۆی زیادبوونی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ زیادەی سروشتی دانیشوان و کۆچکردنی دەرەوە. زیادەکە لەوە زیاتر دەبوو، ئەگەر دەوڵەتی سوریا، هەزاران دانیشتوان، کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن، بە بیانۆی ئەوەی دایک و باوکییان لە باکووری کوردستانەوە خزاونەتە ناو ئەو هەرێمەوە.

**ژمارەی دانیشتوانی بە گوێرەی قەزایەکان**

ژمارەی دانیشتوان لە قەزاییێک بۆ قەزاێکی دیکە کەمێک لێک جودایە. بڕوانە خشتەی ٩

قامشلی(ساڵی ٢٠٠٤ ـ ٤٠٥ هەزار کەس) بە دانیشتوانترین قەزای هەرێمی ڕۆژئاوا بوو. هۆیەکەی، وەکو ئەستانەکانی هاوشێوە لە کوردستاندا، بۆ فرەوانی ڕووپێو و چەشنی چالاکی ئابووری و شوێنگەی جوگرافی دەگەڕێتەوە.

قەزایەکانی دیکە، بە گوێرەی خەملان لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بەو شێوە ڕێزیان گرتبوو: عفرین ( ٢٢٩هەزارکەس). عین العرب(٢٢٧ هەزار کەس). راس العین (١٨٨هەزار کەس). المالکیە(١٨٤هەزار کەس). تل ابیض(٤٩ هەزار کەس).

## ژێربابەتی ٢. ڕەوتی سروشتی دانیشتوان

جولەی سروشتی دانیشتوان یاخود زاوزێکردنی دانیشتوان، لە جیاوازیی نێوان ژمارەکانی زان و مردندا دەردەکەوێ، واتا لە هەر هەزار کەسدا، ساڵانە چەند لە دایک دەبێ و چەندیان لێ دەمرێ.

زان و مردن، ئەگەرچی دوو دیاردەی جیاوازی بایۆلۆجین ، وەلێ بەرزی و نزمییان بەندە بە فاکتەری ئابووری(ئاستی پێشکەوتنی پیشەسازی. جۆری کشتوکاڵ) و کۆمەڵایەتی (ئاستی خویندن، شوێنی ژیان لە شار یا گوند) و سیاسی(ئارامی. شەڕوشۆڕ) و هیدیکە.

جولەی سروشتی دانیشتوان، بە گوێرەی ئامارەکانی بەردەست و لەبەر چاوگرتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵک دەکرێ لە رۆژی ئەوڕۆدا بە ٠/٠٠٢٠ دابندرێ. رێژەکە هاوشێوەی هی وڵاتانی ئابووری دواکەوتووە و زۆر بەرزە. هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ بەرزی ئاستی زان و نزمبوونی ئاستی مردن ساڵ لە دوای ساڵدا.

**ئاستی لە دایکبوون و مردن و ئەو هۆکارانەی کاریان تێدەکات.**

توێژینەوەی زانستی لە ئاستی زان و مردن، لە هەر وڵاتێکدا، بۆ ئەوەی نەخشەیکی دروست بخرێتە بەرچاو، پێویستی بە ئاماری زیندوو هەیە. واتا ژمارەی ئەوانەی لە ساڵێکدا لە دایک دەبن و ئەوانەی لە هەمان ساڵدا دەمرن. ئەو چەشنە ئامارانە، لە کوردستاندا هێشتا بە قەدەر پێویست نیە و ئەوانەی هەشن، هەر ئەوانەن کە لە مامانخانە و نەخۆشخانەکانی سەنتەری ئەستانەکاندا تۆمارکراون. هەندێک لە خەسڵەتەکانی ئاماری زیندوو لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن:

١. زۆربەی ژنان، لە ژێر چاودێری دکتۆردا منداڵیان نابێ. واتا لە دەرەوەی مامانخانەکان سکەکەیان دادەنێ. کەوابێ تۆمارکردنی

تازە لە دایکبووەکان بۆ رۆژی خۆی دوا دەخرێ. ئەگەر کۆرپەکەش بە مردوویەتی ببێ یان زوو بمری ئەوە هەر تۆمار ناکرێ.

٢. دەوڵەت کۆمەکی منداڵ بەو دایکوباوکانە نادات کە کارمەندی دەوڵەت نین. کەوابێ منداڵ تاکو تەمەنی قوتابخانە پێویستی بە هیچ جۆرە شناسنامە نییە. ئەوانەی دەشمرن پێویستیان بە بەڵگەنامە نامینێ.

٣. ناشتنی مردوو و شوێنی گۆڕەکەی، لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێندا، بە خۆڕاییە پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی دەزگایەکی فەرمی نییە.

٤. دایکی دووگیان، لە پێش سکدانان و دوای سکدانان، نە خۆی و نە منداڵەکەی، چاوی بە دکتۆری ژنان و منداڵان ناکەوی. کەوابێ تۆمارکردنی کۆرپەکەی جارێ پێویست نییە.

٥. تۆمارکردنی منداڵ، بۆ ئەو دایکوباوکانەی کە لە گوندەکان دەژین و هەندێ لەوانەی لە شارەکانیش نیشتەجێن، خەرجێکی زیادە.

٦. زانیاری ئاماری، لەبەر نەبوونی سەنتەری لێکۆڵینەوەی تەندروستی، لە مەر لە دایکبوون و مردن، هێشتا لە کوردستاندا نەبووە بە شتێکی پێویست.

## یەکەم. ئاستی لەدایکبوون

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی جیهان کە بەتەواوی قۆناغی پەقینەوەی دانیشتوانی نەبریوە. واتە هێشتا لە دایکبوون لە ئاستی سروشتیدا ـ بەرزیدا ـ ماوەتەوە. رێژەی زان لە نێو دانیشتوانی کوردستاندا، لە ساڵی ٢٠١٠دا، بە گوێرەی مەزندە، نابی لە ٠/٠٠٤٨ کەمتر بێ. ئەو رێژەیە لە هی وڵاتانی باشووری ـ رۆژئاوای ئاسیا، وەکو تورکیا (٠/٠٠٢٠) و ئێران (٠/٠٠٤٢) و عێراق

(٠/٠٠٤٣) و سوریا (٠/٠٠٤٤) زیاترە و یەکێکە لە بەرزترین ڕێژەی زان لە جیهاندا.

بەرزی ئاستی زان لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری بیۆلۆجی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە خوارەوە یەک بە یەک شیان دەکەمەوە.

**١. هۆکاری بیۆلۆجی**

هەندێک لە هۆکارەکانی بیۆلۆجی لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

ء. بەرزی توانای زاوزێکردن

توانای زاوزیکردنی ژنان لە کوردستاندا بەرزە. واتە هەر ژنێک بە درێژایی تەمەنی زاوزێکردن دەتوانی تاکو دووازدە سکان بکات. وەلێ ئەو توانستە بیۆلۆجییە لەبەر هۆکاری نە بیولۆجی وەکو ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسی بەتەواوی سوودی لێ نابیندرێ. لەبەر ئەوە زۆربەی ژنان تاکو نۆ منداڵ سک دەکەن و دواتر دەکەونە قۆناغی ئاوەسو. واتە لە سککردن وەستان.

ب. تەمەنی زاوزێکردن

ئەوەیان لە کوردستاندا لە تەمەنی بیست ساڵ کەمتر دەست پێ دەکات. ئەو تەمەنە بۆ کچ و کوڕ بە پێزترین قۆناغی زاوزێکردنە لە ژیانی ئینساندا. لەبەر ئەوەی ئەندامانی لەش تازە کەوتوونەتە جموجۆڵ کردن.

**٢. هۆکاری کۆمەڵایەتی**

هەندێک لە هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. ژنهێنانن و شووکردن لە کوردستاندا، لە تەمەنێکی زووی مێردمنداڵیدا دەست پێ دەکات. کوڕان لە هەژدە ساڵیدا ژن

دەهێنن و کچان لە شازدەساڵییەوە دەست بە مێردکردن دەکەن. مۆتیڤەکەی بۆ نەبوونی ژیانی سکسی ئازاد دەگەرێتەوە.

٢. کوڕی تەمەن بیست و پێنج ساڵ کە پیرەکوڕی و کچی تەمەن بیست و سێ ساڵ کە گەورە کچ (قەیرە کچ) یان پێ دەگوترێ هەمیشە تانەیان لێ دەدرێ و بە چاویان دادەرێتەوە.

٣. دواخستنی ژنهێنان و شووکردن ئەگەر هۆکاری بایۆلۆجی وەکو نەخۆشی و سەقەتی و کۆرەوشەلە و دەسکورتی نەبێ، خەڵکی بە چاوی گومانەوە لێکی دەداتەوە.

٤. خێزانی بە منداڵ ، بە تایبەتی ئەگەر کوڕ بوون، رێزیان لە کۆمەڵگەدا زیاترە و کەمتر خۆیان لە قەرەدەرێ لەوانەی منداڵیان کەمە یان زۆربەیان مێینەن.

٥. رێگرتن لە سککردن بە دەرمان و کەندوم بەکارهینان، لەناو کۆمەڵکەی کوردستاندا، هێشتا بە مۆتیڤی ئاینی و شورەیی باو نییە. زۆربەی ژن و مێرد خۆیان لە بەکارهینانیان بە دوور دەگرن.

٦. دیاریکردنی ژمارەی منداڵ لە خێزانێکدا، بە تایبەتی ئەگەر خێزانەکە داب و نەریتی کۆن لەبەر چاو بگری، لە کوردستاندا پەیرەوەی لێ ناکرێ.

**٣. هۆکاری ئابووری**

هەندێک لە هۆکارەکانی ئابووری لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. باوانان، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە درێژایی تەمەنیان خەریکی کاری ئازاد بوون. بە مەبەستی دابێنکردنی پێداوێستییەکانی ژیان لە تەمەنی پیریدا، زیاتر لە دایک و باوکێکی کارمەند، ئارەزووی منداڵ، بە تایبەتی کوڕ، دەکەن.

٢. منداڵ بۆ دایک و باوک لە شارەکاندا سەرچاوەی پەیداکردنی هەندێک پارەن کە لە سەر شەقامەکاندا بە فرۆشتنی خوردەوارە

و شاگردایەتی دەستیان دەکەوی. لە گوندەکانیش دەستی کاری بێ پارەن لە کشتوکاڵدا و مەڕومالآت بە خێوکردن و باخچە و بەرهێنان.

**٤. هۆکاری سیاسی**

هەندێک لە هۆکارەکانی سیاسی لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. قەرەبۆکردنەوەی مردنی چاوەروان نەکراو وەک ئەوەی منداڵێک کوتوپڕ بکوژرێ یان تووشی نەخۆشێکی گران ببی و چارەی نەبی یان شەپڕەی لێ بدات و لە دەست و پێی بخات.

٢. لەبەر چاوگرتنی لێک دابڕانی ژن و مێرد وەک ئەوەی مێرد بکەویتە بەندیخانە یان ببیتە پێشمەرگە

٣. جێگرتنەوەی شوێنی ئەو کوڕانەی لە چیایەکانی کوردستاندا دەکوژرێن و لە بەندیخانەکانی ولآتانی دەوروبەردا لە سێدارە دەدرێن و گوڵە باران دەکرێن.

**ئاستی لە دایکبوون لە شار و لە گونددا**

ڕێژەی لە دایکبوون، لە ڕۆژی ئەوڕدا، لە نێو دانیشتوانی شار (٠/٠٠٤٨ ) و گوندەکاندا(٠/٠٠٤٩) زۆر لێک جودانین. هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ: یەک هەڵوێستی بەرامبەر منداڵ بوون. نەبوونی جیاوازی کولتوری، بەنموونە بەناو شارستانە وەلێ وەکو گوندنیشێک مامەڵەی لەگەڵ ژیان دەکات. نەبوونی ترس لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە دوارۆژدا.

**ئاستی لە دایکبوون لە هەرێمەکاندا**

ئەوەیان، لەبەر نەبوونی جیاوازی لە ئاستی کولتوری و ئابووری و پەیوەندی کۆمەلآیەتی، لە هەرێمەکانی کوردستاندا، وەکو یەکە یان زۆر لێک نزیکە. لە هەرێمەکانی کوردستان، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. ڕێژەی زان، بە گوێرەی مەزندە

۰/۰۰٤۸ بوو. وەلێ لە شارە هەرەگەورەکان کەمێک لە هی شوێنی دیکە کەمترە.

**دووەم. مردن**

ڕێژەی مردن لە کوردستاندا، بە گوێرەی خەمڵاند لە ساڵی ۲۰۱۰دا نابێ لە ۰/۰۰۲۷ کەمتر بێ. ئەم ڕێژەیە بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێژەی وڵاتەکانی دیکەی باشووری - ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکو تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، سێ جار زیاترە.

**هۆکارەکانی مردن**

بریتییە لە هۆکاری بیۆلۆجی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە خوارەوە یەک بە یەک شیان دەکەمەوە.

**یەکەم. هۆکاری بیۆلۆجی**

ڕێژەی مردنی بیۆلۆجی لە نێو دانیشتوانی کوردستاندا، لە پێنج لە سەدی گشت مردن کەمترە. لەبەر بەرزی ڕێژەی هۆیەکانی دیکەی مردن بەرزە.

مردن لە باری ئاساییدا، بە زیادبوونی تەمەن زیاد دەکات، واتا هەر چەندێ تەمەن زۆر بێ، ئەوەندە ڕێژەی مردن بەرزتر دەبێ. بە نموونە، ئەوانەی تەمەنیان شەست و پێنج ساڵ و بەرەو ژوورە، بە گوێرەی یاسای سروشت، بۆ ماوەیەکی کورت کەسیان لە ژیاندا نامێننن.

**دووەم. هۆکاری ئابووری**

یەکێکە لە کاریگەرترین هۆکاری مردن لە کوردستاندا. بە گوێرەی خامڵاندن لە پەنجاو پێنج لە سەدی مردن کەمتر نییە. هەندێک لە هۆکارە ئابوورییەکان ئەوانەی خوارەوەن.

**١. کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی**

خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کوردستاندا، لە نزمترین ئاست دایە. ئەوەشمان لە شیکردنەوەی ژمارەی دکتۆرەکان و نەخۆشخانەکان و جێگای نەخۆشەکاندا، بۆ ڕوون دەبێتەوە

١. ژمارەی دوکتۆر لە ساڵی ٢٠١٠دا، نزیکەی ٤ هەزار دکتۆر لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا کاریان دەکرد، لەوانە حەفتا لەسەددا پزیشکی گشتی و سی لەسەددا پزیشکی شارەزا و تایبەت بوون. ئەم ژمارەیە چەند جار لەچاو ژمارەی دکتۆرەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا کەمترە. واتا هەر یەک دکتۆر خزمەتی یازدە هەزارکەس دەکات. ئەو ژمارەیە دوو تا سێ کەڕەت لە هی وڵاتانی دەوروبەر کەمترە.

٢. ژمارەی نەخۆشخانەکان لە ساڵی ٢٠١٠دا، نزیکەی سێ سەد نەخۆشخانەی جۆراوجۆر لە کوردستاندا هەبوو. ئەو ژمارەیە لە نیوەی ژمارەی نەخۆشخانەکانی تورکیا وئێران و عێراق و سوریا کەمترە. واتا هەر یەک نەخۆشخانە، بەرامبەر ٥٠٠ هەزار کەس بوو. تەنیا بۆ بەراوردکردن دەڵێین، ئەم دیاردەیە چەندین جار لەچاو هی تورکیا و ئێران  کەمترە.

٣. ژمارەی شوێنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا، نزیکەی چل هەزار قەرەوێڵە بوو. ئەو ژمارەیە لەچاو ژمارەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا زۆر کەمترە، واتا هەر یەک قەرەوێڵە، بۆ سێ هەزار کەس تەرخان کراوە.

**٢. ژمارەی کالۆری**

تێکڕای کالۆری ساڵانەی یەک کەس بۆ پیاو و ژن و گەورە و گچکە، لە ساڵی ٢٠١٠دا، لە دەوروبەری دوو هەزار (ئاسایی ٢٢٢٠ کالۆری) کالۆریدا بوو، کە نزیکەی چارەک و نیو لەچاو کالۆریایووڵاتەکانی تورکیا و ئێران کەمترە. ناتەواویی لە ژمارەی کالۆری

ڕۆژانە بە درێژایی ساڵ، دەبێتە هۆی بێهێزکردنی توانای لەش و کەمکردنەوەی بەرگری لەش لە نەخۆشییە جۆربەجۆرەکاندا.

**٣. جۆری خانووەکان**

چەشنی خانووبەرە لە ڕووی باش و خراپییەوە بۆ تەندروستی، لە زیادکردن یا کەمکردنی ڕێژەی مردندا، ڕۆڵی تایبەتی خۆی وازی دەکات. ژمارەی هەموو خانووەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا، لە دەوروبەری ٥ ملیۆن خانووا بوو. لە هەمان ساڵدا، نزیکەی ٦ ملیۆن خێزان هەبوو، واتا هەر خانوویەک بۆ ١.٢ خێزان بوو. لێرەدا گیروگرفتەکە لە ژمارەی خانووەکاندا نییە، بەڵکو لە چەشنی خانووەکان و ئامێرەکانی ژیان و تەسکی ژوورەکان و گەورەیی خێزان و نەبوونی پەنجەرەی پێویست لە ژوورەکاندا، بۆ ڕووناکی و ئاڵوگۆڕکردنی هەوا و نزمی سەربانەکان لەبەر نزمی دیوارەکان کە دەبێتە هۆی گڵمخاندنی هەوای ژوورەکان و نەبوونی ئاودەسخانەی پاک و موبەق و گەرماو و گەلێ پێویستی دیکەش دایە. سەرباری ئەمانەش لە گوندەکان نەوەک هەر مرۆڤ لە نێو خانووەکاندا دەژین، بەڵکو ئاژەڵەکانیشیان هاوبەشی ژیانیان لە هەمان خانوودا دەکەن، هەندێ جار لە یەک ژووردا و هەندێ جاری دیکەش لە ژوورێکی تەنیشتدا دەژین.

ئەمانە هەموویان پێکەوە، نەخۆشی جۆراوجۆر پەیدا دەکەن و لە نێو خێزانەکاندا بڵاو دەکەنەوە، لە ئەنجامدا ڕێژەی مردنی پێشوەخت زیاد دەکات.

**چوارەم. هۆکاری سیاسی**

هەندێک لە هۆکارەکانی سیاسی لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. شەڕوشۆڕ
یەکێکە لە کاریگەرترین هۆکاری مردن لە کوردستاندا. ئەوەندەی خەڵک بە کوشتن گیانی لەدەست دەدات نیو ئەوەندە بە نەخۆشی و بە مردنی سروشتی نامری. جەند جۆر شەڕوشۆڕ، لە کوردستاندا هەیە.

ء. شەڕی ئازادی
جەنگیش لەم شێوانەدا خۆی دەنوێنێ ـ جەنگی کوردستان و دەوڵەتە داگیرکەرەکان جەنگی نێوان کوردستان و تورکیا و ئێران و عێراق، لە ساڵی ١٩٦١ەوە تاکو ١٩٩٥ی زایینی، نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژراوە ـ ب. ب. شەڕی ناوخۆ
ـ شەڕی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان. بە نموونە، چەند هەزار کەس لە سی(ساڵی ١٩٦٢ ـ ١٩٩٥) ساڵی بۆریدا.
ـ شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە مانگی مایس بۆ ئاب لە ساڵی١٩٩٥دا، بو بە هۆی کوژرانی نزیکەی سێ هەزار کەس.

ب. شەری سیاسی
کوشتنی خەڵکی بە بیانووی جیاجیای وەکو دژی دەوڵەت و جیاوازی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیا. بە نموونە، کوستنی ژمارەیەک لە خەڵک بە دەستی وڵاتانی دەوروبەر.

٢. ئەنفالکردن
پرۆسەی ئەنفالکردنی دانیشتوان لە باشووریی کوردستاندا لە ساڵی ١٩٨٨دا لە لایەن عێراقەوە. هۆکاری راپێجکردنی ١٨٢ بۆ عێراق و دوایی بە کۆمەڵ گوڵە باران کردنیان بوو.

**چوارەم. کارەساتی سروشتی**

ساڵانە ژمارەیەک لە خەڵک لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی وەکو بەفربارینێکی زۆر، رەنوو، رۆچوونی چیاکان، لافاو، بومەلەرزە ژیانیان لە دەست دەدەن. بە نموونە، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩٢دا، ٦٠٠ کەس لە ئەنجامی بومەلەرزە و ٢٧٠ کەسیش بەهۆی هاتنی رەنوو، لە ئەستانی ئەرزنجاندا ژیانیان لە دەستدا.

**رێژەی مردن لە شار و گوندەکاندا**

رێژەی مردن بە گوێرەی خاملاندن و ئەو زانیاریە ئامارانەی بەردەست لە ساڵی ٢٠١٠دا، لە شارەکاندا(٠/٠٠١٥) کەمترە لە هی گوندەکان(٠/٠٠٢٠) . هۆیەکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەوانەی خوارەوە.

١. زۆربەی زۆری کارەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی، وەکو دکتۆر، نەخۆشخانە، دەرمانخانە، لە شارەکاندا کۆ بوونەتەوە.

٢. شارنشینەکان زیاتر سەر لە دکتۆر دەدەن و دەرمانی دروست کراوی میللی، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانییان کەمتر بەکار دەهێنن

٣. توانای دارایی شارنشینەکان زیاترە.

٤. گوندنیشەکان رێگایەکی دوور بۆ سەردانی دکتۆر دەبڕن.

٥. شارنشینەکان، لەبەر هەبوونی ئاو و خزمەتی شارەوانی، پاک و خاوێنترن و کەمتر تووشی نەخۆشی دەبن.

**رێژەی مردن لە هەرێمەکاندا**

جیاوازییێەکی بەرچاو لە ڕێژەی مردندا، لە نێو هەرێمەکانی کوردستاندا، بەدی ناکرێ. ڕێژەی ئەم دیاردە دیمۆگرافییە، بە گوێرەی خاملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا لە باشووردا ـ ٠/٠٠٢٩ و لە باکووردا ـ ٠/٠٠٢٨ و لە ڕۆژهەڵات ـ ٠/٠٠٢٧ و لە ڕۆژئاوا ـ ٠/٠٠٢٦

بـوو. هۆیەکـەی بـۆ لێـک نزیکـی بـاری ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و سیاسی دەگەرێتەوە

**مردنی کۆرپە**

رێـژەی مـردن لـە نـاو کۆرپـەکانی کوردسـتان بـەرزە، بـە گـوێرەی خەملاندن لە ساڵی ٢٠١٠ دا نزیکەی سێ سەد لە هەزار کۆرپەبوو. ئەو رێژە چەندین جار لەچاو ڕێژەی مردنـی کۆرپـەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا زیاترە. هۆکـانی مردنـی کۆرپـە ساواکان: جگە لەو هەموو هۆیانەی پێشتر، لـە باسـی مردنـی گشـتیدا باسـمان کـردن، ئـەمانـەن: نـەبوونی پزیشـکی منـداڵان لـە شـارەکاندا وەکـو پێویست و نەبوونیان بە شێوەیەکی بنەبڕی لە گوندەکاندا. خراپـی تـەندروسـتی دایکـان، وەکـو نـەخۆشـی، برسـێتیی، مانـدووبوونی لـە ڕادەبـەدەر بـە تایبـەتی لـە کـاتی سـکپڕیدا. نـەبوونی گـەلێ ڤیتـامینی پێویسـت لـە شـیری دایکانـدا لەبـەر خراپـی خـۆراک و هیدیکە.

# سەربابەتی دووەم
# پێکهاتەی دانیشتوان

زانینی پێکهاتەی دانیشتوان لە ڕووی تەمەن و توخم و نەتەوە و ئایین و خوێندەواری و ژمارەی سامانی کار، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا و داڕشتنی پلان بۆ چارەسەرکردنیان، بایەخی زۆرە. هەر ئەوەش وای لە جوگرافیازانان کردووە بایەخی تایبەتی پێ بدەن.

**ژێربابەتی ١. پێکهاتەی تەمەن و توخم**

جۆری پێکهاتەی تەمەن و توخم، واتا ژمارەی دەستەکانی تەمەن و ژمارەی نێرینە و مێینەی لە ناو گشت دانیشتواندا، چەند شتێک روون دەبێتەوە.

**١. سیستەمی زاوزێکردن**

کۆمەڵگای گەنج واتە ئەوەی ژمارەی کەم تەمەنی زۆرە، وەکو یاسا لە چاو کۆمەڵگای کە ژمارەی بەتەمەنی زۆرە، منداڵییان زۆرتر و یەک بە دوای یەکتر دەبێ

**٢. ژمارەی سامانی کار**

ژمارەی ئەوانەی دینە مەیدانی کار و لە مەیدانی کاردان و لە مەیدانی کار دەرچن(خانەنیش دەکرێن).

**٣. ژمارەی پێداویستییەکان**

چەند شوێنی کار و خواردن و قوتابخانەی بنەرەتی و ئامادەیی و دەزگای لەشساغی(دکتۆر، نەخۆشخانەی گەورە، نەخۆشخانەی گچکە).

١. پێکهاتەی تەمەن

هەندێک لە خەسڵەتەکانی تەمەن لە کوردستاندا، وەکو لە ئەنجامی کاری مەیدانی ساغ بووتەوە، ئەوانەی خوارەوەن.

١. خاملاند بە گوێرەی ڕووداو

تازە لە دایکبووەکان، یەکسەر لە دوای لە دایکبوونیان، لە دەفتەری ئامارەکانی زیندوو تۆمار ناکرێن، تا ئەو ڕۆژەی پێویستیان بە دەکومێنتێک دەبێ، بۆ ئەوەی لە یەکێ لە دایرەکانی دەوڵەتدا، کاروبارە تایبەتییەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ بکەن. ئەو کاتەش لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوێکی سروشتی وەکو بارانێکی زۆر، لافاو، گەرما، سەرما، بومەلەرزە، یاخود ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی وەکو کوشتنی ناودارێک، بوون بە سەرباز، دەسەڵات وەرگرتن، کۆچکردن، تەمەنیان دەخەملێندرێ.

٢. گەورەکردنی تەمەن

پیاو و ژن کە بەساڵدا دەچن، وەکو نەریتێکی کۆن خۆیان بە گەورەتر لە تەمەنیان ناونووس دەکەن. پێیان وایە بە خۆ گەورەکردن، پلە و پایەی کۆمەڵایەتیان زیاد دەکات.

٣. خشتکردنی تەمەن

ئەوەیان لە نێو پیاوان و ژناندا، کارێکی ئاساییە. بۆ نموونە، ئەو کەسانەی تەمەنیان ٤٨ ساڵ بێ، پێیان خۆشە بە ٤٥ ساڵ یاخود بە ٥٠ ساڵ تۆمار بکرێن. دیارە ژمارەکە لای ئەوان بەو شێوە جوانترە.

٤. ناتەواوی تەمەنی ژنان

هەمیشە تەمەنی ژنان لە تەمەنی پیاوان ناتەواوترە، چونکە ژنان کەمتر پێویستیان بە دەکومێنت دەبێ، لەبەر ئەوەی کەمتر دەچنە قوتابخانە و کەمتر لە فەرمانگاکانی دەوڵەتدا کار دەکەن.

هەروەها ژنهێنان و مێردکردن، لە هەموو شوێنێ بۆ سەلماندنی تەمەن پێویستی بە دەکومێنت نییە.

### ٥. گەورە و گچکەکردن تەمەن

هەندێ کەس کە دەبینی تەمەنی گەورە خێری تێدایە بۆ وەرگرتنی یارمەتی و جێگرتنەوەی باوک لە نێو کۆمەڵدا، ئەوا بێگومان ئەو کەسە تەمەنی خۆی گەورە دەکات. بە پێچەوانەشەوە لەو کاتانەی تەمەن گەورەیی بە خراپ بەسەر ئەو کەسانەدا بشکێتەوە، وەکو بانگکردن بۆ سەربازی ئەوە تەمەنیان بچووک دەکەنەوە.

دیمۆگرافیازانان، دانیشتوان لە رووی تەمەنەوە، بەسەر چەند دەستەی تەمەن دابەش دەکەن، کە هەر دەستەیەکیش لە پێنج ساڵ پێک دێ. واتە ئەوانەی بۆ نموونە، تەمەنیان لە ١ ـ ٤ ساڵە، لە دەستەیەکدا. ئەوانەی تەمەنیان لە ٥ ـ ٩ ساڵە لە دەستەیەکی دیکە. ئەوانەی تەمەنیان لە ١٠ ـ ١٤ ساڵە لە دەستەێکی دیکە. بەو شێوەیە ئەو دەستانە، یەک بە دوای یەکدا دێن. تاکو ٦٥ ساڵ و بەرەوژورتر. هەندێ جار بۆ ٨٥ ساڵ و بەرەوژورتر، ئەگەر بێتوو باری ئابووری وڵات باش بێ، درێژدەکرێتەوە. پاشان، بۆ شیکردنەوە، دەیان کەن بە سێ دەستەی گەورە.

#### ء. تەمەنی بچووک (٠ ـ ١٤ ساڵ)

رێژەی ئەو گروپە تەمەنیە، نزیکەی پەنجا لەسەدی گشت دانیشتوانی کوردستان پێک دەێنی. رێژەکە لەچاو رێژەی هەمان گروپ لە دانیشتوانی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیادا، وەکو تورکیا و ئێران وعێراق و سوریا زۆرترە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە دانیشتوانی کوردستان زیاتر لە جموجۆڵ دان و خێراتر ژن دەهێنن و نەوە شوێنی نەوە دەگرێتەوە.

**ب. تەمەن ناوەنجی (١٥ ـ ٦٤ ساڵ)**

ڕێژەی ئەو دەستەی تەمەنیە، نزیکەی چل و حەوت لە سەدی گشت دانیشتوانی کوردستان پێک دێنی. ڕێژەکە لەچاو ڕێژەی هەمان گروپ لە دانیشتوانی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیادا وەکو تورکیا و ئێران کەمترە، وەلێ لەگەڵ عێراقدا وەکو یەک وان و لە هی سوریاش زیاترە. گومانی تێدا نییا، کە ڕێژەی تەمەن ناونجییەکان زیاتر دەبوو، ئەگەر بە دەیان هەزار پێشمەرگە خۆیان ناونووس بکردابوایە، کە هەموویان لە سنووری ئەو دەستەیە دان.

**پ. تەمەن گەورە (٦٥ ساڵ و بەرەوژور)**

ڕێژەی ئەو دەستەی تەمەنیە، نزیکەی سی لە سەدی گشت دانیشتوانی کوردستان پێک دێنی. ڕێژەکە لەچاو ڕێژەی هەمان گروپ لە دانیشتوانی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیادا وەکو تورکیا و عێراق کەمترە. وەلێ کەمێکی لە هی ئێران زیاترە . ئەو گروپە، زیاتر ئەو کەسانەن، کە لە مردنی سروشتی و میکانیکی دەرباز بووینە. وەلێ تەندروستییان لەوەدا نییە، کە دوای ئەم تەمەنە زیاتر بژی.

**٢. پێکهاتەی توخم**

باسی دوو لایەن لە پێکهاتەی توخم، وەکو لە خوارەوە کراوە دەکەم.

**ء. ژمارە و ڕێژەی نێرینە و مێنیە**

ژمارەی نێرینە، لە کۆمەڵگای ئابووری پێشکەوتوو و ئابووری دواکەوتوو ، وەکو شتێکی سەلمێندراو، لە ژمارەی مێینە زیاترە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە دایکان بە شێوەیەکی سروشتی کوڕیان زیاتر لە کچ دەبێ(١٠٦ کوڕ بەرامبەر ١٠٠ کچ)، بەڵکو لەبەر بەرزی ڕێژەی مردنە لە ناو مێنینەدا. ئاماری

مامانخانەکانی نەخۆشخانەکانی باشووریی کوردستان، ئەو راستییەی پشت راست دەکەنەوە.

دانیشتوانی کوردستان، بە گوێرەی خامڵاندنی ساڵی دوو هەزار دە نزیکەی پەنجاو یەک لە سەدیان نێرینە و چل و نۆ لە سەدیان مێنە بوو. واتە ڕێژەی نێرینە یەک لە سەد زیاتر بوو. هەمان جیاوازی لە نێو دانیشتوانی وڵاتانی دروسێدا وە تورکیا و عێراق بەرچاو دەکەوێ.

**ب. ڕێژەی توخم**

مەبەست ژمارەی نێرینەیە بە رامبەر مێینە. واتە هەر سەد مێینە چەند نیرینەی بەردەکەوی. ڕێژەی توخم، بە گوێرەی خاملاندن لە ساڵی دوو هەزار دە نزیکەی سەد و پێنج نێرینە بەرامبەر سەد مێینە بوو. ئەو ڕێژە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕێژەی وڵاتانی دەوروبەری وەکو ئێران و عێراق و سوریا نییە.

**ژێربابەتی ٢. ئاستی خوێندەواری**

خوێندەوار لە کوردستاندا لە ساڵی دوو هەزار و دە بە کەسێک دەگوترێ کە رەوان نووسینێک بخوێنیتەوە و نامەیەکی ئاسایی بنووسی و تەمەنیشی لە سەرووی شەش(پێشتر دە دوازدە) ساڵەوە بی.

ڕێژەی خوێندەوار لە کوردستاندا، بە گوێرەی خاملاند لە ساڵی دوو هەزار دەدا لە نێوەی ژمارەی دانیشتوان زیاتربوو. وەلێ لە ڕێژەی خوێندەوارانی ووڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیا وەکو تورکیا و ئێران و عێراق کەمتر بوو.

**فاکتەرەکانی نزمی خوێندەوار لە کوردستاندا**

هەندێک لە هۆکارەکانی نزمی خوێندەوار لە کوردستاندا، وەکو لە ژیانی رۆژانە بەر چاو دەکەوێ ئەوانەی خوارەوەن.

١. کەمی قوتابخانە

ژمارەی قوتابخانەکان لەچاو پێویست، گەلێ کەمترە. زۆربەی گوندەکان، یان هەر قوتابخانەیان تێدا نییە، یان بە چەند گوندێ خاوەنی یەک قوتابخانەی سەرەتایین. سەرەڕای ئەمەش، لەبری ئەوەی ژمارەی قوتابخانەکان زیاد بکەن، ساڵ بە ساڵ کەمتر دەبنەوە.

٢. کەمی مامۆستا

زۆربەی قوتابخانەکان مامۆستایان کەمە. وا رێک دەکەوێ، قوتابخانەیەک لە چوار پۆل پێک دێ، تەنیا دوو سێ مامۆستای هەیە. لەو حاڵەتانەدا، مامۆستاکان ناچار دەبن، لە ماوەی چل خولکەدا پۆلەکان تێکەڵ بە یەکدی بکەن و هەر بیست خولەک وانەی بە پۆلێک بڵێنەوە.

٣. زۆری قوتابیان لە پۆلەکاندا

پۆلی قوتابخانەکان لە رادە بەدەر قەرەباڵغن، ژوورێکی بیست کەسی زیاتر لە سی قوتابی وانەی تێدا دەخوێنی.

٤. پێداویستییەکانی قوتابخانە

پێویستییەکانی خوێندن، هەر لە کورسی دانیشتنەوە و تەختەی ڕەشەوە تا بە قەڵەم و دەفتەر و گێچی لە تەختە نووسین دەگات، لە زۆربەی قوتابخانەکاندا کەمە و بەگوێرەی پێویست نییە. لەبەر ئەوە هەندێ جار، دوو قوتابی لەسەر یەک کورسی دادەنیشن. قوتابخانەی واش هەیە، قوتابییەکان لەسەر زەوی یان تەنەکە دادەنیشن و دەنووسن و دەخوێننەوە.

٥. پێدویستییەکانی خوێندن

قوتابییەکان لە هەندێ قوتابخانەکان، لەبەر کەمی پەرتووکی خوێندن، پێکەوە لە یەک پەرتووکدا دەخوێنن، واتا قوتابی

دەتوانێ وانەکانی بخوێنێ، تەنیا لەو کاتەدا کە نۆبەتی دێ ، نەوەک لەو کاتانەدا کە ئارەزووی خوێندنی هەیە.

**٦. پێدویستییەکانی نووسین**

قوتابییەکان هەموو پێداویستییەکان نووسینیان وەکو پێویست نییە. بە نموونو قەڵەم و دەفتەر و لاستیک و قەڵەمتاش ، چونکە باری ئابووری خێزانەکانیان، بە شێوەیەک نییە، کە ئەو پێداویستییانە بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن، تا ژمارەی منداڵەکانیشیان زۆرتر بێ، گیروگرفتەکە زیاتر دەبی.

**٧. سیستەمی دابەشکردن**

دوای ئەوەی فەرمانی دامەزراندنی مامۆستایان، دەگاتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەوە، مامۆستایان بەسەر قوتابخاناکاندا دابەش دەکرێن. وەلێ لەبەر ئەوەی سیستەمێکی دیاریکراو، بۆ دابەشکردنی مامۆستایان نییە، هەندێ مامۆستا لەبەر هەر هۆیە بێ، یەکسەر لە قوتابخانەی شارەکان یاخود لە قوتابخانەی گوندەکانی دەوروبەردا دادەمەزرێن. هەندێ مامۆستای هەن، چەندین ساڵە کاری مامۆستایی دەکەن، وەلێ لە قوتابخانەیەکی دوور لە شارەوە دانراون، کە تەنیا لە کاتی پشوودانی زستان و هاویندا دەتوانن، سەردانی شارەکان بکەنەوە.

**٨. سەختی ژیان**

ژیان لە گوندەکاندا لەبەر کەمی کارەبا و نەبوونی چایخانە و ئاوەی بۆری و خراپی هاتوچۆ و بچووکی بازار و بێدەنگی، بە شێوەیەکی سەخت بەسەر دەبرێ، کە ئەمانە هەموویان پێکەوە، کار لە هەست و ئارەزووی مامۆستا دەکەن و بەرهەمی کەمتر دەبێ.

### ٩. تێکچوونی قوتابخانە

هەندێ جار لەبەر نەگەڕانەوەی قوتابییەکان بۆ خوێندن، یاخود نەهاتنەوەی مامۆستاکان بۆ وانە گوتنەوە، لەبەر بارودۆخی تایبەتی ڕامیاری و ئالۆزبوونی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، هەندێ لە قوتابخانەکان تێک دەچن و درەنگ چاکدەکرێنەوە.

### ١٠. تەواونەکردنی خوێندن:

لە سەرەتای هەر ساڵێکی خوێندندا، ژمارەیەکی دیاریکراو لە قوتابیان، لە قوتابخانەکانی بنەرەتی و ئامادەیی وەردەگیرێ. وەلێ بە داخەوە هەموو ئەوانەی وەرگیراون، بۆیان ناکرێ خوێندن تەواو بکەن. هەندێکیان هەر زوو واز لە خوێندن دێنن، هەندێکی دیکەشیان دوای یەک دوو ساڵ، ڕیزەکانی قوتابخانە جێ دەهێڵێ. ڕێژەی هەموو ئەوانەی لەسەر خوێندن بەردەوام دەبن و خوێندنەکەیان تەواو دەکەن، لە هەندێ نێوچەدا، لە ژمارەی تێکڕای قوتابییە وەرگیراوەکان کەمترە.

### ١١. نائاسایی ژیان

یەکێکە لە هەرە گەورەترین گیروگرفتەکانی خوێندن و تەواونەکردنی خوێندن. بە هۆی ئەو بارە نالەبارەوە، بە شێوەیە سەر لە خەڵکی شێوێندراوە، کە بڕوایان نەک هەر تەنیا بە خوێندن نەماوە، بەڵکو بڕوایان بە ژیانیش نەماوە و تووشی ڕەشبینییەکی تەواو بوون. هەندێ جار کاری خوێندن، لە نێوچەیەکی دیاریکراودا بە شێوەیەکی باش دەڕوا، وەلێ لە پڕ بە هۆی ڕووداوێکی کتوپڕەوە، خەڵکەکە ناچار دەبن، ڕوو لە شوێنێکی دیکە بکەن، کە زۆر جار بێ قوتابخانە دەمێننەوە.

### ١٢. هەڵوێستی کۆمەڵگا

تاکو دوێنێش، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کەم تا زۆر، بە هۆی باری کۆمەڵایەتیی و فاکتەری ئایینەوە، هەندێ جاریش بە هۆی

کارکردنەوە، ڕێگەی کچانیان نەدەدا، بچنە قوتابخانە و خوێندن تەواو بکەن، بە بیانووی ئەوەوە، کاری خراپە دەکەن و لە ڕێبازی ئایین لا دەدەن.

**١٣. خوێندن بە زمانی بێگانە**

دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و هەندێ جاریش عێراق، ڕێگە نادەن، منداڵانی کورد بە زمانی زکماکی خۆیان بخوێنن، بەڵکو خوێندن بە شێوەیەکی گشتیی لە کوردستاندا، بە زمانەکانی تورکی و فارسی و *عارەبی*یە. ئەمە وا لە قوتابیانی کورد دەکات، لە سەرەتادا لە زۆربەی بابەتەکانی خوێندن نەگەن و لە نیشتمانەکەی خۆیاندا، هەست بە کەموکوڕییەکی نەتەوەیی تەواو و بەشخوراویی بکەن.

**١٤. ڕێژەی نەخوێندەوارە گەورەکان**

بە زیادبوونی تەمەن، ڕێژەی نەخوێندەواری بەرز دەبێتەوە. واتا بە تەمەنەکان زیاتر نەخوێندەوارن وەک لە گچکەکان. نەخشەی نەخوێندەواریش بە شێوەیەکی گشتی، لە ساڵی ١٩٨٦دا بەم شێوەیە بوو: لە نێو ١٩ ساڵ و کەمتر ـ ٠/٠٣٤ نەخوێندەوار هەبوو. ١٩ تا ٢٩ ساڵ ـ ٠/٠٤٩ نەخوێندەوار بوو. ٢٩ تا ٤٤ ساڵ ـ ٠/٠٧٥ نەخوێندەوار هەبوو. ٤٤ تا ٦٤ ساڵ ـ ٠/٠٨٦ ەخوێندەوار هەبوو. لە ٦٤ ساڵ بەرەوژورتر ـ ٠/٠٩٢ نەخوێندەوار هەبوو.

ڕێژەی خوێندەواری لە نێو ڕیزی شارنشینەکاندا، لە ساڵی ١٩٨٦دا، لە ٠/٠٥٨ بوو، لەوانە پیاو ٠/٠٦٩ و ژن ٠/٠٤٦ بوون. ئەو ڕێژەیە لە نێو گوندنشینەکاندا، ٠/٠٢٥ بوو، لەوانە پیاو ٠/٠٣٨ و ژن ٠/٠١١ بوون. ئەم جیاوازییە گەورەیە (٠/٠٣٣) لە نێوان ڕێژەی پیاوان و ژنانی خوێندەوارانی شار و گوندەکاندا، بۆ چڕبوونەوەی دەزگاکانی خوێندن لە شارەکاندا دەگەڕێتەوە، جگە لەوەی ئارەزووی خوێندن لە نێو شارنشینەکاندا بەرزترە، کارەکانی

بازرگـانیی، پیشەسـازیی، بـەڕێوەبردنی دەزگاکـانی دەوڵـەت لـە شـارەکاندا، لـەچاو گوندەکانـدا زیـاتر پێویسـتیان بـە خوێنـدن و کـادێری خوێنـدەوار هەیـە، هـەروەها لـە شـارەکاندا، بـەبێ ئـەوەی گوێ بە جیاوازی نێوان کوڕ و کـچ بـدەن، منداڵان بـۆ قوتابخانـەکان دەنێـرن، منداڵـە شارنشـینەکان زیـاتر لـە منداڵـە گوندنشـینەکان، توانـای خوێنـدن و درێـژەدان بـە خوێنـدنیان هەیـە، چونکـە شـوێنی ژیانیان زیاتر هێمنترە و بەجێشی ناهێڵن.

## ژێربابەتی ٣. سامانی کار

دواکەوتن یا پێشکەوتنی ئابووریی وڵاتـانی جیهان، تا رادەیـەکی زۆر بەنـدە بـە ئەنـدازەی شـارەزایی و ناشـارەزایی و لێوەشـاوەی کرێکار و بە زۆر و کەمی ژمارەی پسپۆر لە نێو دانیشتواندا.

### دیاریکردنی ژمارەی سامانی کار

یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی جوگرافیای ئـابووری. چونکـە هـەر دەوڵـەتێ، بـەگوێرەی بـاری ئـابووریی و کۆمەڵایـەتی خـۆی، ساڵی دەست بـەکارکردن و وازهێنـان لـە کـارکردن دیـاری دەکـات. بـەگوێرەی یاسای کـارکردن، ساڵی دەست بـەکارکردن لـە زۆربـەی وڵاتەکانی ئەوروپادا، بە ١٨ ساڵ دەست پێدەکات و لـە ٦٤ ساڵیشدا تـەواو دەبێ. پیاوان لـە تەمـەنی ٦٤ سـاڵیدا و ژنـانیش لـە تەمـەنی ٦٠ سـاڵیدا خانەنشـین دەکـرێن. ئـەو دیاریکردنـە، لەگـەڵ دیاریکردنی بیرۆی کاری نێودەوڵەتیدا یەک دەگرێتەوە.

بەگوێرەی یاسای کار، خەڵکی لـە کوردستانـدا، لـە ١٠ سـاڵییەوە دەست بـە کـارکردن دەکـەن و لـە تەمـەنی ٦٤ سـاڵیدا کۆتـایی پـێ دێنی. تەمەنی دەست بەکارکردن لە تورکیادا ـ ١٢ ساڵ، لە ئێـران ـ ٦ ساڵ، لـە عێـراق ـ ١٠ سـاڵ، لـە هـەموو ئـەو وڵاتانـەشدا، لـە تـەمەنی ٦٤ ساڵیدا، کۆتـایی بـە کـارکردن دەهێنـدرێ. وەلـێ ئـەوەی

ڕاستی بێ، خەڵکی نە لە کوردستان و نە لەو وڵاتانەدا، زۆر گوێ بە یاسای کارکردن نادەن، بەڵکو لەو ڕۆژەوە دەست بە کار دەکەن، کە پێیان دەکرێ و درێژەی پێ دەدەن، تاکو ئەو ڕۆژەی لەکار دەکەون.

ڕێژەی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٠ ـ ٦٤ ساڵیدایە، واتا ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە ، بە گوێرەی خاملان لە ساڵی ٢٠١٠دا، لە دەوروبەری حەفتا لەسەدی گشت دانیشتوان بوو. ئەوە وا پیشان دەدات، کە کوردستان لە لە بواری سامانی مرۆییدا دەوڵەمەندە. وەلێ بە داخەوە لە وانە تەنیا چل لە سەدیان دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدایە. واتە لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا هاوبەشی دەکەن. ئەوانی دیکە خواوەن مولک و پولدار و خوێندکار و هیدیکەن.

زۆربەی زۆری دانیشتوان چالاک لە بواری ئابووریدا کاردەکەن. ڕێژەیان بە گوێرەی خەملاندنی ساڵی ٢٠١٠دا لە دەوروبەری هەشتا لەسەد بوو. ئەوانی دیکە بێکار بوون.

**بێکاری لە کوردستاندا**

بێکار بە کەسێک دەگوترێ کە لە تەمەنی کاردابێ و ئارەزووی کارکردنی هەبێ و ئامادەبێ بەو رۆژانەی دەیدرێتێ کاربکات وەلێ کاری دەست ناکەوێ. هەندێک لە هۆیەکانی بێکاری ئەوانەن:

١. ناپووتی ئابووری ـ ئابووری وڵات لە توانای دانیە شوێنی کار بۆ گشت ئەو کەسانە دابێن بکات کە بە دوای کار دەگەڕێن.

٢. یەک لایی ئابووری ـ ئابووری وڵات پشت بە سێکتەری کشتوکاڵ دەبەستێ. دوای تەواوبوونی کار لەو سێکتەرەدا خەڵک بێ کار دەمینێ.

جۆری پیشەسازی ـ زۆربەی زۆری دەزگا پیشەسازییەکان لەوانەن کە پێویستییان بە دەستی کاری زیاد جگە لە خاوەنەکەی و هەندێ جار یەک دوو کرێکار نییە.

٣. هاتنە مەیدانی کار ـ ژمارەی ئەوانەی دێنە مەیدانی کارەوە، لەبەر ئەوەی دانیشتوان زۆر خێرا زیاد دەکەن، گەلیک لە ژمارەی شوێنی تازەی کار زۆرترە.

**بەکارهینانی دانیشتوان چالاک لە بواری ئابووریدا**

دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا، بە شێوەیکی نارێک بەسەر سێکتەرە (کەرت) سەرەکییەکانی ئابووری دابەش بووە.

**١. سێکتەری کشتوکاڵ**

زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا لەو کەرتە کاردەکەن. هۆکەشی بۆ دواکەوتوویی ئاماری کشتوکاڵ، فراوانی رووپێوی زەوییە کشتوکاڵییەکان و لەباری ئاو و هەوا و نەبوونی بواری دیکەی کارکردن لە لقەکانی پیشەسازی تازەدا و راهاتن.

**٢. سێکتەری پیشەسازی**

رێژەی ئەوانەی لە دەرهێنانی کانزاکان، پیشەسازیی گۆڕین، ئاو و کارەبا و گاز، خانوو دروسکردن ـ کار دەکەن، تەنیا چواردە لە سەدی دانیشتوانی چالاک لە ئابووری ئابووریدا پێک دەهێنن. رێژەکە، لەچاو توانای ئابووری وڵاتدا زۆر کەمە، هۆکەشی بۆ نەبوونی پیشەسازی تازە و شێوەی ئابووری دەگەڕێتەوە کە زۆربەی خۆی لە بواری کشتوکاڵدا دەبینێتەوە.

**٣. سێکتەری خزمەتگوزاری**

رێژەی ئەوانەی لە فرۆشتن بە تاک و بە کۆمەڵ، رێستۆران، میوانخانە، بارگواستنەوە، پەیوەندی عەمارکردن، کارکردن لە ماڵاندا، تەئمینی عەقاری و کارکردن لە دوکانەکان و دەزگا تایبەتییەکانی دەوڵەتدا، نزیکەی سی لە سەدی دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدایە. هۆکەشی بۆ ئاسانی کارکردن و کەم خوێندن و بێ ئەزموونی و سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە.

# سەربابەتی سێیەم
# پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی دانیشتوان

## ژێربابەتی ١. پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان

دانیشتوانی کوردستان لە چەند نەتەوەیی جودا بە رەچەڵەک و زمان و تاکو رادەیێکیش داب و نەریت و مێژوو پێکهاتووە. ئەو جیاوازیە لە ئەنجامی نیشتەجێبوون و نیشتەجێکردن و گۆڕینی نەتەوە، لەو وڵاتەدا، بووە.

ژمارە و رێژەی هەر یەک لەو نەتەوانە لە کۆی گشتی دانیشتواندا، بە تەواوی نازاندرێ و لەمەوە پێشیش نەزاندراوە. هۆیەکانی ئەو نەزانینە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار وەکو ئەوانەی خوارەوە.

١. کردنی زمان بە بنەمای دیاریکردنی نەتەوە. بە نموونە ئەوەی بە تورکی و عارەبی بدوێ، ئۆتۆماتیکی بە تورک و عارەب، با بە بەرەچەڵەکیش هەو نەبێ، دادەندرێ.

٢. دابەشکردنی دانیشتوان، لەسەر بنەمای ئاین. بە نموونە ئیسلام(کورد. فارس. ئازەری) و مەسیحی و جوو و زەردەشتی و هیدیکە.

٣. نکۆڵیکردن لە هەبوونی نەتەوەی غەیری نەتەوەی سەردەست. بە نموونە، ئەگەر عارەب بێ ئەوە سەرتاپی نەتەوەکان بە عارەب لە قەڵەم دەدرێ.

٤. قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئاماری دانیشتوان بە گوێرەی نەتەوە.

٥. جیاکردنەوەی، بە بهانەی یەک نەبوونی رەچەڵەک، لوڕ و بەختیاری لە کورد.


٦. گۆڕینی نەتەوە، بە بهانەی نەبوونی جیاوزای نەتەوایەتی. بە نموونە خۆکردن بە تورک عارەب و فارس.
٧. تاوانەوەی نەتەوە بچووکەکان لە نەتەوەی دەسەڵاتداری وەکو تورک و عارەب و فارس.

ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەکان لە کوردستاندا، بە شێوەیکی فەرمی، دەیان ساڵە لەبەر دەستی توێژەران نییە. کەوابێ دەبێ هانا بۆ خەملاندن ببرێ. وەلێ سەد لە سەد جیاوازی لەگەڵ راستیدا هەیە. دابەشبوونی نەتەوەکان لە کوردستاندا رەنگە نزیک بێ لەو شێوەی کە لە نەخشەی ٤ دا دیارکراوە

کورد

گەورەترین نەتەوەیە لە کوردستاندا. بە گوێرەی خاملان لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی حەفتا و پینج لە سەدی دانیشتوان کورد بوو. ئەو رێژە لە چاو رێژەی نەتەوەی یەکەم لە وڵاتەکانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکو فارس لە ئێرانداو تورک لە تورکیادا زیاتر بوو و کەمێک لە رێژەی عارەب لە عێراق و عارەب لە سوریا کەمتر بوو.

رێژەی کورد، وەکو لە تەماشاکردنی دانیشتوانی شارەکان، دەرەکەوێ، لە سەرجەمی دانیشتوان، ساڵ بە ساڵ لە کورتی دەدات. رەنگە لە دە ساڵی رابردوودا نزیکەی پێنج لەسەدی کەم کردبێ. هۆی ئەو کەمبوونە دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن بۆ وڵاتانی دەروبەربەر(ئێران. تورکیا. عێراق. سوریا) و وڵاتانی دیکەی جهان بە تایبەتی ئەوروپی. گۆڕینی نەتەوە، بەنموونە نووسینی کورد بە تورک و فارس و عارەب. رێگرتن لە فێربوونی زمانی سکماک لە لایەن دەوڵەتەوە. فێرنەکردنی مندڵان زمانی سکماک لە لایەن دایک و باوکە بە بهانەی بە کەلک نەهاتنی زمانی کوردی بۆ زانستی سەردەم و هیدیکە.




نەخشەی ٤ پێکهاتەی نەتەوەیی، 2010

ئەستانەکانی کوردستان بە گوێرەی ڕێژەی کورد لە سەرجەمی دانیشتوندا، بۆی هەیە بکرێ بە گرووپەکانی خوارەوە.

١. ڕێژەی بەرز

ڕێژەی کورد لەو گرووپە ئەستانەدا، لە حەفتا لە سەدی گشت دانیشتوان زیاترە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی شناسنامەی نەتەوەیی و دووری لە سیاسەتی بە تورککردن و بە عارەبکردن و بەفارسکردن. ئەستانەکانیش ئەمانەن: سلێمانی. چهارمحال و بختیاری. هەولێر. ایلام. کردستان. کهگیلویە و بویراحمد. هەککاری. کرمنشاه. لرستان. سیرت. دهۆک. بیتلیس. باتمان. شرناک و ماردین. دیاربەکر. ڤان. ئاغری و هیدیکە.

٢. ڕێژەی ناوەندی

ڕێژەی کورد لەو گروپە ئەستانەدا لە حەفتا بۆ پەنجا لە سەدی گشت دانیشتوانە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ژمارەیەک لە تورک و عارەب و فارس. دەست بە تورککردن و عارەبکردن و فارسکردن. ئەستانەکانیش ئەمانەن: شانلی ئورفا. ئاغری. تونجەلی. بینگۆل و هیدیکە.

٣. ڕێژەی نزم

ڕێژەی کورد لەو گروپە ئەستانەدا لە پەنجا بۆ بیست و پێنج لە سەدی گشت دانیشتوانە. هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتێکی توندی بە تورکردن و عارەبکردن و فارسکردن. ئەستانەکانیش ئەمانەن: شانلی ئورفا. ئادیەمان. ئەلازیغ. کەرکوک. آذربایجان غربی. ئەرزنجان. مالاتیا و هیدیکە.

٤. ڕێژەی هەرە نزم

ڕێژەی کورد لەو گروپە ئەستانەدا لە بیست و پێنج لە سەدی گشت دانیشتوان کەمترە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویێکی

دوور و درێــژی بـــە تــورککردن و عـــارەبکردن و فارســکردن. لاوازی هەستی نەتەوەیی. کۆچ دەرەوە و هیدیکە.

**تورک**

دووەمین نەتەوەیە بە ژمارە و ریژە لـە سـەرجەمی دانیشتوانی کوردستاندا. پەیدابوونییان بۆ چەند سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. زۆربەی زۆری تورک لـە ئەستانەکانی باکووری کوردستان دەژین. بەرزترین ڕێژەی تورک لـە گشت دانیشتوانی ئەستانەکانی: گـازی ئانتـــەب. کاهرەمانمـــارەش. ئـــەرزوروم. کـــەمترین رێـــژەش لـــە ئەســـتانکەی ســـیرت. هـــەککاری. بیتلـــیس. مـــاردین. تونجـــەلی. دیاربەکر هەککاری. ڤان و هیدیکە بوو.

**عارەب**

ژمارە و رێژەی عارەب لە گشت دانیشتوانی کوردستاندا لـە هـی تورک کەمترە. پەیدابوونییان بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی دەگەڕێتەوە.

عـارەب بـە زۆری لـە ئەسـتانەکانی نەینـەوا. دیـالا. کـەرکوک. دهۆک. ماردین. دیاربەکرد. سیرت. شانلی ئورفا و هیدیکە دەژی.

**ئازەری(عەجەم)**

ژمارە و رێژەی ئازەرییەکان لە گشت دانیشتوانی کوردستان لـە هی تورک و عارەب کەمترە. شوێنی نیشتەجێبوونی ئازەرەکـان بـە زۆری ئەستانەکانی رۆژهـەڵاتی کوردستان وەکو آذربـایجـان غربـی. کرمنشـــاه. لرســـتان. کردســـتان و هیدیکەیـــە. رێژەیـــان لەبـــەر کۆچکردنیان بۆ ئەو ئەستانانە لە زیادبوون دایە.

**فارس**

ژمـارە و رێـژەی فـارس لـە گشت دانیشتوانی کوردستان لـە هـی ئازەری کـەمترە و بـۆ بـەراوردکردن لـە هـی عـارەب و تـورک ناشـێ. فـارس بــە گشــتی لــە رۆژهــەڵاتی کوردســتان نیشــتەجێبووە بــە

تایبەتی لە ئەستانی آذربایجان غربی. کەمتر لە لرستان. ایلام. کهگیلویە و بویر احمد. چهارمحال و بختیاری. کردستان و شوێنی دیکە.

**ئاسووری ـ کلدان ـ سریان**

ژمارە و ڕێژەی ئاسووری ـ کلدان ـ سریان لە گشت دانیشتوانی کوردستاندا، لە هی فارس و ئازەری کەمترە.

ئاسووری ـ کلدان ـ سریان لە نێو دانیشتوانی چەند ئەستانی کوردستان هەن. وەلێ شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکییان دهۆک و نەینەوا و آذربایجان غربی و شوێنی دیکەیە.

**ئەرمەن**

ژمارە و ڕێژەی ئەرمەن لە گشت دانیشتوانی کوردستاندا ڕەنگە ئەوەندەی ئاسووری ـ کلدان ـ سریان بی. ئەرمەن لە نێو دانیشتوانی چەند ئەستانی کورسستان هەن. شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکییان ئەستانەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ژمارەیێکی کەمیش لە دهۆک دەژی.

**تورکمان**

ژمارە و ڕێژەی تورکمان لە گشت دانیشتوانی کوردستاندا ڕەنگە ئەوەندەی هەر یەک لە ئەرمەن و ئاسووری ـ کلدان ـ سریان بێ. تورکمان بە زۆری لە ئەستانەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی کەرکوک دەژی.

## ژێربابەتی ٢. پێکهاتەی ئاینی دانیشتوان

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا کە دانیشتوانەکەی لەسەر ئاینی جۆراوجۆرە. ئاینی زەردەشتی و جو و مەسیحی و ئیسلام و ڕێبازی ئاینی و تەریقەتی جۆراوجۆر لە کوردستاندا هەن. لە خوارەوە باسی تەنیا ئەو ئاینانە دەکەم کە

ژمارەیان لە یەک ملیۆن زیاترە و بەگوێرەی پەیدابوونیان پێش و پاشییان دەخەم.

**١. ئاینی مەسیحی**

پێغەمبەری دیانەکان، ناوی عیسا کوڕی مریەمە، لە شاری بەیتوللەحم لە دایک بووە. عیسا نزیکەی سی و سێ ساڵ ژیاوە. دوای ئەوەی بووە بە پێغەمبەر، لە ڕێگەی حەوارییەکانەوە، دەستی بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی خۆی کردووە. شاری ئورفا "روها"، بە بنکەی یەکەمی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی دادەنرێ، یەکەمین کڵێسە لە چەرخی یەکەمی زایینیدا، هەر لەوێ دروست کراوە. پاشان ئاینی مەسیحی بەرە بەرە بە نێوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاو بووتەوە.

ئامۆژگارییەکان و دەستوورەکان و مێژووی عیسا کوڕی مریەم و باسی تەورات لە ئینجیل "مزگێنی" نووسراوەتەوە. خەلیفەکانی عیسا لە چەرخی یەکەمی زاینیدا، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ئینجیل کردووە و هەموویان نووسیتەوە. ئەورۆ چوار جۆر ئینجیل هەیە: ئینجیلی لۆقا، مەرقۆس، مەتی و یۆحەنا.

ڕێژەی مەسیحییەکان بە گوێرەی خاملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی دە لە سەدی گشت دانیشتوانی کوردستان بوو. مەسیحییەکان لە نێو دانیشتوانی زۆربەی ئەستانەکانی کوردستان هەن. شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەکییان ئەستانەکانی نەینەوا. دهۆک. آذربایجانی غربی و هیدیکەیە.

**٢. ئاینی ئیسلام**

پەیدابوونی ئیسلام لە کوردستاندا، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی دەگەڕێتەوە. واتە ساڵی ٦٣٧ی زاینی (١٦ کۆچی). ژمارەیەک لە مێژوونووسەکان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە گوایە دانیشتوانی کوردستان بەبێ جەنگ و داگیرکردن و بە خۆشی

خۆیان، ئەو ئاینەیان پەسەند کردووە. وەلێ ئەم بۆچووونە، بە بڕوای هەندێ مێژوونووسانی دیکە، لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگریتەوە. چونکە دانیشتوانی کوردستان، هەرگیز ئامادە نەبوون، بە خۆشی خۆیان، واز لە بیروباوەڕ و ئاینی کۆنی باو و باپیرانییان بهێنن، گەلێ ڕاپەڕینی خوێناوییان، دژی سوپای داگیرکەری عارەب بەرپا کردووە. تەنانەت تاکو ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا، شوێنەواری ئەو جەنگانە لە یاد و بیر و هۆشی خەڵکیدا هەر بە زیندوویی ماون. عارەبە موسوڵمانەکان، بۆ ئەوەی ئاینەکەیان، بەسەر دانیشتوانی کوردستاندا بسەپێنن، بە گۆتەی هەندێ مێژوونووس  دەستیان لە هیچ جۆرە کارێکی ناڕەوا نەگێڕاوەتەوە. بە نموونە، مێوژوونووسێک لەو بارەوە دەنووسی(٤) لە ساڵی ٦٣٩ زایندا، لە نێوچەی شارەزوور، سێ شەو و سێ ڕۆژ، دەستیان لە کوشتن و بڕینی کورد هەڵ نەگرتووە. بە هەزاران کەسی بێتاوانییان کوشتووە تەنیا لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو نێوچەیە، ئامادە نەبوون، ئاینی عارەب پەسەند بکەن.

پرینسیپەکانی ئاین و یاساکانی ژیانی ڕۆژانەی موسلمانان و گەلێ شتی دیکەلە قران نووسراوە. قران لەسەردەمی خەلیفە عثمان بن عفان کۆکراوەتەوە و دانەی لەسەر گیراوە و بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عارەبە موسلمانەکان ناردراوە.

زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوان لە کوردستان لەسەر ئاینی ئیسلام دایە. ژمارە و ڕێژەی ئیسلام، بە گوێرەی خەملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی نۆهەت لە سەدی گشت دانیشتوانی کوردستان بوو.

ڕێژەی ئیسلام لە گشت دانیشتواندا، لە زۆربەی ئەستانەکانی کوردستاندا، لە سەرووی نۆهەتەوەیە لە هەندێ ئەستانیش خۆی لە سەد لە سەدی گشت دانیشتوان دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئیسلام لە تاک تاک ئەستەکان هەندێک کەمترە و بۆ هەشتا لەسەد دادەبەزی لە ئەستانەکانی دهۆک و نەینەوا و شوێنی دیکە.

## سەربابەتی چوارەم
## کۆچکردن و چڕی دانیشتوان

### ژێربابەتی ١. کۆچکردنی دانیشتوان

مەبەست لە کۆچکردن جێ هێشتنی شوێنی هەمیشەیی ژیانە و نیشتەجێبوون بە یەکجارەکی لە شوێنێکی تازەدا. کۆچکردنەکە ئەگەر لە چوارچیوەی وڵات بێ پێی دەگوترێ کۆچکردنی ناوخۆ و ئەگەر بۆ وڵاتێکی دیکە بوو دەبێتە کۆچکردنی دەرەوە. لە خوارەوە باس لە هەردوو جۆرە کۆچکردن دەکەین.

**یەکەم: کۆچکردنی ناوخۆ**

ساڵی چەند هەزار کەس، شوێنی هەمیشەیی ژیان دەگۆڕن و رێژەی کۆچکردن بە گوێرەی خامڵاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی یەک لە پێنجی گشت دانیشتوانی کوردستان بوو. رێژەکە لەچاو هی وڵاتانی دیکەی باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکو ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا، کەمێک زیاترە.

**هۆکارەکانی کۆچکردنی ناوخۆ لە کوردستاندا**

کۆچکردن لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی روودەدات. وەلێ رۆڵی هەر یەکەیان لە سەرجەمی کۆچکردندا لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە و لە شوێنێک بۆ شوێنیکی دیکە و لە بارێکی دیکە دەگۆڕێ. لە خوارەوە باسی رۆڵی هەر یەک لەو فاکتەرانە دەکەم.

**یەکەم: هۆکارەکانی ئابووری**

کاریگەرترین هۆکاری کۆچکردنی ناوخۆیە لە کوردستاندا و رێژەکەی بە گوێرەی خامڵاند ن لە ساڵی ٢٠١٠ لە دەوروبەی سێ

لـه چـواری گشـت کـۆچکردنـی نـاوخۆ بـوو. هـەنـدێک لـە هۆکارەکـانـی ئـابووری ئـەوانـەی خوارەوەن.

**١. بێکاری**

زۆربـەی زۆری دانیشـتوان چـالاک لـە ئابووریـدا لـە گونـدکان و بـەشێک لـە ئـەوانـەی شارۆچکەکان و شـارەدێیەکان لـە کوردسـتاندا، دوای تـەواوبوونـی وەرزی کشـتوکاڵ، لـەبـەر نـەبوونـی کـارێکی دیکـە، بێکـار دەمێنێتـەوە. دەرامـەتی ساڵانـەشـی ئـەوەنـدە نییـە بـای ژیانێکی نۆرمالی خۆی و خێزانـەکـەی تـاکو وەرزی دیکـەی کشـتوکاڵ بکات. هەندێک لەوانە بە ناچاری و بۆ باشترکردنی ژیان کـۆچ بـۆ ئـەو شـوێنانـە دەکـەن کـە کـاری لـێ هـەبی شـوێنەکانیش بـە زۆری شارەکان و هەرە گەورەکانیان بە تایبەتی.

**٢. جیاوازی رۆژانـەی کرێکار**

رۆژانـەی کرێکارێـک لـە سـێکتەرەکانی پیشەسـازی و خـانوو دروستکردن و کڕین و فرۆشتن، دوو کەرەت لـە چـاو هـی سێکتـەری کشـتوکاڵ بـەرزترە. بەنموونـە رۆژانـەی کرێکـارێکی خـانوو دروستکردن بیست و پێنج هـەزار دینـارە کـە چـی هـی کرێکـارێکی کشتوکال پازدە هەزار دینارە. ئەو زیادە کرێکاری لـە شـوێنەکانی دیکە بۆ خۆی دەکێشی.

**٣. پیشەی تازە**

نـەبوونی کـار بـۆ ئـەوانـەی لـە قوتابخانـەکانی پیشـەیی و کـاتی سەربازیکردن و لای وەستاییێک لە شوێنی هەمیشـەیی ژیانـدا فێـری بـووە ناچـاری دەکـات بـۆ ئـەو شـوێنانـە کـۆچ بکـات کـە بـواری کارکردنی هەیە.

**٤. ژێرئاو کەوتن**

دروستکردنی عەنبار و ئاوبەند لەسەر رووبارەکانی کوردستاندا بـە مەبەسـتی گلدانـەوەی ئـاو بـۆ ئـاودانی زەوی کشـتوکاڵی و

زیادکردنی سامانی ئاو و کارەبا بەرهەمهێنان بە نموونە، دوکان و دەربەندیخان و ئەتاتورک و دز .... هتد. دەیان گوندیان خستە ژێر ئاوە و زەوی و زاریان لە ئاو پڕکرد. خەڵکەکە ناچار بوون، بۆ شوێنی دیکە کۆچ بکەن و دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە وگوند دروست بکەنەوە و هەندێکیان بۆ شارەکان کۆچبکەن.

٥. تەکنیککردنی کشتوکاڵ

بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە جۆتکردن و چاندن و دروێنەکردن و بەرهەم گواستنەوە لە سێکتەری کشتوکاڵدا، ژمارەیێکی زۆری لە کرێکاری کشتوکاڵی بێکار کردووە. بە نموونە، ئەوەندەی تراکتۆرێک لە کاتژمێرێکدا زەوی دەکێڵی بە دە جوت ئێستر نا گێڵدرێ و ئەوەندەی کۆمباینێک دەدوریتەوە بە دە سەپان بە داس نادورێتەوە.

دووەم: هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی

رۆڵی ئەو فاکتەرە ئەوەندەی هۆکاری ئابووری کاریگەر نییە لە کۆچکردنی ناوخۆ لە کوردستاندا. رێژەکەی بۆی هەیە بگاتە پازدە لە سەدی گشت کۆچکردنی ناوخۆ. هەندێک لە هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی ئەوانەی خوارەوەن.

١. درێژەدان بە خوێندن

ئارەزووی درێژەدان بە خوێندن، پاڵ بە زۆر کەسەوە دەنێ، دوای تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی خوێندن، لە شوێنی هەمیشەی ژیان بۆ ئەو شوێنانە کۆچ بکەن کە خوێندنی قۆناغەکانی دیکەی هەیە. شوێنی ئەوها بە زۆری لە شارەکان و بە تایبەتی گەورەکان پەیدا دەبی کە پەیمانگای جۆراجۆر و زانکۆی دەوڵەتی و ئەهلی یان تیدایە.

**٢. ژیانی ئاسوودە لە شاردا**

ژیانی ڕۆژانە لە شارەکاندا، لەچاو ژیانی ڕۆژانە لە گوندەکاندا، گەلێ ئاسانتر و ئاسودەتر و خۆشترە. شارەکان کارەبا و ئاو و هۆکانی هاتوچۆ و بازڕی گەورە و پڕشتمەک و شوێنی پشوودان و رابواردن وەکو گازینۆ و چایخانە و شانۆ و کتێبخانەی گشتی و نەخۆشخانە و دکتۆر... هتد زۆرە. هەمیشە ئەو شتانە لەبەر دەست دایە.

**٣. ناکۆکی بنەماڵەیی**

هەندێ جار وا ڕێک دەکەوێ، لە گوندکاندا ناخۆشی لە نێوان دوو بنەماڵەدا دروست دەبێ. زۆربەی ئەو ناخۆشییانە، لەسەر منداڵان و ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ، وێرانکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ، دەمەقاڵێ لەسەر هەندێ شتی ئاسایی... ڕوو دەدەن، کە لە ئەنجامدا، یەکێ لە بنەماڵەکان ناچار دەبی، گوندەکە جێ بهێڵێ و روو لە شوێنێکی دیکە بکات.

**٤. پەیوەندی زەوی و زار**

بەشێکی زۆر لە زەوی کشتوکاڵی بە دەست پیاوی بەدەسەڵاتی وەکو شێخ و ئاغا و میر و بەگزادە و برا گەورە... ئەمانە زەوییەکانیان بە جۆتیارەکان بە کرێ دەدەن، پاش تەواوبوونی ماوەکە، جۆتیارەکان زەوییەکانیان بۆ خاوەن موڵکەکان دەگێڕنەوە. جۆتیارەکان ئەو جارانەی کۆنتراکتەکە تازە ناکرێتەوە ڕوو لە گوندی دیکە دەکەن و زەوی لەوێ بەکرێ دەگرن.

**٥. کەمی میرات**

دوای مردنی باوک، سامانەکەی بەسەر منداڵەکانیدا دابەش دەکرێ. جاری وایە میراتەکە کەمە و بەجیا ژیانی ڕۆژانەی بەشی هەر یەکێ لە منداڵەکان دابین ناکات، لەبەر ئەوە هەندێ لەو

منداڵانە، بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە، بۆ جێگەیەکی دیکە بار دەکەن.

**٦. دەسەڵاتی گەورە پیاوان**

گەورە پیاوان، لە شێخ و ئاغا و میر و بەگزادە و خان و برا گەورە، دەستیان بەسەر خەڵکی گوندەکاندا دەڕوا، بۆیە هەر جۆتیارێ لەگەڵیاندا نەگونجێ و تووشی گرفت بی، ناچار دەبێ گوندەکە جێبهێڵێ و بار بکات.

**سێیەم: هۆکارەکانی رامیاری**

رێژەی هۆکارەکانی رامیاری پێدەچی لە دەوروبەری دە لە سەدی سەرجەمی کۆچکردنی ناوەخۆ بێ. رێژەکە بە گوێرەی باری سیاسی و لە نێوچەیەک بۆ نێوچەیێکی دیکە زیاد و کەم دەکات. هەندێک لە هۆکارەکانی رامیاری ئەوانەی خوارەوەن.

**١. چەوساندنەوەی نەتەوایەتی**

لەبەر هۆکاری چەوساندنەوەی نەتەوەیی، بە دەیان هەزار کەسی خەڵکی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، شوێنی هەمیشەیی ژیانیان جێ دەهێڵن و ڕوو لە چیاکان دەکەن و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی یەکانیاندا، چەکیان هەڵ گرتووە.

**٢. مەترسی کوشتن**

هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، هەمیشە پەلاماری خەڵک دەدەن و بە بیانۆی پشگیریکردن لە شۆڕش و هێزی پێشمەرگە، راویان دەنێن و دەیان کوژن. بۆیە کۆمەڵانی خەڵکی بە ناچاری، پەنا بۆ نێوچە ئازادکراوەکان لە چیایەکاندا دەبات.

**٣. گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کوردستان**

دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، بە سەدان هەزار کەسیان لە خاکی بابوباپیرانیانەوە، بۆ نێوچەکانی

بندەستی خۆیان و دەرەوەی کوردستان گواستۆتەوە. لەبری ئەوانە تورک و عارەب و فارسیان لە شوێندا نیشتەجیکردوون.

**٤. بنکەی سەربازی**

دروستکردنی هەندێ بنکەی سەربازی و فڕۆکەخانەی جەنگی، لە دەوروبەری شارەکان بە نموونە کەرکوک و ماردین وایان لە خەڵکی ئەو نێوچانە کردووە، بۆ جێگەیەکی دیکە کۆچ بکەن.

**٥. پاراستنی بیرە نەوتەکان**

کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتییەوە، بە تایبەتی نەوت، زۆر دەوڵەمەندە. لە هەر شوێنێ بیر لێ بدرێ، دەگاتە نەوتی. ئەگەر ئەو بیرە نەوتانە لە گوندەکانەوە نزیک بونو، ئەوە دەزگاکانی دەوڵەت، دانیشتوانی ئەو شوێنانە، بۆ شوێنێکی دیکە رادەگوازیتەوە.

**ئاکامەکانی کۆچکردنی ناوخۆ**

کۆچکردنی ناوەخۆ کۆمەڵێک دیاردەی ئەرینی و نەرینی ئابووری و کۆمەلایەتی و رامیاری لێ دەکەوێتەوە. جا ئەو دیاردانە، لەو شوێنانە بێ کە خەڵکی کۆچیان لێ دەکات، یا لەو شوێنانەدا بێ کە خەڵکی کۆچیان بۆ دەکات. لە خوارەوە باسی دیاردەکانی ئەرینی و نەرینی دەکەم

**ء. دیاردەکانی ئەرینی**

هەندێک لە دیاردەکانی ئەرینی ئەوانەی خوارەوەن.

١. ئاشنابوون بە ژیانییێکی تازە و جیاواز لەگەڵ ئەوەی پێشوو .

٢. دیتنی جهان بە چاوێکی نزیکتر لە راستیدا.

٣. جوانتر هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ دەوروبردا.

٤. زیاتر بایەخ دان بە ژیانی رۆژانەی خۆی و خێزانەکەی.

٥. راهاتن لە چوونە سەرکار و هاتنەوە لە کاتی خۆیدا.

٦. باشبوونی ژیانی مادی بەو رۆژانە یان مانگانەی لە ئیشکردن ئازاد یان لە هی دەوڵەت وەری دەگری.
٧. چاوپۆشین لە هەندێ پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ کە جاران کێشەی زۆری بە دواوە دەهات.

**ب. دیاردەکانی نەرینی**

هەندێک لە دیاردەکانی نەرینی ئەوانەی خوارەوەن.

**١. شێواندنی پێکهاتەی تەمەن و رەگەز**

کۆچکەرەکان، بە زۆری نێرینەن و تەمەنیان لە نێوان ١٥ ـ ٢٠ ساڵان دایە. ئەنجامی ئەم کۆچکردنەش، ئەوەیە کە ڕێژەی ئەم دەستەیە لە گوندەکاندا کەم دەکات و لە شارەکاندا زیاد دەکات.

**٢. زیادبوونی بێکاری لە شارەکاندا**

زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوو لە شارەکان دەکەن، مەبەستیان کار پەیدا کردنە. وەلێ شارەکان، لەبەر لەڕی ئابووری و نەبوونی شوێنی کاری تازە، لە توانایاندانییە کار بۆ کرێکارە بێکارە کۆنەکانی خۆیان و ئەو کرێکارە بێکارە تازانەی لە گوندکانەوە هاتوون، پەیدا بکات. لەبەر ئەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارە کۆچکردووەکان، بەبێ کار دەمێننەوە.

**٣. ناشیرینکردنی دیمەنی شارەکان**

ئەو پارە و پوڵەی کۆچکردووەکان پێیانە، تا لەشارەکاندا کاریێ دەدوزنەوە و بە تەواوی دادەمەزرێن، بەشی خواردن و کرێ خانوو ناکات. لەبەر ئەوە کۆچکەرەکان ناچار دەبن، لە دەرەوەی شار و لەو شوێنانەدا کە موڵکی شارەوانی نین، یاخود دەستی دەزگاکانی شارەوانی پێ ناگات، هەندێ خانووبەرەی خواروخێچ و لە قوڕ و تەنەکە و دار دروست بکەن، تاکو تێیدا بحەوێنەوە، ئەو خانووانە بە شێوەیەکن، کە دیمەنی شارەکە تێک دەدەن.

**٤. هەرا و ئاژاوە**

گەڕەکەکانی کە بە زۆری کۆچکردووی لێ دەژی، لەبەر نەبوونی هێمنی و ئاسایيش، لە ژیانی ڕۆژانەدا گەلێ گرفت و هەراوئاژاوە و ناخۆشی ڕوو دەدات. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ: جیاوازیی دابونەریتی کۆچکەرەکان. کەمی و نەبوونی ئاو و کارەبا و جادەی قیرتاو و هۆکانی هاتوچۆ. بڵاوبوونەوەی بێکاری لە نێویاندا.

**دووەم: کۆچکردنی دەرەوە**

مەبەست ئەو جۆرە کۆچکردنانەیە کە کۆچبەر، سنووری رامیاری نێودەولەتی دەبڕیت. واتە لە دەولەتێکەوە بۆ دەولەتێکی دیکە بچیت.

ژمارەی کۆچکەرانی دەرەکی، واتە ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی کوردستان بەجێ دەهێڵن و ژمارەی هەموو ئەو بێگانانەی دێن بۆی، ئامارێکی تایبەتی لەو بارەیەوە، لەبەر دەستدا نییە. بەپێی بۆچوونی هەندێ کەس، ژمارەی بێگانەکان، لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەوروبەری پێنج هەزار کەسدا بوون، (تەنیا لە باکووردا دوو هەزار کەس بوون). وەلێ ئەم ژمارەیە، زۆر زیاترە، ئەگەر ژمارەی هەموو ئەو کەسانەشی لەگەڵدا حیساب بکەین، کە لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە، کۆچیان بۆ کوردستان کردووە و لەوێ نیشتەجێ بوون، دەتوانین بڵێین ئەو کاتە، ژمارەیان دەگاتە چەند ملیۆنێک. وەلێ ژمارەی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی رامیاری، خۆی لە دەوروبەری دوو ملیۆن کەس دەدات. ئەگەر هەموو ئەوانەشیان لەگەڵدا حیساب بکەین، کە لە وڵاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دەژین، ئەوا ژمارەکە دوو ئەوەندە دەبێ.

هۆکارەکانی کۆچکردنی دەرەوە

هەندێک لە هۆکاری سیاسی و ئابووری کۆچکردنی دەرەوە ئەوانەی خوارەوەن.

١. سەرنەگرتنی شۆڕش

دوای کوژانەوەی شۆڕش چەکدارییەکان، دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە شێوەیەکی دڕندانە داخی دڵی خۆیان بە خەڵکی بێتاوان هەردەڕیژن. لەبەر ئەوە گەلێ لە شۆڕشگێڕانی کورد، بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان ناگەڕێنەوە و ڕوویان لە دەوڵەتەکانی نێوچەکە، یا هی ئەوروپا کردووە.

٢. نەبوونی ئاسایش

جەنگ لە کوردستاندا، پاڵی بە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەوە ناوە، کە وڵاتەکەیان جێبهێڵن و ڕوو لە دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان بکەن، تاکو ژیانێکی ئاسایی و دوور لە چەرمەسەری، بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن و لە راونان و گرتن و کوشتن و بڕین دوور بن.

٣. خراپی ژیان

بێکاری و بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی دیکەی ژیان و کەم دەرامەتی، وای لە هەزاران خەڵکی بێچارە کردووە، کە نیشتمانەکەی خۆیان جێبهێڵن و پەنا بۆ دەوڵەتەکانی ئەوروپا بەرن و پەنابەری بۆ خۆیان هەڵ بژێرن.

٤. چاولێکردن

بیستنی خۆش گوزەرانی لە هەندەران لە رێگەی ئەوانەی بۆ دەرەوە کۆچییان کردووە، ژمارەیەک لە خەڵکی دەخاتە سەر خەیاڵی گەیشتن بەو خۆشیانە. هەر لەبەر ئەوە بەهەر شێوەیەک بێ کۆچ دەکات.

### ٥. ڕاهاتن لە ژیانی هەندەران

هەندێک لە وانەی بۆ خوێندن ڕێیان بە دەرەوەی وڵات کەوتووە و لە وێندەر ساڵانێکی دوردرێژ ژیاون و ژنیان هیناوە و منداڵیان بووە دوای تەواوکردنی خوێندن تاقەتی گەڕانەویان نابێ و دەستییان لە ژیانی ئەو وڵاتانە بەرنابی بە تایبەتیش ئەگەر کارێکییان لە وێ یان وڵاتێکی دیکە دەست کەوی.

## ژێربابەتی ٢. چڕی دانیشتوان

دانیشتوان لە هەندێ نێوچەدا زۆرن و لە هەندێ نێوچەشدا کەمن و نێوچەی واش هەیە، کەسی تێدا ناژی. بۆ ئەوەی بە تەواوی نەخشەی دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان بزاندرێ، دەبێ وەک جوگرافیازان، باسی چڕی دانیشتوان بکەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، دەبێ ژمارەی دانیشتوان، لەسەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە (کچگ) زەوی (بە هەموو جۆرەکانییەوە) دیاری بکەین.

### چڕی گشتی دانیشتوان

چڕی گشتیی دانیشتوان لە کوردستاندا، بە گوێرەی خەملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی پەنجا کەس بوو لە یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەدا. ئەم دیاردەیە لەچاو چڕی گشتی دانیشتوانن لە تورکیا و سوریا کەمترە. وەلێ لە چڕی دانیشتوانی ئێران و عێراق زۆرترە.

### هۆکارەکانی دابەشبوونی دانیشتوان

دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر زەویدا بۆ هۆکارەکانی سروشتی و ئابووری و رامیاری دەگەڕێتەوە. وەلێ رۆڵی هەر یەک لەو فاکتەرانە بەندە بە ئەندازەی پێشکەوتنی ئامرازی بەرهەم هێنان.

یەکەم: هۆکارەکانی سروشتی

هەندێک لە هۆکارەکانی سروشتی، کە کاردەکەنە سەر شێوەی دابەشبوونی دانیشتوان لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. بەرزی و نزمی

زۆربەی خەڵک ئارەزووی نیشتەجێبوون لە نێوچە دەشتاییەکان وەک لەوەی نێوچە شاخاویەکان دەکات. هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئاسانی: خانوو دروستکردن. جادە کێشان. هاتوچۆ. بردنی جۆگەی ئاو. بیرلێدان و هیدیکە.

٢. سەرچاوەی ئاو

شوێنی بە ئاو و ئەگەر زەوی تەختایی لە دەوروبەری هەبێ خەڵک ئاوەدانی دروست دەکات و شوێنەکە قەرەباڵغ دەبی. بە نموونە، دەشتی شارەزوور. دەشتی نێوان سنە و کرمنشاه و هیدیکە.

٣. ئاووهەوا

مرۆڤ لە کۆنەوە هەوڵی داوە، زیاتر لەو شوێنانەدا بژی، کە پلەی گەرمای مامناوەندی بی و بارانی ساڵانەی با شینبوونی دەغڵ و دان بکات. لەبەر ئەوە، ئەو شوێنانەی لە کوردستاندا ئاووهەوایان خۆشترە، خەڵکیان زیاتر لێ دەژی لەچاو نێوچەکانی دیکەدا.

٤. بەپیتی زەوی

زەوی کشتوکاڵی، ئەگەر بەپیت و بری لە یەک دۆنم زەویدا باش بی ، زیاتر لە زەوی دیکە خەڵکی تێدا دەژێ. بە نموونە، دەشتی شانلی ئورفا و دیاربەکر و گازی ئانتەپ و هیدیکە.

دووەم: هۆکارەکانی ئابووری

هەندێک لە هۆکارەکانی ئابووری، کە کاردەکەنە سەر شێوەی دابەشبوونی دانیشتوان لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. كاروباری ئیداری

سەنتەری یەکە ئیدارییەکان، لەبەر ئەوەی مەڵبەندی سەرەکی:

١. کاروباری ئیداری و کڕین و فرۆشتن.

٢. تەندروستی ـ نەخۆشخانە. دەرمانخانە. دکتۆر.

٣. خوێندن ـ پەیمانگا. زانکۆ . خوێندنی بەر لە زانکۆ.

٤. ڕاگەیاندن ـ رادیۆ. تەلەفزیۆن. راگەیاندن.

٥. شوێنی ڕابواردن ـ چایخانە. گازینۆ. پاڕک.

ئەمانە هەمووی کارێکیان کردووە، کە خەڵکی زیاتر بۆ ژیان و کارکردن، ڕوویان تێ بکات. بۆیە چڕی دانیشتوان لە یەک کیلۆمەتر چوار گۆشەدا، لەچاو شوێنە گشتییەکانی دیکەدا، چەندین جار زیاترە، هەرچەندە سەنتەری یەکە ئیدارییەکان گەورەتر بێ، ئەوەندە زیاتر خەڵکی ڕووی تێدەکات.

٢. دووڕیانی

پێکگەیشتنی ڕێگاوبان لە شوێنێکی دیاریکراودا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی کاری خزمەتگوزاری و ئاڵوگۆڕکردن و هاتوچۆ و پیشەسازی بچووک و شتی دیکە. ئەوانە دەبنە هۆی پەیدابوونی کار و هاتنی خەڵک بۆ نیشتەجێبوون. ئەو شوێنانە لەو بەرەبەرە قەرەباڵغ دەبن و چڕی دانیشتوان لە یەک کیلۆمەتر چوارگۆشە زیاد دەکات.

٣. دەرهێنانی کانزا

دەرهێنانی کانزا و بەکارهێنانی لە هەر نێوچەیەکدا، لە ماوەیەکی کورتدا، سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشی و کرێکارێکی زۆر بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە، لەو نێوچەیەدا کۆ دەبنەوە و کار دەکەن. ئەمە لە لایەکەوە دەبیتە هۆی قەرەباڵغی و پەیدابوونی

کار بۆ کەسانی کە لە بواری خزمەتگوزاری و هاتوچۆکردن و بازرگانی کار دەکەن.

**سێیەم: هۆکارەکانی رامیاری**

هەندێک لە هۆکارەکانی رامیاری، کە کاردەکەنە سەر شێوەی دابەشبوونی دانیشتوان لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

**١. کۆکردنەوە**

کۆکردنەوەی دانیشتوانی چەند گوند بە زۆرەملی وەکو ئەوەی عێراق لەگەڵ دانیشتوانی نزیکەی چوار هەزار گوند لە ساڵی ١٩٨٧دا کرد بوو بە هۆی چۆلکردنی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە دانیشتوان و بەرزکردنی چڕی دانیشتوان بە چەند جار لەو شوێنانەی کە ئەو خەڵکەی لێ نیشتەجێ کرا. بە نموونە، چڕی دانیشتوانی ناحیەی دیانا، لە ساڵی ١٩٦٥دا ٣٥ کەس بوو و لە ساڵی ١٩٨٧دا بۆ ٥٣ کەس زیادی کرد.

**٢. بنکەی سەربازی**

دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە یەکەیێکی رووبەردا، بنەمای بەرزکردنەوەی چری دانیشتوانە لە ناوچەکەدا. شوێنی ئەوها لە کوردستان، لەبەر بێ ئارامی سیاسی، زۆرە.

**٣. بارەگای هێزە ڕامیارییەکان**

دامەزراندنی بارەگای هەندێ لە هێزی سیاسی ، لە نێوچە شاخاویەکاندا، بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە جاران چۆل بوون. مایەیی بەرزبوونەی چری دانیشتوانە لە نێوچەکەدا. بە نموونە، قەندیل و شوێنی دیکە.

**چری گشتی دانیشتوان لە ئەستانەکاندا**

ئەستانەکانی کوردستان، لە ڕووی رووپێو و ژمارەی دانیشتوان و باری پێشکەوتنی پیشەسازی و چەشنی کشتوکاڵ (کشتوکاڵی چر.

کشتوکاڵی فرەوان) و گەورە و بچووکی سەنتەرە ئیدارییەکان و شوێنی جوگرافییان جیاوازن لە یەکتردا.

چڕی گشتی دانیشتوان، لە ئەستانەکانی کوردستاندا، لەبەر جیاوازی رۆڵی هەر یەک لە فاکتەرەکانی سروشتی و مرۆیی جیاوازە. بڕوانە خشتەی ١٠ و نەخشەی ٥. بۆ ئاسانکردنی شیکردنەوە ئەستانەکان بۆ ئەو گروپانەی خوارەوە دابەش دەکەم.

**١. چڕی گشتی زۆر بەرز (٨٠ کەس و بەرەو ژوور)**

بەرزترین چڕی لە ئەستانەکانی نەینەوا و گازی ئانتەب دایە، نزیکەی دوو جار لە چڕی دانیشتوانی هەموو وڵات زیاترە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ: لەبەر هەبوونی شاری هەرە گەورەی وڵات (موسڵ و گازی ئانتەب). پیشەسازی گەورە و بچووکی جۆراوجۆر. فرەوانی رووپێوی زەوی چێندراو. سەنتەری گەورەی هاتوچۆکردن. بازرگانی گەرموگوڕ. سەنتەری گەورەی خوێندن و هیدیکە.

**٢. چڕی گشتی بەرز (٨٠ - ٥٠ کەس)**

چڕی گشتی لە ئەستانەکانی کاهرەمان مارش و کرمنشاه و دیاربەکر و ئادیەمان و سلێمانی و مالاتیا و کەرکوک و ئەلازیغ و هەولێر و آذربایجانی غەربی و ماردین، لە چڕی کوردستان زیاترە. هۆی ئەو زۆرییەش جۆراوجۆرن، لەوانە: هەبوونی شاری گەورە. ژمارەیەکی زۆر لە دەزگای پیشەسازی. بەرزی بڕکردنی زەوی چێندراو لە یەک هێکتاردا.


خشتەی ١٠

چڕی گشتی دانیشتوانی کوردستان
بە گوێرەی ئەستانەکان

| ئەستان | رووپێو<br>کم٢ | دانیشتوان<br>٢٠٠٠ | کەس لە ١<br>کم٢ |
|---|---|---|---|
| ئادیەمان | ٧٠٣٣ | ٦٢٣٨١١ | ٨٩ |
| ئاگری | ١١٤٧٠ | ٥٢٨٧٤٤ | ٤٦ |
| ئەرزنجان | ١١٦١٩ | ٣١٦٨٤١ | ٢٧ |
| ئەرزوروم | ١٦٠٥٨ | ٧٤٢٤٨٩ | ٤٦ |
| ئەلازیغ | ٨٤٥٥ | ٥٦٩٦١٦ | ٦٧ |
| ئۆسمانییە | ٣١٢٤ | ٤٥٨٧٨٢ | ١٤٧ |
| ئیغدیر | ٣٥٨٨ | ١٦٨٦٣٤ | ٤٧ |
| باتمان | ٤٦٥٩ | ٤٥٦٧٣٤ | ٩٨ |
| بیتلیس | ٧٠٢١ | ٣٨٨٦٧٨ | ٥٥ |
| بینگۆڵ | ٨٢٥٣ | ٢٥٣٧٣٩ | ٣١ |
| تونجەلی | ٧٤٣٢ | ٩٣٥٨٤ | ١٣ |
| دیاربەکر | ١٥٠٥٨ | ١٣٦٢٧٠٨ | ٩٠ |
| سییرت | ٥٤٧٣ | ٢٦٣٦٧٦ | ٤٨ |
| شانلی ئورفا | ١٨٧٦٥ | ١٤٤٣٤٢٢ | ٧٧ |
| شرناک | ٧١٥٢ | ٣٥٣١٩٧ | ٤٩ |
| کاهرامان مارش | ١١٧٥٦ | ٨٦٨٦١٥ | ٧٤ |
| کیلیس | ١٤٢٨ | ١١٤٧٢٤ | ٨٠ |
| گازی ئانتاپ | ٦٨١٩ | ١٢٨٥٢٤٩ | ١٨٨ |
| ماردین | ٨٨٠٦ | ٧٠٥٠٩٨ | ٨٠ |
| مالاتیا | ١١٧٧٦ | ٨٥٣٦٥٨ | ٧٢ |
| موش | ٨٠٥٩ | ٤٥٣٦٥٤ | ٥٦ |
| هەکاری | ٧١٧٩ | ٢٣٦٥٨١ | ٣٣ |
| وان | ١٨٢٩٩ | ٨٧٧٥٢٤ | ٤٥ |
| هاتای | ١٤٧٢ | ٢١٠٢٤٠ | ١٤٣ |
| سیڤاس | ٢٧١٦ | ٢٣٣١٣ | ٩ |
| کارس | ٣٧٦٨ | ١٠٥٩٣٤ | ٢٨ |
| سەرجەم | ٢١٧٢٣٨ | ١٣٧٥٩٢٤٥ | ٦٣ |

## درێژەی خشتەی ١٠

| ئەستان | رووپێو کم٢ ساڵی ٢٠٠٤ | دانیشتوان ساڵی٢٠٠٦ | کەس لە ١ کم٢ |
|---|---|---|---|
| آذربایجان غربی | ٣٧٤٣٧ | ٢٨٧٣٤٥٩ | ٧٧ |
| ایلام | ٢٠١٣٣ | ٥٤٥٧٨٧ | ٢٧ |
| چهار محال و بختیاری | ١٦٣٣٢ | ٨٥٧٩١٠ | ٤٣ |
| کردستان | ٢٩١٣٧ | ١٤٤٠١٥٦ | ٤٩ |
| کرمنشاه | ٢٤٦٤٠ | ١٨٧٩٣٨٥ | ٧٦ |
| کهگیلویه و بویر احمد | ١٥٥٠٤ | ٦٣٤٢٩٩ | ٤١ |
| لرستان | ٢٨٢٩٤ | ١٧١٦٥٢٧ | ٦١ |
| لە بوشهر | ٣٥٣٥ | ١١٢٨٦٩ | ٣٢ |
| لە خوزستان | ٣٤٩٠٨ | ١٨٥٩٠٣٤ | ٥٣ |
| لە فارس | ١٠٣٧٤ | ٤٣٢٨٧٢ | ٤٢ |
| سەرجەم | ٢٢٠٢٩٤ | ١٢٣٥٢٢٩٨ | ٥٥ |
| ئەستان | رووپێو کم٢ | دانیشتوان ساڵی٢٠٠٧ | کەس لە ١ کم٢ |
| دهۆک | ٦٥٥٣ | ٥٠٥٣٤٢ | ٧٧ |
| سلێمانی | ١٧٠٢٣ | ١٨٩٤١٢٣ | ١١١ |
| هەولێر | ١٤٤٧١ | ١٠٦٥٢٤١ | ٧٤ |
| کەرکوک | ١٠٢٨٢ | ١٥٤٢٣٤٩ | ١٥٠ |
| نەینەوا | ١٦٢٢٢ | ٢٤١٨٤٨٢ | ١٤٩ |
| لە دیالا | ١٨٨١٨ | ٥٧٢٥٩٣ | ٣٠ |
| لە واسط | ٣٧٤٨ | ٩٣١٣ | ٢ |
| سەرجەم | ٨٧١١٧ | ٨٠٠٧٤٤٣ | ٩٢ |




**نەخشەی ٥ چڕیی گشتیی دانیشتووان ٢٠١٠**

### ٣. چڕی گشتی ناوەندی (٥٠ ـ ٣٠ کەس)

فراوانی رووپێوی زەوی، لەچاو ژمارەی دانیشتواندا، کشتوکاڵی فراوان. نەبوونی پیشەسازیی گەورە (١٠ کەس و زیاتر)، ئەمانە هەموویان ئەو فاکتەرانەن، کە بوونەتە هۆی نزمی پلەی چڕی دانیشتوان، بە بەراوردکردن لەگەڵ دوو گروپەکەی پێشوودا. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لە چڕی ئەستانەکانی سەرانسەری وڵات بەرزترە.

### ٤. چڕی گشتی نزم (٣٠ کەس و کەمتر)

مەبەست لە چڕی گشتی نزم ئەوەیە، کە لە چڕی سەرانسەری دانیشتوانی ئەستانەکانی کوردستان کەمترە. ئەم چڕییەش خۆی لەو ئەستانانەدا دەبینی: بینگۆڵ. کهگیلویە. وان. ئەرزنجان. تونجەلی. هەککاری. هەندێ لەو هۆیانەی ئەم نزمییەیان لەو ئەستانانەدا هێناوەتە کایەوە ئەمانەن: کەمی زەوی کشتوکاڵی. دواکەوتووی ئابووری. نائارامی باری رامیاری. کۆچکردن بۆ دەرەوە. کەم ئاوی و هیدیکە.

### چڕی کشتوکاڵی

چڕی گشتی لە وڵاتێکدا، وێنەیەکی تەواومان لەنەر دابەشبوونی دانیشتوان، پێ نابەخشی، لەبەر ئەوەی لە کاتی دابەشکردنی رووپێودا بەسەر دانیشتواندا، هەموو چەشنە زەویەکان وەکو یەک سەیر کراون. بۆ زانینی نەخشەی تەواوی دابەشبوونی دانیشتوان، جوگرافیازانەکان، دانیشتوانی گوندەکان بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکاندا دابەش دەکەن، ئەمەشیان بە چڕی کشتوکاڵی ناو ناوە.

چڕی کشتوکاڵی بە گوێرەی خاملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی شێست کەس بوو لە یەک کیلو مەتری چوارگۆشەدا. ئەو چڕیە لەچاو چڕی هەندێ لە وڵاتانی دیکەی باشووری رۆژئاوای ئاسیادا

وەکو عێراق چوار کەرەت و دوو کەترەت لە هی تورکیا و سوریا و کەرەتێک و نیو لە هی ئێران کەمتر بووە. ئەمەش ئەو راستییە دووپات دەکاتەوە، کە کوردستان وڵاتێکە کە خاکەکەی بە زۆری لە چیا پێکهاتووە.

چڕی کشتوکاڵی لە ئەستانێک بۆ ئەستانێکی دیکە زۆر جیاوازە و دەگاتە هەزار کەس لە یەک کیلۆمەتر چوارگۆشەدا. بە نموونە، بەرزترین چڕی کشتوکاڵ لە ساڵی ٢٠١٠دا لە ئەستانی آذربایجانی غربی (زیاتر لە هەزار کەس) بوو و نزمترینیشیان لە ئەستانی ڤان(کەمتر لە سی کەس) بوو. چڕی کشتوکاڵی لە ئەستانەکانی دیکە لە نێوان ئەو دوو چڕییەدایە.

## سەربابەتی پێنجەم
## شارنشینی و گوندنشینی

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی سەر ڕووی زەمین، کە لە کۆنەوە مرۆڤی تیدا ژیاوە بو بە دواتر نیشتەجێبووە و ئاوەدانی تێدا دروست کردووە. لەبەر ئەوەی ئاووهەوای بۆ ژیان گەنجاوبووە. زەوی بەپیت و ئاوی سەر روی زەوی زۆربووە. خەڵکی لە دێر زەمانەوە، ئەو زەوییانەیان چاندووە، لە دار و بەرد، کەرەستەی کشتوکاڵیان دروست کردووە. وردە وردە خەڵکی پێکەوە کۆ بوونەتەوە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریان لە نێوانیاندا پەرەی سەندووە. لە ئاکامدا دەستیان بە دروستکردنی خانووبەرە کردووە. چەرمۆ نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ، یەکێ بووە لەو ئاوەدانییانەی، کە لە سەرەتای نیشتەجێبووندا لە کوردستاندا، واتە چەند هەزار ساڵێ پێش زاین مرۆڤ دروستی کردوە. ئەو شوێنە ئەورۆ بە کۆنترین ئاوەدانی نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێ.

ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری ، لە یەک کات و بە یەک شێوە و پلە، وەکو یەک گەشەی نەکردووە. ئەم پرۆسەیە، لەو ئاوەدانیانەی کەوتبوونە سەر ڕێگە و بانەکان و ئەوانەی لە نێوان دوو نێوچەی بە بەرهەمی جیاوازی (کشتووکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات) هەڵ کەوتبوون، لەو ئاوەدانیانەی خەڵکەکەی زیاتر بە دروستکردنی کەلوپەلی نێوماڵ و کشتوکاڵ خەریک بوون، هەروەها ئەو نێوچانەی بە سەنتەرێکی خواپەرسی دادەنران، لە هەموو ئەو نێوچانەدا، پرۆسەی گۆڕان و گەشەسەندن، خێراتر و بە تەوژمتر بووە لەچاو نێوچەکانی

دیکەدا دەتوانین بڵێین، لە نێو ئەو ئاوەدانیانەشدا، نێوچەی وا هەبووە، لە ئاوەدانیەکانی دیکەی دەوروبەری زیاتر پەرەی سەندووە و خێراتر ئاوەدان کراوەتەوە.

## ژێربابەتی ١. شارنشینی

سەرەتای پەیدابوونی شار لە کوردستاندا، بۆ کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە. وەک شارەکانی ئەربائیلۆ (ئەربیل ـ هەولێر) و ئەرابخا (کەرکوک) و هیدیکە. شاری هەولێر یەکێکە لە کۆنترین شارە مێژووییەکانی جیهان. ئەم شارە نەک هەر توانی وەک سەنتەرێکی شارستانی و هەندێ جاریش وەکو گەورەترین، شاری باشووری رۆژئاوای ئاسیا، بمێنێتەوە، بەڵکو ناوەکەی خۆشی پاراست، لە کاتێکدا شارە هاوتەمەنەکانی هەولێر، ئەورۆ تەنیا پاشماوە و کەلاوەکانیان ماون.

## ژمارە و دینامیکی شارنشینی

یەک پێناسەی دیاریکراو بۆ شار نییە، لەبەر ئەوەی کوردستان لە نیوان ئێران و تورکیا و عێراق و سوریادا دابەش کراوە. هەر یەک لەو وڵاتانەی بە گوێرەی باری ئابووری و سیاسی خۆی پێناسە بۆ شار دەکات.

شار لە باکووری کوردستاندا ـ بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ، کە سەنتەری ئەستان (ئیل) و قەزا (ئیلچە) و ئەو ئاودانیانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە دە هەزار کەس زیاترە.

شار لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا ـ بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ شار، کە وەزارەتی شارەوانی پلەی شارداری پێ بەخشیوون، ئەمانەش لە سەنتەری ئەستان (ئوستان) و قەزا (شهرستان) و

ناحیە (بخش) و هەندێ ئاوەدانی دیکە کە ژمارەی دانیشتوانییان لە دەهەزار کەس زیاتر بێ.

شار لە باشووری کوردستاندا ـ بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ ، کە سەنتەری ئەستان (محافظة) و قەزا و ناحیە بێ. ژمارەی دانیشتوان و جۆری چالاکی ئابووری دانیشتوانەکەی رەچاو ناکرێ.

شار لە رۆژئاوای کوردستاندا ـ بەو ئاوەدانیانە دەوترێ، کە سەنتەری ئەستان (محافظة) و قەزا (منطقة) ن. هەروەها ئاوەدانییەکانی دە هەزار کەس زیاتر.

**ژمارە و رێژەی شارنیشینی**

رێژەی شارنشینی بەگوێرەی پیناسە فەرمییەکان، لە ساڵی ٢٠١٠دا، نزیکەی پەنجا لە سەدی (١٢ ملیۆن کەس) گشت دانیشتوانی کوردستانی بوو. ئەو رێژە لەچاو هی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا کەمترە.

ژمارە و رێژەی شارنشینی، بە بەردەوامی لە زیاد بوون دان. بڕوانە خشتەی ١١ لە پەنجا و پێنج ساڵی رابردوودا، ٢٧ ملیۆن و ٢٢٧ هەزار کەسیان زیاد کردووە. هۆکارەکانی زیادبوونەکە ئەوانەی خوارەوەن:

**١. بەرزی زیادبوونی سروشتی لە شارەکاندا**

دانیشتوان لە شارەکاندا، لەبەر ئەوەی لەسەر دابوو نەریتی باوباپیرانی دەڕوا و ژیانی شار نەبووتە هۆکاری گۆڕینی ژیانی، ئەوەندەی دانیشتوان لە گوندەکاندا منداڵییان دەبێ. رێژەی مردنیش، لەبەر هەبوونی خزمەتگوزاری شارەوانی و تەندروستی، لە هی گوند کەمترە.

خشتەی ١١

ژمارە و ڕێژەی شارنشین و گوندنشین لە کوردستاندا

(خاملاندن)

| ساڵ | دانیشتوان | شارنشین | | گوندنشین | |
|---|---|---|---|---|---|
| | هەزار کەس | هەزار | ٠/٠ | هەزار | ٠/٠ |
| ١٩٥٥ | ٩٧٥٠ | ٢٣٧٩ | ٢٤ | ٧٣٧١ | ٧٦ |
| ١٩٦٥ | ١٢٩٤١ | ٤١٠٢ | ٣٢ | ٨٨٣٩ | ٦٨ |
| ١٩٧٥ | ١٧٤٢٨ | ٦٩٨٧ | ٤٠ | ١٠٤٤١ | ٦٠ |
| ١٩٨٥ | ٢٣٥١٩ | ١٠٦٢٣ | ٤٥ | ١٢٨٩٦ | ٥٥ |
| ١٩٩٥ | ٢١٠٢٥ | ١٥٦٩٤ | ٥١ | ١٥٣٢١ | ٥٩ |
| ٢٠٠٠ | ٣٥٣٤٧ | ١٩٠٨٧ | ٥٤ | ١٦٢٦٠ | ٤٦ |
| ٢٠٠٥ | ٣٩٥٧٩ | ٢٢٥٦٠ | ٥٧ | ١٧٠١٩ | ٤٣ |
| ٢٠١٠ | ٤٣٩١٤ | ٢٥٩٠٩ | ٥٩ | ١٨٠٠٥ | ٤١ |

٢. کۆچکردن لە گوند بۆ شار

دانیشتوانی گوندەکان لەبەر کەمی خزمەتگوزای شارەوانی و بێکاری و سەختی ژیانکردن و هیدیکە، ساڵی ژمارەێکییان بۆ شار کۆچ دەکەن. هەروەها ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شارەکان، یاخود ڕاگواستنەوەیان بۆ کۆمەڵگایەکان، کە بە گوێرەی پێناسەی تازە، بە شار دادەنرێ.

٣. گۆڕینی ستاتوسی ئیداری گوندەکان

ساڵانە ژمارەیەک لە گوندەکان، بە دەستووری دەوڵەت، دەکرێن بە سەنتەری یەکەێکی ئیداری وەکو ناحیە. کە ئەوەش کرا دانیشتوانی ئەو گوندانە ئۆتۆماتیکی بە دانیشتوانی شار حساب دەکرێ.

ڕێژەی شارنشینی بە گوێرەی ئەستانەکان

ئەستانکان لە نێوان خۆیاندا، لە ڕووی ڕێژەی دانیشتوان لە شارەکاندا، جیاوازیان یەکجار زۆرە. جیاوازیە لە نێوان بەرزترین ڕێژە و نزمترین ڕێژە، بە گوێرەی خاملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا لە پەنجا لەسەد زیاتر بوو. بڕوانە خشتەی ١٢

خشتە ١٢

## ژمارە و ڕێژەی شانیش و گوندنیش
## بە گوێرەی ئەستانەکان

| ئەستان | دانیشتوان سالی ٢٠٠٠ | شارنیش | | گوندنیش | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٠/٠ | ژمارە | ٠/٠ |
| ئادیەمان | ٦٢٣٨١١ | ٣٣٨٩٣٩ | ٥٤,٣ | ٢٨٤٨٧٢ | ٤٥,٧ |
| ئاگری | ٥٢٨٧٤٤ | ٢٥٢٣٠٩ | ٤٧,٧ | ٢٧٦٤٣٥ | ٥٢,٣ |
| ئەرزنجان | ٣١٦٨٤١ | ١٧٢٢٠٦ | ٥٤,٤ | ١٤٤٦٣٥ | ٤٥,٦ |
| ئەرزوروم | ٧٤٢٤٨٩ | ٤٩٢٧٨١ | ٦٦,٤ | ٢٤٩٧٠٨ | ٣٣,٦ |
| ئەلازیغ | ٥٦٩٦١٦ | ٣٦٤٢٧٤ | ٦٣,٩ | ٢٠٥٣٤٢ | ٣٦,١ |
| ئۆسمانییە | ٤٥٨٧٨٢ | ٣١١٩٩٤ | ٦٨,٠ | ١٤٦٧٨٨ | ٣٢,٠ |
| ئیغدیر | ١٦٨٦٣٤ | ٨١٥٨٢ | ٤٨,٤ | ٨٧٠٥٢ | ٥١,٦ |
| باتمان | ٤٥٦٧٣٤ | ٣٠٤١٦٦ | ٦٦,٦ | ١٥٢٥٦٨ | ٣٣,٤ |
| بیتلیس | ٣٨٨٦٧٨ | ٢١٩٥١١ | ٥٦,٥ | ١٦٩١٦٧ | ٤٣,٥ |
| بینگۆڵ | ٢٥٣٧٣٩ | ١٢٣٤٧٠ | ٤٨,٧ | ١٣٠٢٦٩ | ٥١,٣ |
| تونجەلی | ٩٣٥٨٤ | ٥٤٤٧٦ | ٥٨,٢ | ٣٩١٠٨ | ٤١,٨ |
| دیاربەکر | ١٣٦٢٧٠٨ | ٨١٧٦٩٢ | ٦٠,٠ | ٥٤٥٠١٦ | ٤٠,٠ |
| سییرت | ٢٦٣٦٧٦ | ١٥٣٥٢٢ | ٥٨,٢ | ١١٠١٥٤ | ٤١,٨ |
| شانلی ئورفا | ١٤٤٣٤٢٢ | ٨٤٢١٢٩ | ٥٨,٣ | ٦٠١٢٩٣ | ٤١,٧ |
| شرناک | ٣٥٣١٩٧ | ٢١١٣٢٨ | ٥٩,٨ | ١٤١٨٦٩ | ٤٠,٢ |
| کاهرامان مارش | ٨٦٨٦١٥ | ٤٩١٨٦٢ | ٥٦,٦ | ٣٧٦٧٥٣ | ٤٣,٤ |
| کیلیس | ١١٤٧٢٤ | ٧٤٩٨٥ | ٦٥,٤ | ٣٩٧٣٩ | ٣٤,٦ |
| گازی ئانتاپ | ١٢٨٥٢٤٩ | ١٠٠٩١٢٦ | ٧٨,٥ | ٢٧٦١٢٣ | ٢١,٥ |
| ماردین | ٧٠٥٠٩٨ | ٣٩١٢٤٩ | ٥٥,٥ | ٣١٣٨٤٩ | ٤٤,٥ |
| مالاتیا | ٨٥٣٦٥٨ | ٤٩٩٧١٣ | ٥٨,٥ | ٣٥٣٩٤٥ | ٤١,٥ |
| موش | ٤٥٣٦٥٤ | ١٥٩٥٠٣ | ٣٥,١ | ٢٩٤١٥١ | ٦٤,٩ |
| هەکاری | ٢٣٦٥٨١ | ١٣٩٤٥٥ | ٥٨,٩ | ٩٧١٢٦ | ٤٤,١ |
| وان | ٨٧٧٥٢٤ | ٤٤٦٠٧٦ | ٥٠,٨ | ٤٣٠٥٤٨ | ٤٩,٢ |
| لە هاتای | ٢١٠٢٤٠ | ٨٨٥٤٧ | ٤٢,١ | ١٢١٦٩٣ | ٥٧,٩ |
| لە سیڤاس | ٢٣٣١٣ | ١٤٤٢٩ | ٦١,٩ | ٨٨٨٤ | ٣٨,١ |
| لە کارس | ١٠٥٩٣٤ | ٤٤٩٢١ | ٤٢,٤ | ٦١٠١٣ | ٥٧,٦ |
| سەرجەم | ١٣٧٥٩٢٤٥ | ٨١٠٠٢٤٥ | ٥٨,٩ | ٥٦٥٨١٠٠ | ٤١,١ |

درێژەی خشتەی١٢

| ئەستان | ژمارەی دانیشتوان | شارنیش ٢٠٠٦ | | گوندنیش ٢٠٠٦ | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ٠/٠ | ژمارە | ٠/٠ |
| آذربایجانغربی | ٢٨٧٣٤٥٩ | ١٧٢٤٩٥٤ | ٦٠,٠ | ١١٤٨٥٠٥ | ٤٠,٠ |
| ایلام | ٥٤٥٧٨٧ | ٣٣١٢٣١ | ٦٠,٧ | ٢١٤٥٥٦ | ٣٩,٣ |
| چهار محال و بختیاری | ٨٥٧٩١٠ | ٤٤٢٢٩٨ | ٥١,٦ | ٤١٥٦١٢ | ٤٨,٤ |
| کردستان | ١٤٤٠١٥٦ | ٨٥٥٨١٩ | ٥٩,٤ | ٥٨٤٣٣٧ | ٤٠,٦ |
| کرمنشاه | ١٨٧٩٣٨٥ | ١٢٥٥٣١٩ | ٦٦,٨ | ٦٢٤٠٦٦ | ٣٣,٢ |
| کهگیلویه و بویر احمد | ٦٣٤٢٩٩ | ٣٠٢١٩٢ | ٤٧,٦ | ٣٣٢١٠٧ | ٤،٥٢ |
| لرستان | ١٧١٦٥٢٧ | ١٠٢٠١٥٠ | ٥٩,٤ | ٦٩٦٣٧٧ | ٤٠,٦ |
| لە بوشهر | ١١٢٨٦٩ | ٨٧٠١٣ | ٧٧,١ | ٢٥٨٥٦ | ٢٢,٩ |
| لە خوزستان | ١٨٥٩٠٣٤ | ١١١١٨٦٦ | ٥٩,٨ | ٧٤٧١٦٨ | ٤٠,٢ |
| لە فارس | ٤٣٢٨٧٢ | ١٩٢٩١٩ | ٤٤,٦ | ٢٣٩٩٥٣ | ٥٥,٤ |
| سەرجەم | ١٢٣٥٢٢٩٨ | ٧٣٢٣٧٦١ | ٥٩,٣ | ٥٠٢٨٥٣٧ | ٤٠,٧ |
| ئەستان | دانیشتوان | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| دهۆک | ٥٠٥٣٤٢ | ٤٠٣٧٦٨ | ٧٢,٩ | ١٠١٥٧٤ | ٢٧,١ |
| سلیمانی | ١٨٩٤١٢٣ | ١٣٢٧٧٨٠ | ٧٠,١ | ٥٦٦٣٤٣ | ٢٩,٩ |
| کەرکوک | ١٠٦٥٢٤١ | ٧٣٧١٤٨ | ٦٩,٢ | ٣٢٨٠٩٣ | ٣٠,٨ |
| هەولێر | ١٥٤٢٣٤٩ | ١١٨١٤٤٠ | ٧٦,٦ | ٣٦٠٩٠٩ | ٢٣,٤ |
| نەینەوا | ٢٤١٨٤٨٢ | ١٤٨٢٥٢٩ | ٦١,٣ | ٩٣٥٩٥٣ | ٣٨,٧ |
| لە دیالا | ٥٧٢٥٩٣ | ٢٥٤٨٠٤ | ٤٤,٥ | ٣١٧٧٨٩ | ٤٥,٥ |
| لە واسط | ٩٣١٣ | ٣١٧٦ | ٣٤,١ | ٦١٣٧ | ٦٥,٩ |
| سەرجەم | ٨٠٠٧٤٤٣ | ٥٢٩٢٩٢٠ | ٦٦,١ | ٢٧١٤٥٢٣ | ٣٣,٩ |

ئەستانەکان بە مەبەستی ئاسانکردنی شیکردنەوە، ئەوانەی ڕێژەکانییان وەکو یەکە یان لێک نزیکە، لە گرۆپێکدا کۆدەکرێنەوە. گروپەکانیش ئەوانەی خوارەوەن.

**١. ڕێژەی زۆر بەرز(٧٠ لە سەد و زیاتر)**

بەرزی ڕێژەی شارنشینی لە ئەستانەکانی ئەو گروپەدا وەکو هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و دهۆک دەگرێتە بۆ:

نیشــتەجێکردنی دانیشــتوانی چــوار هـــەزار گونــدی وێرانکـــراو.
نیشتەجێکردنی بێگانە لە شارەکاندا.

۲. ڕێژەی بەرز(۷۰ ـ ۵۰ لە سەدا)

ئەستانەکانی نەینەوا، گازی ئانتەب، کرمنشاه، شانلی ئورفا و دیاربــەکر، لــە نێوان ئــەو گروپــەدان. بــەرزی ڕێــژەی شارنشــینی دەگەڕێتەوە بۆ: بەرزی چالاکی لە سێکتەری پیشەسازیدا. گەرمی بازاڕ. کاری کشتوکاڵی. پێک گەیشتنی ڕێگای سەرەکی. سەنتەری گرنگی خوێندن و هیدیکە.

۳. ڕێژەی ناوەنجی(۵۰ ـ ۳۰ لە سەدا)

ئەم گروپە لە رووی ڕێژەی شارنشینیەوە، دوای دوو گروپەکەی سەرەوە دێ. ئەستانەکانی ئەرزوروم، ئەلازیغ، لرستان، مالاتیا، کاهرامانمــارەش، آذربایجــانی غربــی، ســییرت، ایــلام، بیتلــیس، ئــەرزنجان، چهــار محــال و بختیــاری، ئادیــەمان، ڤــان، ئــاگری، هــەککاری، دەکەونــە ئــەو گروپــەوە. هۆکانیشــی دەگەڕێتــەوە بــۆ: روونەدانی گۆڕانێکی بەرچاو لە چالاکی ئابووریی‌دا، بە نموونەی تــاکو ئــەوڕۆ زۆربــەی دانیشتوانی چــالاک لــە بــواری ئابووریــدا لــە سێکتەری کشتوکاڵ کاردەکەن. دواکەتووی پیشەسازی و بچووکی ئەوانەی هەن.

٤. ڕێژەی نزم(۳۰ لە سەد و کەمتر)

نزمتــرین ڕێــژەی شارنشــینی، لــە ئەســتانەکانی تونجــەلی، کهگیلویە و بویر احمد، بینگۆڵ، موش، دایە. ڕێژەی شارنشینی لە سی گشت دانیشتوان کەمترە. هۆکانیشی بۆ نەبوونی پیشەسازی تازە و توانای کشتوکاڵی و پشتگوێ خستنی دەوڵەت و هیدیکە.

دابەشکردنی شارەکان

جوگرافیازانەکان بایەخی تایبەتی بە دابەشکردنی شارەکان دەدەن. لەو رووە دوو جۆرە دابەشکردن دەکەن.

**یەکەم. ڕێزبەندی شارەکان**

مەبەست ڕێزبەندیکردنی شارەکانە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان. واتە ئەو شارانەی ژمارەی دانیشتوانیان بەقەدەر یەکە یان کەمێک کەم و زیادن لە گروپێکدا کۆدەکرێنەوە و شیدەکرێنەوە. ڕێزبەندیکە بە زۆری لە ژمارەی زۆر بۆ ژمارەی کەم دەست پێ دەکات.

دەستەکردنی شارەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان بە ڕوونکردنەوەی زاراوەی شار و شارۆچکە و شارەدێ دەست پێ دەکەین. توێژەر لە بەکارهێنانی ئەو زاراوانە، لەبەر ئەوەی هەر یەکەی ئاوێنەی ئاستی بەرزی و نزمی و چەشنی چالاکی ئابووری و کۆلتوریە، دەبێ زۆر لە بەکارهێنانیاندا ئاگادار بێ بۆ ئەوەی تێکەڵ بە یەکتریان نەکات.

**شار**

ئەوەیان بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ کە ژمارەی دانیشتوانیان لە بیست هەزار کەس زیاترە. ئەو زاراوە لە لایەن هۆبەی دانیشتوان لە نەتەوە یەکگرتوەکان و زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بۆ ئەو ژمارە بەکار هاتووە. شارەکان بە گوێرەی زۆر و کەمی دانیشتوان لێک جوداکراونەتەوە و کراون بە: شاری گەورە (١٠٠ هەزار کەس و بەرەو ژوو). شاری ناوەنجی (١٠٠ ـ ٢٠ هەزار کەس) شاری بچووک (٢٠ هەزار کەس کەمتر).

**شارۆچکە**

ئەوەیان بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ کە ژمارەی دانیشتوانیان لە بیست هەزار کەس کەمتر بێ و لە پێنج هەزار کەس زیاتر بێ. شارۆچکەکان بە گوێرەی زۆر و کەمی دانیشتوان لێک جوداکراونەتەوە و کراون بە: شارۆجکەی گەورە (٢٠ ـ ١٠ هەزار کەس). شارۆچکەی بچووک (١٠ ـ ٥ هەزار کەس).

**شارەدێ**

ئەوەیان بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ کە ژمارەی دانیشتوانیان لە پێنج هەزار کەس کەمتر بێ. شارۆچکەکان بە گوێرەی زۆر و کەمی دانیشتوان لێک جوداکراونەتەوە و کراون بە: شارەدێی گەورە(٥ ـ ٢ هەزار کەس). شارۆچکەی بچووک(٢ هەزار کەس).

ژمارەی شار ـ بە گوێرەی پێناسەی فەرمی لە هەرێمەکاندا ـ لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی ٣٩٠ دانە بوو. ژمارەی دانیشتوانی هەرە گەورەکەیان لە ملوێنێک زیاتر بوو و هی هەرە بچووکیان لە هەزار کەس کەمتر بوو. واتە جیاوازیەکە لە دەوروبەری نۆسەد هەزار کەس بوو.

شارەکان بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان، بەسەر نۆ دەستەدا دابەش دەکەین. بۆ ئەوەی بە تەواویی لە نەخشەی دابەشبوونی شارنشینی بگەین، ئەو شارانەی کە بە ژمارە لە یەکدییەوە نزیکن، کۆیان دەکەینەوە و لە ژێر دەستەیەکی گەورەتردا ریزبەندیان دەکەین.

**١. شارە گەورەکان (١٠٠ هەزار کەس و زیاتر)**

ئەورۆ لە کوردستاندا، ١٩ شاری لەم چەشنە هەیە. واتە ٠/٠٥ی گشت شارەکان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ٠/٠٣٩ی شارنشینی تێدا دەژی. هۆیەکانی بریتین لە: کۆبوونەوەی زۆربەی پیشەسازییە تازە و گەورەکان لەم شارانەدا، دوو لەسەر سێی هەموو دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت و کاروباری ئیداریی زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگاکان و بەشی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و جوڵانەوەی بازرگانی کڕین و فرۆشتن لەم شارانەدا خڕبوونەتەوە. لە نێوان هەموو ئەو شارانەشدا، موسڵ (١٩٨٧ ـ ٦٦٤ هەزار کەس)، کرمنشاە (١٩٨٦ ـ ٥٦١ هەزار کەس)، گازی ئانتەب (١٩٨٥ـ ٤٧٦ هەزار کەس)، هەولێر (١٩٨٧ ـ ٤٤٦ هەزار کەس)، کەرکوک

(١٩٨٧ ـ ٣٩٩ هەزار کەس)، سلێمانی (١٩٨٧ ـ ٣٦٤ هەزار کەس)، دیاربەکر (١٩٨٥ ـ ٣٠٦ هەزار کەس)، ئەمانە هەموو بە گەورەترین شاری کوردستان دادەنرێن.

**٢. شارە ناونجییەکان (١٠٠ ـ ٢٠ هەزار کەس)**

ژمارەی ئەم شارانە لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٩١ شار بوو، واتا ٠/٠٢٤ی گشت شارەکانی پێک هینابوو. ژمارەی دانیشتوانیشیان ٠/٠٤٥ی گشت دانیشتوانی شارنشینان بوو. ئەم شارانە بە زۆری لە سەنتەری ئەستان و قەزاکان پێک هاتوون. لە رووی پیشەسازی، بازرگانی و خوێندن لەم شارانەدا، لەچاو ئەو شارانەی پێشووتردا، گەلێک نزمترە. هەروەها چالاکی ئابووری بەشی زۆربەی زۆری ئەم ئاوەدانیانە، لەسەر بناغەی کشتوکاڵ دامەزراوە. گەورەترین شارەکانی ئەم دەستەیە بریتییە لە: اورمیە (١٩٨٦ ـ ٣٠١ هەزار کەس)، ئەرزوروم (١٩٨٥ ـ ٢٤٦ هەزار کەس)، مالاتیا (١٩٨٥ ـ ٢٤٣ هەزار کەس)، مەراش (١٩٨٥ ـ ٢١٠ هەزار کەس)، خورم آباد (١٩٨٦ ـ ٢٠٩ هەزار کەس)، سنندج (١٩٨٦ ـ ٢٠٦ هەزار کەس).

**دووەم: شارۆچکە**

باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری، لەو ئاوەدانیانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە نێوان ٢٠ ـ ٥ هەزار کەس دایە، لەچاو ئەو ئاوەدانیانەی پێشوودا (٢٠ هەزار کەس و زیاتر) گەلێک دواکەوتوون. لەبەر ئەوە بە هەڵەدا دەچین، ئەگەر هەمان زاراوەی شاریان بۆ بەکار بهێنین. بۆیە ئێمە لێرەدا، زاراوەی شارۆچکە پڕ بە پێستی ئەم ناوە دەزانین. شارۆچکەش بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرێت:

- **شارۆچکە گەورەکان (٢٠ ـ ١٠ هەزار کەس)**

ژمارەی ئەم جۆرە لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٥٩ شارۆچکە بوو. ڕێژەی دانیشتوانیان، نزیکەی ٠/٠٨ ی گشت دانیشتوانی شارەکانی کوردستان بوو. واتا بە ژمارە و ڕێژە، لە گروپی پێشوتر گچکەترە. لەم شارۆچکانەدا جگە لە بەڕێوەبردن، گەلێ خزمەتگوزاری دیکە هەیە، وەکو قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی کوڕان و کچان، خەستەخانە، دوکانی شتتومەک فرۆشتنی هەمەچەشنە، فیترچی و جێگای چاککردنەوەی مەکینەی دیکە. لەگەڵ ئەم هەموو کارە شارییانەشدا، هێشتا کشتوکاڵ بە بناغەی چالاکی ئابووری دانیشتوان دادەنرێ. گرنگترین شارۆچکەکانی ئەم بەشە، ئەمانەن: دهدەشت (١٩٨٦ ـ ٢٠ هەزار کەس)، صايين قلعە (١٩٨٦ ـ ٢٠ هەزار کەس)، عەنکاوە (١٩٨٧ ـ ١٩ هەزار کەس)، قەرەقۆش (١٩٨٧ ـ ١٩ هەزار کەس)، مامەکییە (١٩٨٥ ـ ١٨ هەزار کەس) و هیدیکە.

- **شارۆچکە بچووکەکان (١٠ ـ ٥ هەزار کەس)**

ئەگەرچی ژمارەی شارۆچکەکانی ئەم بەشە، لە ساڵی ١٩٨٥دا، ٨٢ شارۆچکە بوو، وەلێ ژمارەی دانیشتوانیان، لە ٠/٠٦ ی گشت شارنشینان کەمتر بوو.لەم شارۆچکانەدا مرۆڤ دەتوانێ، پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی، لە خواردن و جلوبەرگ و هەندێ خزمەتگوزاریی وەکو قوتابخانە و خەستەخانە و کارەبا، هەروەها لە هەندێ کەلوپەلی دەسکرد دابین بکات. هەندێ لە شارۆچکە گرنگەکانی ئەم دەستەیە، ئەمانەن: بلداجی (١٩٨٦ ـ ١٠ هەزار کەس)، پیرانشهر (١٩٨٥ ـ ١٠ هەزار کەس)، قەرەقۆچان (١٩٨٦ ـ ١٠ هەزار کەس)، لیجە (١٩٨٥ ـ ١٠ هەزار کەس)، برطلە (١٩٨٧ ـ ١٠ هەزار کەس) و هیدیکە.

**سێیەم: شارۆکە**

ئاوەدانییەکانی ئەم دەستەیە، کە ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨٥دا ١٣٥ دانە بوو، ژمارەی دانیشتوانیشیان لە ٠/٠٦ ی لە ژمارەی گشت شارنشینیەکان کەمتر بوو، بە شارۆکە ناویان دەبەین. چونکە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتییان، زۆر لە باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی، گوندەکانی دەوروبەریان دەچن. لەگەڵ ئەوەشدا، جۆرە جیاوازییەکیان هەر لە نێواندا دەبینرێ. لەبەر ئەو هۆیە، وەک ئەو بەشانەی پێشووتر، بەسەر دوو بەشدا دابەشیان دەکەین:ـ شارۆکە گەورەکان (٥ ـ ٢ هەزار کەس) بە ژمارە بە یەکێ لە دەستە گەورەکان دادەنرێ، ژمارەیان لە ساڵی ١٩٨٥دا ـ ٧٨ شارۆکە بوو. ژمارەی دانیشتوانەکانیان، لەچاو ژمارەی شارۆکەکاندا، زۆر کەمە. لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە ٠/٦٠ ی ژمارەی گشێ شارنشینییەکان، کەمتر بوو. ئەم شارۆکانە هەندێکیان بە سەنتەری قەزا و هەندێکی دیکەیان بە سەنتەری ناحیە دادەنرێن. دانیشتوانەکانیان بە زۆری خەریکی کشتوکاڵ کردنن. جگە لە هەندێ خزمەتگوزاریی وەکو قوتابخانە و خەستەخانە و هەندێ دوکان، هیچ جۆرە کارێکی دیکەی شارییان نییە. گەورەترین شارۆکەکان، ئەمانەن: شەک (١٩٨٧ ـ ٥ هەزار کەس)، سیسخت (١٩٨٦ ـ ٥ هەزار کەس)، ئامێدی (١٩٨٧ ـ ٥ هەزار کەس)، اشترینان (١٩٨٦ ـ ٥ هەزار کەس)، شیروان (١٩٨٦ ـ ٥ هەزار کەس) و هیدیکە.

**ـ شارەدێ**

مەبست لە شارە دێ، هەموو ئەو ئاوەدانیە شارانەن، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە دوو هەزار کەس کەمترە. ژمارەیان، لە ساڵی ١٩٨٥دا٥٧ شارەدێ بوو، ژمارەی دانیشتوانیشیان لە ٠/١٠ ی گشت شارنشینەکان کەمتر بوو.چالاکی ئابووری شارە دێیەکان، بە

هیچ جۆرێ لەگەڵ چالاکی ئابووری گوندەکاندا، جیاوازییان نییە. ئەگەر خەسڵەتی ئیداریی ئەم شارەدێیانە لەبەر چاو نەگرین، ئەوا هیچ دیاردەیەک نامێنێ، تا لە گوندەکانی دراوسێیان جیا بکەینەوە. هەندێ شارەدێ: صالح آباد (١٩٨٦ ـ ١.٥ هەزار کەس)، چوارتا (١٩٨٧ ـ ١.٥ هەزار کەس)، باقرتە (١٩٨٧ ـ ١.٥ هەزار کەس)، قەزانیە (١٩٨٧ ١.٤ هەزار کەس) و هیدیکە.

**دووەم. پۆلێنکردنی شارەکان**

مەبەست پۆلێنکردنی شارەکانە بە گوێرەی دەلامە (کار. وەزیفە. فونکشن). واتە ئەو شارانەی کارەکانیان وەکو یەکە یان لێک نزیکە لە ژێر ناوێک کۆدەکرێنەوە و شیدەکرێنەوە. پۆلێنکردنی شارەکان لە سەر بنەمای شوێنگەی جوگرافی ئابووری(الموضع). شوێنی شار لە دابەشبوونی کاردا. ژمارەی دانیشتوان. خەسڵەتی ئیداری. لەبەرچاو گیراوە. گرنگترین کاری شارەکان، ئەمانەی لای خوارەوەن:

**ـ پایتەخت**

ئەورۆ شارێکی دیاریکراو نییە، پایتەختی هەموو کوردستان بێ. لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٨ ـ ١٩٢٤دا، شاری سلێمانی بوو. لە ساڵی ١٩٤٦دا، شاری مهاباد بوو. لە حوزەیرانی ١٩٩٢دا، دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان و ڕاگەیاندنی فیدراڵی، بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، شاری هەولێر بوو بە پایتەخت. لە پایتەختدا مەڵبەندی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و هەموو دەزگا سەرەکییەکانی حوکومەتی هەرێم و مەڵبەندی هەندێ لە دەزگاکانی جیهان و بارەگای سەرکردایەتی هێزە رامیارییەکان و پەیمانگاکان و زانکۆ و نەخۆشخانەی گەورە و کاروباری بازرگانی و بانکەکان، وەک سەنتەرێکی سەرەکی نێوان شارەکانی دیکەی کوردستان، هەموو ئەم دامودەزگایانە لە هەولێردا کۆ بۆتەوە، کە

ئەمانــە هــەموو پێکــەوە، هــۆی زیــادبوونی ژمــارەی دانیشــتوانی شارەکە نیشان دەدەن (١٩٦٥ ـ ٩١ هەزار کەس بوو، ١٩٧٧ ـ ١٩٤ هەزار کەس بوو، ١٩٨٧ ـ ٤٤٦ هەزار کەس بوو، ١٩٩٥ ـ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس بوو) فراوانبوونی رووبەرەوە (١٩٩٥ ـ نزیکەی ٨٠٠ هەزار هێکتار) زیادبوونی چڕی گشتی (١٩٩٥ ـ ٤٠٠ کەس لە ١ کچگ دا) بوو. لەم شارەدا هەندێ گەڕەکی نوێ و خانووی تازەی چەند نهۆمی و ڕێکوپێک دروست کراون.

**ـ ئەرکی هەمەچەشنە**

شــارەکانی ئــەم دەســتەیە، لــە شــوێنە ســەرەکییەکانی چڕبوونــەوەی پیشەسازی کۆن و نوێ، بازرگانی، بەیەکگەیشتنی ڕێگاکان، خوێندنی باڵا ـ زانکۆ، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوە، گــەلێ دامودەزگــای ســەرەکی حوکومــەت...هتــد دیــاری دەکــرێ. نموونــەی ئــەو شــارە گرنگانــەش، وەکــو موسڵ، دیاربــەکر، گــازی ئانتەب ، اورمیە، کرمنشاه، خورم آباد و هیدیکە.

**ـ شاری خزمەتگوزاری**

پلەی خزمەتگوزاری و قەڵەمڕەوی و چەشنەکانی، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگۆڕێ. لەبەر ئەوە شارەکان، بەپێی پلەی خزمەتگوزاری بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکەین:

**ء. شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی ئەستانکاندا**

ســەنتەری ئەســتانکان لــەم بەشــەدا، بــە گــەورەترین شــوێن دادەنرێ. لە چوارچێوەی ئەم بەشە ئیداریانەدا، بۆ خزمەتکردن لــە رووی چەندایــەتی و چۆنایەتییــەوە، نــەک هــەر تــەنیا بــۆ سەنتەری شارەکان، بەڵکو بۆ گشت یەکە ئیدارییەکانی دیکەش، کە لە رووی ئیدارییەوە بەیەکەوە بەسراون. مرۆڤ دەتوانێ گشت پێداویســتییەکانی ژیــانی رۆژانــەی هــەر لــە خواردەمــەنی و جلوبەرگــەوە تــا ئــامراز و کەلوپــەلی پیشەسازی و داوودەرمــان و

پێداویستییەکانی تەندروستی و لەشساغی و خوێندن و هۆکانی گواستنەوە بۆ هاتوچۆکردن و دەرهێنانی هەمو جۆرە دەکومێنتێکی پێویست بە مەبەستی بەکارهێنانی لە دەرەوەی وڵات، لە سەنتەری ئەو ئەستانانە دەستی بکەوێ. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ، بەرهەمی کشتوکاڵ و کەلوپەلی دەستکردی خۆماڵی، بۆ فرۆشتن بخاتە بازاڕەکانەوە. لەو شارە گرنگانەش ئەمانەن: ئادیەمان، ئەرزنجان، ایلام، شهر کرد، کاراکۆسە، بیتلیس، بینگۆل، یاسوج، جۆڵەمێرگ و هیدیکە.

**ب ـ شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی قەزاکان**

ئەم شارانە بە سەنتەری ئیداری خوێندن و لەشساغی و بازرگانی و رێگەوبانی گشت ناحیە و گوندەکانی دیکە دادەنرێ. دانیشتوانی نێوچەکە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی رۆژانەیان و سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، هەموو رۆژ دەچنە سەنتەری شارۆچکەکان، لە کوردستاندا ٢١٠ شارۆچکە هەن، کە کارەکانیان لە پێشکەشکردنی خزمەتکردن بە دانیشتوانی قەزاکان پێک هاتووە، لەوانە. بەسنی، دیادین، گەنج، مۆتکی، چنار، پالو، رەفاعیە، کیلیس، شەمدینان، گەواش، زاخۆ، چوارتا، رواندز، مەهاباد، سەقز، مەریوان، بروجن، بروجرد، قامشلی و عفرین و هیدیکە.

**ج ـ شارە خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی ناحیەکان**

کاروباری ئیداری و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و خەستەخانە و پۆستە و بازاڕ، لە سەنتەری ئەم ناحیانەدا هەیە. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە رۆژ بە رۆژ ، ژمارەیەک لە دانیشتوانی ئاوەدانییاکانی دەوروبەری ناحیاکان، بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی رۆژانەی خۆیان، روو لە سەنتەری ئەم ناحیانە بکەن.

شارەدێ خزمەتگوزارییەکان لەسەر ئاستی ناحیەکان، ژمارەیان ٤٣٢ شارۆکەن، لەوانە: دیبەگە، دیانا، آبدانان، دهدز، صحنە، کۆتەک، حەسەن کێف، سوورگوجوو، گول دوزو، داملاجیک و هیدیکە.

**ـ شارە پیشەسازییەکانی دەرهێنان**

بەشێوەیەکی گشتی، کوردستان بە کانزای هەمەچەشنە گەلێ دەوڵەمەندە. هەندێ لەو کانزایانەش لە جیهاندا ناویان دەرکردووە، وەکو نەوت. شارەکانی کەرکوک، مسجد سلیمان، خانەقین، باتمان، گچساران، لە کوردستاندابە گەورەترین شاری دەرهێنانی کانزاکان دادەنرێن. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم شارانە، لە رووی چالاکی ئابوورییەوە، خۆیان بەم کارانەوە خەریک کردووە.

**ـ شارە سنوورییەکان**

پەیوەندی کوردستان لەگەڵ وڵاتەکانی دەوروبەر و جیهاندا، بە شێوەیەکی گشتی لە رێگەی چەند دەروازەیەکەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێ. بەشی زۆر لە دانیشتوانی ئەو نێوچانە، بە بازرگانی و کاروباری ئابووری و چالاکی رێکخستنی هۆیەکانی هاتوچۆ خەریکن.

**ـ شاری هاوینەهەوار**

لەبەر سازگاری ئاووهەوا و جوانی سروشت، گەلێ نێوچەی کوردستان بۆ ئەوە دەست دەدەن، وەک نێوچەیەکی گەشتگوزاری حیسابیان بۆ بکرێ. هەندێ لەو نێوچانە، هەر لە کۆنەوە بوونەتە نێوچەیەکی گەشتگوزاری و سەنتەرێکی رابواردن و کارکردن، بە شێوەیەک کە سەرنجی خەڵکی و دانیشتوانی کوردستان و وڵاتەکانی دەرەوەی بە لای خۆیدا راکێشاوە. جوڵانەوەی گەشتگوزاری، لە ساڵانی پڕ لە هێمنی و ئاشتی و ئاساییشدا،

دەسـکەوتێکی دارایی زۆر گەورەی بە خەزێنەی دەوڵەت بەخشیووە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. کار لە پەرەسەندنی ژیانی ئابووری وڵات دەکات. لە شارە هاوینەهەوارییە بەناوبانگەکانی ئەوڕۆی کوردستان، شەقڵاوە، سەلاحەدین و هیدیکە.

**ـ شارە سەربازییەکان**

بنکەی سەربازی لە زۆر نێوچەی کوردستاندا دروست کراوە. لەو بنکانەدا مەشق بە دەیان هەزار سەربازی بێگانە دەکەن. ئەم سوپا داگیرکەرانە بە شێوەیە ئامادە کراون، کە ئەگەر لە هەر نێوچەیەکی کوردستاندا، دەنگی نارەزای بەرز بۆوە و راپەڕین و شۆڕشی چەکداری دژی ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوە بەرپا بوو، ئەوان بە زووترین کات دەگەنە سەری و پالاماری دەدەن و دەنگی شۆڕشەکە دەخنکێنن.

**ـ شارە سەکۆییەکان**

نەوت بە بۆری دەگەیەندرێتە شارۆچکەی دۆرت یۆل، کە لەسەر بوگازی ئەسکەندەرونیە. لە ناو ئاو و بەرانبەر ئەم شارۆچکەیە، بە چەند کیلۆمەتر سەکۆی بارکردن دروست کراوە، تا تانکەرە گەورەکان لە نەوتی کوردستان پڕ بکەن.

**ـ شارە بەندەرییەکان**

هەندێ لە دانیشتوانی ئەو شارانەی دەکەونە سەر ڕۆخی ئاوەکان ـ بۆغازی ئەسکەندەرون، کەنداو، دەریاچەی اورمیە و وان ـ بە کاروباری بارکردن و سەرخستن و گواستنەوەوە خەریکن، . هەردوو شارۆچکەی دیلم و دۆرتیۆل، بە بەناوبانگترین و چالاکترین شارەکانی بەندەری کوردستان دادەنرێن.

## ژێرباتی ٢. گوندنشینی

گوند لە کوردستاندا وەکو شار پێناسەی جۆراوجۆری هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بەو شێوە پێناسە بکرێ. گشت ئەو ئاوەدانیانەی کە سەنتەری یەکەیێکی ئیداری وەکو ئەستان و قەزا و ناحیە نین و ئەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە دە هەزار کەس کەمترە.

## ژمارە و دینامیکی گوندنشینی

رێژەی گوندنشینی بە گوێرەی خەملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا نزیکەی پەنجا و دوو لەسەدی گشت دانیشتوانی کوردستان بوو. واتە چوارده ملیۆن کەسێک بوو. رێژەکە لە چاو هی وڵاتانی دیکەی باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکو ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا زۆرترە. ئەوە مانای وایە کە ئابووری کوردستان زیاتر لە هی ئەو وڵاتانە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستی.

ژمارەی گوندنیشینان، بە گشتی لە زیادبوون دایە. وەلێ رێژەیان لە سەرجەمی دانیشتوان لەبەر زیادبوونی ژمارەی شارنیشینان، هەمیشە لە کەم بوون دایە. هۆیەکانی کەمبوونی رێژەکە بۆ ئەو خاڵانەی خوارەوە دەگەرێتەوە.

١. راگوستنی دانیشتوانی ژمارەیەک لە گوندەکان و لە شوێنی جوداجودا، بە دەستی دەوڵەت بۆ شوێنی دیکە و هەندێ جار بۆ سەنتەری ناحیەکان.

٢. کۆچکردنی گوندنیشەکان، بە مەبەستی باشترکردنی ژیان، بۆ شارەکان.

٣. تێکدانی گوند و پەراگەندەبوونی دانیشتوانەکەی.

رێژەی گوندنیشینان لە سەرجەمی دانیشتوانی ئەستانەکانی کوردستاندا، زۆر لێک جودایە. جیاوازیەکە نزیکەی چل لەسەد دەبێ. بەنموونە، بەرزترین رێژەی گوندنیشینان لە ساڵی دوو

هەزار و دەدا لە ئە ستانەکانی وەکو: موش. بینگۆڵ. کهگیلویە و هیدیکە. کەمێک لە هی ئەوانە کەمتر لە ئەستانەکانی وەکو: هەککاری. ڤان. چهارمحال و بختیاری. ئەرزنجان و هیدیکە و لە دوای ئەمانەشەوە آذربایجانی غەربی. کاهرەمان ماراش. لرستان. مالاتیا دێن. دواتریش هەولێر. کەرکوک. دهۆک، سلێمانی و هیدیکە. هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە دەگەرێتەوە بۆ نزمی ئاستی پیشەسازی و هیدیکە.

**دابەشبوونی گوندەکان**

گوندەکان وەکو شارەکان بەگوێرەی زۆر و کەمی دانیشتوان و کاروپیشەی دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا، بە دوو شێواز دابەش دەکرێ.

**١. ریزبەندی گوندەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشوان**

ژمارەی گوندەکان بە گوێرەی خەملاندن لە ساڵی ٢٠١٠دا لە دەوروبەی سی هەزار گوند، جیاواز بە ژمارەی دانیشتوان، بوو. تێکڕایی ژمارەی دانیشتوان نزیکەی چوار سەد و چل کەس بوو لە یەک گوندا. ژمارەی گوندیش بۆ یەک شار نزیکەی هەشتا گوند بوو. ژمارەی گوندیش لە سەد کیلۆمەتر چوارگۆشە نزیکەی شەش گوند بوو.

تێکڕایی ژمارەی دانیشتوان لە گوندەکان بە گوێرەی ئەستانکاندا، لەبەر جیاوازی ژمارەی گوندنیشینان و کەم و زۆری زەوی کشتوکاڵی و بڕی دۆنمێک لە زەوی چێندراو و چەشنی بەرهەم، جیاوازە. گوندەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان بۆ پێنج دەستە دابەش دەکەین و شییان دەکەینەوە.

**- کوێرە گوند (١ - ٥٠ کەس)**

گوندەکانی ئەو دەستە گوندە لە رووی ژمارەیان و لە رووی ژمارەی دانیشتوانیانەوە، شوێنێکی بەرچاو لە نەخشەی جوگرافی

گوندەکاندا دیاری ناکات. دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانە، بە زۆری لە کەسوکاری یەکدی پێک هاتوون: باوک و کوڕ. مام و برازا. ئامۆزا. پورزا... هتد. یاخود لەو جۆرە گوندانەن کە لە دوای مردنی باوکیان، منداڵەکانییان بوون بە دوو بەشەوە و هەر یەکەیان لە گەڕەکێکی دوور لەوی دیکەوە دانیشتوون. پاشان هەندێ خەڵکی گوندەکە لە دەوری هەردوو لایان کۆ بوونەتەوە، تا بوون بە دوو گوند. جاری واش هەیە، هەر بە یەک گوندی ماوەتەوە، وەلێ کەمێ لە یەکدییەوە دوور هەڵکەوتوون وەک ئەوەی یەکێکیان لە سەرەوە بێ و ئەوی دیکەیان لە خوارەوە، یاخود یەکێکیان لە رۆژهەڵات و ئەوی دیکەیان لە رۆژئاوا، کە هەردووکیشیان هەر یەک ناویان هەیە.

**- گوندی بچووک (٥٠ - ٣٠٠ کەس)**

دانیشتوانی ئەم گوندانە، بە زۆری لە چەند بەرە بابێ پێک هاتوون و لەبەر کەمی زەوی کشتوکاڵی و دوورەدەست، توانای گەورەبوونیان نییە.

**- گوندی ناوەنجی (٣٠٠ - ٧٥٠ کەس)**

گەورەترین دەستەی گوندە لە کوردستاندا بە ژمارەی گوند و رێژەی دانیشتوان لە سەرجەمی گوندنیشدالە ڕووی ژمارەی گوند و ژمارەی دانیشتوانەوە، بە گەورەترین جۆری گوند دادەنرێ. لە نێو ئەم دەستەیەدا، ژمارەی گوندەکانی کە ژمارەیان لە نێوان ٥٠٠ بۆ ٧٥٠ کەس بوو، نزیکەی هەزار و چوار سەد و شێست گوند بوو. زۆری ژمارە دەگەرێتەوە بۆ سروشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان.

**- گوندی گەورە (٧٥٠ - ١٥٠٠ کەس)**

دووەم دەستە گوندە بە ژمارە و ژمارەی دانیشتوانی هەر گوندێ. ئەم جۆرە گوندانە، لە شوێنی بەئاو و لە زەوی بەپیت و

لە نزیکی شارەکانەوە هەڵکەوتوون. دانیشتوانی ئەم گوندانە، زیاتر خەریکی چاندنی کشتوکاڵی پیشەسازی و بازرگانی و هیدیکەن.

- شارە گوند (١٥٠٠ کەس و بەرەوژوور)

گوندکانی ئەم دەستەیە، لە نزیکی شارە گەورەکان هەڵکەوتوون، لە رووی کارکردن و خزمەتگوزاری جۆراوجۆرەوە، پەیوەندییان بە شارەکانەوە بەتینە. هەندێ لەم گوندانە جێگای دانیشتنی سەرۆک عەشیرەت و شتی لەو بابەتانەوە. ئەم گوندانە گەلێ گەورەن، وەلێ لەو ئاوەدانیانەن کە پێناسەی شار نایان گرێتەوە، لەبەر ئەوەی ستاتووسی ئیدارییان نییە.

**پۆلێنکردنی گوندەکان**

کوردستان لە ڕووی فەرمانەکانیانەوە، بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکرێن:

**- گوندە کشتوکاڵییەکان**

دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانە، بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریکن. زۆربەی زەوییەکانی ئەم ئاوەدانیانە، بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی بەروبوومی کێڵگەی وەکو دانەوێڵە (گەنم و جۆ)، پیشەسازی (توتن، لۆکە، چەوەندەر) و ئالیک (وێنجە و سێپەڕە) بەکار دەهێندرێن و خۆشیان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە خەریک دەکەن.

**- گوندە تێکەڵاوەکان**

بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر، بازرگانی کڕین و فرۆشتن، ناردن و هێنان، چەک هەڵگرتن و پاسەوانی، لە ئەرکە سەرەکییەکانی دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانەن.

ـ گونده ناكشتوكاڵییەكان

دانیشتوانی ئەم جۆرە گوندانە، بە پلەی یەكەم بە ئەرك و ئیشوكاری هێنان و بردن و كڕین و فرۆشتن و چەك هەڵگرتن و پاسەوانییەوە خەریكن و ژمارەشیان زۆر نییە.

مۆرفۆلۆجیای گوندەكان

ئەوەیان لەبەر جیاوازی هۆكارەكانی سروشتی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و رامیاری هەروەها شێوازی گەشەكردنی مێژوو و ترادیسیای نەتەوەیی لە نێوچەیەك بۆ نێوچەیەكی دیكە جودایە. گرنگترین جۆرەكانی مۆرفۆلۆجیای گوندەكان ئەوانەی خوارەوەن.

ـ گوندی هەرمێی

ئەم شێوە گوندە لە نێوچە شاخاوییەكاندا زۆر بڵاوە. ریزێ لە نێو دۆڵەكاندا دروست دەكرێ. لە سەروی ئەوەوە ریزێ خانووی دیكە دروست دەكرێ، لە خوار ئەمیشەوە ریزی دووەم و سێیەم دێ، بەو شێوەیە خانووەكان بە قەد پالی شاخەكانەوە بەرز دەبنەوە، كە لە هەندێ نێوچەدا، بەرزاییان تاكو پێنج سەد مەتر دەڕوا و ریزەكان بەرە بەرە تەسك دەبنەوە، تاكو وای لێ دێ، ژمارەی خانووەكانی دوا ریز، لە دوو یا سێ خانوو تێپەڕ ناكات. لە زۆر شوێنیش سەربانی پێشەوەی ماڵەكان، دەبنە حەوشە و رێگەی هاتوچۆی ماڵەكانی سەروو خۆیەوە، خەڵكی خانووەكانیان بەم شێوەیە دروست دەكەن، تاكو دەست بە زەوی تەختایەكان بگرن و بۆ چاندن و كاری كشتوكاڵی بەكاری بهێنن. تاكو بە كەمترین ماندووبوون، بگەنە سەر سەرچاوەكانی ئاو و لە سەرمای زستان خۆیان بپارێزن، چونكە دۆڵەكان كەمتر با دەیانگرێتەوە.

ـ گوندی هۆبەیی

خانووەکان گەڕەک گەڕەک هەڵکەوتوون، دانیشتوانەکانیان لە بەرەبابێکەوە کەوتوونەتەوە. ماڵی باپیرە گەورەیان لە ماڵەکانی دیکە لەبەرچاوترە و شوێنی بەیەک گەیشتنە.

ـ گوندی لە پاڵ یەک

خەڵکی خانووەکانیان زۆر لە نزیک یەکدی و چڕوپڕ دروست دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی داکۆکیکردن لە خۆ و لە سامانەکانیان، تاکو لە دوژمنانی دەرەوە خۆیان بپارێزن. هەروەها بۆ ئەوەی هەموو لایەکیان، لە سەرچاوەی ئاوی گوندەکانەوە، وەکو یەک دوور بن.

ـ گوندی پەرشوبڵاو

خانووەکانی ئەم جۆرە گوندانە، تاک تاک و جووت جووت و لێرە و لەوێ و بڵاو هەڵکەوتوون. لە نێوانیاندا بۆشاییەکی زۆر هەیە. دانیشتوانی ئەم گوندانە، خزمایەتییان لەگەڵ یەکدیدا یا نییە، یا کەمە. شوێنی گشتی بەیەک گەیشتنیان، تەنیا مزگەوتە.

ـ گوندی لاکێشەیی

یەکێ لە تازەترین نەخشەی خانوو دروسکردن، ئەم شێوە لاکێشەییە . ئەگەر شوێنەکە دەشتایی و تەخت بوو، ئەوا خانووەکان لەم بەر و ئەو بەری جادەکان دروست دەکرێن. ئەگەر شوێنەکە گردۆڵکە و بە قەد چیاکانەوە بوو، لە لای راست و چەپی دۆڵەکانەوە، یاخود لە رۆخی هەردوو بەری چەم و رووبارەکاندا دروست دەکرێن.

ـ گوندی دامەیی

پەیدابوونی ئەم جۆرە نەخشەیە، بۆ ساڵەکانی حەفتا دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە گوندانە لە سەرەتاوە، بۆ دانیشتوانی گوندە راگوێزراوەکان دروستکراون. خانووەکانی بە شێوەیەکی ئەندازەیی، بەرانبەر بە یەکدی رێزکراون و جادەکانیش بە نێوانیاندا تێپەڕ دەبێ.

## سەربابەتی شەشەم
## سنوور و دابەشبوونی کارگێڕی کوردستان

سنوور و دابەشبوونی کارگێڕی، یەک بە دوای یەک، بە گوێرەی زانیارییە کانی بەردەست و خوێندنەوەی لیتراتوورە. لەو بەشەدا شیدەکرێنەوە.

### ژێربابەتی ١. سنووری کوردستان

کوردستان لە باکوورەوە لەگەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران و لە باشوورەوە لەگەڵ عێراق و لە رۆژئاواوە لەگەڵ سوریادا هاوسنوورە. وەلێ سنووری لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، بە شێوەیەکی فەرمی دەسنیشان نەکراوە و لە لایەن ئەم چوار دەوڵەتەوەش، نە دان بە بوونی خاکی کوردستاندا و نە بە هەبوونی سنوور لە نێوانیاندا نانێن. کوردستان بە بەشێک لە خاک و نەتەوەی کوردیش بە بەشێک لە نەتەوەکانی خۆیان دەزانن.

بەشێک لە سنووری ئێستای دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، بە نێو جەرگەی خاکی کوردستاندا کێشراوە، لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە فەرمی دانی پێنراوە.

رەنگڕشتنی سنوورەکانی چوار دەوڵەتەکەی دەوروبەری کوردستان، مێژووی تایبەتی خۆیان هەیە. بۆ نموونە، سنووری رۆژئاوای ئێران و سنووری رۆژهەڵاتی تورکیا و عێراق سەرچاوەکەی بۆ سەدەی شازدەیەم دەگەڕێتەوە، روونتر، بۆ دوای جەنگی چاڵدێرانیساڵی ١٥١٤ی زایینی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە. یەک لە ئەنجامە

هەرەگرنگەکانی ئەو جەنگە دەسنیشانکردنی سنووری نێوانیان بوو. پاشتریش بەگوێرەی پەیماننامەی سنووری ئەرزوروم لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینیدا، لەسەر زۆر ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان رێک کەوتن و ئەم سنوورەش تاکو ئەورۆ، جگە لە دەسکارییەکی کەم نەبێ، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

سنووری باشووری تورکیا و باکووری عێراق و رۆژهەڵات و باکووری سوریا لەگەڵ یەکدیدا، بنچینە سەرەکییەکەی بۆ دوای ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەم دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە، سنووری تورکیا و عێراق، لە ساڵی ١٩٢٥دا و هی سوریا و عێراق، لە ساڵی ١٩٣٦دا بە هاوکاری هەندێ وڵاتی ئەورووپی و نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپێندرا. باسی ئەو سنوورانە ناکەم. وەلێ بە کورتی باسی سنووری کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر دەکەم.

**یەکەم. سنووری وشکانی کوردستان**

درێژی ئەو سنوورە سەدان کیلۆمەتر دەبێ. بە گوێرەی هەندی خاملاندن لە هەزار و حەوت سەد کیلۆمەتر زیاترە. درێژی سنووری نێوان کوردستان و تورکیا ـ ٣٧٧ کم. کوردستان و ئێران ـ ٦٣٥ کم. کوردستان و عێراق ـ ٥٥٥ کم. کوردستان و سوریا ـ ١٦٠ کم(٥)

**١. سنووری نێوان کوردستان و تورکیا**

ئەوەیان بە سنووری ئیداری باکووری ئەستانی ئیغدیر و قەزایەکانی کاغزمان و ساری کامیش و ئەستانەکانی ئەرزوروم(قەزایەکانی: هۆرەسان و کۆۆپرووکۆۆیو و پاسینلەر و ئەرزوروم و ئیلچە و ئاشکالا) ئەرزنجان تەواو دەبێ. سنوورەکە بە سنووری ئیداری رۆژئاوای قەزای دیفریغی و ئەستانی مالاتیا و کاهرامان مارش(قەزایەکانی: ئەلبیستان وئەکینیزوو و مارش و تورک ئۆغلو) و ئەسمانییە و قەزایەکانی ئەرزین و دۆرتیۆل تیدەپەری تاکو دەگاتە بوغازی ئەسکەندەرون لە رۆژئاوادا.

**٢. سنووری نێوان کوردستان و ئێران**

ئـــەوەیان لـــە ڕۆژهەڵاتــدا بـــە ســنووری ئیــداری ڕۆژهـــەڵاتی ئەستانەکانی آذربایجان غربی و کردستان و کرمنشاه و لرستان و چهارمحال و بختیاری و سنووری ئیداری شەهرستانەکانی کازرون و ممسنی و گناوه و دیلم تەواو دەبێت. سنوورەکە بە سنووری ئیداری ڕۆژئاوای قەزایەکانی بهبهان و آغاجاری و رامهرمز و شوشتر و شوش و ئەستانی ایلام تێدەپەڕێ تاکو دەگاتە سنووری ئێران و عێراق لە ڕۆژئاوادا.

**٣. سنووری نێوان کوردستان و سوریا**

ئـەوەیان لـە ڕۆژهەڵاتـدا بـە سنووری ئیـداری قـەزای المالکیـە دەست پێ دەکات و بە سنووری ئیداری قەزایەکانی القامشلی و راس العين و تل ابيض(سنووری ناحیەی مەرکەز) و عين العرب و عفـرين تێدەپـەڕی تـاکو دەگاتـە سـنووری تورکیـا و سـوریا لـە ڕۆژئاوادا.

**دووەم. سنووری ئاوی کوردستان**

کوردستان لـە باکووری ڕۆژئـاوا و لـە باشـووردا سـنوورەکەی دەگاتە سەر ئاوێ. درێژی سنووری ئاوی، لەچاو درێژایی سنووری زەمینیدا، زۆر کەمە.

**١. سنووری کوردستان لە بۆغازی ئەسکەندەروونددا**

ئەوەیان لە باشووری گوندی ساریسکی بە چەند کیلۆمەترێک، ئـەم سـنووره دەسـت پـێ دەکـات و بـەرەو بـاکوور بـە چەنـد کیلۆمەترێک دەکشێ. لە دوایدا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەبێتەوە، تاکو دەگاتە هێڵی درێژی ٣٦ ی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ ئەو خەتەدا کۆتایی بە سنووری کوردستان دێ، لە کەنداوی ئەسکەندەرۆندا.

## ٢. سنووری کوردستان لە کەنداودا

ئەوەیان لە باشووری بەندەری ریگەوە دەست پێ دەکات و بەرەو باکووری رۆژئاوا هەڵدەکشێ، و بەلای رۆژئاوای شارۆچکەی بندر گناوە دا تێپەڕ دەکات. لە دوایدا بەرەو رۆژئاوای گوندەکانی مال سلیمان، چامک، چاە شور، نبگ و لە پاشان بەرەو باکوور درێژ دەبێتەوە و بە رۆژئاوای گوندی امام حەسەن و حەساردا دەڕوات. لە دوایدا درێژە بە رۆیشتنەکەی دەدات و بە رۆژئاوای گوندکانی لیلتین، بویرات، بە چەند کیلۆمەترێک تێپەڕ دەبێ، تاکو دەگاتە رۆژئاوای بەندەر دیلم، لەوێشەوە بەرەو باکووری رۆژئاوا دەڕوا و لە دوایدا بەرەو رۆژئاوای گوندی رگ سەفید، بە چەند کیلۆمەترێک درێژە بە رۆیشتنەکەی دەدات، پاشان *تاکو* لە رۆژهەلاتی هێڵی درێژی ٥٠ ی رۆژهەلات بە چەند کیلۆمەترێکی دیکە کۆتایی پێ دێت. واتە سنووری کوردستان، لەگەڵ ئاستی کەنداودا، لە باشووری بەندەری ریگەوە، *تاکو* رۆژهەلاتی هێڵی درێژی ٥٠ ی رۆژهەلات درێژ دەبێتەوە.

## ژێربابەتی ٢. دابەشبوونی کارگێری

بۆ هەڵسوڕانی کاروبارەکانی ئیداری لە هەموو ولاتەکانی جیهاندا، بە شێوەیەکی رێکوپێک و ئاسان، پێویستە نێوچە جوگرافیەکانی ئەو ولاتانە، بەسەر چەند یەکەیێکی ئیداری جیاوازدا دابەش بکرێن، کە هەر نێوچەیەک بە گوێرەی رووپێوی خاکەکەی، باری ئابووری، رەوشی کۆمەلایەتی، گرفتەکانی نەتەوەیی و رامیاری، شوێنی جوگرافی و دوور و نزیکی ئەو نێوچانەوە لە پایتەختی دەوڵەتەکەوە، هەروەها بە گوێرەی بارودۆخ و دوور و نزیکیانەوە، لە ولاتەکانی دەوروبەرەوە، ئەو یەکە ئیداریانە دیاری دەکرێن و بەڕێوە دەبرێن.

**دابەشبوونی ئیداری لە ساڵی ٢٠١٠دا**

بـــاری ئـــابووری و کۆمەڵایـــەت و رامیـــاری، لـــە سیســـتەمی دابەشکردنی ئیداری کوردستاندا، رۆڵی گرنگی تایبەتی خۆی وازی دەکات. گرنگترین ئەو خەسڵەتانەش ئەمانەن:

**- چەسپاندنی دەسەڵات**

دەوڵـەتی ناوەنـدی، لـە کـاتی نەخشـەدانانی ئیداریـدا، زیـاتر بایـەخ بـە لایـەنی سـەربازی دەدات، وەک لـە لایەنـە ئـابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی چەسپاندن و درێژەدانە بە دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی نێوچە جیاجیاکانی بندەستییەتی.

**- ناوگۆڕین**

گـــۆڕینی نـــاوە مێژووییـــەکانی شـــوێنە جوگرافییـــەکان، لـــە کوردییـــەوە بـــۆ تـــورکی و عـــارەبی و فارســـی، بـــە مەبەســـتی سەرلێشێواندنی ناشارەزایان، تا ئەو نێوچە و شوێنانە نەناسنەوە و دروسـتکردنی بەڵگـەی سـاختە، تـا بیسـەلمێنن، ئـەو شـوێنانە کوردسـتان نـین و دەسـەڵاتی حوکومـەتی ناوەنـدی زیـاتر تێـدا بچەسپێنن، لە لایەکی دیکەشەوە ناوە کۆنەکان لە بیر دانیشتوان بەرنـەوە و فێـری نـاوە تازەکانیـان بکـەن. نموونـەش لەسـەر ئـەم کردارانە گەلێک زۆرن، وەکو گۆڕینی ناوی گوند و قەزا و شارەکان. بۆ نموونە، لە باکووردا، تورکیا لە ساڵی ١٩٣٦دا، ناوی دەرسیمیان گۆڕی بۆ تونجەلی. لە رۆژهەڵاتدا، ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا، ناوی کرماشـانیان گـۆڕی بـۆ باختـەران. لـە باشـووردا، عێـراق لـە ٢٩/ ١/ ١٩٧٦ دا، ناوی ئەستانی کەرکوکیان بۆ التامیم گۆڕی.

**- سڕینەوە**

دەوڵـەتی عێـراق، لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٧٧ - ١٩٨٧ دا، ٤٣ ناحیـەی بـە تـەواویی سـڕییەوە و زۆربەشـیانی چـۆڵ کـرد و دانیشتوانەکانیشـی دەربـەدەر و ئـاوارە کـرد، تـاکو مەبەسـتە

سەربازییەکانی خۆی بەدی بهێنێ. ئەمەش ناوەکانیانە: قوشتەپە، خەبات، کەندیناوە، تەقتەق، شۆڕش، برادۆست، مێرگەسۆر، بارزان، خۆشناو، باڵەک، حاجی ئۆمەران، بەرواری بالا، رزگاری، قەرەداغ، خورماڵ، بیارە، گەرمک، سیوەیل، ماوەت، هێرۆ، مەرگە، رانیە، ئاغجەلەر، سەنگاو، تیلەکۆ، قەرەحەسەن، شوان، یایچی، کەڵەک، وانە، مریبە، مزوری، نەهلە، سورچی، گرەسێن، مەیدان، قۆرەتو، جەباری، سەرقەلا، کۆکس، نەوجۆڵ، قادرکەرەم، زورباطیة.

- گۆڕینەوەی ناو

هەر رژێمێکی تازە دێ، ناوی ئەو شوێنە جوگرافییانەی پێش ئەو گۆڕا بوون، جارێکی دیکە دەیان گۆڕنەوە وبە ناوی رووداوە گرنگەکانی رژێم و سەرکردەکانییەوە، ناوی تازەیان لێ دەنێن، بە مەرجێ لەگەڵ بیروڕای خۆیاندا بگونجێ. نموونەی ئەمانەش لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، وەکو گۆڕینی ناوی قەزای سلماس بۆ شاهپور و دیسانەوە جارێکی دیکە گۆڕییانەوە بۆ سلماس. هەروەها ناوی شاری اورمیە گۆڕی بۆ رضائیە، پاشان کردیانەوە بە اورمیە. پهلوی دژ بۆ ننور. شاهین دژ بۆ صایین دژ. شاه آبادی غرب بۆ اسلام آبادی غرب و هیدیکە.

- لێکداپچڕاندن

باری ئابووریی و کۆمەلایەتیی و هەندێ جاریش، رەوشی رامیاری وا دەخوازێ، کە هەندێ یەکە ئیداری لە یەکە ئیدارییەکانی پێشوو بکرێنەوە و بە یەکە ئیدارییێکی دیکەی تازە یا دراوسێوەی ببەستنەوە. بۆ نموونە قەزای توزخورماتووی لە ساڵی ١٩٧٦دا، لە ئەستانی کەرکوکیان داپچڕی و بە ئەستانی سەلاحەدینیانەوە لکاند. هەروەها ناحیەی ئەبدانانیان لە قەزای دێهلۆران داپچڕی و بە قەزای بەدریانەوە بەستەوە.

- گۆڕینی پلە

زیادبوونی ڕۆڵی هەندێ یەکە ئیداری لە نێوچەکەدا، پێویستی بە گۆڕینی ستاتۆس دەکات، بۆ ئەوەی بە فەرمانە تازەکانی خۆیان هەڵبستن. بۆ نموونە، گۆڕینی ستاتووسی دهۆک، لە کۆتایی مانگی مای ساڵی ١٩٦٩دا، لە سەنتەری قەزاوە بۆ سەنتەری ئەستان. ، گۆڕینی شیروان و چرداول لە ئەستانی ایلام، لە سەنتەری ناحیەوە بۆ سەنتەری قەزا. هەروەها هەمان شتیش لە ناحیەی لردگان لە ئەستانی بختیاری روویدا.

- بەرزکردنەوەی پلە

ئەو گوندانەی کە لە شوێنە ستراتیژییەکاندا هەڵ کەوتوون و بە سامانەکانی ژێر زەوی دەوڵەمەندن، ستاتووسی ئیداری بە هەندێکیان دەبەخشن و دەبنە سەنتەری یەکەیەکی ئیداری. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، گوندی انزل لە قەزای اورمیە کرا بە ناحیە و هیدیکە.

خاکی کوردستان بەگوێرەی دەسەڵات و بەرپرسیاری یەکەم لە نێوچەکەدا، جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەنتەر، ژمارە و چۆنێتی کارکردن و ئەرکەکانی کارمەندان، روپێو و ژمارەی یەکە ئیدارییەکان... هتد بەسەر پێنج پلەی ئیداری جیاوازدا دابەش دەکرێ. پلەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

- ئەستان (ئیل. استان. محافظة)

گەورەترین یەکە ئیدارییی لە کوردستاندا. کاروبارەکانی ئیداری ئەستان لە لایەن کاربەدەستێکی دەوڵەتەوە بەڕێوە دەبرێ، بە ناوی موحافز (والی، استاندار، محافظ) ئەستاندار بە فەرمانی کۆماری دادەمەزرێ و دەستیشی لە کار دەکێشرێتەوە. ئەم کارمەندە بەرپرسیاری یەکەمی بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارە ئیدارییەکانی ئەستانە و هەندێ جاریش کاروباری سەربازیش لە

ئەستۆی خۆی دەگرێ. لە هەمان کاتدا بڕیار و فەرمانەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکات و بە نامە و راپۆرتی تایبەتی و سەردان بۆ پایتەخت، دەسەڵاتی ناوەندی، لە هەموو دەنگوباسەکانی ئەستانکە ئاگادار دەکاتەوە.

- قەزا (ئیلچە. شهرستان. منطقة)

ئەمەیان لە رووی دەسەڵات و رووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، لە دوای ئەستانەوە دێت. لەسەر هەر یەکێ لەم یەکە ئیداریانە، کاربەدەستێکی دەوڵەت بە ناوی قایمقامەوە (مدیر منطقة، فرماندار، ئیلچەکایمکامی) دادەنرێ، کە ئەویش بە فەرمانی تایبەتی کۆماری دادەمەزرێ و لادەبرێ. ئەم کاربەدەستە بە زۆری پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ ئەستانداره هەیە، لە هەمان کاتدا لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان و ئاگادارکردنی لایەنەکانی سەروی خۆی، لە هەموو کاروبارەکانی ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و سەربازی، لە چوارچێوەی یەکە ئیدارییەکەی خۆیدا بەرپرسیارە.

ناحیە (بۆچاغ. بخش)

سێیەم پلەی ئیداریە لە کوردستاندا، گەورەترین بەرپرسیاری ئەم یەکە ئیدارییە، کاربەدەستێکە بە ناوی بەڕێوەبەری ناحیەوە (مدیر ناحیة. مودیر بۆچاغی، بخشدار)، کە بە فەرمانی وەزیری ناخۆ دادەنرێ دەستی لە کار دەکێشرێتەوە، هەندێ جاریش بە فەرمانی کۆماری دادەنرێ. ئەرکەکانی سەرشانی مودیری ناحیە، زیاتر خۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری ئیدارییە لە ناحیەکە و ئاگادارکردنەوەی قایمقام لە بارەی دانیشتوانی ناحیەکەدا دەنوێنێ، هەروەها بڕیار و فەرمانەکانی موحافز و قایمقام، بە خەڵکی دەگەیەنی و جێبەجێیان دەکات.

**دەهستان (مقاطعة)**

بریتییە لە یەکە ئیدارییێکی بچووک، لە ژمارەیەک گوندی سەربەیەکەوە پێک هاتووە، لە رووی هەڵسوڕاندنی کاروباری ئیداری و کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە، سەر بە بەرێوەبەی ناحیەیە. بەرپرسی دەهستان لە رۆژهەلاتی کوردستاندا دهداری پێ دەگوترێ.

**گوند (قریة. دە)**

بچووکترین یەکە ئیدارییە لە کوردستاندا و لە ژمارەیێک لە خێزان پێک هاتووە. کاروباری رۆژانەی هەمەچەشنەی گوندەکان، لە لایەن یەکێ لە دانیشتوانی گوندەکەوە، بە ناوی (موختار) ەوە دەبرێ بەڕێوە، کە بە شێوەی هەڵبژاردن یان دەست نیشانکردن لە لایەن بەڕێوەبەری ناحیەوە دیاری دەکرێ. ئەرکی سەرشانی موختار، ئاگادارکردنەوەی سەنتەری ناحیەیە، لە هەموو جۆرە جموجۆڵێکی دانیشتوانی گوندەکان و گەیاندنی هەمو بڕیار و راسپاردەکانی بەڕێوەبەری ناحیەیە بە دانیشتوانی گوندەکە.

خاکی کوردستان، لە رۆژی ئەورۆدا، بە سەر سی و پێنج ئەستان و سی سەد و سی و چوار قەزا و پێنج سەد و سی و پێنج ناحیە و دەیان هەزار گوندی ئاوەدان، دابەشکراوە. بڕوانە خشتە ١٣ بکە.

ناوەکان، لە خوارەوە، دەنووسمەوە و ناوی یەکە ئیداریەکانی باکوور بە ئەلف و بای و رێنووسی کوردی هەروەها هی باشووریش (جگە لە هەندێ قەزا و ناحیە) و هی رۆژهەلات بە ئەلف بای فارسی و رێنووسی فارسی و هی رۆژئاواش بە ئەلف و بای و رێنووسی عارەبی نووسراوە. بە شێوەی دیکە، ناوەکان تێکەڵ دەبوون و دۆزینەوەیان لە سەرچاوە فەرمییەکاندا، بە زەحمەت دەکەوت. بڕوانە نەخشەی ٦ بکە

خشتەی ١٣

روووپێو و ژمارەی دانیشتوان و یەکە ئیداریەکانی کوردستان

| هەرێم | رووپێو | ژمارەی دانیشتوان | یەکەی ئیداری | | | گوند |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ئەستان | قەزا | ناحیە | |
| باکوور ٢٠٠٠ | ٢١٥٨٩٢ | ١٣٧٥٩٢٤٥ | ٢٣ | ٢٠٣ | ٢١٩ | |
| باشوور ٢٠٠٢ | ٨٧١١٧ | ٨٠٠٧٤٤٣ | ٥ | ٤٤ | ١٠٨ | |
| رۆژهەلات ٢٠٠٦ | ٢١٧٧٦٦ | ١٢٣٥٢٢٩٨ | ٧ | ٨٢ | ٢٠٠ | |
| رۆژئاوا ١٩٩٤ | ١٥٢٦٤ | ٩٨٤٤٢٤ | — | ٥ | ٨ | ٢٣٣٩ |

## باکووری کوردستان

ئیل و ئیلچە و بوجاغەکانی باکووری کوردستان بە گوێرەی دابەشبوونی ساڵی ٢٠٠٠ ئەوانەی خوارەوەن.

**ئادیەمان**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. ئاکپینار. باغپینار. کۆچالی. کۆیوجاک.


٢. بەسنی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چاکیرهوویووک. کیزیلین (یەشیۆل). سوڤارلی. شام بایات.

٣. چەلیکهان. بوجاغەکانی: مەرکەز

٤. گەرگەر. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. تاراکسو (گۆۆلیورت).

٠٥ گۆۆل باشی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. بەلۆۆرەن. هارمانلی.

٠٦ کاهاتا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاکینجیلار. داملاجیک. نارینجە.




٠٧ سامسات. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٨. سینجیک. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز (یارپوزلو).

٩. توت. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

**ئاگری**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز(کارا کۆسە). جومەچای. مورات.

٠٢ دیادین. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز

٠٣ دۆغو بەیازیت. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. سولوچام.

٠٤ ئەلەشکیرت. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. تاهیر.

٠٥ هامور. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٦. پاتنۆس. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. دەدەلی. دۆغانسو. ساریسو.

٠٧ تاشلی چای. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز

٠٨ توتاک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**بینگۆڵ**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاغاچەلی (ئیلیچەلار). سانجاک. یاماچ.

٢. ئاداکلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٣ گەنج. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. سەرقی. سۆغوتلی (چای تەپە). یاییلا. یەنیسو.

٠٤ کارلۆڤا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆۆینیووک.

٠٥ کیغی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٦ سۆلهان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. یەنیباشاک.

٧. یالادەرە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٨. یەدیسو. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**بیتلیس**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بۆلووک یازی. نارلی دەرە. ساری کۆناغ.

٠٢ ئادیلجەواز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆڵ دووزوو.

٣. ئاهلات. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئۆڤاکیشلە.

٤. گوورۆیماک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٥ هیزان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاک شار. ساغینلی.

٦. مۆتکی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گەییک پینار. کەڤاک باشی. مەیدان.

٠٧ تاتوان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کووچووکسو. یەلکەنلی.

**دیاربەکر**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. مەرمەر. پیرینچلیک( یۆڵ بۆیو).

٠٢ بیسمیل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. تەپە. یوکاری سالات.

٣. چەرمیک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باشاری.
٤. چنار. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کیلڤان (ئۆبەباغ).
٠٥ چوونگووش. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٦. دیجلە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٧. ئەغیل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٨ ئەرگانی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەهمەتلی.
٠٩ هانی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
١٠. هازرۆ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
١١. کۆجاکۆی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
١٢. کوڵپ. بوجاغەکانی؛ ـ مەرکەز. ئەغاچلی. ئاکچاسیر (ئایوگون). هامزالی.
١٣. لیجە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کایاجیک (ساڤات).
١٤. سیلڤان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باغ دەرە. چاتاک کۆپروو.

**ئەلازیغ**

٠١ سەنتەر: بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. هان کەندی. هارپوت. هدربابا. ئیچمە. مۆلا کەندی. پۆیراز.
٠٢ ئاغین. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٣. ئالاجاکایا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٤. ئاریجاک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٥ باسکیل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئایدینلار (ئاشاغی کولوشاغی). کوش سارای.
٠٦ کاراکۆچان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باش یورت. چان.
٠٧ کەبان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٨. کۆڤانجیلار. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چای باغی.
٩. مادەن. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. هازار(کاڤاک).
١٠. پالو. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆۆگ دەرە.

١١. سیڤریجە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆزەلی.

ئەرزنجان

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چاغلایان. چاتال ئەرموت. تانیەری (ئۆجاغ باشی). ئوزوملو.

٠٢ چای یرلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باشکۆی (یایلا کەنت).

٠٣ ئیلیچ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئارموتلو (بوویووک ئارموتلو). کوروچای.

٤. کەماه. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئالپ کۆی. بۆزغلاک. دۆغان بەیلی. ئۆغوز.

٠٥ کەمالیە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باشپینار. دوتلوچا.

٦. ئۆتلوک بەیلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٧رەفاهیە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاکارسو. جەنگەرلی (دۆغاندەرە). چاتال چەم. گوومووشاکار.

٠٨ تەرجان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٩. ئووزوملوو. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

ئەرزوروم

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دوملو.

٠٢ ئاش کالا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چیفتلیک. کاندیللی.

٣. چات. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٤. هنس. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. هالیل چاڤوش.

٠٥ هۆراسان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاراس.

٦. ئیلیجا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئۆڤاجک(ئووچکۆسە).

٧. کاراچۆپبان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٨ کارایازی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەلمالی دەرە (مەلائوسمان). گۆکسو.

٩. کۆپرووکۆی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. سۆیلەمەز(مەسجیتلی).

١٠. پاسینلەر. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠١١ تەکمان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆۆک ئۆغلان (کیرکهان).

**گازی ئانتەب**

١. شاهین بەی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بورج.
٢. شەهیت کامیل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٣ ئارابان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٤. ئیسلاهیە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. فەڤزی پاشا.
٥. کارکامیش. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٦ نیزیب. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٧. نورداغی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٨. ساکجاگۆۆزە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٩ ئۆغوزەلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دۆغانپینار.
٠١٠یاڤوزئەلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**هەککاری (جۆلەمێرک)**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باغیشلی. گەچیتلی.
٢. چوکورچا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چیغلی.
٣. شەمدینلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٤ یووکسەکۆڤا: بوجاغەکانی ـ مەرکەز. داغ لیجا. ئەسەندەرە.

**مالاتیا**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چۆلاکلی.
٢. ئاکچاداغ. بوجاغەکانی: ــ سەنتەر (ئالیجەری). کوورەجیک (کەپەز). لەڤەنت.
٠٣ ئارابکیر. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. تاشدەلەن.
٠٤ ئارگوڤان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چوباندەرە (یۆنجالی).
٥. باتتال گازی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٦ دارەندە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بالابان.

٠٧ دۆغان شەهیر. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. سوورگوو.
٨. دۆغان یۆل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٩ هەکیم هان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. هاسان چەلەبی. کورشونلو.
١٠. کالە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز(باغ لیجە).
١١. کولونجاک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠١٢ پۆتوورگە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دۆغانیۆڵ. تەپەهان.
١٣. یازی هان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
١٤. یەشیل یورت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**کاهرەمان مارەش**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەلی بەیلی (ئاغا بەیلی). سوولە یمانلی. یەنی کۆۆی.
٢. چاغلایانجەریت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٣. ئەکینۆۆزوو. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٤ ئەلبیستان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گووجووک.
٥. گۆۆکسون. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چارداک
٦. نورهاک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٧ پازارچیک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. نارلی.
٠٨ تورک ئۆغلۆ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**ماردین**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاکینجی.
٢. دارگەجیت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٣ دەریک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کۆجاتەپە.
٠٤ کزل تەپە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. شەنیورت.
٠٥ مازی داغی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٦ میدیات. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

٠٧ نوسەیبین. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاکارسو. گیرمەلی.
٨. ئۆمەرلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٩ ساڤور. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. سوورگووجوو.
١٠. یەشیلی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**موش**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کیزیل ئاغاج(ئۆزکۆناک). مەرجیمەک کالا. یایگین.
٠٢ بولانیک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەرەن تەپە. کارائاغیل.
٣. هاسکۆی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٤. کۆرکوت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٥ مالازگیرت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاک توزلا. کاراهاسان (ئاداکسو). نورەتتین (کۆناک کوران).
٠٦ ڤارتۆ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چایلار. کاراکۆی (ئومجالی).

**سییرت**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٢. ئایدینلار. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٣. بایکان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دیلەک تەپە.
٤. ئەروە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باغ گۆزە
٠٥ کورتالان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. باغ لیجا. یانارسو.
٠٦ پەرڤاری. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دۆغانجا.
٠٧ شیرڤان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. جەڤیزلیک. ئۆزپینار.

**تونجەلی**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز(کەلان). چیچکەلی (بوغولو). کۆچاکۆچ. سووتلووجە (توولووک).
٢. چەمشیگەزەک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاکچاپینار. گەدیکلەر.
٠٣ هۆزات. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. چاغلارجا.

٠٤ مازگیرت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاک پازار. داری کەنت.
٠٥ نازمیە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بوویووک یورت (دەرەئوڤا). دەللی باخچە.
٦. ئۆڤاجیک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کارائۆغلان. یەشیل یازی.
٠٧ پەرتەک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاک دەمیر. دەرە. پینارلار.
٨. پوولووموور. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بال پەیام. داغ یۆلو. کرمزی کۆۆپروو (مەزرا). ئووچ دام.

**شانلی ئورفا**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئاک زیارەت (جوولمەن). چاملی دەرە. کابا هایدار (کالەجیک). پایاملی (دۆلونای). یاردیمجی.
٠٢ ئاکچاکالە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. شەهیت نوسرەتبای.
٠٣ بیرەجیک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بۆۆغووتلەن.
٠٤ بۆزوڤا. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کانلی ئەفشار. یایلاک.
٠٥ جەیلان پینار. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٦ هالفەتی. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٧. هارران. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٨. هیلڤان. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گۆۆڵجووک. ئۆڤاجک.
٠٩ سیڤەرەک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بوجاک (بەغدەش). چایلارباشی. داغ باشی. کاراجاداغ. کاراکەچی. شەکەرلی.
٠١٠ سوروچ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. موورشیت پینار (کووچووک کەندیرجی).
٠١١ ڤیران شەهیر. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دەمیرجی.

**ڤان**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەرچەک. تیمار (گەدیک بولاک).

٢. باهچەسارای. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٣. باش کالە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. ئەلبایراک.
٤. چالدیران. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٥. چاتاک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. نارلی.
٦. ئەدرەمیت. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٧ ئەرجیش. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دەلی چای. کوجاپینار.
٠٨ گەڤاش. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٩ گوورپینار. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. گووزەل سو. کیرک گەچیت. یالینجا.
٠١٠ موورادیە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠١١ ئۆۆزالب. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دوروتای.
١٢. سارای. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.

**باتمان**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٢ بەشیری. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بەشپینار. بەیچایرلی. ئۆغوز
٠٣ گەرجووش. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کایاپینار.
٤. هاسانکیف. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٥. کۆزلوک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. بەکرهان. توزلا گۆۆزە.
٠٦ ساسۆن. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. یووجەباغ.

**شرناک**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. کزل سو.
٢. بەیتوششەباپ. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز.
٠٣ جیزرە. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. دیجلە.
٤. گووچلووکۆناک. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز(فیندیک).
٠٥ ئیدیل. بوجاغەکانی: ـ مەرکەز. هابەرلی. ئۆیالی.

٠٦ سیلۆپی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٠٧ ئولودەرە: بوجاغەکانی ـ مەرکەز. ئورتاباغ.

**ئغدیر**

٠١ مەرکەز. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. تاشبوران.

٢. ئارالیک. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٣. کاراکۆیونلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٠٤ توزلوجا. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. کازیلەر.

**کیلیس**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز

٢. ئەلبەیلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز

٣. موسابەیلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٤. پۆلاتەلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز

**ئوسمانییە**

١. مەرکەز. بوجاغەکانی:ـ کایپاک. تەجیرلی. یارپوز.

٢. باهچا. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٣. دووزیجی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٤. هاسان بەیلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٥. کادیرلی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٦. سومباس. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٧. تۆپراک کالە. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

**لە هاتای**

١. دۆرت یۆل. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. یاکاجیک(پایاس).

٢. ئەرزین. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز.

٣. هاسا. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. ئاکتەپە.

**لە کارس**

٠١ کاغیزمان. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. کۆتەک.

٠٢ ساری کامیش. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. کاراکورت. کارائورگان.

**له سیڤاس**

١. دیڤریغی. بوجاغەکانی:ـ مەرکەز. دانیشمەنت (ئەریک باشی). کەدیک باشی. مورسال. سینجان.

## باشووریی کوردستان

ئەستان و قەزا و ناحیەکانی باشووریی کوردستان بە گوێرەی دابەشبوونی ساڵی ٢٠٠٢ ئەوانەی خوارەوەن

**دهۆک**

١. سەنتەر. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. زاویتە. مانگیشک.

٠٢ ئامێدی. ناحیەکانی:ـ مەرکەز، بامەرنی. دێرەلوک. سەرسنگ. کانی ماصی.

٠٣ ئاکرێ. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. دینارتە (نەهلێ). بجیل. گرەسێن.

٤. بەردەڕەش. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. دارتوو. روڤیا. کەلەک.

٠٥ زاخۆ. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. باتیفا. دارکار. رزگاری (برایم خەلیل).

٦. سێمێل. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. باتیل. فەیدێ.

٧. شیخان. ناحیەکانی:ـ مەرکەز (عین سفنی). ئەتریش. باعەدرێ. زیلکان. قەسرۆک.

**سلێمانی**

١. مەرکەز. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بازیان. تانجەرۆ (عەربەت). سەرچنار (بەکرەجۆ).

٠٢ پشدەر. ناحیەکانی:ـ مەرکەز (قەڵادزێ). ناودەشت (سەنگەسەر). هێرۆ.

٠٣ پێنجوین. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. گەرمک.

٠٤ چەمچەماڵ. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. ئاغجەلەر. سەنگاو (گۆگ تەپە). رزگاری(شۆڕش).
٠٥ دوکان. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. چناران (خەلەکان). سورداش (پیرەمە گرون).
٠٦ رانیە. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بنگرد. بێتواتە. حاجییاوا. چوارقورنە.
٠٧ شاربازێڕ. ناحیەکانی:ـ مەرکەز (چوارتا). سروچک (بەرزنجە) . سیوەیل (باسنێ). ماوەت.
٨. شارەزوور. ناحیەکانی:ـ مەرکەز (سەید سادق). بەمۆ (گلێجاڵ). وارماوا (زەراین).
٩. قەرەداغ. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. سێوسێنان.
٠١٠ هەڵەبجە. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بیارە. خورماڵ. سیروان (کێلە سپی).

**هەولێر**

٠١ مەرکەز. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بەحرکە. عەنکاوە.
٠٢ چۆمان. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. حاجی هۆمەران. قەسرێ. گەلاڵە.
٣. دەشتی هەولێر. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. قوشتەپە.
٤. خەبات. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. رزگاری. کەورگۆسک.
٠٥ رواندز. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. وەرتی.
٦. سۆران. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. خەلیفان. دیانا. سیدەکان.
٧. شەقڵاوە. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. باسرمە. سەلاحەدین. هەریر. هیران.
٠٨ کۆیە. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. تەقتەق. شۆڕش (دێگەڵە).
٩. مەخموور. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. قەراج (باقرتە). کەندیناوە (دیبەگە). گوێڕ. مەلاقەرە.

۱۰٠مێرگەسۆر. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بارزان، پیران. گۆڕەتوو. مەزنێ. شێروان مازن.

**ئیدارەی گەرمیان**

۱. کەلار. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. بێباز (باوەنور). رزگاری. تیلەکۆ.

٠۲ دەربەندیخان. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. شێخ تەویل.

۳. خانەقین. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. جلولاء. سعدیە. مەیدان. قۆرەتو.

٤. کفری. ناحیەکانی: مەرکەز. قرەتەپە. کۆکس. سەرقەڵا. جەبارە.

**کەرکوک**

۱. سەنتەر. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. پردێ. تازەخورماتوو. یایچی. قەرە حەسەن (لەیلان). شوان (رێدار).

۲. توزخورماتوو. ناحیەکانی: مەرکەز. آمرلی. سلیمان بک. قادرکەرەم. نەوجۆل.

۳. حویجە. ناحیەکانی:ـ مرکز. ریاض. زاب(شەک). العباسی (الجبور).

٤. داقوق. ناحیەکانی:ـ مرکز. رشاد.

٠٥ دووبز. ناحیەکانی:ـ مەرکەز. سەرگران.

**نەینەوا**

٠۱ موصل. ناحیەکانی:ـ مرکز. بعشیقە.

٠۲ تلعفر. ناحیەکانی:ـ مرکز. زومار. العیاضیة (افکنی). ربیعە.

٠۳ تلکیف. ناحیەکانی:ـ مرکز. القوش. وانە.

٠٤ حمدانیە. ناحیەکانی:ـ مرکز (قرەقوش). نمرود (خضر). برطلە.

٥. سنجار. ناحیەکانی:ـ مرکز. سنونی.

دیالا

١. بلدروز. ناحیەکانی: ـ مرکز. قزانیە. مندلی.

٢. المقدادیة. ناحیەکانی: مرکز. المنصوریة.

واسط

١. بدره. ناحیەکانی: ـ مرکز. جصان. زرباطیە.

## رۆژهەڵاتی کوردستان

ئەستان و قەزا و ناحیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێرەی دابەشبوونی ساڵی ١٣٨٦ ئەوانەی خوارەوەن.

آذربایجانی غربی

٠١ اورمیە. بەخشەکانی: ـ مرکزی (اورمیە). انزل (قوشچی). سیلوانە. صومای برادوست (کنگجین). نازلو(نوشین).

٢. اشنویە. بەخشەکانی: ـ مرکزی. نالوس.

٣. بوکان. بەخشەکانی: ـ سیمینە. مرکزی.

٤. پلدشت. بەخشەکانی: ـ آراس. مرکزی.

٥. پیرانشهر. بەخشەکانی: ـ لاجان. مرکزی.

٦. تکاب. بەخشەکانی: ـ تخت سلیمان. مرکزی.

٧. چالدران. بەخشەکانی: ـ مرکزی(سیە چشنە).

٨. چای پارە (قرەضیاءالدین). بەخشەکانی: ـ حاجیلار. مرکزی.

٠٩ خوی. بەخشەکانی: ـ ایواوغلی. صفائیە. قطور. مرکزی.

٠١٠ سردشت. بەخشەکانی: ـ مرکزی. وزینە

٠١١ سلماس. بەخشەکانی: ـ کوهسار. مرکزی.

١٢. شاهین دژ. بەخشەکانی: کشاورز. مرکزی.

١٣. شوط . بەخشەکانی: ـ قرەقویون. مرکزی.

٠١٤ ماکو. بەخشەکانی: ـ بازرگان. مرکزی.

۱۵. مهاباد. بەخشەکانی: ـ خلیفان. مرکزی.
۱٦. میاندوآب. بەخشەکانی: ـ باروق. مرحمت آباد. مرکزی.
۱۷. نقده. بەخشەکانی: ـ محمدیار. مرکزی.

**ایلام**

۱. آبدانان. بەخشەکانی: ـ سراب باغ. کلات. مرکزی.
۲. ایلام. بەخشەکانی: ـ چوار. مرکزی.
۳. ایوان. بەخشەکانی: ـ زرنه. مرکزی.
٤. دره‌شهر. بەخشەکانی: ـ بدره. ماژین. مرکزی.
۵. دهلران. بەخشەکانی: ـ زرین آباد (پهله). مرکزی. موسیان.
٦. شیروان و چردال (سرآبله). بەخشەکانی: ـ شیروان (لومار). مرکزی. هلیلان.
۷. ملکشاهی. بەخشەکانی: ـ کچی. مرکزی (قلعه دره ملکشاهی).
۸. مهران. بەخشەکانی: ـ صالح آباد. مرکزی.

**چهارمحال و بختیاری**

۱. اردل. بەخشەکانی: ـ مرکزی. میانکوه.
۲. بروجن. بەخشەکانی: ـ بلداجی. گندمان. مرکزی.
۳. شهرکرد. بەخشەکانی: ـ بن. سامان. لاران. مرکزی.
٤. فارسان. بەخشەکانی: ـ باباحیدر. جونقان. مرکزی.
۵. کوهرنگ. بەخشەکانی: ـ بازفت. دوآب (صمصامی). مرکزی (چلگرد).
٦. کیار. بەخشەکانی: ـ مرکزی (شلمزار). ناغان.
٤. لردگان. بەخشەکانی: ـ خان میرزا (الونی). طلایه. فلارد (مال خلیفه). مرکزی. منج.

**کردستان**

۱. بانه. بەخشەکانی: ـ آرمرده. نمشیر. ننور. مرکزی.
۲. بیجار. بەخشەکانی: ـ چنگ آلماس. کرانی. مرکزی.

٣. دهگلان. بەخشەکانی :ـ بلبان آباد. مرکزی.
٤. دیواندره. بەخشەکانی:ـ سارال. کرفتو. مرکزی.
٥. سروآباد. بەخشەکانی :ـ اورمان. مرکزی.
٠٦ سقز. بەخشەکانی:ـ زیویه. سرشیو. مرکزی.
٠٧ سنندج. بەخشەکانی:ـ کلاترزان. مرکزی.
٨. قروه. بەخشەکانی:ـ چهاردولی. سریش آباد. مرکزی.
٩. کامیاران. بەخشەکانی:ـ مرکزی. موچش.
١٠. مریوان. بەخشەکانی:ـ خاوومیرآباد (خاو). سرشیو. مرکزی.

کرمنشاه

١. اسلام آبادغرب. بەخشەکانی:ـ حمیل. مرکزی.
٠٢ پاوه. بەخشەکانی:ـ باینگان. مرکزی. نوسود.
٣. ثلاث باباجانی. بەخشەکانی:ـ ازگله. مرکزی.
٤. جوانرود. بەخشەکانی:ـ کلاشی. مرکزی.
٥. دالاهو. بەخشەکانی:ـ گهواره. مرکزی.
٦. روانسر. بەخشەکانی:ـ شاهو. مرکزی.
٧. سرپل ذهاب. بەخشەکانی:ـ مرکزی.
٨. سنقر. بەخشەکانی:ـ کلیائی. مرکزی.
٩. صحنه. بەخشەکانی:ـ دینور. مرکزی.
١٠. قصرشیرین. بەخشەکانی:ـ سومار. مرکزی.
١١. کرمنشاه. بەخشەکانی:ـ بیلوار. فیروزآباد. کوزران. ماهیدشت. مرکزی.
١٢. کنگاور. بەخشەکانی:ـ مرکزی.
٠١٣ گیلان غرب. بەخشەکانی:ـ کواور. مرکزی.
١٤. هرسین. بەخشەکانی:ـ بیستون. رکزی.

کهگیلویه و بویر احمد

١. باشت. بەخشەکانی:ـ بوستان. مرکزی.
٢. بویر احمد. بەخشەکانی:ـ کبگیان. لوداب. مارگون. مرکزی. (یاسوچ).
٣. بهمئی. بەخشەکانی:ـ بهمئی گرمسیری. مرکزی(سیدان).

٤. چرام. بەخشەکانی: ـ سرفاریاب. مرکزی.
٥. دنا. بەخشەکانی: ـ باتاوە. مرکزی.
٢. کهگیلویە. بەخشەکانی: ـ چاروسا. دیشموک. لندە. مرکزی (دهدشت).
٠٣ گچساران. بەخشەکانی: ـ مرکزی(دوگنبدان).

**لرستان**

١. ازنا. بەخشەکانی: ـ چاپلق. مرکزی.
٢. الیگودرز. بەخشەکانی: ـ بشارت. ززوماهرو. مرکزی.
٠٣ بروجرد: ناحیەکانی: ـ اشترینان. مرکزی.
٤. پلدختر. بەخشەکانی: ـ مرکزی. معمولان.
٠٥ خرم آباد. بەخشەکانی: ـ باپی. چغلوندی. زاغە. مرکزی.
٦. دلفان. بەخشەکانی: ـ کاکاوند. مرکزی(نورآباد).
٧. دورود. بەخشەکانی: ـ سیلاخور(چالانچولان). مرکزی.
٨. دورە. بەخشەکانی: ـ چگنی. شاهیوند. ویسیان. مرکزی.
٩. سلسلە. بەخشەکانی: ـ فیروزآباد. مرکزی (الشتر).
١٠. کوهدشت. بەخشەکانی: ـ درب گنبد. رومشکان(چقابل). طرهان (گراب). کونانی. مرکزی.

**لە بوشهر**

١. دیلم. بەخشەکانی: ـ بهرگان( امام حسن). مرکزی(بندر دیلم).
٢. گناوە. بەخشەکانی: ـ ریگ( بندر ریگ). مرکزی(بندر گناوە).

**لە خوزستان**

١. اندیکا. بەخشەکانی: ـ ابژدان. چلو. مرکزی.
٠٢ اندیمشک. بەخشەکانی: ـ الوارگرمسیر (حسینیە). مرکزی.
٠٣ ایذە. بەخشەکانی: ـ دهدز. سوسن. مرکزی.
٤. باغ ملک. بەخشەکانی: ـ صیدون. مرکزی. میداود.
٠٥ بهبهان. بەخشەکانی: ـ آغاجاری. تشان. زیدون (دهدشت). مرکزی.
٦. دزفول. بەخشەکانی: ـ جغامیش. سردشت. شهیون. مرکزی.
٧. رامشیر. بەخشەکانی: ـ مرکزی. مشراگە.

۰۸ رامهرمز. بەخشەکانی: ـ مرکزی.
۹. شوش. بەخشەکانی: شاوور. فتح المبین. مرکزی.
۰۱۰ شوشتر. بەخشەکانی: ـ شعبیه. مرکزی.
۱۱. کتوند. بەخشەکانی: ـ عقیلی. مرکزی.
۱۲. لالی. بەخشەکانی: ـ حتی. مرکزی.
۱۳. مسجد سلیمان. بەخشەکانی: ـ گلگیر. مرکزی.
۱٤. هفتکل. بەخشەکانی: ـ رغیوه. مرکزی.

**لە فارس**

۱. کازرون. بەخشەکانی: ـ جره و بالاده (جره). چنار شاهیجان. خشت. کنار تخته و کمارج. کوهمره (نودان). مرکزی.
۰۲ ممسنی. بەخشەکانی: ـ دشمن زیاری. رستم(مصیری). ماهور میلاتی (بابامونیر). مرکزی (نورآباد).

## رۆژئاوای کوردستان

قەزا و ناحیەکانی رۆژئاوای کوردستان بە گوێرەی دابەشبوونی ساڵی ۱۹۹٤ئەوانەی خوارەوەن.

**لە الحسکة**

۱. راس العین. ناحیەکانی: ـ مرکز. الدرباسیة.
۰۲ قامشلی ناحیەکانی: ـ مرکز. عامودە. القحطانیة.
۰۳ مالکیە. ناحیەکانی: ـ مرکز. الجوادیة (جل اغا).

**لە حلب**

۰٤ عفرین. ناحیەکانی: ـ مرکز. بلبل، جندریس. راجو. شران (شرانلی). شیخ الحدید. معبطلی.
۰٥ عین‌العرب. ناحیەکانی: ـ مرکز. شیوخ تحتانی. صرین (صرین شمالی).

**لە الرقة**

۰۱ تل‌ابیض. ناحیەکانی: ـ مرکز.

# بەشی سێیەم

# جوگرافیای ئابووری

# سەربابەتی یەکەم
# کشتوکاڵ

مێژووی کشتوکاڵ کردن لە کوردستاندا، بە گوێرەی ئەو زانیارییانە کە تاکو ئێستا لە ئەنجامی کارەکانی ئەرکیۆلوجی دەست کەوتوون، بۆ چەند سەد ساڵ بەر لە زاین دەگەرێتەوە. ئاسەواری چاندنی دانوێڵە بە تایبەتی گەنم، لە هەندێ نێوچە دۆزراوەتەوە.

باری سروشتی و مرۆیی، هەر یەکە لە لای خۆیەوەوە، کاری لە کشتوکاڵ کردووە و رەنگیییان پێ داوە. گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو سێکتەرە ئابووریەی کوردستان لە رۆژی ئەوڕۆدا ئەمانەی خوارەوەن.

١. رۆڵی لە پێکهینانی بەرهەمی نیشتمانی، ئەگەر چی لەگەڵ هی نەفت بۆ بەراوردکردن ناشێ، لە هی گشت سێکتەرەکانی دیکە بەسەر یەکەوە، زۆرترە.

٢. سەرچاوەی چل لەسەدی بەرهەمی نیشتمانی کشتوکاڵ بوو. رێژەکە لە چاو هی ولاتانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکو ئێران و تورکیا و عێراق و سوریا، کەمێک زیاترە.

٣. زۆربەی دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا تێکەلاویان لەگەڵ سێکتەری کشتوکاڵ هەیە. کشتوکاڵ بۆ زۆربەی زۆریان پیشەی هەمیشەیی بوو. کوردستان لەو بارەوە پێش ئیران و عێراق و سوریا کەوتووە و کەتووتە دوای تورکیاوە.

٤. کالاکانی ناردەی دەرەوە، ئەگەر نەفتی لەبەر چاو نەگرین، زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمی کشتوکاڵی یان ئەوانەی سەرچاوەکەیان کشتوکاڵینە.

٥. دەوڵـــەت، بـــە مەبەســـتی کـــەمکردنی هـــاوردەی بـــەروبۆمی کشتوکاڵی لـە دەرەوە، بایـەخی زۆر بـە کشتوکاڵ دەدات. بۆ ئـەوە مەبەستە پشکی کشتوکاڵ لـە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت و لـە پلانـی پێنج ساڵەدا هەمیشە رووی لـە زیاد بوون دایە.

٦. دەزگـــای کشـــتوکاڵی دەکاتـــەوە وەکـــو خوێنـــدنگا، کۆمەڵـــەی هەرەوەزیی کشتوکاڵی، پرۆژەی چاندن و ئاوەدانکردنـەوە، کێڵگـەی تاقیکردنـەوە، دابەشکردنـی تۆی چاککراو، هەندێ جاریش ئـاژەڵی رەسەنیش دابەش دەکەن" هتد.

**ژێربابەتی ١. مولکداری کشتوکاڵی و چارەسەرکردنی زەوی**

شیکردنەوەی مولکداری کشتوکاڵی و چارەسەکردنی زەوی بە فۆند و چەشنەکانی زەوی دەست پێ دەکەم.

**فۆندی زەوی**

مەبەست رووپێوی ئـەو زەوییەکە کـە لـە دەوڵـەتێک هەیـەتی. رووپێوەکـە بـە گـوێرەی کوردسـتان لـە پێـنج سـەد و سـی هـەزار کیلۆمەتری چوارگۆشـە زیـاترە. واتـە نزیکـەی پـەنجا و چوار ملیـۆن هیکتار. روونتر نزیکەی دوو سەد و پازدە ملیـۆن دوونم زەوی. ئـەو رووپێوە بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت.

**١. زەوی کشتوکاڵی**

مەبەسـت ئـەو زەویانـەیـە کـە بـۆ کشـتوکاڵ کـردن دەگـونجێ. رێژەکـەی بـە گـوێرەی خاملانـدن خـۆی لـە شێسـت و چـوار لـە سەرجەمی رووپێوی کوردستان دەدات. زەوی کشتوکاڵی دەکرێ بـە دوو بەش.

ء. چێندراو

ئەو زەویانەیە کـە لـە ساڵێکدا دەچیندرێ. رێژەکـەیان نزیکـەی شیست لـە سەرجەمی زەوی کشتوکاڵی دەبی.

ب. بەیار

ئەو زەویانەن کە بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن. وەلێ خاوەنەکانییان کشتوکاڵییان لێ ناکەن. ڕێژەکەیان نزیکەی چل لە سەرجەمی زەی کشتوکاڵی دەبی.

**٢. زەوی ناکشتوکاڵی**

بریتییە لەو زەویانەی کە ئەوڕۆ بۆ چاندن دەست نادەن. بریتیینە لە چیا و دۆڵ و ئەو زەویانەی کە شار و گوند و شەقامیان لەسەر دروست کراوە یان ڕێڕەی رووبارانن یان کەوتوونەتە ژێر ئاوی عەنباراوەکان و دەریاچەکان و هیدیکە. . ڕێژەکەی بە گوێرەی خاملاندن خۆی لە سی و شەش لە سەرجەمی رووپێوی کوردستان دەدات.

**موڵکداری کشتوکاڵی**

ئەوەیان لە ئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووریی و رامیاریی و مێژوویی، نەخشە دەگرێ. چەشنەکانی موڵکداری کشتوکاڵی لە کوردستاندا، ئەوانەی خوارەوەن.

**١. مولکداری تایبەت**

رووپێو ئەو چەشنە مولکداریە، کەمێ زیاترە لە نیوەی هەموو ئەو زەوییانەی کە بۆ چاندن دەست دەدن. خاوەنەکانیان بە هەموو شێوەیە سەربەستن لە فرۆشتن و چاندن و لەقەبەر کردن و بەشکردندا.

بەرزترین ڕێژەی مولکداری تایبەت لە ئەستانەکانی بینگۆڵ، ئادیەمان، مەلاتیە، دایە. کەمترینیش لە نەینەوا، موش، بیتلیس دایە.

**٢. زەوی ئەمیری**

ئەو جۆرەیان، لە هەموو ئەو زەوییانە پێک هاتوون، کە میراتگری نەبێ، بە تەواوی ساغ نەکرابێتەوە، دەوڵەت لە

خاوەنــەکانی زەوت کردبــێ. دەزگــای ســەربازیی لەســەر بــێ، مەیدانی نەفت بێ ... هتد.

زەوی ئــەمیری، ئەگــەر چــی رێژەکــەی لــە گشــت زەوی وڵات زۆر نییــە، وەلــێ زۆر جــاران، لــە لایــەن پیــاوە دەســەڵاتدار و بــە تواناکانــەوە، بــە رێگــەی نایاســایی لەســەر خۆیــان و کەســانی دیکەیان تاپۆ دەکرێ.

**٣. زەوی ئەوقاف**

ئەوەیان، ئەو زەوییانەن کە خەڵکی لە ژیاندا، یاخود لە دوای مردندا، لەقەبەر مزگەوت، تەکییە، شێخ، پیاوچاک یان کردووە. ئــەو زەوییانــە نافرۆشــرێن و خاوەنــەکانیان نــاگۆڕێن. وەلــێ لــە زۆربەی نێوچەکان، پیاوە ئایینییەکان و بە دەسەڵاتەکان، بەشێک لــە ئــەو زەوییانــەیان لەســەر خۆیــان تــاپۆ کــردووە. دەزگــا ئایینییەکانیش وەکو مزگەوت، تەکییە، حەوزە، ئەو زەوییانە بە کرێ دەدەن. پارەکەشی بۆ کاروباری ئایینی تەرخان دەکرێ و خەرج دەکرێ.

**٣. زەوی گشتی(مەشاعی)**

بریتییە لە چیاکان و تەپۆلکەکان و ئەوانەی ژێرئاو. هەموو کــەس مــافی ئــەوەی هەیــە و بەقــەدەر یــەک، لــەو زەوییانەدا،مەڕوماڵاتی بلەوەڕێنی، دار ببڕی، بەری درەختەکانی بخوا، گیا بدورێتەوە.

زەوی گشتییەکان لە هەندێ نێوچەدا، لەو ساڵانەی دواییدا، لە لایــەن پیــاوە دەســەڵاتدارەکانەوە (ئاغــا، میــر، شــێخ، بــەگزادە) دەستی بەسەرەدا گیراوە و بە پارە بە خاوەن مەڕوماڵاتەکان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە کرێی دەدەن. رووپێو زەوی گشتییەکان، زۆر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵ بە ساڵ کەم دەبی. لەبەر ئەوەی تاپۆ دەکرێ.

**قەبارەی موڵکداری کشتوکاڵی**

موڵکداری کشتوکاڵی ـ ئەو کەسەیە یان ئەو کۆمپانیایە کە پارچە زەوییێکی لە لەبەر دەست دایە. رووپێوەکەی لە نێوان یەک دۆنمەوە بۆ هەزاران دۆنم بێ.

خاوەن زەوی(مالک) ـ ئەو کەسەیە یان ئەو کۆمپانیایە، کە زەوییەکەی چ لە لایەن خۆیەوە، چ لە لایەن خەڵکییەوە بۆ چاندن بەکار بهێندرێ.

ژمارەی خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان(مالک)، لە چەند ملیۆنێک پێک هاتووە. لەوانە نزیکەی شێست لە سەدیان خاوەن زەوین و چل لە سەدیان بێ زەوین.

خەسڵەتەکانی موڵکی کشتوکاڵی لە کوردستاندا لە رۆژی ئەورۆدا، هەندێکییان، ئەوانەی خوارەوەن.

١. تێکرِای قەوارەی موڵکە کشتوکاڵییەکان نزیکەی پینج دۆنم زەوی دەبی. ژمارەکە زۆر لە هی وڵاتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا دەچێ. واتە موڵکداری بچووک لە کوردستاندا باوە. ئەوەش بۆ کەمیی زەوی و زۆری ژمارەی جوتکارەکان دەگەرِێتەوە.

٢. پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان قەوارەی موڵکداری کشتوکاڵی و ژمارەی موڵکدارەکاندا هەیە. چەندی یەکەم گەورە بێ ئەوەندە ژمارەی دووەم کەمترە.

٣. رێژەی موڵکداری بچووک لە سەرجەمی موڵکدارەکان لە نیوە زیاترە. وەلێ رێژەی زەوی بەردەستیان دە لەسەدی گشت زەوی کشتوکاڵی زیاتر نییە. ئەو موڵکانە، لەبەر ئەوەی رووپێوەکەیان هەند نییە، پێویستی بە دەستی کار لە خاوەنەکەی نییە.

٤. کێلانی موڵکەکان، لەبەر ئەوەی بچووکە و لە شوێنی سەخت هەڵکەوتوون، بە زۆری بە گاجۆت و کوێدرێژ و لە هەندێ شوێندا بە پاچ ، دەکێلدرێت.

٥. زۆربەی زۆری زەویەکانی کشتوکاڵی، بە دەست ژمارەیەکی زۆر کەم لە موڵکدارەکانە. ئەو خاوەن زەوییانە بە زۆری لە سەرۆک تیرە و هۆزەکان، پیاوە ئایینییەکان، پێک هاتوون. هەندێ لەو موڵکدارانە لە گوندەکان دەژین و سەرپەرشتی موڵکەکانیان دەکەن و هەندێکی دیکەشیان لە شارەکان دەژین و لە کاتی جۆتکردن و دروێنەکردندا، دێنەوە بۆ گوندەکان و دوای تەواوبوونی کارەکانیان، بۆ نێو شارەکان دەگەڕێنەوە.

**چارەسەرکردنی زەوی**

بە مەبەستی باشترکردنی شێوەی بەکارهینانی زەوی و پەیوەندی نێوان موڵکدار و جوتیار و بەشینەوەی زەوی لە نێوان موڵکدارەکان و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و باشترکردنی ژیانی موڵکدار ئەوانە هەموو ئەو مۆتیڤانەن کە دەوڵەت یاسا یەک لە دوو یەکەکان دەردەکات. وەلێ یاساکان، تاکو ئەوڕۆ، بە ئاوات نە گەیشتوون. هەندێک لە خەسڵەتەکانی یاساکانی چارەسەرکردنی زەوی ئەوانەی خوارەوەن.

**خەسڵەتە هەرە گرنگەکانیان ئەوانەن:**

١. یەکەمین یاسای چارەسەرکردنی زەوی لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٤٣دا دەرچوو. لە دوای ئەو یاسایە، لە ساڵە جیاوازەکانی دیکەشدا، یاسای جۆربەجۆری دیکەش بڵاو کراونەتەوە. هەموو ئەو یاسایانە بۆیە دەرکراون، تاکو خزمەت بە جوتیارەکان بکات.

٢. یاسای چارەسەرکردنی زەوی، سنووری بۆ موڵکدارێتی خاوەن زەوییەکان دیاری کردووە، ئەگەر هاتوو موڵکی هەر کەسێ لەو سنوورە تێپەڕی کرد، ئەوا لێیان دەسەندرێتەوە و بەسەر جوتیارەکانی بێزەوی، دابەش دەکرێن.

٣. زەوییەکانی دێم و بەراو، لە یاساکانی چارەسەرکردنی زەوی کشتوکاڵدا، بە یەک چاو سەیر نەکراون. رووپێو ئەو زەوییە

دێمانــەی کــە بــۆ موڵکــدارەکان دەمێنێتــەوە، یــاخود بەســەر جوتیارەکانـدا دابـەش دەکـرێ، دوو ئەوەنـدەی زەوییـە بـەراوەکان دەبی، لەبەر ئەوەی داهاتی ساڵانەی زەوییە دێمەکان، لە زەوییە بەراوەکان کەمترە.

٤. ئەو موڵکدارانەی کە زەوییان لێ دەسەندرێتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە زەوییەکانیان لە سنووری یاسا تێپەڕی کردووە، بۆیە لـە بەرامبـەر ئـەوەدا، پـارە وەردەگـرن. دەبـی ئـەو جوتیارانـەی زەوییەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێ، لە ماوەی چەند ساڵێکدا پارەی ئەو زەوییانە بدەن.

٥. بـەگوێرەی یاسای چارەسـەرکردنی زەوی، لەسـەر جوتیارەکـان پێویسـتە، ئـەو زەوییانــەی وەری دەگـرن، بیـانچێنن، تـا ژیـانی ڕۆژانــەی خۆیــان و خێزانــەکانیان دابــین بکــەن و بەرهــەمی کشتوکاڵیش زیاد بکات. وەلێ وا دیارە لە هەندێ نێوچە، لەبەر نـەبوونی هەنـدێ کەرەسـتەی کشـتوکاڵی پێویسـت، بـۆ چانـدن و کۆکردنەوەی بەروبوومی ساڵانەی کێڵگە، جوتیارەکان ناچار دەبن، موڵکەکەی خۆیان بە نرخێکی هەرزان بفرۆشن، یا بە موڵکدارێکی لە خۆیان دەوڵەمەندتر، بە کرێی بدەن.

٦. هەندێ بڕگەی یاسای چارەسەرکردنی زەوی، جوتیارەکان ناچار دەکەن، لـە یـەکێ لـە کێڵگـە کشـتوکاڵییە هەرەوەزییەکانـدا، ببنـە ئەندام، بۆ ئەوەی سوود لە مەکینەی و رابەری کشتوکاڵی ببینن.

٧. دەزگاکانی کشتوکاڵ، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئامێری تازە و زیـادکردنی بەرهـەم، لـە زۆربـەی نێوچەکانـدا، لـەو زەوییانـەی لـە خـاوەن موڵکـەدارە گـەورەکان وەرگیراونەتـەوە، کێڵگـەی دەوڵـەتی دروست دەکەن.

٨. موڵکـداری گـەورە، لەبـەر ئـەوەی یاسـای چارەسـەرکردنی زەوی کشـتوکاڵی مەحکـەم دانـەرژاوە، دەتـوانێ خـۆی لـە جێبـەجێکردنی

یاساکە بپارێزێ، بە شێوەیە کە تووشی سزادانیش نەبێ. وەکو ئەوەی موڵکەکەی بە ناوی کوڕەکانی بکات.

**ژێربابەتی ٢. جۆرەکانی بەروبۆمی کشتوکاڵی**

کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆری لێ دەچێندرێ و دێتە بەرهەم. بەرهەمەکان لەسەر بنچینەی جۆر، شێوەی بەکارهێنانی بۆ خواردن (خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ)، بەسەر چوار کەرتدا دابەش دەکەم:

**یەکەم. بەروبوومی کێڵگە**

ئەوەیان، نەک هەر لە رووی رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی سالانە و ژمارەی کرێکار (چ موڵکدار و چ پاڵە) و دەستمایە و قازانج ، بەڵکو لە رووی بەکارهێنانیشەوە، لە کایەی بازرگانی دەرەوەدا، بە گەورەترین کەرتی کشتوکاڵی دادەنرێ. بەروبوومی کێڵگە لەبەر رۆشنایی زانیارییەکانی پێشوودا، بەسەر پێنج دەستەدا دابەش دەکرێن:

**١. بەروبوومی دانەوێڵە(دەغڵودان)**

ئەوەیان، لە نێو بەرهەمەکانی دیکەی کێڵگەدا، شوێنێکی لەبەر چاوی هەیە. سالانە نزیکەی شیست لە سەدی زەوییە تۆکراوەکان و زیاتر پەنجا لە سەدی دانیشتوان چالاک لە بواری ئابووریدا خەریکی بەرهەم هێنان و تێکەولێکەی و بەروبوومی دانەوێڵەن.

بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە کوردستان بۆ خواردنی بەرهەم هێنەر و پول پەیداکردن و ئالیکی ئاژەڵ و شتی دیکە لەو بارەوەیە. دەستکەوتی سالانەی جوتیار، لەبەر ئەوەی دانەوێڵە دیمییە، دیار نییە. ساڵی هات پارەی باش بە جوتیار دەبڕێ و ساڵی نەهات، ئەگەر زەرەر نەکات و پارەی خۆی بێتەوە دەست،

به قازانج حسابه. و له ئەو ساڵانەی پەلە لە کاتی خۆی بتدات و زەوی هیشک نەبێ باشە و بارانیش مسۆگەر نییە، بارانیشران ئەستانەکانی کوردستان بە هۆی جیاوازی فاکتەری سروشتی و مرۆیی، لە رووی رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانە و دەستکەوت لە یەک هێکتاردا، وەکو یەک نین.

جۆرەکانی بەرهەمی دانەوێڵە لە کوردستاندا ئەمانەن: گەنم، جۆ، برنج، چەودەر، هەرتۆمان، عەلەس، مازیز، هەرزن، دانی کەناری... هتد.

## گەنم

ئەوەیان یەکێکە لەو بەروبوومانەی کێڵگە، کە بە شێوەیەکی فراوان لە کوردستاندا دەچێندرێ. گەنم لە رووی رووپێوی زەوی تۆکراو و بەرهەمی ساڵانە وژمارەی کرێکار، دوو سێ کەرەت، لە گشت بەرهەمەکانی دیکەی دانەوێڵە لە پێشترە.

رووپێوی هەموو ئەو زەوییانەی بە گەنم تۆ دەکرێ، خۆی لە چەند ملیۆن دۆنم دەدات. بەرهەمی ساڵانەش ، لە دەوروبەری شێشت ملیۆن تەن دەبی. دەستکەوت لە یەک هێکتاردا دەگاتە هەزار و پێنج سەد کیلۆگرام.

گەنم لە کوردستاندا لە وەرزی زستان و بەهاردا دەچێندرێ، هەر جۆرە گەنمەی بۆ تۆکردن و دروێنەکردن، کاتی تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها لە دوو ئاو و هەوای جیاوازدا دەڕوێن.

١. گەنمی زستانی

بەو گەنمانە دەگوترێ، کە لە مانگی ئەیلول یا تشرینی یەکەمدا تۆ دەکرێن و لە مانگی یول یا ئابدا دروێنە دەکرێن. گەنمی زستانی بەگوێرەی کاتی تۆکردنی، پێش یا پاش پەرەدان دەکرێتە: وشکاوز، واتە ئەو گەنمانەی پێش پەرەدان تۆ کراون. تەراوز، ئەو گەنمانەن کە دوای پەرەدان تۆ دەکرێن. گەنمی

زستانی بە تایبەتی لە دەشتاییەکان و نێوچە گەرمەکاندا لە کوردستاندا دەڕوێن.

٢. گەنمی بەهاری

ئەو چەشنە گەنمە، لە کۆتایی هاویندا تۆو دەکرێ، بە درێژایی زستان و بەهار، لە ژێر زەویدا دەمێنێتەوە. لە کۆتایی مانگی مارتدا، وردە وردە سەر دەردەهێنێ و سەوز دەبی. لە مانگی ئابدا کۆتایی بە دروێنەکردنی دێ. گەنمی بەهاری بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەچێندرێ.

چەشنەکانی گەنم لە کوردستاندا ئەوانەن: ئازەر، رەشید، سەرداری، قەندەهاری، سوورگوڵ، رەشگوڵ، یەقەدادرای، رەزاییە، تورکی، هەرەمە، کوردی، عومێەرە، گوڵرووت، ئۆسترالی، مەندۆڵە، عەجیبە، سابیر بەگ، ئەڵمانی، سورکە، ساقیقوم، گوڵپەڕشە، تریتیکوم، پۆیلۆس، تاریس تیس و ئاراس... هتد.

گەنم لە گشت ئەستانەکانی کوردستاندا دەچیندرێ. وەلێ رووپێوی زەوی تۆکراو و بەرهەمی ساڵانە و دەست کەوت لە یەک دۆنمدا وەکو یەک نییە. ئەستانی شانلی ئورفا و کردستان و دیاربەکر و هەولێر، پێش ئەستانەکانی دیکە کەوتوون.

**جۆ**

جۆ چاندن لە کوردستاندا زۆر باوە، بە تایبەتی لەو نێوچانەی کە کەمتر بۆ چاندنی گەنم دەست دەدەن. جۆ چ لە رووی رووپێو زەوی چێندراوەوە، چ لە رووی بەرهەمی ساڵانەوە، چ لە ڕووی بەکارهێنانییەوە بۆ خواردن، چ لە رووی دەسمایە و قازانجەوە، لە دوای گەنم دێ.

مەبەست لە جۆ چاندن: دابینکردنی ئالیک، بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا. پیشەسازی بیرە گرتنەوە. لێکردن. هەندێ کەس،

لەبەر دەست کورتی گەنم دەیکات بە مزاش(گەنم و جۆی تێکەڵ) ئینجا لە ئاشی دەکات.

رووپێو هەموو ئەو زەوییانەی ئەورۆ، بە جۆ تۆ کراوە، دەوروبەری دوو ملیۆن هێکتار دەبی. بەرهەمی ساڵانەشی خۆی لە سێ ملیۆن تەن دەدات بەرهەمی لە یەک هێکتاردا، نزیکەی دوو هەزار کیلۆگرام دەبی.

جۆ جۆری زۆرە، هەرە بەناوبانگەکانیان ئەوانەن: جۆڕەشە، جۆسپیکە، شەشپەڕ، دووپەڕ .... هتد. هەر جۆرێ لەم جۆرانە، لە نێوچەیەکی تایبەتی دیاریکراودا، دەڕوێ و زیاتر بڕ دەکات، وەک لە نێوچەیەکی دیکە.

جوتیارەکان لە هەموو ئەستانەکاندا، بەشێ لە زەوییە کشتوکاڵییەکان، بۆ جۆ چاندن تەرخان دەکەن. گەورەترین ئەستانی جۆ بەرهەم هینان نەینەوا و دیاربەکر و هیدیکەیە.

**برنج**

لەبەر ئەوەی برنج، ئەورۆ بە یەکێ لە خواردنە سەرەکییەکانی خەڵک دادەنرێ، بایەخی خواردنی ئەو دانەوێڵە هاوینەیە، لەم ساڵانەی دواییدا زۆر زیادی کردووە، ئەوەش وای لە جوتیارەکان کردووە، کە زیاتر بایەخ بە چاندنی بدەن و رووپێو زەوییەکە فراوانتر بکەن.

رووپێو زەوی چێندراو بە برنج، لە بیست هەزار هێکتار کەمترە. بەرهەمی ساڵانەی دوو، ئەوەندەی ئەو ژمارەیە دەبی. تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتاردا، نزیکەی دوو هەزار کیلۆگرام دەبی.

لە کوردستاندا چەندین جۆر برنج دێتە بەرهەم، ئەوانەی لە هەموویان زیاتر ناویان دەرکردووە، ئەوانەن: چمپا (نێوچەی قرەضیاء الدین)، بازیان (نێوچەی بازیان).

برنج لە زۆر نێوچەدا دەچێندرێ. وەلێ لەبەر کەمی ئاوی پێویست و ئاووهەوای گونجاو و زەوی بەپیت، ئەو رووپێوانەی برنجییان لێ دەچیندرێ، لە ئەستانێک بۆ ئەوەی دیکە، جیاوازە. گەورەترین ئەستانی بەرهەم هینانی برنج نەینەوا و دیاربەکر و لرستان و وان و هیدیکەیە.

**٢. بەروبوومی پاقلەیی**

ئەوەیان وەکو نیسک (سوور و سەوز)، نۆک، پاقلە، بەزالیا، لۆبیا، ماش، هەرتۆمان، کاوڤیج، ویلد ڤیچ، نزیکەی شازدە لە سەدی گشت زەوییە چێندراوەکان، بە بەروبوومی کێڵگە و نزیکەی شەش لە سەدی  گشت بەرهەمی کێڵگە دەگرێتەوە. دەستکەوت لە یەک هێکتار زەوی دروێنەکراودا، لە یەک هەزار کیلۆگرامزیاترە. ئەستانی شانلی ئورفا، دیاربەکر، ماردین، لە رووی رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەم و دەستکەوتی ساڵانە لە یەک هێکتاردا، بە گەورەترین نێوچەکانی کوردستان دادەنرێن. ئەوەش بۆ چاکی خاکەکەیی و پلەی گەرما و سەرمای ئەو ئەستانانە دەگەڕێتەوە. کەمترین شوێنیش کە بەرهەمی پاقلەیی لێ بچیندرێ، ئەستانەکانی کەرکوک و هەککاری و بیتلیس بوو.

**نیسک**

ئەوەیان بەرهەمێکی پاقلەیی زستانەیە، بەهای خواردنی زۆرە، چونکە مادەی پرۆتین و کاربۆهەیدراتی زۆر تێدایە. خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە گوندەکاندا، بە خواردنێکی رۆژانەی گرنگی دادەنێن.

رووپێو ئەو زەوییانەی ساڵانە بە بەروبۆمی پاقلەیی دەچێندرێ، خۆی لە پێنج سەد و پەنجا هەزار هێکتار دەدات. بەرهەمی ساڵانەی لە حەفت سەد هەزار تەن زیاتر نابێ. تێکڕای

دەستکەوت لە یەک هێکتاردا، دەگاتە هەزار و چوارسەد کیلۆگرام.

بەناوبانگترین ئەستانی نیسک بەرهەمهێنان شانلی ئورفا و ماردین و دیاربەکرە. بەرهەمی ئەو ئەستانە لە هی گشت ئەستانەکانی دیکە بەسەر یەکەوە زیاترە.

تێکڕای دەستکەوتی بەرهەمی نیسک، لە یەک هێکتار زەوی دروێنەکراودا، لە ئەستانی ماردین ـ هەزار حەفت سەد کیلۆگرام و لە ـ دهۆک هەزار و سەد کیلۆگرام بوو.

نۆک

ئەوەیان لەو بەرەهەمە پاقلەییانەیە، کە توانایەکی سەیری چەکەرەکردن و گەورەبوونی، لەو زەوییە کەم پێز و ناوەندی پێزەکاندا هەیە. تەنیا لە زەوییە سوور و زیخاوییەکاندا، خراپ دەڕوێ. بەهای خواردنی گەلێ بەرزە، لەبەر ئەوەی مادەکانی پرۆتین، چەوری، سیلیلۆز، خوێی مەعەدەنی، گەلێ تێدایە، هەروەها نرخی پلەی گەرما بەخشینیشی بەرزە.

رووپێو ئەو زەوییانەی بە نۆک دەچێندرێن، چەند هەزار هێکتارێ دەبی. بەرهەمی سالانەشی، بە تایبەتی لەو سالانەی کە ئاو و هەوا خۆش دەبی، سەر لە چەند هەزار تەنێک دەدات. تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتاردا، لە هەندێ سالدا دەگاتە هەزار و دوو سەد کیلۆگرام.

بەناوبانگترین ئەستانی بەرهەمهێنانی نۆک لە کوردستاندا، ئەستانەکانی کاهرامانمارش و ئادیەمان و گازی ئانتەب موش بوو هەموو ئەستانەکانی دیکە ئەوەندەی ئەو ئەستانانە نۆکی لێ ناکرێ.

تێکــڕای دەســتکەوتی ســاڵانەی نــۆک لــە یــەک هێکتــار زەوی دروینـەکراودا، لـە ئەستانەکانی هـەکاری و ماردین لـە هـی گشت ئەستانەکانی دیکە زیاتر بوو.

بەرهەمـە پاقلەییـەکانی دیکـە، وەکـو بـەزالیا، فاسۆلیا، لۆبیـا، ماش، هـەرتۆمان، کاوڤیچ، ویلدڤیچ، چ لـە رووی زەوی تۆکراو و چ لـە رووی بـەرهـەمی ساڵانـە و چ لـە رووی دەستکەوتی یـەک هێکتـار، لـە هەموو بەرهەمە پاقلەییەکانی دیکەی پێشوو کـەمترە و جێگایـەکی تایبــەتی دیــاریکراوی ئــەوتۆش، لــە پێکهینــانی دەســمایەی جوتیارەکاندا، بۆ خۆیان داگیر ناکەن.

**٣. بەروبوومی پیشەسازی**

ئەوەیان، نزیکەی شەش لە سەدی هەموو زەوییە چێندراوەکان دەگــری. بەرهــەمی ساڵانەشــی نزیکــەی ســەدان تــەن دەبــی. ژمارەیــەکی زۆریـش لــە کرێکـاری کشـتوکاڵ، رۆژانــە کـاری تێـدا دەکەن.

بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە رووەکانە، ماندووبوونێکی زۆری دەوێ. وەلێ دەستکەوتی جوتیاران، لە یـەک هێکتـار زەوی چێنـدراودا، لـە چاو ئەوانـەی بـە بـەروبوومی دانەوێڵـە و پاقلـەیی، دوو تـاکو سێ کەڕەت زیاترە.

بــەروبۆمی پیشەسـازی لـە ئەسـتانی کاهرەمـان مـارش، شـانلی ئورفـا، ئادیــەمان، گــازی ئاتتــەب زۆر بــەرزە، بەپێچەوانــەوە بەرهــەمی هــەککاری، تونجــەلی، بینگــۆڵ، نزمــە، ئــەوەش بــۆ جیـاوازی ئـاو و هـەوا و جـۆری خاکەکـەی دەگەڕێتـەوە. گرنگتـرین بەرهەمە پیشەسازییەکان لـە کوردستاندا ئەوانـەن: تـووتن، لۆکـە، چەوەندەری شەکر.

تووتن

ئەوەیان بە یەکێ لە رووەکە پیشەسازییە هەرە بەربڵاوەکانی کوردستان دادەنرێ. سالانە بە دەیان هەزار هێکتار زەوی چێندراو، تووتنی تێدا دەکرێ. بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە، دەیان هەزار تەن. تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتاردا، خۆی لە هەزار کیلۆگرام دەدات.

جۆرەکانی تووتن

لە کوردستاندا زیاتر لە دە جۆر تووتن دەچیندرێ. هەرە بەناوبانگەکانیان ئەوانەن:

١. پەلکەبێ ـ تووتنێکی زۆر باشە، پەلکی زۆر دەردەکات، وەلێ لە کێشدا سووکە، لەبەر ئەوە تووتنەوانەکان، ئەگەر بۆ خۆیان نەبێ یاخود لە لایەن کەسێکی دیاریکراوەوە، بەرادان نەدرێ، نایچێنن

٢. میرزا ئەحمەدی ـ یەکێکەلە تووتنە هەرە بەناوبانگەکان. بە شێوەیەکی زۆر فراوان دەچێندرێ. گەڵاکانی پانە، هەر بنە تووتنێک لە ٢٥ ـ ٣٠ گەڵا دەردەکات.

٣. رەشۆکی ـ گەڵای تووتنی رەشۆکی مەیلەو شینە. ئەوە وای لە تووتنەوانەکان کردووە، کە خۆیان لە چاندنی ئەو جۆرە تووتنە ببوێرن، چونکە لە کاتی تەماشاکردن و قەبڵاندنی نرخەکەیدا. لە دایەرەی ئینحیساری تووتن، بە چاوێکی باش سەیر ناکرێ و بە نرخێکی هەرزان لێیان وەردەگرن.

٤. بافرە ـ گەڵای تووتنی بافرە، زۆر تەنکە، بۆیە لە کێشاندا سوکە، لەبەر ئەوە تووتنەوانەکان نە خۆیان و نە زەوییەکانیان، بە چاندنی ئەو جۆرەوە خەریک ناکەن.

٥. سێرەمۆ ـ گەڵای تووتنی سێرەمۆ، بەرەو ژوور هەڵدەکشێ و لە هەر چوار لای قەدی رووەکەکەوە، دێنە دەرێ.

٦. زەردە ـ ڕەنگی گەڵای ئەو جۆرە تووتنە زەردە. گەڵاکانی وەکو گەڵای تووتنی سێرەمۆ، بەرەو ژوور هەڵدەکشێن.
٧. عەلی کەسافی ـ ئەوەیان گەڵاکانی پانە و هەمیشە بەرەو ژوور هەڵدەکشێن. ڕەنگیشی کەمێ تەڵخە. لەبەر ئەو هۆیانە، لەچاو جۆرەکانی دیکەدا، کەمتر دەجیندرێ.
٨. بێشەما ـ ئەوەیان لە کۆنەوە لە کوردستاندا دەچێندرێ. وەلێ لەبەر ئەوەی لە کێشاندا سوکە و ڕەنگی گەڵاکانی کەمێ تەڵخە، تووتنەوانەکان بە زۆری نایچێنن.

**نێوچەکانی چاندنی تووتن**

جۆری گڵ و ئاو و هەوای زۆربەی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆ چاندنی تووتن دەست دەدەن. وەلێ بە تەواوی کەڵک لەو بارودۆخ و هەلومەرجە، وەکو پێویست وەرناگیرێ. لەبەر ئەوەی ئەو ڕووپێوانەی بۆ چاندنی تووتن، لە لایەن فەرمانگاکانی کشتوکاڵی دەوڵەتەوە دیاری دەکرێ، لە سەرجەمی ڕووپێو زەوییە چێندراوەکان، بۆ هەر نێوچەیەک زۆر کەمە و جوتیارەکان ناتوانن لەو سنوورە زیاتر تێپەڕ بکەن، کە ئەو لایەنانە بۆیان دادەنێن.

ڕووپێوی ئەو زەوییانەی کە ڕێ دراوە، تووتنی تێدا بکرێ، چەند هەزار هێکتار دەبی. بەرهەمەکەشی لە چل هەزار تەن زیاترە. تێکڕای دەستکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتاردا، لە هەزار کیلۆگرام زیاترە.

ئەستانەکانی ئادیەمان و سییرت و دیاربەکر بە ڕووپێوی زەوی دەستنیشانکراو بۆ کردنی تووتن و بەرهەمی ساڵانە و تێکڕایی دەستکەوتی ساڵانە لە پێش گشت ئەستانەکانی دیکەی کوردستان بوو.

## گرفتەکانی تووتن

رووەکی تووتن لە کوردستاندا، تووشی کۆمەڵێ لە گرفتی سروشتی و مرۆیی دەبی. لە خوارەوە باسیان دەکەم.

### یەکەم. گرفتەکانی سروشتی

هەندێک لە نەخۆشییەکانی سروشتی ئەوانەی خوارەوەن.

١. نەخۆشی ـ ترسناکترین گیروگرفتێکی سروشتی، کە تووشی تووتن دەبی، چ لە کێڵگە و چ لە ناو عەنبارەکاندا، نەخۆشییە. هەرە گرنگەکانیان ئەوانەن:

٢. پچڕێنە ـ ئەو نەخۆشییە تووشی رەگەکانی رووەکی تووتن دەبی. تا وا لە رووەکەکان دەکات، بێهێزیان دەکات و سیسیان دەکات و لە شوێنی خۆیاندا وشک دەبن. هۆکەشی بۆ کرمێکی ورد دەگەڕێتەوە، کە دوای ئاودان شەوانە بەکاردەکەوێ و دەست بە قرتاندن و خواردنی رەگە تووتنەکان دەکات. چارەسەری ئەو نەخۆشییە کوشندەیەش، بە هۆی بەکارهێنانی مادەی کروسیاید، یاخود دیدیتیوە دەکرێ.

٣. هارەیی ـ هۆی ئەو نەخۆشییە بۆ کرمێکی ورد دەگەڕێتەوە، کە لە مانگی نیساندا پەیدا دەبی. نەخۆشییەکە تووشی هەندێ یا هەموو گەڵاکان دەبی، بە شێوەی پەڵە پەڵە دەردەکەوێ. چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییەش، بە مادەی سایام، میسیل، پڕۆمید.... هتد دەکرێ. بۆ ئەوەی دەرمانەکان کاریگەریتی خۆیان زیاتر نیشان بدەن، چاکتر وایە لە کاتی فێنکیدا بە رۆژ بەکار بهێنرێن، چونکە لەو کاتانەدا، کرمەکان دەجوڵێن و دەست بە چالاکی دەکەن.

٤. سیسبوون ـ نەخۆشییەکی یەکجار بڵاوە، بە تایبەتی لەو زەوییانەی کە چەند ساڵ لەسەر یەک و بە بەردەوامی بە تووتن دەچێندرێن. نەخۆشییەکە زیاتر تووشی گەڵا ساواکان دەبی، وەک

لـەوەی تووشــی گـەڵا گـەورەکان ببــێ. چارەسـەرکردنی تـەنیا بـە ئاونـەدانـە، دەبـی بۆ ماوەی سێ رۆژ ئاو نـەدرێ.
٥. ئەنتراکتۆز ـ ئەو نەخۆشییە تووشـی گـەڵاکان دەبـی، رەنگەکـەی لـە سـەوزەوە بـۆ قـاوەیی و مەیلـە وسـوور دەگـۆڕێ، هۆیەکەشـی کرمێکی کوارکییە کە تووشـی بنـە تووتنـەکان دەبـی و دەبیتـە هـۆی سیسبوونیان. چارەسەرکردنیشی تـەنیا بـە ئاونـەدانێتی بـۆ مـاوەی سێ رۆژ لەسەر یەک.

**دووەم. گرفتەکانی مرۆیی**

لێــرەدا پەنجــە بــۆ هەنــدێ لــەو گرفتــە گرنگــە مرۆییانــە رادەکێشین، کە لە کاتی چاندن و پەرەسـەندن و فرۆشتندا، تووشـی تووتن دەبن:
١. دیاریکردنی رووپێو ـ رووپێوی ئەو زەوییانەی بۆ چانـدنی تـووتن تـەرخان دەکـرێن، لـە رووی کـەمی یـا زۆری رووپێـوەوە، لـە لایـەن دایـرەی ئینحیسـاری تووتنـەوە دەسنیشـان دەکـرێن. تووتنەوانـەکان بە هیچ جۆرێ، مـافی ئـەوەیان نییـە، رووپێوی زەوییـەکانی خۆیـان زیـاد بکــەن. مەبەسـتی دەوڵــەتیش لــەو دیاریکردنــە، تــەنیا بــۆ پاراستنی نرخی تووتن دەگەڕێتەوە، تا لـەو ئاستەی دەسنیشـانیان کردووە، نەیەتە خوارەوە.
٢. دابەشکردنی بەرهــەم ـ بەرهــەمی ساڵانەی تـووتن، لـە نێـوان تووتنـەوانـەکان و خاوەن موڵکەکاندا، بـەم شێوەیە دابـەش دەکـرێ: ئـەگـەر موڵکـدارەکان، ئـاو و جـووت و تـۆ، بـۆ تووتنـەوانـەکان دابـین بکەن، ئەوا لە جیاتی ئـەوانـە، نیوەی بـەرهـەمـەکە بـۆ موڵکدارەکان دەبـی. وەلـێ ئـەگـەر هـاتوو، تـەنیا ئاوەکـە هـی موڵکـدارەکان بـێ، ئـەوا سێ یەکی بۆ ئەوان دەبـی و ئـەوی مایـەوە بـۆ تووتنـەوانـەکان دەبی.

٣. رابـــەری کشـــتوکاڵ   ـ ژمـــارەی ڕابـــەرە کشـــتوکاڵییەکان لـــە کوردستاندا، وەکو پێویست نییە و زۆر کەمە. ئەو کەمەکەشی کە هەیە، لەبری ئەوەی تووتنەوانەکان، فێری شێوازی نوێی چاندن و ئـاودان و هـەڵگرتنی تـووتن بکـەن، بـە شـێوەیەکی هاوچەرخانـە، تـــەنیا کارەکانیـــان خـــۆی لـــە تـــووتن کـــڕین لـــە تووتنەوانەکانـــدا دەبینێ.

٤. شـێوازی چانـدن   ـ تووتنەوانـەکان، لـە زۆربـەی نێوچـەکانی کوردستاندا، تاکو ئێستا بە هەمان شێوازی سەد ساڵ لەمەوبەر، تـووتن تـۆ دەکـەن و پاشـان بـۆ کێڵگـەی دەگوزنـەوە و دەیچـەقێنن و ئـاوی دەدەن و گـەڵاکانی دەقـرتێنن و وشـکی دەکەنـەوە و هـەڵی دەگـرن و پاشـان بـۆ فرۆشـتن ئامـادەی دەکـەن. ئـەو شـێوازی خزمەتکردنە کۆنە، لە لایەکەوە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێژەی زیان و لەنێوچوونی زیاتر دەکات.

**لۆکە(دنکە لۆکە)**

ئەوەیان، بە یەکێ لە هەرە بەرهەمە گرنگە بەروبوومەکانی پیشەسازی دادەنرێ، چونکە دەستکەوتی ساڵانەی جوتیارەکان لە یەک هێکتاردا، بە بەراوردکردن لەگەڵ دەستکەوتی ساڵانەی یەک هێکتـار زەوی چێنـدراو، بـۆ نموونـە بـە بـەروبوومی دانەوێڵـە، بەرزترە.

ڕووپێو هەموو ئەو زەوییانەی بە لۆکە دەچێندرێن، خۆی لە حەفتا هەزار هێکتار دەدات. بەرهەمی ساڵانەشی ئەگەر لـەم ژمارەیـە زیـاتر نـەبێ، کـەمتر نییـە. تێکـڕای دەسـتکەوتی ساڵانەشی لە یەک هێکتاردا، لە هەندێ شوێن دەگاتە یەک هەزار کیلۆگرام.

بـەناوبانگترین جۆرەکـانی لۆکـە لـە کوردسـتاندا، ئەوانـەن: موسڵی، شنگاڵی، سابوری، کۆکەروڵت و هیدیکە.

لۆکـە لـە ناوەڕاستی مانگی مارت و بـە درێژایـی مـانگی نیسان دەچێنـدرێ، لـە هاوینیشـدا کـۆ دەکرێتـەوە. فاکتـەرە گرنـگ و پێویستەکانی رواندن و گەشەسەندنی لۆکـە، وەکـو پلـەی گـەرما و ئاو و خـاکی بـەپیت، لـە گشت کوردستاندا وەکـو یـەک نـین، لـەبـەر ئـەوە ئەستانەکانی لۆکـە چانـدن، زۆر سـنوور بـۆ کێشـراو و دیـاری کراوە.

ئەسـتانەکانی شـانلی ئورفـا و دیاربـەکر، لەبـەر ئـەوەی ئاووهـەواو و خاکییـان، لـە هـی ئـەوانی دیکـە لـەبارترە لۆکـەیان زیاتر لێ دەچیندرێ. دەستکەوتی ساڵانەشیان زۆرترە.

**چەوەندەری شەکر**

ئـەوەیان، لـە زۆر نێوچـە لـە کوردسـتاندا دەچێنـدرێ. توانـای فراوانکردنـی رووپێـو ئـەو زەوییانـەی بـە چەوەنـدەر دەڕوێنـدرێ و زیادکردنی بەرهەمهێنان، کەم نییە، ئەگەر بێتو زیاتر بایەخ بـە چاندنی بدرێ و هەموو ئەو گرفتانەی کە دێنە پێشی، بە تایبـەتی گرفتە میکانییەکان چارەسەر بکرێن.

رووپێو ئەو زەوییانەی ئەوڕۆ بە چەوەندەر دەچێنـدرێ، دەگاتـە پەنجا هەزار هێکتار. بەرهەمی ساڵانەشی لـە دەوروبـەری سێزدە هـەزار تـەن دایـە. تێکڕای دەستکەوتی ساڵانەی لـە یـەک هێکتـار زەوی چێنـدراودا، نزیکـەی بیسـت و چـوار هـەزار کیلـۆگرام. لـە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، توانای بەرهـەمهێنانی چەوەنـدەر هەیـە. وەلـێ لـە ئەسـتانەکانی ئـەرزوروم و مـوش و ئـەرزنجان و ئەلازیغ لە گشتیان زیاتر.

تێکڕای دەستکەوتی ساڵانە لە یەک هێکتار زەوی چێندراودا، لـە مەلاتیـە، ئـەلازیغ، ئەرزنجانـدا، بـە بـەراوردکردن لـەگـەڵ ئەستانەکانی دیکە زیاتر بوو. دیکەدا، هۆیەکەی بۆ جیاوازی ئاو و هەوا و گڵ دەگەڕێتەوە.

### کەتان

مەبەست لە چاندنی کەتان چنینی قوماش و رایەخ و کندڕ و دەزوو و بەرهەمهێنانی کاغەز و شتی دیکەی لەو بابەتانەیە.

رووپێوی هەموو ئەو زەوییانەی ساڵانە بە کەتان دەچێندرێ، دەیان هەزار هێکتار دەبی. بەرهەمی ساڵانەشی خۆی لە چەند هەزار تەنێک دەدات. تێکڕای دەستکەوتی لە یەک هێکتاردا، دەوروبەری چەند سەد کیلۆگرام دەبی.

### ٤. بەروبوومی تۆرۆنییەکان

پشکی بەرهەمی ئەوەیان، لە زەوی چێندراودا، لە چاو بەرهەمەکانی دیکەی کشتوکاڵدا، لە دوو لە سەد زیاتر نابێ. بەرهەمی ساڵانەی تۆ رۆنییەکان، کە لە چەند هەزار تەن دەبی، بەتەواوی بازاڕەکانی کوردستان تێر و پڕ ناکات. لەبەر ئەو هۆیە، بۆ مسۆگەرکردنی رۆن، زەیت، کەرە، مارگرین، دبێ بەشی زۆری لە بازاڕەکانی دەرەوە پەیدا بکرێ و پارەیەکی زۆری پێ بدرێ.

چەشنی گڵ، ئاو و هەوا، لە فراوانبوونی رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانەدا، رۆڵی لەبەر چاویان گێڕاوە. ئەستانەکانی شانلی ئورفا، دیاربەکر، کاهرەمان مارش، لە رووی بەرهەمهێنانی تۆ رۆنییەکانەوە، بە گەورەترین نێوچە دادەنرێن.

بەرهەمی تۆ رۆنییەکان، لەو رووەکانە پێک دێن: دەنکی لۆکە، کونجی، گوڵەبەڕۆژە، کەتان، خەشخاش ، دەنکە قەنەفر، فستقی کێڵگە، فولی سۆیا ... هتد. وا لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

### کونجی

مەبەست لە چاندنی کونجی، زیاتر بۆ خوادنی رۆژانەیە و توێکڵەکەشی وەک ئالیک، بۆ خواردنی ئاژەڵ بەکار دەهێندرێ.

رووپێو هەموو ئەو زەوییانەی ساڵانە بە گونجی دەچێندرێ، ئێستاکە دەوروبەری شیست هەزار هێکتار دەبی. بەرهەمی ساڵانەشی نزیکەی لە سەرووی بیست هەزار تەن دەبی. تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتار زەویدا لە چوار سەد کیلۆگرام کەمترە.

ئەستانەکانی شانلی ئورفا و دیاربەکر و ئادیەمان و ئەلازیغ و سییرت گەورەترین شوێنی بەرهەم هینانی کونجینە لە کوردستاندا. بەرهەمی ساڵانەیان، دوو تاکو سێ کەڕەت لە بەرهەمی ئەستانەکانی دیکە زیاترە.

**گوڵەبەڕۆژە**

ئەوەیان، گەورەترین و زۆرترین بەرهەمی تۆ رۆنییەکان، لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، پێک دەهێنێ و بە شێوەیەکی بەرفراوان دەڕوێندرێ. ئەویش بە پلەی یەکەم، بۆ دەرهێنانی رۆن دەچێندرێ، پاشان وەک پەرزین، بۆ پاراستنی کێڵگەکانی تووتن و لۆکە لە کارتێکردن بای بەهێز، بەکار دەهێنرێ. لەو ساڵانەی دواییدا، فەرمانگاکانی کشتوکاڵ، زیاتر بایەخیان بە چاندنی گوڵەبەڕۆژە داوە، هەوڵی فراوانکردنی رووپێو زەوی چێندراو و زیادکردنی بەرهەمیان داوە. هانی جوتیارەکان دەدەن، تا بەرهەمی تۆ رۆنییەکان زیاد بکەن، بۆ ئەوەی بازاڕەکانی ناوخۆ، بە رۆن و چەورییەکانی دیکە دەوڵەمەند بکەن.

ئەستانەکانی دیاربەکر و سلیمانی کاهرامانمارش و موش گەورەترین شوێنی بەرهەمهێنانی گوڵەبەرۆژەن. بەرهەمی ساڵانەیان سێ کەرەت لە هی ئەستانەکانی دیکەی کوردستان زیاترە.

**٥. بەروبوومی بۆندار**

رووپێوی زەوی چیندراو بە بەرووبۆمی بۆندار لە دەوربەری یەک لە سەدی گشت زەوی کشتوکاڵ دەبی. بەرهەمی ساڵانە

هەشت سەد تەن دەبی. دەستکەوتی ساڵانە لە یەک هیکتاردا هەژدە هەزار کیلۆگرام دەبی.

بەرووبوومی بۆندارە، لە خواردنی رۆژانەی خەڵکیدا، بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە و بە شێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێ، لەبەر ئەوە دانیشتوانی زۆربەی زۆری نێوچەکانی کوردستان، کەم و زۆر، ئەو بەروبوومانە دەچینن، بە تایبەتی لە نێوان دێراوی باخەکاندا، یا لە سوچێکی کێڵگەکاندا.

آذربایجان غربی، ئەرزوروم، لرستان، لە رووی رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانە، لە پێش ئەستانەکانی دیکەوە دێن. بەرهەمی ساڵانەی ئەو ئەستانانە، نزیکەی دوو لەسەر سێی بەرهەمی گشتی هەموو کوردستان پێک دەهێنن. تێکڕای دەستکەوتی ساڵانە لە یەک هێکتار زەویدا، لە ئەستانەکانی سییرت و لرستان و کاهرەمان مارش، لەگەڵ بەرهەمی نێوچەکانی دیکەدا، بەراورد ناکرێ.

## پیاز

ئەوەیان بە زۆری بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنرێ و بە کاڵیش دەخورێ، بەکارهێنانی یەکجار باوە. لەبەر ئەوە، ساڵانە زەوییەکی زۆر بۆ چاندنی پیاز، تەرخان دەکرێ. بەرهەمی ساڵانەشی دەگاتە بیست هەزار تەن. تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، خۆی لە هەژدە هەزار کیلۆگرام دەدات.

پیاز توانایەکی سەیری هەیە بۆ چەکەرەکردن و سەوزبوون و گەورەبوون. ئاو و هەوای جیاواز، چەشنی خاک و بێپێزی خاکەکەی، هیچ کۆسپێ لە ڕێی چاندن و نەشونماکردنی پیازدا، دروست ناکات. لەبەر ئەوە دەبینین، بە مەبەستی دابینکردنی خواردنی رۆژانە و بۆ فرۆشتن، لە نێوچەی جیاجیاکاندا دەچێندرێ. ئەستانە بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنانی پیاز

ئەمانەن: ئەرزنجان و گازی ئانتەب و آذربایجان غربی و دیاربەکر و هیدیکە.

**سیر**

رووپێوی زەوی چێندراو بە سیر، لە چاو رووپێو بەرهەمەکشتوکاڵییەکانی دیکەدا، زۆر کەمە. ئەورۆ نزیکەی پێنج هەزار هێکتار زەوی بە سیر دەچێندرێ. بەرهەمی ساڵانەشی، لە دەوروبەری حەڤدە هەزار تەن دەبی . تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، دەگاتە نۆ هەزار کیلۆگرام و گازی ئانتەب و ئەلازیغ و ئادیەمان بە ناوبانگترین ئەستانەکانی بەرهەم هێنانی سیرن لە کوردستاندا.

**پەتاتە**

ئەوەیان بە مەبەستی ناردنە دەرەوە دەچێندرێ. لەم ساڵانەی دواییشدا، پەتاتە لە خواردنی رۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکدا، جێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی داگیر کردوە. لەبەر ئەوە دەبینین، زەوییە چێندراوەکان لە چاو ساڵانی پێشوودا، زۆر فراوان بوون، بە شێوەیە کە ئەورۆ نزیکەی خۆی لە سی هەزار هێکتار دەدات. بەرهەمی ساڵانەشی لە دەوروبەری چوارسەد هەزار تەن دەبی.تێکڕای دەستکەوت لە یەک هێکتار زەویدا، دەگاتە شازدە هەزار کیلۆگرام و ئەرزوروم و آذربایجان غربی و ئەلازیغ بەناوبانگترین ئەستانی بەرهەم هێنانی پەتاتەن لە کوردستاندا.

**دووەم. میوە**

پشکی میوە لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، لە باشترین حاڵەتیدا، ناگاتە دە لە سەدا. رۆڵی لە پێکهێنانی دەرامەتی جوتیارەکاندا، زۆر نییە. هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ: نەبوونی رێگەی هاتوچۆی باش ، تاکو جوتیارەکان بتوانن، بەرهەمی ساڵانەی خۆیان، بە شێوەیەکی رێکوپێک و لە کاتی خۆیدا، لە

بـــازار بکـــەن. نـــەبوونی عـــەنباری ســـارداو ، بـــۆ هـــەڵگرتنی بەرهەمەکان و فرۆشتنی لە کاتێکی دیکەدا. نەبوونی گارگەی لە قوتووکردن.

ژمارەی درەختی میوە، بە گوێرەی خاملاندن، لە سەد و دە هەزار زئاترە. لەوانە حەفتا لە سەدیان بەردان و سی لەسەدیان هێشتا ماویانە بەر بدەن.

گەورەترین ئەستانەکانی کە دارمیوەیان زۆرە ئەمانەن: دهۆک و گازی ئانتەب و سلیمانی و هەولێر و شانلی ئورفا و آذربایجانی غربی. بەرهەمی ئەو ئەستانە بە سەر یەکەوە پەنجا لە سەدی گشت بەرهەمی کوردستان دەبی. هۆکارەکەی بۆ کونجانی ئاووهەوا و خاک دەگەڕێتەوە.

گـەورەترین نێوچـە، لـە ڕووی ژمـارەی درەختـەوە، لـە ئەسـتانی دهـۆک دایـە، پاشـان ئەسـتانەکانی گـازی ئانتـەب و سـلیمانی و هـەولێر و شـانلی ئورفـا دێـن. بەرهـەمی ئـەو نێوچانـە هـەموو پێکەوە، زیاتر لـە ٠/٠٥٠ بەرهـەمی گشت کوردستان پێک دەهێنن، کـە ئـەوەش بـۆ گونجـاوی ئـاو و هـەوای بـاش و جـۆری خاکەکـەی دەگەڕێتـەوە. درەختـە میوەکـان، بـەگوێرەی نـەرمی و رەقـی ناوکـەکانیان، بـەگوێرەی ورد و درشـتی و تامیـان و رەگـەزیان، بەسەر چوار دەستەی گەورەدا، دابەش دەکرێن:

**١. میوەی ناوک وردی نەرم**

ئەوەیان، بریتییە لـە هـەرمێ، سێو، بـەهێ، موش مـەلا، یـەنگی دونیـا. رێژەیـان نزیکـەی بیسـت لـە سـەدی گشـت درەخـت و بەرهەمی میوە پێک دەهێنن.

**هەرمێ**

ئەوڕۆکـە، نزیکـەی سـی هـەزار دار هـەرمێ هەیـە. بەرهـەمی سـاڵانەیان لـە دەوروبـەری هەشـتا هـەزار تـەن دەبـی. هـەرمێ

یەکێکە لەو دارمیوانەی، کە لە باخچەی زۆربەی خەڵکیدا دەڕوێندرێ. بە تایبەتی لە هەی جوتیارەکانی نێوچە شاخاوییەکاندا. هەرمێ زۆر جۆری هەیە، وەلێ هەرە بەباوبانگەکانیان ئەوانەن: لاسوور، کرۆسی.

**بەهی**

ژمارە و بەرهەمی سالانەی داربەهی، لەچاو ژمارە و بەرهەمی دار هەرمێ و سێودا، زۆر کەمترە. لەبەر ئەوەی درەختی بەهێ، ئەرکی زۆرە و درەنگ پێدەگات و بارودۆخێکی تایبەتیشی بۆ رواندن دەوێ، لە هەموو باخەکاندا ناچێندرێ.

**سێو**

یەکێکە لە دارمیوە هەرە بڵاوەکان لە کوردستاندا. ئەورۆ باخچە نییە چەند بنە سێوی لێ نەچێندرابێ. ژمارەی دارسێوەکان ، خۆی لە شەش ملیۆن دەدات. بەرهەمی سالانەی دەگاتە سێ ملیۆن تەن و جۆرەکانی سێو لە کوردستاندا ئەمانەن: سێوی لاسوور و سێوە ترشە و سێوە ڕۆک و گۆڵدن... هتد.

**موش مەلا**

ژمارەیەک لە داری موش مەلا لە باخچەکانی کوردستاندا چێندراوەو بەرهەمی سالانەی خۆی لە چەند هەزار تەن دەدات.

**یەنگی دونیا**

لەگەڵ دار پرتەقاڵ و سێودا دەڕوێندرێ. ژمارەیان چەند هەزار دەبی. بەرهەمی سالانەی لە چەند هەزار تەن تێپەڕ ناکات.

**٢. میوەی ناوک درشتی رەق**

بریتییە لە گۆیژ و بەڵاڵوک و قەیسی و هەڵوژە وقۆخ وگێلاس و ڤیشنی (گێلاسی ترش) و زەیتوون و قەرەنی. ڕێژەیان نزیکەی بیست لە گشت دار و بەرهەمەکانی میوە، دەبی.

**گۆیژ**

دار میوەیەکی ناسراوە، ژمارە و بەرهەمی ساڵانەی چەند هەزار دانەیەک دەبی، بەرهەمی ساڵانەشی چەند سەد تەن دەبی.

**بەلاڵوک**

ئەوەیان، بە ژمارە کەمە. بەرهەمی ساڵانەی لە چەند سەد تەنێ زیاتر نابی. بەشی زۆری بەرهەمەکەی بۆ خواردنی ناوخۆ بەکاردەهێنرێ.

**هەڵوژە**

یەکێکە لە دار مێوە بڵاوەکان، بە دەیان هەزار داری هەڵوژە لە باخچەکاندا چێندراون. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە دەیان هەزار تەن دەدات. بەشێکی ئەو بەرهەمە دەنێردرێتە بازاڕ و دەفرۆشرێ.

**قەیسی**

چەند هەزار دار قەیسی هەیە. بەرهەمی ساڵانەی چەند سەد تەن دەبی، بەشێکی زۆریشی لە بەرهەمەکەی بۆ دەرەوە دەنێردرێ.

**گێلاس**

چەند هەزار دار گێلاسێ هەیە و بەرهەمی ساڵانەی چەند سەد تەن دەبی.

**قەرەنی**

ئەوەیان، لە لایەن ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵکی، لە باخچەکانیاندا دەچێندرێ. ژمارە و بەرهەمی ئەو دار میوەیە زۆر نییە.

**قۆخ(خۆخ)**

ئـەورۆ نزیکـەی حـەفت سـەد هـەزار دار قـۆخ هەیـە. بەرهـەمی ساڵانەی نزیکەی سی هەزار تـەن دەبـی. درەختـی قـۆخ لـە درەختـە میـوە بڵاوەکانـە. بەرهەمەکـەی نـەک هـەر بـۆ خـواردن بـەکار دەهێنرێ، بەڵکو جوتیارەکان دەشیفرۆشن.

**ڤیشنی (گێلاسی ترش)**

ڤیشنێ لـە هەندێ نێوچـەدا، بـە مەبەستی خـواردن و فرۆشتن، دەچێنـدرێ و دێتـە بەرهـەم. ژمـارەی درەختـەکـان ، چەنـد هـەزار دانە دەبی. بەرهەمی ساڵانەشی چەند سەد تەن دەبی.

**زەیتون**

مەبەست لە چاندنی نەمامی زەیتون، بۆ خواردن و دەرهێنانی چەورییـە. نزیکـەی ١.٧ ملیـۆن داری زەیتـون هەیـە، (١٩٨٦ ـ ١.٥ ملیـۆن درەخـت). بەرهـەمی ساڵانەی ٥٨ هـەزار تـەن کـەمتر نـابێ. (١٩٨٦ ـ ٥.٥ هـەزار تـەن). لـە ئەستانە بەناوبانگـەکان، کـە بـە زۆری زەیتونی تێدا ڕواوە، لـە ساڵی ١٩٨٦دا، ئەوانـە بوون: گـازی ئانتەب (٣٥٥ هەزار درەخت، بەرهەم ـ ٣٨ هەزار تـەن)، کاهرەمان مارش (٥٥٠ هەزار درەخت، بەرهەم ـ ٦ هەزار تـەن)، ماردین (١٣١ هەزار درەخت، بەرهەم ـ ٠.٨ هەزار تەن)، شانلی ئورفا (٦٠ هەزار درەخت، بەرهەم ـ ٠.٤ هەزار تەن)، ئادیەمان (٢٨ هەزار درەخت)، نەینەوا و هیدیکە.

**٣. میوەی ناوک**

بریتییە لە فستقی ئانتـەبی و گوێز وبایـەم و فندق و کەستانە. ڕێژەیان نزیکەی سی لە سەدی گشت دارە میوەیە.

**فستقی ئانتەبی**

ژمارەی دار فستقی ئانتەبی لە سی ملیۆن زیاترە. شێست لە سەد بە بەر و چل لە سەد بێ بەرە. بەرهەمی ساڵانە زیاد لە چواردە ملیۆن تەن دەبی.

گازی ئانتەب و شانلی ئورفا و ئادیەمان و سییرت و کاهرامانمارش بە ناوبانگترین ئەستانی چاندن و بەرهەم هینانی فستقی ئانتەبیینە لە کوردستاندا.

**گوێز**

ژمارەی دارگوێز چەند هەزار دەبی. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە چەند ملیۆن گوێز دەدات. بە زۆری لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێ.

**باوی(بایەم)**

زۆر بە باشی لە نێوچەی فێنک شین دەبی. چەند هەزار دار باوی لە کوردستاندا هەیە. بەرهەمی ساڵانە دەیان سەد تەن دەبی.

**فندق**

ژمارەی درەختەکانی لە چەند هەزار دارێ تێپەڕ ناکات. بەرهەمی ساڵانەی بە دەیان هەزار تەن لە قەڵەم دەدرێ. زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەڕوێندرێ.

**کەستانە(شابەڕو)**

ژمارەیەکی زۆر کەم لە داری کەستانە هەیە، نزیکەی دوو هەزار یاخود کەمتر دەبی. بەرهەمی ساڵانەی دەیان تەن دەبی. بیتلیس بەناوبانگترین ئەستانە لە کوردستاندا.

**٤. میوەی ترێ**

ئەوەیان بە ژمارە و بەرهەمی ساڵانە و رووپیوی زەوی سێ کەرەت لە هی دەستەکانی پێشوو زیاترە. میوەی ترێ بریتییە لە:

هـەنجیر و هـەنار و تـرێ و مـۆز و خورمـای تـەرابزۆنـی و  هیدیکـە. ڕێژەیان نزیکـەی سـی لـە سـەدی گشت درەخت و بەرهـەمـی میوەی کوردستان دەبی.

**دارمێو(ڕەز)**

بڵاوتـرین داری بـەرهـەمـدارە لـە کوردسـتاندا و لـە باخچـەکان و حەوشـەی مـاڵان دەچینـدرێ. ژمارەیـان لـە یـەک ملیـۆن بنـە مێـو زیاترە. بەرهـەمی ساڵانـە خۆی لـە پێنج سەد هـەزار تـەن دەدات.

چەشـنـەکانی تـرێ لــە کوردسـتاندا ئـەوانــەن: تایــەفی، گـوار، زێڕین، شێخ نوورەدین، تـولـی، خۆشنـاو، پەسـیرانـی، سپی هـاوینـی، سپی پـایزی، ڕەشـۆکـی، ئـاویلکـە، ڕەشـمیریی، چومیلکـە، حەوتبـەر، کشمیشی، حوسێنی، خەلیلی، تولخی و گەلیکی دیکەش.

**دارهـەنار**

ئــەوەیان لــە هــەموو نێوچــەکانی کوردســتاندا دەچێنــدرێ و بــەردەدات. هــەنار زیـاتر لــە دار میوەکـانی دیکـە، خـۆی لـەبــەر گۆڕانی پلەی سەرما و گەرمادا دەگری. بـەهای خواردەمـەنی زۆرە. گەڵاکانی بۆ پێستەخۆشکردن و ڕەنگکردن بەکار دەهێنرێ.

**دارهـەنجیر**

ژمــارەی دار هــەنجیر و بەرهــەمی ســاڵانەی، لــە هــەردوو دار میوەکـانی پێشـوو کـەمترە. وەلـێ بـەهای خـواردنی لـەوان کـەمتر نییە.

ماردین و دیاربەکر و ئەدیەمان و شانلی ئورفا بـە ناوبـانگترین ئەسـتانی چانـدنی بنەهــەنجیر و بەرهــەم هێنـانی هــەنجیرە لــە کوردستاندا.

**سێیەم: رووەکی ئالیک**

بە مەبەستی دابێنکردنی ئالیک بۆ ئاژەڵی شیردەری وەکو چێڵ و گامێش و مەڕ و دابەستی گەنمە شامی و وێنجە (سێ پەڕە) لە باخچەکاندا دەچیندرێ.

رووپێو زەوی چیندراو خۆی لە چوارسەد هەزار هێکتار دەدات. تێکڕای دەستکەوتی ساڵانەی لە یەک هێکتار زەویدا، لە دەوروبەری شەش هەزار کیلۆگرام دەبی.

آذربایجان غربی و کردستان و ئەرزوروم و لرستان و چهارمحال و بەختیاری بەناوبانگترین ئەستانی چاندن و بەرهەمهینانی رووەکی ئالیکین لە کوردستاندا.

**چوارەم: بەروبوومی سەوزە**

ئەوەیان لەو جۆرە رووەکانەیە، کە هەمیشە پێویستی بە ئاودان و بژارکردن و دەرمان پێوەکردن و پاککردنەوە و بڕین و رنین و قرتاندن هەیە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە کە بەزوویی بگەیەندرێتە بازاڕ. تاکو ئەو کارانە هەمووی لە کاتی خۆیدا بکرێن، ئەوا دەستکەوتی جوتیارەکان زیاتر دەبی.

سەوزە نرخی خواردەمەنی زۆر بەرزە و گەلێ دەوڵەمەندە. لە سەوزەدا چەندین جۆر ڤیتامین هەیە. مادەیەکی زۆری وەکو: نەشە و شەکر و چەوری و پڕۆتینێ تێدایە، کە بۆ لەش زۆر پێویستن، بۆ ئەوەی بەربەرەکانی ئەو میکرۆبانە بکات، کە تووشی دەبی و کەمتر تووشی نەخۆشی ببێ. خواردنی سەوزە بە کاڵی یا چێشتی لێ دروست بکرێ، لەبەر ئەوەی ئێستا بەهای سەوزە بە چاکی دەزانرێ، چ لە گوندەکان و چ لە نێو شارەکاندا، لەم ساڵانەی دواییدا، وەک شتێکی رۆژانەی لێ هاتووە. جگە لەوەی نرخی سەوزە، لە چاو بەرهەمەکانی دیکەدا هەرزانترە.

رووپێـو هــەموو ئـەو زەوییانــەی ئـەورۆ، بـە بـەروبوومی سـەوزە چێنـدراون، لــە سـەد و پـەنجا هــەزار هێکتــار زیـاترە. بەرهــەمی ساڵانـەی لـە سێ ملیـۆن تـەن نـابی. تێکـڕای دەسـتکەوت لـە یـەک هێکتـار زەویـدا، دەگاتـە پـازدە هـەزار کیلـۆگرام. سـەوزە لـە رووی گەڵا و دەنک و بۆنەوە، بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکرێن:

**١. سەوزەی گەڵا**

بریتییـە لـە: سڵق و لـەهانـە (سـەلک و گـەڵا) و پیـاز و کـەرەوز و کەوەر وسپیناغ وهیدیکە.

رووپێـوی زەوی چێنـدراو نزیکـەی سێ لـە سـەدی گشت زەوییـە چێندراوەکانی دیکـە بـە سـەوزە دەبـی. بەرهـەمی ساڵانـە خـۆی لـە چەند هەزار تەن دەدات.

**٢. سەوزەی پاقلە**

بریتییـە لـە فاسـۆلیای تـەڕ و بـەزالیا و پاقلـەی تـەڕ و گـاگۆز و هیدیکــە. رووپێــوی زەوی چینــدراو چەنــد ســەد هێکتــار دەبــی. بەرهەمی ساڵانە چەند سەد تەن دەبی.

**٣. سەوزەی میوە**

رووپێـو زەوی چێنـدراو بـە کاڵـەک و شـفتی و کولـەکـە و خـەیار و بامیـە و باینجـان و تەماتـە و بیبـەر لـە شێست لـە سـەدی گشت زەوییـە چێنـدراوەکان بـە بـەروبوومی سـەوزە زیـاترە. بەرهــەمی ساڵانەی چەنـدین هـەزار تـەن دەبـی. دەسـتکەوتی ساڵانە لـە یـەک هێکتــار زەویــدا، دەگاتــە ســەدان دینــار. بۆیــە جوتیارەکــان بــە تایبـەتی ئـەوانـەی دەوروبـەری شارەکان، بایـەخێکی زۆر بـە چاندنی سەوزە دەدەن و کاتێکی زۆریشی بۆ تەرخان دەکەن.

**شوتی**

رووپێـوی زەوی چێنـدراو و بەرهــەمی ساڵانەی شـوتی، لـە هــی گشت سـەوزە میوهکـانی دیکـە زۆرتـرە. بـەناوبانگترین جۆرەکـانی

شوتی ئەوانەن: سورمە و فەریق پاشا و یافا و ڕەش و قەلاچە و حەمەدەمینی و گعێتلی و هیدیکە.

**کاڵەک**

رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانەی کاڵەک، لە هی شفتی کەمترە. بەناوباگترین جۆرەکانی کاڵەک ئەوانەن: چەپ و کولاهیل و ئاسمە و مەلاکۆیی و باجیین. کاڵەک هەندێکیان بە دێم و هەندێکی دیکەشیان بە بەراو دەکرێ.

**تەماتە**

سەوزە میوەیەکی زۆر بڵاوە. لە هاوینانــدا خواردنێکی سەرەکییە. رووپێو زەوی چێندراو و بەرهەمی ساڵانەی، چەند هەزار تەنێ دەبی.

**٤. سەوزەی سەلک**

بەرهەمەکانی ئەو دەستەیە لەمانە پێک هاتوون: سیر، پیاز، گوێزەر، توری سوور و سپی. لە کوردستاندا، ساڵی سەدان هێکتار زەوی بە سەوزە دەچێندرێ. بە سەدان تەنیش دێتە بەرهەم.

## ژێربابەتی٣. گرفتەکانی کشتوکاڵ

کشتوکاڵ لە کوردستاندا ساڵانە کۆمەڵێک گرفتی سروشتی و مرۆیی تووش دەبی. گرفتەکان زیانی گەورە لە بارستایی بەرهەم و داهاتی وجوتیار و خەزینەی دەوڵەت دەدات. گرفتەکان لە خوارەوە باس دەکەم.

**یەکەم. گرفتی سروشتی**

هەندێک لەو گرفتانە، کە روودانیان بە دەستی مرۆڤەوە نییە، ئەوانەی خوارەوەن.

١. بارستایی باران

بـــارینی بـــاران بـــه قـــه‌ده‌ر پێویســـت، مایـــه‌یی شـــینبوون و گه‌شه‌كردنی ده‌غڵودانی دێمیه‌. وه‌لێ ئه‌و ساڵانه‌ی كه‌م ده‌باری و به‌شی شینبوون ناكات به‌رهه‌می كشتوكاڵ خراپ ده‌بی.

٢. كاتی په‌ڵه‌دان

مه‌به‌ست لـه په‌ڵـه ئه‌وه‌نـده بارانه‌یـه كـه بـۆ شـینبوون و گه‌شه‌كردنی ده‌غڵودان پێویسته‌. ئه‌گه‌ر په‌ڵه‌ی له كاتی خۆی بدات ده‌غڵودان باش ده‌بی، واته به‌ژن ده‌كات و گوڵه‌كان له شیر پڕده‌بن و ساڵیش هات ده‌بی. ئه‌گه‌ر دره‌نگ په‌ڵه‌ی بدات ئه‌وه ده‌غڵودان خراب ده‌بی یان هه‌ر نابی و ساڵیش نه‌هات ده‌بی.

٢. كه‌م ئاوی له هاویندا

بارستایی ئـاو لـه رووبـار و كانییـه‌كان لـه وه‌رزی هاوینـدا ده‌وه‌ستێته سه‌ر ئه‌وه‌نده به‌فر و بارانـه‌ی كه له وه‌رزی زستاندا ده‌باری. زۆری ئاو له هاویندا مانای فره‌وانكردنی رووپێوی زه‌وی و كه‌میش مایه‌یی ته‌سككردنی رووپێوی زه‌وی كشتوكاڵی هاوینه‌ییه‌.

٣. نه‌خۆشیی رووه‌ك

به‌روبوومی كشتوكاڵ، تووشی چه‌ندین نه‌خۆشی سروشتی ده‌بی. ئه‌گه‌ر له كاتی خۆی چاره‌سه‌ر نه‌كرێ ئه‌وه به‌رهه‌می كشتوكاڵ خراپ ده‌بی كه ئه‌وه‌ش بوو كاری نه‌رینی له داهاتی ساڵانه‌ی جوتیار و بودجه‌ی ده‌وڵه‌ت ده‌كات. هه‌ندێک له نه‌خۆشییه‌كان ئه‌وانه‌ی خواره‌وه‌ن:

ء. ژه‌نگ

ژه‌نگـی ده‌ریـایی و مه‌راكیشـی و مامـه‌لی و بـه سـامناكترین نه‌خۆشی ده‌غڵودان داده‌نرێن. بارانبارینی ناوه‌خت، به گه‌وره‌ترین هۆی په‌یدابوونی ئه‌و نه‌خۆشیه زانراوه‌. نه‌خۆشی ژه‌نگ نه‌ک هه‌ر

بە تەنیا تووشی دەغلودان دەبی، بەڵکو تووشی چەوەندەر و لۆکە و گەنمەشامی و میوەش دەبی.

**ب. مێشومەگەزی زیانبەخش**

زیانی ئەو جانەوەرانە لە بەرهەمی کشتوکاڵ، لە زیانی نەخۆشی ژەنگ کەمتر نییە. ئەو جانەوەرانەش دوو جۆرن:

١. ئافات

وەکو ئەسپێی واوی سێو، ئەسپێی ئاسیایی هەڵوژە، گەنە (جاوەلۆکە)، کرمی سێو، مێشولەی گێلاس، مێشی بایەم خۆر، ترپترە، گرم و هیدیکە.

٢. بیماری

دۆکەی مێو، دۆکەی هەڵوژە، گەڵاپێچە، قارچی (کوارک)، ڕەگ ڕزین، خاڵەڕەشەی سێو، خاڵە زەردەی بایەم و هیدیکە.

**پ. ئافاتی دیکە**

کلۆی مەراکیشی و خۆولانی، مشکەکوێرە، سونەی گەنم، ملە، ترپترە، سیسکە، مێشەپیاز، مێشەشیناوەرد، کاردینای نۆک و ێنجە و چەوەندەر، کرمی برکبڕ، کرمی ڕیشەخۆر، شەیتانۆکە، ئەسپێی چەوەندەر، دۆکەی سپی توتن، گەڵاڕزیوە، دۆکەی گوڵەبەڕۆژە، دۆکەی بێستان، دۆکەی پەتاتە. برکە مردە.

دەوڵەت لە ڕێی دەزگاکانی کشتوکاڵەوە، هەوڵی کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکانی کشتوکاڵی داوە. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش، بە دابەشکردن و فرۆشتنی دەرمانی قەلاچۆکردنی نەخۆشی و جانەوەرەکان هەستاوە. بە سەدان تەن دەرمانی کیمیاوی جۆراوجۆری، بەسەر جوتیارەکاندا دابەش کردووە.

دووەم: گیروگرفتی مرۆیی

هەندێک لە گرفتەکانی مرۆیی کشتوکاڵ لە کوردستاندا ئەوانەی خوارەوەن.

١. جوتیاری بێزەوی

رێژەی جوتیار بێزەوی، بە گوێرەی خەملاندن، چڵ لە سەدی گەشت ئەو کەسانەیە کە کشتوکاڵکردن پیشە و سەرچاوەی ژیانیانە. ئەو بارودۆخەش، لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی و ئابووریی و رامیاریی و کۆمەڵایەتیدا، هاتۆتە کایەوە. بەرزترین رێژەی جوتیاری بێزوەی، لە ئەستان بیتلیس و موش و هەکاری و دیاربەکر و هیدیکەیە.

٢. بەکارهێنانی کەرەستەی کۆن

جوتیار لە دیرزەمانە هەوجاڕ و گاسن و داس و شەغرە جەنجەڕ و شەنەی دار و شەنەی ئاسن و مەرەغان بەکار دەینی. وەلێ توانای ئەو کەرساتانە، لەچاو هی مەکینەی کشتوکاڵی، یەکجار زۆر کەمە. چەند نموونە: ئەوەندە زەوییەی جووتە ئیسترێک بە مەکینەیێکی سێ گاسنی لە رۆژێکدا دەکێلدرێ. تراکتۆر بە یەک کاتژمێر دەیکێڵی.

ئەوەندە تەبارەی دە سەپان بە داس لە رۆژێکدا دروێنە دەکەن کەمباین بە کاتژمێرێک دەیدوریتەوە.

ئەوەندە خەرمانەی بە جەنجەر و دوو ئیستر لە رۆژێژدا دەکوترێ مەکینە لە ماوەی نیو کاتژمێردا، دەیکوتی و گەنم کای لێ دەکاتەوە.

٣. کەمی مەکینەی کشتوکاڵی نوێ

مەبەست مەکینەی کێڵان و کەستەک و خۆل وردکردن و تۆدان و ئاودان و دروێنەکردن و هینانە سەرجۆخین و لە عەنبارکردن و تەتڵەکردن و دەرمان پرژاندن و هیدیکەیە. ژمارەیان بە گوێرەی

خاملاندن سەد و بیست هەزار دانە دەبی. ژمارەکە لە چاو ژمارەی مولّکدارەکانی کشتوکاڵی زۆر کەمە و بە شێوەیکی ژیرانە لە نێو ئەستانەکاندا دابەش نەکراوە. شوینی ئەوهاش هەیە هەر مەکینەی کشتوکاڵی نە گەیشتووتێ.

دەوڵەمەندترین ئەستانی بە مەکینەی کشتوکاڵی تازە ئەرزوروم و شانلی ئورفا و کاهرامانمارش و هەژارترینیش ایلام کردستان و آذربایجان غربی بوو.

**٤. خراپی رێگەوبان**

بەشێک لە بەرهەمی کشتوکاڵی، لەبەر خراپی رێگەوبان، بە دارەوە دەمینێتەوە و لە شوێنی خۆی دەرزی و زەنگەزۆرە دەی خوات و کرمی لێ دەدات.

**٥. گرفتی هەڵگرتن**

بەشێک لە میوە و سەوزەی بەرهەمهیندراو، لە پێویستی بازار زۆرترە. کەوابێ دەبی زیادەکە، بۆ ئەوەی خەسار نەبی، تاکو رۆژی خۆی لە عەنباری یەک هەوا بکرێ. ئەو جۆرە شوێنانە لە کوردستاندا هێشتا نیە یان زۆر کەمە.

**٦. سیستەمی بەیار**

بەشێک لە زەوی کشتوکاڵی، بە مەبەستی بەهێزبوونەوە و نەبوونی توانای مادی و ئارەزوونەکردنی فەلاحەتی و خێر نەبوون، بۆ ساڵی ئاینده ناکێڵدرێ. رێژەی ئەو جۆرە زەویانە لەو شوێنانەی کە دەوڵەت کێشەی بۆ خاوەنەکانی دروستکردووە وەک ئەوەی بە کۆنتراکی کشتوکاڵی بە کەسانی دیکە دابی بەرزە.

**٧. بەکارهینانی پەینی کیمیاوی**

پەینکردنی زەوی چێندراو مایەیی زیادبوون و باشتربوون و تەمەن درێژبوونی بەرهەمە. ئەو راستییە لای جوتیارەکان زاندراوە. وەلێ لەبەر ئەوەی داهاتی سالانەی زۆربەیان ئەوەندە

نییە تاکو پەینی بە قەدەر پێویست بکڕی و بە زەوی وەربکات. هەندێ جوتیار پاشەڕۆی ئاژەڵ یان خۆڵی ئەو گوفەکانەی کە زبڵەکانیان رزیوە بۆ زەوییەکان دەبات و لە وێندر پەرتییان دەکات.

بەکارهینانی پەینی کیمیاوی لە کشتوکاڵدا، لەو ساڵانەی دواییدا زیادی کردووە. بە نموونە جوتیارەکانی ئەستانەکانی چهارمحال و بختیاری و لرستان و ایلام، ساڵانە چەند دە تەن پەینی کیمیاوی بە زەوییەکانیان وەردەکەن.

**٨. چەشنی تۆ**

جۆری ئەو تۆیانەی لە چاندنی زەوییە کشتوکاڵییەکاندا بەکار دەهێنرێ، لە زیاد و کەمکردنی بەروبوومی کشتوکاڵ و دەستکەوتی ساڵانەی جوتیارەکاندا، رۆڵێکی زۆر گرنگ وازی دەکات. هەرچەندە تۆیەکە خاوێن بێ و شۆرابێتەوە و لە نەخۆشییەوە بە دوور بێ و تازە بێ، ئەوەندە زیاتر بەرهەم دەدات.

جوتیار بەشێک لە بەرهەمی ساڵانەی، بۆ تۆکردن لە ساڵی ئایندەدا دەگێریتەوە. وەلێ زۆربەیان گوێ بە باش و خراپی تۆیەکە نادەن و لە شوێنێکی وای هەڵدەگری کە بۆی هەیە تووشی نەخۆشی بکات. هەندێ جار لە بازار تۆی دەکڕێ و بە زەوی وەردەکات.

فەرمانگاکانی کشتوکاڵ، لەو ساڵانەی دوییدا، تۆی خاوێن و شۆراو، بە جوتیارەکان دەفرۆشن و هەندێ جارێش بۆ تاقیکردنەوە و هاندانی جوتیارەکان، بە خۆڕایی پێیان دەبەخشن.

**٩. چاندنی یەک بەرهەم**

زۆربەی زۆری جوتیارەکان، ساڵی یەک جار زەوییەکانیان دەچێنن و بەرهەمەکانیان هەڵدەگرن. ئەوەش زیاتر بۆ هەندێ هۆی وەکو ڕاهاتن و فریانەکەوتن و کەمی زەوی و نەبوونی ئاوی

پێویست و مەرجەکانی چاندن و گەورەبوونی رووەکەکان دەگەڕێتەوە. ئەوەش دەبیتە هۆی ئەوەی، کە دەستکەوت و دەرامەتی سالأنەی جوتیارەکان، لە سنوورێکی دیاریکراودا چەق ببەستێ و زیاد نەکات. بۆ ئەوەی جوتیارەکان لە دەست ئەو گیروگرفتە رزگاریان بێ و واز لەو نەریتە بێنن، پێویستە رووپێو زەویی کشتوکاڵ زیاد بکرێ، چەند پڕۆژەیەکی ئاو دابمەزرێندرێ، جوتیارەکان فێری چاندنی بەرهەمی هەمەچەشنە بکرێن، گرنگی بە بارودۆخی ئابووریيان بدرێ.

**١٠. دروێنەنەکردنی زەوی چێندراو**

بەشێک لە زەوی چێندراو، بە تایبەتی ئەوانەی بە دەغڵودان چێندراون، لەبەر خراپییان دروێنە ناکرێن یان بە مەڕداران دەفرۆشرێن و ئەوانیش مێگەلی تێدەکەن. رێژەی ئەو جۆرە زەویانە لە ماردین، لە چاو ئەستانەکانی دیکە، بەرزە.

**١١. سوتاندن تەبارە**

هەندێ کەس بە مەبەستی تۆڵەساندن و زەرەر گەیاندن ئاگر لە تەبارەی نەیارەکەی بەردەدات. جاری واش هەیە تەبارە بە هۆی قونکە جغارەی خامۆش نەکراو، ئاگر دەگرێ و زەرەر و زیانێکی زۆر بە ناوچەکە دەگەینی.

## سەربابەتی دووەم
## سامانی ئاژەڵ

ئاژەڵداری بەر لە کشتوکاڵ پیشەی دانیشتوان بووە لە کوردستاندا. بە گوێرەی زانییاری ئەرکیۆلۆجی، ڕەنگە ماڵیکردنی ئاژەڵ لەو خاکەوە دەستی پێکردبی. خەسڵەتەکانی ئاژەڵداری لە کوردستاندا کە لە ئەنجامی هۆکاری سروشتی و مرۆیی پەیدابووینە، هەندێکییان ئەوانەی خوارەوەن.

١. ڕێژەی سامانی ئاژەڵ لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانی لە چاو نەفت و کشتوکاڵ کەمە. هەر چۆنێکی بێ لە بیست لە سەد تێپەر نابی.

٢. ڕێژەی ئاژەڵدار، لە پێنج لە سەدی گشت دانیشتوانی چالاک لە کەرتی کشتوکاڵدا زیاتر نییە.

٣. داهاتی ساڵانە خۆی لە هەشتا ملیۆن دۆلار دەدات.

٤. ئاژەڵداری لە کوردستاندا، لەبەر گونجانی ئاووهەوا و هەبوونی لەوەڕی سروشتی، بە تایبەتی لە نێەچە شاخاوییەکاندا، لە هی تورکیا و ئێران وعێراق و سوریا بە ڕەونەقترە.

### ژێربابەتی ١. جۆرەکانی ئاژەڵ

ئاژەڵی جۆراوجۆر لە کوردستاندا بەخێودەکرێ و بە گوێرەی کێش و قەبارە و سوود بەسەر سێ دەستەی گەوردەدا دابەشیان دەکەم و شیکردنەویان بۆ دەکەم.

**یەکەم. ئاژەڵی بارکێش**

ئەو جۆرە ئاژەڵانە، لە ئەسپ و ماین و بارگین و هێستر و گوێدرێژ پێکهاتووە. ژمارەیان بە گوێرەی خاملاندن، لە ملیۆنێک

زیاتره. واته سێ له سەدی گشت ئاژەڵ له کوردستاندا. له خوارەوە، مەبەستی بەخێوکردن و ژمارە و شوینی بە خێوکردن. باس دەکەم.

**هێستر(ئیستر)**

ئەوەیان بۆ کاروباری جووتکردن، ئاژەڵێکی زۆر پێویستە، هەروەها بۆ بارکێشان و سواریش بەکار دەهیندرێ. ژمارەی هێستر لە کوردستاندا، لە دەوروبەری سێ سەد و پەنجا هەزار دانە دەبی، واتە پەنجا لە سەدی گشت ئاژەڵی بارکێش.

هێستر بە زۆری لە لایەن دانیشتوانی نێوچە شاخاوییەکانەوە بەخێو دەکرێ و رادەگیرێ، لەبەر ئەوەی لەو نێوچانەدا، زیاترلە ئاژەڵە بارکێشەکانی دیکە، خۆی لەبەر سەختی و دژواری ئەو نێوچانە پێ رادەگیرێ. هێسترەکانی کوردستان دوو جۆرن:

١. هێستری ئاسایی ـ ئەوانە لە زاوزێکرنی ماین و نێرەکەر پەیدابووە.

٢. گاویلکە ـ ئەوانە لە زاوزێکردنی ماکەر و ئەسپ پەیدا زان. ئەمەیان بە کەلەش لە هی یەکەم بچووکترە.

نرخی هێستر، بە گوێرەی شوێن دەگۆڕێ، لە هەندێ نێوچەدا سەدان دۆلار دەبی.

**بارگین (بارگیر)**

کۆچەرییەکان زیاتر لە جوتیارەکان، بایەخ بە بەخێوکردنی بارگین دەدەن، چونکە زۆربەی بارەکانیان، لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و بە پێچەوانەشەوە، بە بارگین دەگوازنەوە. لە هەندێ نێوچەش بۆ ناعور گێڕان بەکار دەهێندرێ.

ژمارەی بارگین، بە گوێرەی خاملاندن، لە دوو سەد و پەنجا هەزار دانە زیاترە. بارگین ئەسپی خەساوە و لە زاوزێکردنی

ئەسپ و ماین پەیدا دەبی. نرخی بارگین، بە گوێرەی شوێن دەگۆڕێ، لە هەندێ نێوچەدا سەدان دۆلار دەبی.

**ماین**

هەندی کەس بۆ جوانی و سواربوون ماین بە خێودەکات. لەو سالانەی دواییدا، تەویلەی(کێلگە) ی زاوزێکردنی ماین لە شارەکان و دەوروبەریان پەیدابوو.

ژمارەی ماین، بە گوێرەی خاملاند، بیست هەزار دەبی. واتە سێ لە سەدی گشت ئاژەڵی بارکێش.

جۆرە بەناوبانگەکانی ماین،کە نرخییان لە هەندە شوێندا دەگاتە هەزار دۆلار، لە کوردستاندا ئەوانەن: ئاسایی و کەحێل و عارەبی.... هتد.

**ئەسپ**

ئەوەیان ، بە زۆری لە لایەن دەسەلاتدار و دەوڵەمەندەکانەوە، بۆ سواری و راوکردن و لافوگەزاف لێدان، رادەگیرێ و بەخێو دەکرێ.

ژمارەی ئەسپ، بە گوێرەی خاملاندن، چواردە هەزار دانە دەبی. واتە دوو لە سەدی گشت ئاژەڵی بارکێش.

**گوێدرێژ**

ئەوەیان بە زۆری بۆ بارکێشان و سواربوون بەخێو دەکرێ. سەرەڕای ئەوانەش، لە هەندێ نێوچەدا، جوتیارە دەسکورتەکان، بۆ جووتکردنیش بەکاری دەهێنن. کەر زۆر زیاتر لە ئاژەڵە بارکێشەکانی دیکە، بەرگەی ماندووبوون و برسێتی دەگرێ.

ژمارەی گوێدرێژ، بە گوێرەی خاملاندن، دوو سەد و حەفتا هەزار دانە دەبی. واتە چل لە سەدی گشت ئاژەڵی بارکێش.

بەرچاوترین جۆرەکانی گوێدرێژ ئەوانەن: سابلاغی و مەندەلی و ایلامی، ئاسایی.

## دووەم. ئاژەڵی ورد

ژمارەی ئاژەڵی ورد، بە گوێرەی خاملاندن، شیست ملیۆن دانە دەبی. ژمارەکە بە مەزەندە زۆرە. ئەوەش دەکاتە حەفتا لە سەدی گشت ئاژەڵ لە کوردستاندا. هۆکارەکانی زۆری دەگەرێتەوە بۆ ئاووهەوا گونجان و بوونی لەوەڕگای سروشتی و بەرزی نرخ و بازاڕ گەرم و هیدیکە.

## جۆرەکانی ئاژەڵی ورد

ئاژەڵی ورد لە مەڕ و بزن و ئەوانەی لە وانە دەبن پێکهاتووە. لە خوارەوە باسیان دەکەم.

### ١. مەڕ(میش)

سوودەکانی ئەو ئاژەڵە شیردەرە ئەوانەی خوارەوەن:

١. شیرەکەی دەکوڵێندرێ و دەکرێتە ماست و پەنیر و لۆڕ . ماستەکە لە مەشکەی پیستە یان فافۆن دەکرێ و دەهەژێندری و کەرەکەی دەگیری و دواتر دەقرچیندرێ و دەکرێ بە روون. دوویەکەی بۆ کەشک و ژاژی دەکوڵیندرێتەوە.

٢. خورییەکەی بە تەشی یان مەکینە دەرسرێ و دەکرێتە بەن. لە بەنەکەی قوماشی بۆ جلوبەرگ دەچیندرێ و هەندێ پێویستی نێو ماڵ وەکو: فەرش و جاجم و دووگرد، دەچندرێ.

٣. پێستەکەی، دوای خۆشکردن، لە پیشەسازیدا بەکار دەهێندرێ.

٤. بەزیندوویی، بۆ پارەی کاش، دەفرۆشرێ.

ژمارەی مەڕ، بە گوێرەی خاملاندن، لە چل ملیۆن زیاترە. واتە حەڤدە لە سەدی گشت ئاژەڵ لە کوردستاندا.

مەڕ ـ ئەگەر تێربکرێ و زۆر ماندوو نەکرێ و شوێنی داکردن خراپ نەبی ساڵی دوو جار بەرخ دینی. مەڕ ـ دوای بەران خواردن بە پێنج مانگ دەزێ. بەرخ بۆ ئەوەی تاقەت بگری بۆ دە رۆژ لە دایکی دانابڕندرێ.

مەڕ ڕۆژانە لە ٣٠٠ تاکو ١١٠٠ گرام شیر دەدات، واتە ساڵانە لە ڕۆژی زاووزێ کردنیانەوە، تاکو شیر چرکردن، کە پێنج شەش مانگ درێژە دەکێشی پەنجا لیتر شیر دەدات.

**مەڕ بە گوێرەی تەمەن**

مەڕدارەکان مەڕەکانیان لە رووی تەمەنەوە بەم شێوەیە پۆلێن دەکەن: بەرخ (نێر و مێ) ـ شەش مانگ کەمتر. کاوڕ(نێر و مێ) ـ یەک ساڵ و زیاتر. کاوڕی نێر دەبیتە: شەک ـ تاکو دوو ساڵ. خرت ـ سێ ساڵ. بەران ـ چوار ساڵ. قەیرە ـ چوار ساڵ و زیاتر. کاوڕی مێ دەبێتە: بەردیل ـ تاکو دوو ساڵ. سەرەمەڕ ـ دوو تاکو چوار ساڵ. قەیرە ـ چوار ساڵ و زیاتر.

مەڕ ـ لە سەرەتای بەهارەوە تاکو نیوەی هاوین، لە لەوەڕگاکاندا دەلەوەڕێن، پاشان تاکو سەرەتای پایز، واتە دوای دروێنەکردنی دەغڵودان، خواردنی ڕۆژانەی خۆیان لە پەرێزەکاندا دابین دەکەن. لە دواییدا، جارێکی دیکە بەرەو لەوەڕگا سروشتییەکان و دەشتەکان دەبرێنەوە. لە زستاندا، هەندێ جار کاو و جۆیان دەدرێتێ، یاخود خواردنیان لەسەر ئەو گژوگیایانەی لە بەهاردا کۆکراونەتەوە و وشک کراونەتەوە دەبی.

**نەژادی مەڕ لە کوردستاندا**

چەندین نژاد مەڕ لە کوردستاندا هەیە.

**١. کوردی**

نەژادی کوردی (پەل سوور)، لەشیان مامناوەندییە، ڕەنگیان سوری تۆخە، گەردنیان خورمایی کراوەیە، کەلەیان درێژە، لمۆزیان گەورە و باریکە، گوێچکەکانیان قیت و بەلادا هاتوون. مەڕ بەرانەکانیان بێ قۆچن، گەردنیان بڵندە، قیت بەڕێوە دەڕۆن، سەلکیان مامناوەندییە، ئەندامانی لەشیان ڕێکوپێکە، پشتیان ڕێکە.

نـەژادی کـوردی، هـەموو چەورییـەکانیان لـە دونگەکانیانـدا کـۆ دەکەنەوە و دونگەکانیان لە سێ چینی جیاواز پێک هاتووە، چینـی سێیەمیان بـە کلک کۆتـایی دێ. بـە شـێوەیەکی گشتی، ئـەو جـۆرە مەڕە، شیری لە پێویستی ڕۆژانـەی بەرخـەکانی زیـاترە. هـەر سـەر مەڕێ، لە ماوەی شیردانیدا، نزیکەی دوو کیلـۆگرام ڕۆن دەدات، کـە لـە سـەرەتای بـەهارەوە دەست پـێ دەکـات و لـە سـەرەتای پـایزدا تـەواو دەبی. ڕێـژەی چـەوری لـە شـیری نـەژادی کوردیـدا، لـە نێـوان ٠/٠٣٠ ـ ٠/٠٥٠ دەبی. هەر سەرە مەڕێ تـاکو دوو کیلـۆگرام خـوری دەدات، کـە بـۆ دروسـتکردنی فـەرشـی جۆربـەجۆر بـەکار دەهێنـرێ، وەلـێ خـوری ئـەو جـۆرە مـەڕە، بـۆ دروسـتکردنی جلوبـەرگ، بـاش نییە.

**٢. عەواسی**

دوگەکەی لـە دوو چـین پێک دێ. خورییەکـەی لـە خـوری نـەژادی کوردی نـەرمترە. شیرەکەی لـەچاو شـیری نـەژادی کوردیـدا کـەمترە، وەلێ چـەورترە. ئێسکەکانی نـەرمە. هەنـدێکیان سـاڵی دوو زاووزێ دەکـەن. زۆربـەی چەورییـەکانی لـەشـی، لـە ماسـولکەکانیدا کـۆ بۆتـەوە. لـەبـەر هەنـدێ هـۆ، گۆشتـەکەی لـە گۆشـتی نـەژادی کـوردی خۆشترە.

**٣. حەمدانی**

ئـەو جـۆرە لـە کوردسـتاندا زۆر کـەمـە. جیـاوازی لـەگـەڵ هـەردوو جۆرەکەی پێشووشدا، لە بـەرهـەمی شیر و ڕێژەی چـەوری و چەشـنی خوری و گۆشتـەکەی دایە.

**٤. ڕەنگ سوور و شین**

ئـەوەیان بـەدەگمـەن لـە نێـو مێگـەلـەکانی کوردسـتاندا دەبینـرێ. ئـەو مەڕدارانـەی هەشیانە، هـەوڵی بڵاوکردنـەوەیان نـادەن، بـەڵکو تـەنیا بۆ خۆیان بـەخێویان دەکەن.

٥. لوڕی

ئەوەیان، زۆربەی خەسڵەتەکانی لە نەژادی کوردی دەچی. هەندێ کەس، بە هەمان جۆری لە قەڵەم دەدەن. زیاتر لە نێوچەی لرستاندا بەخێودەکرێ.

٦. چهارمحال و بختیاری

ئەوەیان بە زۆری لە نێوچەکانی چهارمحال و بختیاریدا بەخێو دەکرێ. جیاوازی لەگەڵ نەژادەکانی پێشوودا، بە پلەی یەکەم لە شێوەی لەشی دایە و توانای رۆیشتنیشی بۆ ماوەیەکی درێژ و بەبێ ماندووبوون.

٢. بزن

بزن لە سەرانسەری کوردستاندا بەخێو دەکرێ. وەلێ لەبەر ئەوەی توانایەکی زۆری لە رۆیشتن و هەڵگەڕان بە چیاکاندا هەیە، دەتوانێ لەسەر گژوگیای کورت بلەوەڕێ، زیاتر لە نێوچە شاخاوییەکاندا رادەگیرێ و بەخێو دەکرێ.

بزن ئەگەر تێر سکی خۆی خواردنیش نەخوا، شیری خۆی هەر دەدات، ئەوەش وای لە زۆربەی دانیشتوانی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان کردووە، تەنانەت شارەکانیش، کە بزن بەخێو بکەن.

ژمارەی بزن، بە گوێرەی خاملاندن، هەژدە ملیۆن سەر دەبی. واتە سی لە سەدی گشتی ئاژەڵی ورد لە کوردستاندا. بزن دوای تەگە خواردن بە چەند مانگ دەزێ. بزن لە ماوەی پێنج بۆ حەفت مانگدا، نزیکەی پەنجا و پێنج لیتر شیر دەدات، ساڵانە یەک کیلۆگرام موو بەرهەمی هەیە.

نەژادی بزن لە کوردستاندا

چەندین نژاد بزن لە کوردستاندا هەیە.

**١. بزنی ئاسایی**

ئەوەیان، لە نێوچە دەشتاییەکاندا بەخێو دەکرێ و لاشەکەی بە مووی خورمایی سوور و سپی داپۆشراوە. بەرهەمی ساڵانەی لە ٥٠٠ ـ ١٠٠٠ گرام موو دەبی. گۆشتەکەی زۆر چەورە. هەرسکردنی گرانە، لەبەر ئەوە نرخی یەک کیلۆگرام لە گۆشتەکەی، لەچاو نرخی یەک کیلۆگرام گۆشتی مەڕدا، هەرزانترە.

**٢. بزنی مەرغەزی**

ئەوەیان، رەنگی سپی مەیلەو خەنەیی تێکەڵاوە. هەر یەک سەر بزن، ساڵانە یەک تاکو یەک و نیو کیلۆگرام موو دەدات. مووەکەی تا رادەیەک نەرمە. هەندێ جار بۆ دروسکردنی رایەخ، لەگەڵ خوری تێکەڵ دەکرێ.

**٣. بزنی مەرەز**

جوانترین بزنە لە کوردستاندا. ساڵانە یەک تاکو دوو کیلۆگرام موو دەدات. مووەکەی زۆر شل و نەرمە، هەرچەندە کەم تەمەن بی، مووەکەی ئەوەندە نەرمتر دەبی. کێشی بزنی نێر لە تەمەنی ١٨ مانگاندا ٥٥ ـ ٧٠ کیلۆگرام دەبی، کێشی بزنی مێ لە هەمان تەمەندا، ٣٠ ـ ٤٠ کیلۆگرام دەبی. درێژی تاڵە مووەکانی بزنی شەش مانگانە، لە نێوان ١٠ ـ ١٨ سم دەبی، بزنی ١٢ مانگان لە نێوان ١٥ ـ ٢٠ سم دایە.

**٤. بزنی دووڕە**

ئەوەیان، لە بەرهەمی زاووزێی بزنی نژادی ئاسایی و مەرەز پەیدا بووە. لەشی گەورەیە. شیر زۆر دەدات. ماسولکەکانی نەرمە. لەبەر ئەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ بزنی ئاساییدا، زیاتر بۆ خواردن بەکار دەهێندرێت.

سێیەم. ئاژەڵی درشت

بریتییە لە چێڵ و گامێش و ئەوانەی لە زاوێکردنی نێرومێیەکانیان پەیدا دەبی. ئەو جۆرە ئاژەڵانە، لە لایەکەوە بۆ شیر و گۆشت بەخێو دەکرێن، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ جووت و بارگواستنەوە رادەگیرێن.

ژمارەی ئاژەڵی درشت، بە گوێرەی خاملاندن، لە بیست و پێنج ملیۆن زیاترە. واتە بیست و پێنج لە سەدی گشت ئاژەڵ لە کوردستاندا.

١. چێڵ (مانگا)

جوتیارەکان بایەخێکی تایبەتی بە بەخێوکردنی چێڵ دەدەن، چونکە لە لایەکەوە، بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی شیر و ماست و گۆشت، بۆ خۆی و بۆ فرۆشتن دادەنرێ، لە لایەکی دیکەشەوە، لە کاتی گەرمێن و کوێستاندا، بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی بەکاریان دەهێنێ. جگە لەوەی لەچاو مەڕ و بزندا، ماندوو بوونی کەمترە و خەرجیشی کەمترە.

ژمارەی چێڵ، بە گوێرەی خاملاندن، نزیکەی پازدە هەزار دانە دەبی. واتە پەنجا لە سەدی گشت ئاژەڵە درشتەکان لە کوردستاندا.

چێڵ شیری کەم دەدات و هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ: خراپی و ناتەواوی ئالیک و شوێنی داکردن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ماندووبوونی زۆر و هیدیکە. لە هەر ژەمە دۆشینێکیدا، یەک دوو کیلۆگرام شیر دەدات. ژمارەی رۆژە شیردەرەکانی چێڵ، لە نێوان ٨٠ ـ ٢٢٠ رۆژ دایە، لەو ماوەیەدا، دەوروبەری ٥٠٠ ـ ٨٠٠ لیتر شیر دەدات. رۆژی دوو جار (بەیانیان و چێشتەنگاوان) دەدۆشرێ.

## نەژادی چێڵ لە کوردستاندا

چەندین نژاد چێڵ لە کوردستاندا هەیە.

۱. کوردی

ئەوەیان بە زۆری رەنگی رەشە و قەبارەی لەشیان وەکو یەک نین، زۆربەیان مامناوەندین. قورساییان لە نێوان ۳۵۰ ـ ٤٠٠ کیلۆگرام دەبی. هەموویان وەکو یەک شیر نادەن.

۲. شەرابی

رەنگی سوورێکی تاریکە یاخود رەشێکی پەڵەدارە. پشتیان رێکە. لەشیان مامناوەندییە. قورساییان لە نێوان ٤٥٠ ـ ٥٠٠ کیلۆگرام دەبی. ئەو جۆرە زیاتر لە نێوچەکانی شنگاڵ و تەلەعفەر بەخێو دەکرێن.

۳. نەژادی دیکە

دەزگاکانی کشتوکاڵ، لەو ساڵانەی دواییدا، بە مەبەستی چاککردنی نەژادە خۆماڵییەکان، بە تایبەتی بۆ زیادکردنی شیر، چەند دانەیەک لە جۆرەکانی فریزیان و جێرسی و جۆنس و رۆستاکی ... هتد بۆ کوردستان هێناوە.

۲. گا

جوتییارەکانی ناوچە شاخاوییەکان و بە تایبەتی ئەوانەی خاوەن زەوی رەقەڵان و بەردەڵان و هەورازن، گای زیاتر لە ئاژەڵی دیکە بۆ کێڵانی موڵکەکانییان بە کار دەینن.

نرخی جۆتێک گا، هەڵبەتە ئەوانەی بۆ جۆت دەست دەدەن، لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا، خۆی لە چەند هەزار دۆلار دەدات.

ژمارەی گا، بە گوێرەی خاملاندن، دە هەزار دەبی. واتە چل لە سەدی گشت ئاژەڵەکانی درشت لە کوردستاندا.

### ٣. گامێش

ئەوەیان، لە هەندێ گوند و دەوروبەری شارەکاندا، بە مەبەستی شیر، بەخێو دەکرێ. گامیش لە نێوچەی ئاویدا، لەبەر ئەوەی ئارەزووی چون و پاڵکەوتنی لە ناو ئاو هەیە، باشتر شیر دەدات. ژمارەی گامیش، بە گوێرەی خاملاندن، چەند هەزار دەبی و زۆری گامێشەکانی کوردستان خۆماڵین و لە ئەنجامی لەیەکدان و زاووزێکردنی، هەردوو نەژادی قەفقاسی و هیندی کەوتوونەتەوە.

### ٤. حوشتر

ئەوەیان، زیاتر بۆ بارگواستنەوە و شیر و گۆشت بەکار دەهێنرێ. ژمارەیان بە چەند هەزار دەخەملێندرێ. حوشتر لە ئەستانەکانی شانلی ئورفا و گازی ئانتەب و ماردین و هیدیکە بە خێودەکرێ.

## ژێربابەتی ٢. پەلەوەڕ

بەخێوکردنی مریشک و کەڵەشێر و مراوی و سۆنە و قاز و قەل و چین و ماچین و کۆتر و هەندێ پەلەوەڕی دیکەش، لە گوند و شارەکان، بە کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی دادەنرێ. کەم ماڵ هەیە، چەند دانەیە پەلەوەڕی بۆ هێلکە و گۆشت و فرۆشتن، ڕانەگرتبێ.

باری ژیان و پێشکەوتنی پەلەوەڕ لە کوردستاندا خراپە، چونکە خاوەنەکانیان زۆر گرنگی بە ژیانیان نادەن و خواردنیان بۆ دابێن ناکەن، بەڵکو زیاتر بەرەڵا دەکرێن و پەلەوەڕەکان خۆیان، لە کۆڵانخواردنی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، لەبەر ئەوە دەبینین، ئاستی بەرهەمهێنان نزمە.

ژمارەی پەلـەوەر. بـە گـوێرەی خـاملانـدن، ١٢ ملـیـۆن دەبـی. ئـەو ژمارەیە، کەمی لە ژمارەی پەلەوەڕەکانی تورکیا و ئێران کەمترە و هەندێکیش لە ژمارەی پەلەوەڕەکانی عێراق و سوریا زیاترە.

ئەستانی دیاربەکر، سەردەمانێک، گەورەترین نێوچەی بەخێوکردنی پەلەوەڕ بوو لە کوردستاندا، پاشان ئەستانەکانی کاهرامانمارش و مەلاتیە و شانلی ئورفا و هیدیکە دین.

١. مریشک

مریشک و کەڵەشێر، زیاد لە نۆهەت و پینج لە سەدی گشت پەلەوەڕەکان پێک دەهێنن. سەرەمر ساڵانە، نزیکەی ٢٥٠ هێلکە دەکا و دوو کیلۆ گۆشت دەدا، باڕۆکەش ساڵانە ١٨٠ هێلکە دەکا و نزیکەی یەک کیلۆ گۆشت دەدات.

نەژادی مریشکی کوردستان، بە زۆری خۆماڵین. ڕەنگەکانیان تێکەڵاو وجۆراوجۆرە، لە نێو ئەو ڕەنگانەشدا، ڕەنگی زەرد و سوور لە هەموو ڕەنگەکانی دیکە زۆرترە.

لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی زیادبوونی خواردنی هێلکە و گۆشتی مریشک و بەرزبونەوەی نرخی گۆشتی ئاژەڵ، چەند مریشکداری، لە زۆربەی شارەکاندا دامەزراوە، کە بەرهەمی ساڵانەیان، خۆی لە چەند هەزار باڕۆکەیەک و چەندین ملیۆن هێلکە دەدات. ژمارە و بەرهەمی پەلەوەڕەکانی دیکە، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە لێرەدا پەنجەیان بۆ ڕاناکێشین.

## ژێردێڕی٣. پەروەردەکردنی هەنگ

مەرجەکانی بەخێوکردنی هەنگ وەکو ئاووهەوا وجەنگەڵو لەوەڕگەی تەڕ و گوڵ و گیای جۆراوجۆر هەن. بەناوبانگترین نێوچەی پەروەردەکردنی هەنگ ئەوانەن: شەمدینلی و کاغیزمان و

سەردشت و گوندەکانی دەوروبەری شاری ئەرزوروم و ئەستانی ایلام... هتد.

ژمارەی شانەی هەنگ. بە گوێرەی خاملاندن، سێ سەد هەزار دەبی. هەندێکیان لە سەندوقی مێشان و هەندێکی دیکە لە غەلێف بە خێو دەکرێن.

## ژێردێڕی ٤. گرفتەکانی ئاژەڵ

بریتییە لە کۆمەڵی گرفتی سروشتی و مرۆیی.

### یەکەم. گرفتی سروستی

هەندیک لە گرفتەکانی سروشتی ئەوانەی خوارەوەن.

**١. نەخۆشی**

هەندێ لە نەخۆشییەکانی ئاژەڵ ئەوانەن: دانو (بە زۆری دەبیتە هۆی بەر هاویشتن)، سکچوون و لەرز و پژمە و کۆکە و گوان یەشە (ئاوەش) و تەپەک (سمەخۆرە) و زادیش (زمان یەشە) و وەرەم و تووشی هەندێ نەخۆشی پیسی جۆراوجۆری دیکەش دەبن. ئەو نەخۆشییانە، بە زۆری لە لایەن خاوەنەکانیانەوە، بە گژوگیای سرۆشتی چارەسەر دەکرێن، کە لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی رۆژگاردا، فێری بوون.

**٢. کەمبوونی لەوەڕگا**

لەوەڕگاکان بە شێوەیەکی بەردوام، لە لایەکەوە تووشی پاوانکردن و کێڵان دەبن، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەر بارودۆخی نالەباری کوردستان، چوونەناویان و بەکارهێنانیان وەکو لەوەڕگا، لە زۆربەی نێوچەکاندا، قەدەغە کراوە. ئەو هۆیانەش کارێکی کردووە، کە ئاژەڵەکان بە درێژایی وەرزی لەوەڕاندنیان، لەسەر یەک پارچە زەوی بلەوەڕێن، لەبەر کەمی خواردنیش لەو

شوێنانەدا، ئاژەڵەکان گیاکە بە شێوەیە دەخۆن، کە جارێکی دیکە بە زەحمەت سەوز دەبیتەوە.

**٣. کەم ئاوی**

ئاژەڵ لە نێوچەکانی گەرمیان ڕۆژی دوو جار ئاو دەدرێن. لە ماوەی ئەو دوو جارەشدا، لەبەر تینوێتی، زۆر ئاو دەخۆنەوە، کە پاشان تووشی نەخۆشی سک ئاوسان دەکات.

**دووەم. گرفتی مرۆیی**

هەندیک لە گرفتەکانی مرۆیی ئەوانەی خوارەوەن.

**١. کەمی بەیتارخانە**

ژمارەی بەیتارخانەکان لەچاو پێویستدا زۆر کەمە و شوێنی هەمووشیان لە شارەکاندایە. کەوابێ ئاژەڵی گوندەکان، بە درێژایی ژیانیان لەو خزمەتە بێ بەش کراون.

**٢. دەسبڵاوی لە سەربڕیندا**

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرژمێرە کشتوکاڵیەکاندا دەردەکەی، ژمارەی ئاژەڵە سەربڕاوەکان، زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە ساڵانە زیاد دەکەن. لە هەندێ شوێندا، ژمارەی ئاژەڵە سەربڕاوەکان، دوو ئەوەندەی زیادبوونی ساڵانەیە، دیارە لە ئەنجامی ئەو بەرنامە نازانستانەیەدا، ڕۆژ بە ڕۆژ، ژمارەی ئاژەڵەکان لە کوردستاندا، بەرەو کەمی دەڕوات.

**٣. خراپی شوێنی شەوانەوە**

ئاژەڵ بە شەو، بۆ ئەوەی سەرمایان نەبێ و بزر نەبن، لە تەویلە و هۆڕ دەکرێن. وەلێ ئەو جێیانە زۆر تاریک و نزمن، هیچ جۆرە مەرجێکی تەندروستییان تێدا نییە، زۆر پیسن، هەوای پاکی بۆ ناچێ. بۆیە ئاژەڵەکان لە ئەنجامدا، تووشی چەندین جۆر نەخۆشی دەبن، کە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری بەیتاری، چارەسەرکردنیان زۆر زەحمەت دەبی.

# سەربابەتی سێیەم
# سامانی کانزا

دەزگا جیۆلۆجییە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپایی و وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تاکو ئێستا، بەردەوام خەریکی هەڵکۆڵین و پشکنین و دیاریکردنی سنوور و شوێن و قوڵایی و جۆر و قەوارەی کانزاکانن. لەو کاتەوە گەلێ کاری گرنگ و مەزنیان بە ئەنجام گەیاندووە و تاکو ئەوڕۆش لەسەر کارەکانیان بەردەدام لە هەوڵدان دان. دوای هەوڵوتەقەلایەکی زۆر بۆیان دەرکەوتووە، کە خاکی کوردستان بە کانزا جۆراوجۆرەکان، زۆر دەوڵەمەندە. لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکان کە تاکو ئێستا لە کوردستان و وڵاتەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا کراوە، شوێنی بیست کانزایان دیاری کردووە، هەرچەندە گومانی تێدا نییە، کە لەو ژمارەیە گەلێ زیاتر هەیە.

سامانی کانزاکان جگە لە نەفت، لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، رۆڵێکی ئەوتۆیان نییە. ئەوە لە چەند شتدا دەردەکەوێ وەکو: کەمی رێژەی کرێکار لەو سێکتەرە ئابووریەدا. رێژەکە بە گوێرەی مەزەندە لە دوو لەسەدی گشت دانیشتوان لە بواری ئابووریدا زیاتر نابی. کەمی بەرهەمی کازنزاکان، چەند تەنێکی خۆڵاوی، لە ساڵێکدا.

## ژێربابەتی ١. سەرچاوەکانی وزە

یەکێکە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی وزە و کەرەستەیێکی خاوی سەرەکییە، کە لە چەندین کاری پیشەسازی گەورە و بچووکەدا بەکاردەهێنرێ. سەرچاوەکانی وزە لە رووی ساڵی دەرهێنان و

بــەکارهێنان و ژمــارەی کرێکــاران و فرۆشــتن و زۆری بەرهــەم و دابەشبوونی جوگرافی و پاشەکەوتکردن و بەکارهێنانی لە ژیانی رۆژانە و دابێنکردنی پارەی بەوج بۆ خەزێنەی دەوڵت، لە بەراییە کانزایەکانی دیکەیە. سەرچاوەکانی وزە ئەوانەی خوارەوەن:

**نەفت**

خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوە، لەگەڵ نەفتدا ئاشنایەتییان هەیە. لە باباگوڕگوڕ و کفری و مەندەلی و شوێنەکانی دیکەدا، نـەفت بـە شـێوەیەکی سروشـتی، لـە ژێـر زەوییـەوە هـەڵقوڵاوە و جۆگەی بەستووە و لە شوێنێکدا لەسەر زەوی وەک گۆمە نەفت کۆ بۆتەوە. خەڵکیش بە ئامرازی ئاوکێشان، وەکو کوندە و مەشکە و گـۆزە و تەنەکـە، بـە پشـتی وڵاخـەکانیان گواسـتویانەتەوە و بـۆ پێویستییەکانی ژیان بەکاریان هێناوە، وەکو ئەوەی لە شەوانی تاریکدا، ماڵەکانیان پێ رووناک کردۆتەوە، نەخۆشی پێستیان پێ تیماکردووە، هەندێ ئامرازی کشتوکاڵ و نێو ماڵیشیان پێ سواغ داوە، هەندێ جاریش بۆ بازاڕەکانیان بردووە و هەندێکیان لێ فرۆشتووە.

هــەڵقوڵانی نــەفت لــە کوردســتاندا بــە شــێوەیەکی سروشــتی، ســەرنجی زۆر لــە گەشــتیارانی ئــەوروپایی، پــێش ســەدەی بیســت باڵکێش کردووە. ئەوانیش لە راپۆرتەکانیان و لە نامەی تایبەتی رۆژانە و لە یاداشتەکانییاندا، لێپرسراوی دەوڵەتەکانی خۆیان، لەو سامانە گرنگە ئاگادار کردۆتەوە. لە هەمان کاتدا، پێشنیازی نــاردنی کۆمــەڵێ لــە پســپۆڕ و زانایــان کــردووە. لەگــەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتەکانیش رێککەوتوون کە کاتی هاتن، ئەوان پێشی کۆمپنیاکانی نەفتی وڵاتی دیکە، رێگەیان پێ بدرێ بە دوای نــەفت بگــەڕێن و بەرهــەم بێــنن و بــۆ دەرەوەی بنێــرن و لــەبازار بیفرۆشن و بەشێک لە قازانج بۆ خۆیان هەڵگرن.

دابەشبوونی جوگرافی مەیدانەکانی نەفت

مەیدانەکانی نەفت لە کوردستاندا، لە روانگەی ستراتیجییەوە، گەلێ نالەبار هەڵکەوتوون. زۆربەیان یا ئەوەتا لە سنووری نێودەوڵەتی نزیکن، یانیش سنوورەکە بە نێوانیاندا تێدەپەڕێ.

مەیدانەکانی نەفت لە ڕووی هەڵکەوتی جوگرافییانەوە، بەسەر سێ هەرێم دابەش دەکەم.

یەکەم: هەرێمی نەفتی باکوور

بچووکترین هەرێمی نەفتە لە کوردستاندا. ئەو هەرێمە لە ئەستانەکانی سییرت و باتمان ودیاربەکر و نەینەوا و قەزای المالکیەدا هەڵکەوتووە. بەرهەمی ساڵانەی نەفت لەو هەرێمەدا نزیکەی سێ لەسەدی گشت بەرهەمی نەفتە لە کوردستاندا. لە ساڵی ١٩٤٠ی زایینیدا، نەفت لە شوێنێ بە ناوی رامان شەلمۆ، نزیکی شارۆچکەی باتمان دۆزراوەتەوە. هەرێمی نەفتی باکوور، لەو مەیدان نەفتییانە پێک هاتووە:

سییرت ـ دیاربەکر

ئەو مەیدانە لە کۆمەڵە بیرێک پێک هاتووە، لە نێوان رامان شەلمۆ و بەشیری و گەرزان و گرمیکی هەڵکەوتووە. نەفتەکەی کەوتۆتە سەر ئەو چینە بەردە گێچانەی کە سەر بە قۆناغی سێیەمی جیۆلۆجین و لە قوڵایی ١٠٥٠ ـ ٢١٠٠ مەتر دایە. کۆمەڵە بیرێکی دیکەی ئەو مەیدان نەفتییە، لە دەوروبەری شارۆچکەی کورتەلان و کاهاتە هەڵکەوتووە. یەدەکی نەفتی زانراو، ٥٠٠ ملیۆن تەن لە نەفتی خاو و نزیکەی یەک ملیارد مەتری سێگۆشە لە گازی سروشتی دەبی.

قەرەشوک (قەرەچوغ)

دەکەوێتە قەزای المالکیە. درێژاییەکەی لە ٢٣ تاکو ٣٨ کێلۆمەتر دەبی. نەفت لە قوڵایی ١٧٠٠ ـ ٢٠٠٠ مەتردا دەردەهێندرێ.

**سویدیە**

مەیدانـــەكی دەوڵەمەنـــدە. درێژاییەكـــەی ١٨ كیلۆمـــەتر و پانایییەكــەی ١٤ كیلۆمــەتر دەبــی. دەكەوێتــە باشــووری مەیــدانی نــەفتی قەرەشــكەوەوە. لــە ســاڵی ١٩٦٨زاییینیــەوە، نــەفت لــەو مەیدانــەدا دەردەهێنــدرێ. ژمــارەی بیــرە جۆراوجۆرەكــانی، تــاكو ساڵی ١٩٧٩زاینی، گەیشتە ٢٩٦ بیر. ساڵی نزیكەی نۆ ملیۆن تەن نــەفتی لــێ هەڵــدەهێنجرێ. تێكــڕای بەرهــەمی رۆژانــە، بــە ٤١٤ بەرمیل نەفت لە رۆژكێكدا دەخەملێندرێ. نەفتی یەدەک بە ٤١٠ ملیۆن تەن مەزندە دەكرێ.

**رومیلان**

ئـەو مەیدانـە لـە درێژبوونـەوەی مەیـدانی نـەفتی سویدی پێک هـاتووە و دەكەوێتـە رۆژئاوایـەوە. درێژاییەكـەی ١١.٥ كیلۆمـەتر و پانایییەكـــەی ٣.٥ كیلۆمـــەترە. ژمـــارەی بیـــرە هەڵكەنـــدراوە بەرهەمدارەكان، لـە سـاڵی ١٩٧٨ی زاییـنیـدا، گەیشـتبووە ٣٥ بیـر. تێكـڕای بەرهــەمی رۆژانــەی یــەک بیــر، بــە ٢٢٨٣ بــەرمیل نــەفت دەخەملێندرێ، نەفتی یەدەكیش خۆی لە بیست ملیۆن تەن دەدات.

**عەین زالە**

لە ساڵی ١٩٣٩ی زاییـنیدا، نـەفت لـە عـەین زالـە دۆزراوەتـەوە. نەفتەكەی خڵتی زۆرە، لەبەر ئەوە پێویستی بە كاری زیاد هەیە، تاكو تاوتوێ بكرێ. عەین زالە دەكەوێتـە بـاكووری رۆژئـاوای شـاری موسڵەوە و ٦٥ كیلۆمەتر لێوەی دوورە.

**بێتمە**

لە مەیدانی عـەین زالـەوە نزیكـە، لـە سـاڵی ١٩٥٢دا نـەفتی لـێ دۆزراوەتەوە، نەفتەكەی خڵتی هەیە.

نەفت لە هەرێمی نەفتی باكووردا، لە لایەن كۆمپانیاكانی شێڵ ـSell ، موبیل پانۆیـڵ ـ Mobil Panoil ، ئـەرسـان ـ Ersan ، كۆمپانیـای

تورکی ـ TPAO، کۆمپانیای عێراق بۆ کاروباری نەفت، دەزگای گشتی بۆ پیترۆڵی سوری .... هتد دەردەهێندرێ. لە رێی هەمان ئەو کۆمپانیانەوە، بۆ دەرەوە دەنێردرێ و بەبۆری و تەنکی نەفتی گەورە و بە شەمەندەفەر، بۆ پاڵێوگاکانی نیشتمانی و بیانی دەنێردرێ. بەرهەمی ساڵانەشی بە دەیان هەزار تەن نەفت دەبی.

**دووەم: هەرێمی نەفتی نێوەڕاست**

هەرێمی ناوبراو، نەک هەر بە یەکێ لە گەورەترین هەرێمی نەفتییەکانی کوردستان دادەنرێ، بەڵکو یەکێکە لە نێوچە گەورە و گرنگەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و هەموو جیهان.

دۆزینەوەی نەفت لەم هەرێمەدا، بۆ نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ی زایینیدا، بۆ یەکەمین جار، لە یەکێ لە بیرە نەفتەکانی باباگوڕگوڕ، نەفتیان دۆزیەوە. نزیکەی چل و پێنج لە سەدی گشت نەفتی کوردستان لەو هەرێمە دێتە. نەفتی یەدەک، لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا، بە هەزاران ملیۆن تەن خەملێندراوە. ژمارەی بیرە نەفتەکانی ئەو هەرێمە، لە ٣٥٠ بیر زیاترە، کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی نەبی، ئەوڕۆکە لە کاردان و نەفتی لێ هەڵدەهێنجدرێ، ئەوانی دیکە بە تەواوی سەریان گیراوە. گرنگترین مەیدانە نەفتییەکانی ئەو هەرێمە، ئەوانەی خوارەوەن:

**باباگوڕگوڕ**

یەکەمین بیر بە مەبەستی دۆزینەوەی نەفت لەم مەیدانەدا، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٧ی زایینیدا لێ دراوە، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی عێراقەوە، لە ١٤ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، بیری دووەمیش لێ درا. لە سەرەتادا، نەفت بە شێوەیەکی سروشتی لە بیری باباگوڕگوڕەوە فیچقەی کردووە و چەند گۆمی لە

نــەفت دروســتكرد. دوای دە رۆژ لــەكار ئینجــا توانیــان كــۆنترۆڵی بیرەكە بكەن. چەندین ساڵ دواتر گۆمەكا وشك بوون.

ژمارەی بیرەكانی دەگاتە ١٥٠ بیرە نەفت، (١٩٧٣ ـ ١٤١ بیر، لەوانە بیری بەرهەمدار ـ ٤٧ بیر و بیری چاوەڕوانكراو ـ ٨٤ بیر و بیری ئاو تێكردن ـ ١١ بیر). درێژاییەكەی بە دەیان كیلۆمەتر دەبی، پانایيەكەشی لە هەندێ جێدا، لە سێ كیلۆمەتر زیاترە.

**بای حەسەن**

ئــەو مەیدانــە، ٣٢ كیلۆمــەتر لــە بــاكووری رۆژئــاوای شــاری كەركوكەوە دوورە. بۆ جاری یەكەم، لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینیدا، لە قــوڵایی ١٥١٥ مــەتردا نــەفت لــەو مەیدانــەدا دۆزراوەتــەوە. نەفتەكــەی لــە رووی پێكهــاتن و رێــژەی گــۆگردەوە، لــە نــەفتی باباگوڕگوڕ دەچی. لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا، ئەو مەیدانە ١٢ بیری نەفتی بەرهەمداری هەبوو. نەفتی ئەو مەیدانە، بە بۆری بۆ دەزگاكانی باباگوڕگوڕ راكێشراوە، لەوێشەوە بە هەمان شێوە، بۆ دەرەوە دەنێردرێ.

**زەنبوور**

ئەو مەیدانە لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری كەركوكدا دایە و تەنیا ٤٥ كیلۆمەتر لێوەی دوورە. لە ساڵی ١٩٥٤ی زایینیدا، بۆ یەكەم جار نەفتی لێ دۆزراوەتەوە. قوڵاییەكەی ١٤٧٠ مەتر دەبی. جــۆری نەفتەكــەی زۆر باشــە. درێژایــی ئەســتێڵكەكەی ٢٠٠ كیلۆمەترە و پانایيەكەشی ٣ ـ ٣.٥ كیلۆمەترێ دەبی. نەفتەكەی لە شاری كەركوكەوە، بە بۆری بۆ دەرەوەی كوردستان دەنێردرێ.

**نەفتخانە**

سەرەتای دۆزینەوەی نەفت لەو مەیدانەدا، بۆ ساڵی ١٩٢٧ی زایینــی دەگەڕێتــەوە. ئــەو مەیدانــە ٣٢ كیلۆمــەتر، لــە باشــووری شــارۆچكەی خانەقینــەوە دوورە. بــۆ بازاڕەكــانی نــاوخۆ، یەكــەم

سەرچاوەی نەفت بوو. تاکو ئێستا، بە دەیان بیرە نەفت لەو مەیدانەدا لێ دراوە، کە هەندێکیان خاوەنی نەفتێکی زۆرن. درێژایی ئەستیلکەی مەیدانی نەفتخانە، ١٥ کیلۆمەترە و پانابیەکەی دوو کیلۆمەترە و قولاییەکەشی ٢٢٠٠ مەترە.

**شیوەشۆک**

دەکەوێتە ناحیەی تەقتەقی سەر بە ئەستانی هەولیر. لە سالەکانی حەفتاوە، نەفتی لێ بەرهەم دەهێنرێ. بەرهەمی سالانەی بە دەیان ملیۆن بەرمیل نەفت خەملێندراوە، کە لە نزیکەی پانزە بیری نەفتی بەرهەمدارەوە، دەردەهێندرێ. هەموو توانا و تاقەتی بەرهەمهێنانی ئەو مەیدانە، تاکو ئێستا بە تەواوی بەکار نەهێندراوە. لەو مەیدانەدا، بیرە نەفتێکی زۆر هەیە، کە تاکو ئەورۆ سەریان گیراوە و بەکار نەهێندراون.

نەفتی ئەو مەیدانانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، تاکو سەرەتای حەفتاکان، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی عێراقەوە دەردەهێندران، کە لە کۆمەڵە کۆمپانیایێکی ئەمریکی و ئینگلیزی و فەرەنسی و هۆلەندی و هەندێ ولاتانی دیکە پێک هاتبوون. وەلێ لە مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٧١دا، کۆمپانیای نەفتی نیشتمانی عێراق، دەستی بەسەر ئەو مەیدانانەدا گرت، بەرپرسیاری دەرهێنان و بەرهەمهێنان و ناردنەدەرەوەی نەفتی، لە ئەستۆی خۆی گرت.

**سێیەم: هەرێمی نەفتی باشوور**

گەورەترین هەرێمی نەفتە لە کوردستاندا. ئەورۆ نزیکەی پەنجا لە سەدی گشت نەفتی کوردستان، لەو هەرێمەدا دێتە بەرهەم. درێژاییەکەی سی کیلۆمەتر و پانابیەی لە دەوروبەری پێنج کیلۆمەتر دەبی. ئەو هەرێمە، دەکەوێتە هەمان هێلی نێوچەی باکوور و باشوور. بۆ یەکەمین جار لەو هەرێمەدا، لە

ساڵی ۱۹۰۸ی زایینیدا، نەفت دۆزراوەتەوە، تاکو ئەوڕۆکە بە سەدان بیر نەفت، لەم هەرێمەدا لێ دراوە، کە هەندێکیان لە رووی بەرهەمهێنانی نەفتەوە، ناسراون بەلەسەر ئاستی جیهاندا. گرنگترین مەیدانە نەفتییەکانی ئەو هەرێمە، ئەوانەی خوارەوەن.

**آغاجاری**

کۆمپانیا نەفتییەکان، بە مەبەستی دۆزینەوەی نەفت، لە ساڵی ۱۹۲٦ی زایینیدا، لەم مەیدانەدا دەستیان بە بیرهەڵکەندن کرد. لە ساڵی ۱۹۳٦ی زایینیدا و لە کاتی هەڵکەندنی بیری سێیەمدا، بۆ جاری یەکەم چاویان بە نەفت کەوت، پاشان درێژەیان بە بیرلێدان دا، بە شێوەیە تاکو ئەوڕۆ، بە سەدان بیرە نەفتیان لێ داوە. (۱۹٥۱ ـ ۳۲ بیر). بیرەکانیش خاوەنی نەفتێکی یەکجار زۆرن. بۆ نموونە، بیری ژمارە ٥۳ بە گەورەترین بیری ئەو مەیدانە دادەنرێ و بەرهەمی رۆژانەشی پەنجا هەزار بەرمیلێک دەبی.

نەفتی آغاجاری، لە ساڵی ۱۹٤٤ی زایینیەوە، بە بۆری نەفتی گەورە، بۆ پاڵێوگەی نەفتی ابادانی ئێرانی دەبرێ. پێویستییەکانی آغاجاری، لە رووی وزەی کارەباوە، لە هەمان دەزگا دابین دەکرێ. ئاویشی لە رووباری (مارون) ەوە بۆ دەهێنرێ، کە ۳۲ کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی آغاجاریەوە دوورە.

**پازنان**

پازنان لەسەر رێگەی نێوان شارۆچکەکانی بهبهان و آغاجاری دایە. لە ساڵی ۱۹۲٦ی زایینیدا، یەکەمین بیری نەفت لەو مەیدانەدا لێ دراوە. پاشان لەبەر نەبوونی نەفت، سەریان داپۆشییەوە. دواتر لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۳٥ ـ ۱۹۳۷ی زایینیدا، سێ بیری دیکەیان لێ دا، کە لە هەرسێکیاندا، نەفت و گاز

دۆزراوەتـــەوە. نــەفتی پازنـــان، لـــە ســاڵەکانی جــەنگی جیهــانی دووەمیەوە، بە بۆری نەفت بۆ پاڵێوگەکانی نەفت رەوانە دەکرێ.

**گچساران**

ســەرەتای بیرهەڵکەنـدن و دۆزینــەوەی نــەفت، لــە مەیــدانی گچســاراندا، بــۆ ســاڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتــەوە. وەلــێ لەبــەر ئــەوەی نەفتەکــە، خڵتەیــەکی زۆری هــەبوو، لــەو سەردەمەشــدا توانــای پــاڵاوتنی نــەبوو، ئــەو کــارە دواکــەوت، تــا لــە ســاڵی ١٩٣٦ز دا، دووبارە دەست بە چالاکی نواندن و قۆڵکردنەوەی بیرەکانی پێشوو کرایــەوە. لــە ئەنجامــدا لــە بیــری ژمــارە ٣ دا، نــەفتێکی زۆر دۆزرایــەوە و تێکــڕای بەرهــەمی رۆژانەشــی گەیشــتە ٢٥ هــەزار بــەرمیل. دواتــریش هــەر لــەو مەیدانــەدا، لــە مــاوەی چــوار ســاڵی دواییدا، دە بیری دیکەش لێ دران. ئەورۆ ژمارەی بیرە نەفتەکانی ئــەو مەیدانــە، دەوروبــەری چل دانــە بیــر دەبــن، (١٩٥١ ـ ١٢ بیــر). نــەفتی گچســاران، بــە بۆرییــەکی ســی سانتیمەتری، بــۆ پاڵێوگــەی آبادان دەنێردرێ.

**لالی**

دۆزینــەوەی نــەفت لــە مەیــدانی لالــی دا، بــۆ ســاڵی ١٩٤٨ز دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەوە تاکو ئەورۆ، بە دەیان بیری نەفت لەو مەیدانــەدا لــێ دراوە، (١٩٥١ ـ ١٥ بیــر). هەنــدێ لــەو بیرانــە، بەرهەمــدارن. تێکــڕای رۆژانــەی بەرهــەمهێنانی نــەفت، لــە دەوروبــەری هەشــت هــەزار بــەرمیل دایــە. لالــی ٥٦ کیلۆمــەتر لــە باکووری رۆژئاوای مسجد سلیمانەوە دوورە.

**ماموتین**

گــەڕان بــە دوای نەفتدا لــە کوردستاندا و بــۆ جــاری یەکــەم، لــە ســاڵی ١٩٠٧زدا، لــەو نێوچەیــەدا دەســتی پــێ کــرد. دوای ئــەوەی کۆمپانیاکانی نەفتی ئینگلیزی و فەڕەنسی زانییان، گەڕانەکەیان

هیچ ئەنجامێکی باشی لێ چاوەڕوان ناکرێ، هیچیشیان دەست نەکەوت، ئیدی درێژەیان بە کارەکەیان نەدا و وازیان لێ هێنا و روویان لە نێوچەی مسجد سلیمان کرد.

**مسجد سلیمان**

خەڵکی مسجد سلیمان هەر لە کۆنەوە، وەکو خەڵکی نێوچەکانی دیکەی کوردستان: باباگوڕگوڕ و کفری و مەندەلی، ئاشنایەتییان لەگەڵ نەفتدا هەبووە و بۆ پێویستییەکانی رۆژانە بەکاریان هێناوە و بازرگانیشیان پێوە کردووە. ئەو کارە وای لە کۆمپانیا ئاوروپاییەکان کرد، بایەخی تایبەتی بەو نێوچەیە بدەن. ئەوەش بۆ جاری یەکەم، لە کوردستان و هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ ی مانگی مایسساڵی ١٩٠٨ی زاییینیدا، لە مەیدانی نەفتوون (دوایی ساڵی ١٩٢٦ز مسجد سلیمان) نەفت دۆزراوەتەوە،. ئەو رووداوە، بە یەکێ لە رووداوە هەرە گرنگە مێژووییەکانی کوردستان دەژمێردرێ و بە تەواویش نەخشەی نێوچەکەی گۆڕی.

بەرزایی مەیدانی نەفتی مسجد سلیمان، (مەیدانی نەفتوون) لە سەر ئاستی رووی دەریاوە، لە نێوان ١٨٣ ـ ٣٠٥ مەتر دایە، رووپێوەکەشی ١١٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ژمارەی بیرە نەفتەکانی لە سەرەتای دۆزینەوەی نەفت و تاکو ساڵی ١٩٥١ز، گەیشتبووە ٢٤٦ بیر. ئەوڕۆکە ژمارەیان ئەوەندە و نێو زیادی کردووە. لە هەمان کاتیشدا، بەرهەمی رۆژانەی ١٥٠ هەزار بەرمیل بوو، کە ئەوڕۆ دوو تا سێ هەزار بەرمیل زیادی کردووە.

**نفت سفید**

رووپێو مەیدانی نەفتی سەفید، ٤٨ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ٣٢ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژئاوای هفتکل و ٧٢ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی مسجد سلیمانەوە دوورە. کۆمپانیای نەفتی

ئینگلیزی و فارسی، لە ساڵی ١٩٣٤ز دا، دەستیان بە بیرهەڵکەندن کرد. لە ئەنجامدا گازی سروشتییان دۆزییەوە. وەلێ بەمەشەوە نەوەستان و وازیان نەهێنا، بەڵکو لەسەر بیرلێدان بەردەوام بوون. لە دواییدا لە بیری ژمارە پێنج و لە ساڵی ١٩٣٨ز دا، بۆ جاری یەکەم نەفتیان لەو مەیدانەدا دۆزییەوە. بەرە بەرە ژمارەی بیرەکانیان زیاد کرد و بە دەیان بیریان لێ دا، (١٩٥١ ـ ٢٥ بیر). نەفتی نفت سفید، بە بۆری بۆ پاڵێوگەی آبادانی ئێرانی دەنێردرێ.

**نفت شاه**

نەفت لە نفت شاه و نەفتخانەدا، لە ساڵی ١٩٢٧ز دا دۆزراوەتەوە. ئەو مەیدانە، دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای دامێنی چیای زاگرۆسەوە. ژمارەی بیرەکانی تاکو ساڵی پەنجاکان، تەنیا شەش بیر بوون، کە زۆربەیان بەرهەمدار بوون، بیری دووەمیشیان لە هەموو بیرەکانی دیکەیان، زیاتر نەفتی تێدایە و بە سەرچاوەێکی گرنگی نەفت دادەنرێ و نۆ هەد لە سەدی نەفتی دەرهێندراوی ئەو مەیدانە پێک دەهێنی.

**هفتگل**

ئەو مەیدانە ١٠٤ کیلۆمەتر لە باشووری رۆژهەڵاتی مسجد سلیمانەوە دوورە. لە ساڵی ١٩٢٧ز دا، نەفتی لێ دۆزراوەتەوە و بە یەکێ لە دەوڵەمەنترین مەیدان نەفتییەکانی کوردستان دادەنرێ. رووپێوەکەی دەوروبەری ٤٨ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبی. ژمارەی بیرەکانی لە دەیان بیر تێپەڕ دەکات، (١٩٥١ ـ ٤٤ بیر)، نەفتەکەشی بە بۆری بۆ پاڵێوگەی آبادان دەبرێ.

**گازی سروشتی**

دووەمین کەرستەی ماددەکانی سووتەمەنییە لە کوردستاندا. بەشی هەرە زۆری لەگەڵ نەفتدا دێتە بەرهەم. ئەورۆ ئەو

بیرانەی تەنیا گاز دێننە بەرهەم، لە وڵاتدا زۆر کەمن. شوێنە گرنگەکانی دەرهێنانی گاز ئەوانەی خوارەوەن.

**١. نێوچەی کەرکوک**

بەناوبانگترین جێگای دەرهێنانی گازی سروشتییە لە کوردستاندا. بەرهەمی ساڵانەی خۆی لە سەدان هەزار مەتری سێگۆشە دەدات. یەدەکی دەست لێ نەدراوی دوو تا سێ جار زیاترە.

**٢. تەنگەی بیجاڕ و بەبەقیر**

دەکەوێتە رۆژئاوای کرمنشاه وە. قەبارەی گازی سروشتی زانراوی تەنگەی بیجاڕ، نیو ترێلیۆن و هی مەیدانی بەبەقیریش دوو ترێلیۆن مەتری سێگۆشە دەبی. قەبارەی گازی نەزانراویشی، لە نێوچەی یەکەمدا، بە یانزە ترێلیۆن و لە دووەمیشدا بە ٢ ـ ٥ ترێلیۆن دەخەملێندرێ.

**بەردەڕەژوو**

ئەوەیان لە چەندین نێوچەی کوردستاندا دۆزراوەتەوە و دەردەهێندرێ، شوێنی هەندێکی دیکەش، بە تەواوی دەسنیشان کراوە. گەورەترین کانگای بەردەڕژوو، دەکەوێتە نزیک شارۆچکەکانی ئەلبیستان و جزیرە و سیلوان لە باکووری کوردستاندا.

لێکۆڵینەوە جیولۆجییەکان، لە لایەن کۆمپانیا ئەوروپاییەکانەوە، بە تایبەتی ئەڵەمانەکان، لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستی پێ کردووە و تاکو ئەوڕۆش هەر بەردەوامە. رووپێو ئەستێڵکی رەژووی ئەلبیستان و دەوروپشتی، نزیکەی یەک هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەستوورایی چینەکانی بەردەڕەژوو لە نێوان ٤٠ ـ ٨٠ مەتر دەبی. یەدەکی زاندراوی بەردەڕەژوو ٤.٦ ملیۆن تەن دەبی. لەو نێوچەیەدا، گەلێ

مەنجەمی بەردەڕەژوو هەیە، لە هەموویان بەناوبانگتر، ئەوەی گوندی (کیفلی) یە، کە یەدەکی دەست لێ نەدراوی بە ٣.٢ ملیۆن تەن دادەنرێ.

### ژێربابەتی٢. کەرستەی خانووبەرە

کەرستەی خانووبەرە لە زۆربەی نێوچوکانی کوردستان هەن، بە تایبەتی لە نێوچە شاخاوییەکاندا، بە زۆری دەست دەکەوێ. وەلێ تاکو ئێستا، بە تەواوی سودیان لێ وەرنەگیراوە. لێرەدا هەندێ لە کەرستەکانی خانووبەرە، باس دەکەین:

**مەڕمەڕ**

لە کانزاکانی دیکەی کەرستەی خانووبەرە، زیاتر دەردەهێندرێ و بەکار دەهێندرێ. بەناوبانگترین جێگای دەرهێنانیشی، ئەوانەن: پێنجوین و چوارتا و قەڵادزێ و هەڵەبجە و ماوەت وگەڵاڵە و خۆشکان و رایات و دەربەند ومەمی خەلان و بێخمە و شنگاڵ و پردی چۆمانو گرونی و پڕپیشە و سوورسوور و خان آباد و قەڵای شێخان و سرخە و زج و شترمل و اسفند آباد.

**گەچ**

ئەوەیان، کەرستەیێکی خانووبەرەی گەلێ بڵاوە و لە دروستکردنی خانووبەرەدا، بە تایبەتی لە شارەکاندا، زۆر بەکار دەهێندرێ. ئەو شوێنە گرنگانەی گەچی لێ دەردەهێندرێ، ئەوانەن: سەری آبلە و باباموارادی سەروو و ماربڕە شیروان و بلین جۆی زڕ بانوشان و سەرتنک و تاقتاری و شلم آبدانان. ئەو شوێنانە هەموویان، دەکەونە ئەستانەکانی ایلام و کرمنشاە و لرستان. هەروەها لە بازارگە لە ئەستانی هەولێردا و شوێنی دیکە.

کەرستەی دیکە

بریتییە لە خۆڵ و زیخ و چەو پێک هاتووە و لە زۆربەی نێوچەکاندا، دەست دەکەوی.

ژێربابەتی۳. کانزای بریسکەدار و نابریسکەدارەکان

ئەو دوو کانزایانە، لە کوردستاندا زۆرن. وەلێ تاکو ئەورۆ، شوێنی بوونیان و قەبارە و چەشن و هەندێ شتی دیکەیان، بە تەواوی نەزاندراوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش، بە شێوەیەکی کورت لە خوارەوە، باسیان دەکەین و بەگوێرەی توانا، شوێنەکانیان دەسنیشان دەکەم:

ئاسن

ئەو کانزایە لە زۆر شوێن دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ. گرنگترین نێوچەکانی ئەوانەن: ئاسناوا و رانیە و دەربەند و رایات و قصر شرین، آسیاب (۸۰ کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەلاتی کرمنشاە وە دوورە) و دیڤریغی و هەکیم خان و گوڵەمان راجو و هەندێ شوێنی دیکەش.

لیگنیت

نێوچەکانی ڤان و بینگۆڵ و ئەرزوروم و ئەرزنجان و کاهرەمانمارش ... هتد، لە نێوچە بەناوبانگەکانی دەرهێنانی لیگنێتن لە کوردستاندا.

زەرنیخ

بەناوبانگترین شوێنی دەرهێنانی زەرنیخ لە کوردستاندا، نێوچەی زرەشوراتی نزیک شارۆچکەی تکابە، کە دەکەوێتە ئەستانی آذربایجان غربی.

**کرۆم**

شوێنە بەناوبانگ و زانراوەکانی ئەو کانزایە، بریتین لە ئەستانەکانی مەلاتیە، گازی ئانتەب، ئەلازیغ، ئەرزنجان و نێوچەکانی چیای کورد (عفرین) و هیدیکە.

**مس**

ئەو کانزایە، لە زۆر شوێن دۆزراوەتەوە، هەرە گرنگەکانیان ئەوانەن: پالۆ، پێنجوین (کانی مانگا) و چوارتا و ماوەت (تیسالاوا، سفیک و، شێخ ئەودالاّن و شوێنی دیکە.

**مەنگەنیز**

لە نێوچەکانی سلیمانی و پێنجوین و رانیە و کاهرامانمارش و ئەرزنجان و گازی ئانتەب و گەلێ شوێنی دیکە دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ.

**گۆگرد**

ئەو کانزایە لە نێوچەکانی کەرکوک و راس العین و هەندێ جێگای دیکە، دۆزراوەتەوە و بەکار دەهێندرێ. دوور نییە لە شوێنی دیکەش هەبێ.

**مس (رصاص)**

نێوچەکانی رۆژهەلاّتی زاخۆ، و باکووری ئامێدی و رۆژهەلاّتی رانیە و ئەرغەنی، ئەو کانزایەیان لێ دۆزراوەتەوە.

**فۆسفات**

ماردین و گازی ئانتەب و چیای کورد (جبل الاکراد)، نێوچە هەرە بەناوبانگەکانی دەرهێنانی فۆسفاتن لە کوردستاندا.

**یۆرانیۆم**

ئەگەر پێکهاتەی جیۆلۆجی کوردستان لەبەر چاو بگرین، ئەوا بوونی یۆرانێم، بە دور نازاندرێ. دەڵێن لە چیای گارەی سەر بە ئەستانی دهۆک و هەندێ شوێنی دیکەش هەیە.

# سەربابەتی چوارەم
## پیشەسازی

دانیشتوانی کوردستان، لە کۆنەوە، بەشێکی زۆر لە پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان، لە کەلوپەلی دروستکراودا، بە هۆی ئاسنگر و دارتاش و جۆڵا و چەخماچی و زێڕینگر و بەرگدروو و کلاشچن و پێڵاودروو و تەنەگەچی، دابین دەکەن. بەشێکی دیکەش، بە تایبەتی کەرستەی نێوماڵ و کشتوکاڵ، وەکو بەرماڵ و دووگرد و جاجم و رایەخ و فەرش و جەواڵ و شەڵتە و هەگبە و تورەکە، ژنان لە ماڵەوە بە تەون دەیانهێننە بەرهەم. ئەوانەشی کە توانای بەرهەمهێنانی لە کوردستاندا نییە، بە تایبەتی هۆیەکانی گواستنەوە (ئۆتۆمۆبێل و ماتۆڕ پاسکیل) و کالەی کارەبایی و چەک و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئامرازی کشتوکاڵی، لە دەرەوە دەهێندرێن.

**خەسڵەتەکانی پیشەسازی**

هەندێک لە خەسڵەتەکانی پیشەسازی لە کوردستاندا،کە لە خوارەوە باس دەکرێن، ئەوانەن:

١. نزمی هاوبەشیکردن - رێژەی، بە لەبەر چاوگرتنی بەرهەمی سالانە، نابی لە پێنج لە سەدی سەرجەمی بەرهەمی نیشتمانی زیاتر بی. رێژەکە بۆ وڵاتێکی نەفتداری وەکو کوردستان زۆر کەمە.

٢. قەوارەی کرێکار - رێژەی کرێکارەکانی کە لە سێکتەری پیشەسازیدا کار دەکەن لە یەک لە سەدی گشت کرێکاری کوردستان کەمترە.

٣. قەوارەی دەزگاکانی پیشەسازی - ژمارەی دەزگاکانی پیشەسازی، بە گوێرەی خاملاندن، چل هەزار دەبی. لەوانە نۆهەد

و شەشیان ، لەو جۆرە دەزگایانەن، کە لە دە کرێکار کەمتر، کاریان تێدا دەکەن. واتە دەزگای بچووک بچووکن. چوار لە سەدیان، لەو دەزگایانەن کە دە کرێکار و زیاتر کاریان تێدا دەکەن، واتە دەزگای گەورە بوون.

٤. یەکجۆری بەرهەم ـ زۆربەی زۆری دەزگاکانی پیشەسازی، بۆ بەرهەمهێنانی ماددەکانی خواردن تەرخان کراون، چونکە ئەو بەرهەمە، نە پێویستی بە سەرمایەیەکی گەورە هەیە و نە شارەزاییەکی زۆریشی دەوێ، لە هەمان کاتیشدا، بازاڕی ساغبوونەوەشی کەم نییە.

٥. بازاری دەرەوە ـ بەرهەمەکانی پیشەسازی کوردستان، لەبەر نزمی کوالیتێتیان (جۆرەکانییان)، بازاڕی دەرەوەی زۆر کەمە یان نییە. لەبەر ئەوە ، بازاڕەکانی ناوخۆ یەکەمین سەرچاوەی سەرفبوونی بەرهەمەکانی پیشەسازییەکانی.

٦. ئاستی خوێندن ـ کرێکارەکانی دەزگا جۆراوجۆرەکانی کوردستان، زۆربەیان لەو جۆرە کرێکارانەن، کە لە رووی خوێندەوارییەوە دواکەوتوون و پلەی شارەزاییان لە کاروباری پیشەسازیدا نزمە، یاخود هەر شارەزاییان نییە. جگە لەوەی پیشەسازییەکانی کوردستانیش، لەو جۆرە پیشەسازییانە نین، کە لەو جۆرە کرێکارانەیان زیاتر پێویست بێ.

٧. جۆری ئامرازەکانی پیشەسازی ـ خاوەن پیشەکان تاکو ئێستا، هەمان ئامراز لە دروستکردنی بەرهەمەکانی پیشەسازیدا بەکار دەهێنن، کە سەدان ساڵ لەمەوبەر، باووباپیرانمان لە پیشەسازیدا، بەکاریان هێناوە، وەکو هەمووشمان دەزانین، توانای ئەو ئامرازانە، لە بەرهەمهێناندا زۆر کەمە.

٨. شوێنی بەرهەمهینان ـ بەرهەمهێنانی شتمەکی پیشەسازی، زیاتر لە ماڵەکان و دوکانەکاندا دەکرێ، وەک لەوەی لە

کارگەکانــدا بهێندرێتــە بەرهــەم. ئــەوەش هۆکــەی بــۆ بچــووکی دەزگاکانی بەرهەمهێنان و کەمی ژمارەی کرێکاران و نزمی ئاستی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە.

٩. شوێنی دەزگاکانی پیشەسازی - سەرژمێری گشتی پیشەساز یــەکــان وای نیشــان دەدەن، کــە بەشــی هــەرە زۆری دەزگــا پیشەســازییەکان (گــەورە و بچــووک)، لــە شــارە گــەورەکانی کوردستاندا جەم بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ: کرێکاری شارەزا و بازاڕ و ڕێگەی هاتوچۆکردنی ئاسان و باجی کەم لەو شوێنانەدا. لە نێو هەموو کوردستانیشدا، شارەکانی گازی ئانتەب و اورومیە، ڕیزی پێشەوەیان بۆ خۆیان گرتووە.

شــارەزایان لــە مەیــدانی پیشەســازیدا، بــە شــێوەی جــودا پیشەسازی پۆلێن دەکەن. هەر یەک لەو پۆلێنکردنادا لایەنی ئــەرینی و نــەرینی بــە گــوێرەی پیشەسازی وڵاتەکــەوە هــەیــە. پیشەسازی لەسەر بنەمای: قورس و سوک. دەستکرد و کارگەیی. کۆن و نوێ. درهێنان و گۆڕین و هیدیکە.

من بە لەبەرچاوگرتنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و جۆری مادده خاوەکان و رادەی بەکارهێنانیان، ئەو ڕێگەیە دەگرمە بەر، کە پیشەسازی بەسەر دەرهێنان و گۆڕیندا، دابەش دەکات:

**ژێربابەتی ١. پیشەسازی دەرهێنان**

بریتییە لە دەرهێنانی نەفت و گازی سروشتی و گۆگرد و ئاسن و گەلێ کانزای دیکە.

١. پیشەسازی نەفت دەرهێنان

کۆمپانیا نەفتییەکانی ئەوروپایی، وەکو کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزی - فارسی (ساڵی ١٩٠٩) و کۆمپانیای نەفتی چهار محال و بختیاری و کۆمپانیای نەفتی ئێرانی نیشتمانی (١٥ مارتی ١٩٥١)

و كۆنسـۆریم (ئـابی ١٩٥٤ز) و كۆمپانیـای نـەفتی ئەڵـەمانی (سـاڵی١٨٨٨) و كۆمپانیـای مافـەكانی ئەفـەریقا و رۆژهـەڵات (١٩١٠سـاڵی ١٩١٠) و كۆمپانیـای نـەفتی تـوركی(سـاڵی ١٩١٤) و كۆمپانیـای نـەفتی عێـراق (سـاڵی١٩٢٩) و كۆمپانیـای نـەفتی خانـەقین (١٩٢٧ساڵی ١٩٢٧) و كۆمپانیای پاڵاوتنی نەفتی عێراق ٢ساڵی ١٩٥٢) و كۆمپانیای تاووتوێكردنی نەفتی بەریتانیا - موسـڵ ( سـاڵی ١٩٢٥) و كۆمپانیـای عێـراق بـۆ كارەكـانی نـەفت (سـاڵی١٩٧٢) و كۆمپانیای نـەفتی كۆنكۆردیـای ئەڵـەمانی (سـاڵی ١٩٥٦)، كۆمپانیـای مونهیـل لـە كۆمپانیـای نـەفتی ئەمـەریكی و كۆمپانیای گشتی بـۆ پترۆڵـی سوری (١٩٥٨ز) و كۆمپانیای نـەفتی تـوركی و كۆمپانیای نـەفتی ئەرسان و كۆمپانیای نـەفتی مۆبیـل رانـت وكۆمپانیـای شـێڵ و چەنـدی دیكـە. ئەوانـە هـەموویان، هەریەكـەیان لەسەردەمێكدا، بـە دوای نەفتـدا گـەڕاون و دەریـان هێناوە و پاڵاوتوویانە و بۆ دەرەوەشیان ناردووە.

نـەفت لـە ٢٦ مانگی مایس ساڵی ١٩٠٨دا، بۆ جاری یەكـەم لـە كوردستاندا، رەنگـە لـە باشووری رۆژئـاوای ئاسیاشدا، لـە قـوڵایی ١٢٠٠ مەتر. لە خەروەسان(مەیدانی نەفتون دواتر ناوەكە كراوە بە مسجد سلیمان) و دوای زیاتر لە بیست ساڵ، بە واتەیێكی دیكە، لـە ١٤ی تشـرینی یەكـەمی سـاڵی ١٩٢٧دا، لـە نێوچـەی باباگوڕگوڕ(كەركوك) و لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠دا، لە رامان شەلمۆ (باتمـان) و لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە قەرەشـۆك(قـەزای المالكیـە) دۆزراوەتەوە. لەو كاتەوە تا ئەوڕۆ، هەزاران ملیۆن تەن نەفت، لە خاكی كوردستان دەرهێنراوە، هـەر هەمووشی بێگانـەی داگیركـەر، زۆربـەیان بـۆ خۆیـان بـردووە و خێراتەكەشیان خواردووە، لـەبری ئـەوەی كوردستانی پـێ ئـاوەدان بكەنـەوە، بـە پێچەوانـەوە، بـە تەواوی لات و وێرانیان كردووە.

بەرهـەمهێنانی نـەفت لـە کوردسـتاندا سـاڵ بـە دوای سـاڵ لـە زیـادبوون دایـە. بڕوانـە خشـتەی ١٤. لـە شـیکردنـەوەی ژمارەکـانی ناو خشتەکە ئەو راستیانـەمان دەخاتە بەر دەست.

**خشتەی ١٤**

**بەرهەمهێنانی نەفت لە کوردستاندا**
**(ملیۆن بەرمیل) خەملاندن**

| ساڵ | سەرجەم | هەرێم | | | ساڵ | سەرجەم | هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | باکوور | رۆژهەڵات | باشوور | | | باکوور | رۆژهەڵات | باشوور |
| ١٩٦٥ | ٩٩١٩٥ | ١٥٣٤١ | ٤٥٤٧٧ | ٣٨٣٧٧ | ١٩٧٨ | ١٥٧٧٨٥ | ١١٤٩٧ | ٧٢٤٥٩ | ٧٣٨٢٩ |
| ١٩٦٦ | ٨٩٥٥٦ | ٢٠٤١ | ٣٩٧٧٣ | ٤٧٧٤٢ | ١٩٧٩ | ١٦٢٦٩١ | ١١٩٢٤ | ٧٣٥٣٢ | ٧٧٢٣٥ |
| ١٩٦٧ | ٨٣١١٦ | ٢٧٢٥ | ٣٩٤٥٦ | ٤٠٩٣٥ | ١٩٨٠ | ١٥٧٣٧٤ | ١١٧٤٧ | ٧٤٨٩٩ | ٧٢٧٢٨ |
| ١٩٦٨ | ٦٥٦٤٥ | ٣١٠٣ | ٤٥٩٥١ | ٤٦٥٩١ | ١٩٨١ | ١٤١٤١٢ | ١١٨٥٦ | ٦٦٩٣٥ | ٦٢٦٢١ |
| ١٩٦٩ | ١١٧٣٦٩ | ٣٥٩١ | ٥٧١٥٩ | ٥٦٥٨٣ | ١٩٨٢ | ١٣٥٠١٨ | ١١٣٤٣ | ٦٤٢٩١ | ٥٩٣٨٤ |
| ١٩٧٠ | ١٢٤٣٤٧ | ٧٧٨٧ | ٥٨٦٩٦ | ٥٧٨٦٥ | ١٩٨٣ | ١٠٣٨٤٢ | ١١٥٦٢ | ٤٣٢٩٨ | ٤٨٩٨٢ |
| ١٩٧١ | ١٣٥١٦٢ | ٨٤٥٦ | ٦٢٤٥٢ | ٦٣٢٥٤ | ١٩٨٤ | ١٠٠٣٠٩ | ١١٥٠١ | ٤٢٨٢٩ | ٤٥٩٧٩ |
| ١٩٧٢ | ١٢٩٧٥٩ | ٩٢٥١ | ٦٣٨٢٥ | ٥٦٦٨٣ | ١٩٨٥ | ١٧٦٥٦٦ | ٩٢٣٨٣ | ٤١٢٨٩ | ٤٢٨٩٤ |
| ١٩٧٣ | ١٤٠١٣٦ | ٩٧٣٥ | ٦٧٦٢٢ | ٦٢٧٧٩ | ١٩٨٦ | ١٠٩١١٦ | ١١٧٣١ | ٤١٣٣٣ | ٥٦٠٢٢ |
| ١٩٧٤ | ١٤٠٥٤١ | ١٢٥٦٧ | ٦٩٧٤٢ | ٩٦٥٤٣ | ١٩٨٧ | ١٣٣٧٢٣ | ١٤٧٩٢ | ٥٠٩٠٨ | ٦٨٠٢٣ |
| ١٩٧٥ | ١٣٣٧٥٤ | ١٢٦٣٤ | ٦٦٧٢٤ | ٦٥٧٦٦ | ١٩٨٨ | ١٥٠٨٢٨ | ١٦٧٣٣ | ٦٥٠٧٠ | ٦٩٠٢٥ |
| ١٩٧٦ | ١٥٥٥٢٦ | ١١٨٣٠ | ٧٠٢٧١ | ٤٣٤٢٥ | ١٩٨٩ | ١٧٣٧٦٣ | ٢١٢٠٥ | ٦٨٣٠٢ | ٨٤٢٥٦ |
| ١٩٧٧ | ١٥٦١٧٩ | ١١٨٤٧ | ٧٠٣٩٦ | ٧٣٩٣٦ | ١٩٩٠ | ١٧٣٤٧٩ | ٢٠٤٨٥ | ٦٨٤٢٤ | ٨٤٥٦٩ |

١. بەرهـەمی نـەفت لـە کوردسـتاندا، وەکـو لـە ژمارەکـانی نێـو خشتـەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، لەو چارەکـە سـەدەیەی دواییدا، لـە١٩٥٩٩ ملیـۆن تەنـەوە بـووە بـە ٤٧٩١٧٣ ملیـۆن تـەن، واتـە زیادەکە لـە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ ـ ١٩٩٠دا ٢٨٤٧٤ ملیۆن تـەن نـەفت بووە، ئـەگەر هـەر تـەنێکی بـە ١٢ دۆلاریش فرۆشرابێ، ئـەوا پارەکەی ٧٤٨ ٠٨١ ٢ ملیۆن دۆلار دەکات.

٢. بەرهەمی ساڵانەی نەفت لە کوردستاندا، لە سێ هەرێمی سەرەکی نەفت پێک دێ، کە هەریەکەیان بە ئەندازەی توانای خۆیان، لە پێکهێنانی ئەو داراییەدا هاوبەشن.

**- بەرهەمی هەرێمی نەفتی باکوور**

ڕێژەکەی دوازدە لە سەدی گشت نەفتی کوردستان دەبی. نەفت بەردەوام لە زیادبوون دایە و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ ـ ١٩٩٠دا، لە ١٥ ٣٤١ ملیۆن تەنەوە زیادی کرد بۆ ٢٠ ٤٨٥ ملیۆن تەن، واتە زیادییەکەی زیاتر لە نزیکەی پێنج ملیۆن تەن بوو.

کۆمپانیا نەفتییەکان، ئەو بەرهەمە بەو شێوەیە لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەن. کۆمپانیای شێل ـ٠/٠٤٤ و کۆمپانیای نەفتی تورکی ـ ٠/٠٣٩ کۆمپانیای نەفتی مۆیل یانۆیل ـ ـ٠/٠١٦ و کۆمپانیای نەفتی ئەرسان ـ ٠/٠١ گشت بەرهەمەکەیان بەردەکەوێ.

**- بەرهەمی هەرێمی نەفتی ناوەڕاست**

ڕێژەکەی سی و نۆ لە سەدی گشت نەفتی کوردستان دەبی. قەبارەی بەرهەمەکەشی هەر لە زیادبوون دایە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٥دا، ٤٥ ٤٧٧ ملیۆن تەن بوو، لە ساڵی ١٩٩٠دا، گەیشتە٤٢٥ ٦٨ ملیۆن تەن، واتە لەو ٢٥ ساڵەی دواییدا، ٢٢ ٩٤٨ ملیۆن تەنی زیاد کردووە. هەموو نەفتەکە، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی عێراق بۆ کاروباری نەفت بەرهەم هێنراوە.

**- بەرهەمی هەرێمی نەفتی باشوور**

ڕێژەکەی چل و نۆ لە سەدی گشت نەفتی کوردستان دەبی. بەرهەمەکەی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥ ـ ١٩٩٠ دا، لە٣٧٧ ٣٨ بەرمیل نەفتەوە بۆ ٥٦٩ ٨٤ ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە، واتە لەو ماوەیەدا ١٩٢ ٤٦ ملیۆن تەن زیادی کردووە. نەفتی ئەو

هەرێمە نەفتییە، لە لایەن کۆمپانیای نیشتمانی ئێران و کۆنسۆریم (کۆمەڵەی کۆمپانیای نەفتی ئەوروپا) دێتە بەرهەم.

۲. **پیشەسازی دەرهێنانی گازی سروشتی**

بەرهەمی ساڵانەی گازی سروشتی، لە هەرێمە نەفتییەکانی کوردستان، باکوور و نێوەڕاست و باشوور، چەندین ملیۆن مەتری سێگۆشە دەبی. وەلێ بە داخەوە بەشی هەرە زۆری، هەر لە شوێنی بەرهەمهێنانی بە خۆڕایی دەسوتێندرێ. بەشەکەی دیکەشی لە هەندێ شوێن، بۆ دروستکردنی گۆگرد بەکار دەهێنرێ. لهو ساڵانەی دواییشدا، لە سنوورێکی زۆر دیاریکراودا، بۆ پێویستی رۆژانەی خەڵکی بەکار هێنراوە. لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا، کەرستەیکی خاوی گازی سروشتی زۆر و زەبەندەی تێدایە، بازاڕیشی گەرمە، دیارە پیشەسازی گازی سروشتی، دوارۆژێکی باشی دەبی.

۳. **پیشەسازی دەرهێنانی ماددەکانی دیکە**

پیشەسازییەکی دواکەوتووە و بەرهەمی ساڵانەشی لە چەند هەزار تەنێ تێپەڕ ناکات. بۆ نموونە، لە نێوچەی دیڤریگی ـ ۹۰ هەزار تەن لە خۆڵی ئاسن، لە نێوچەی مەلاتیە ـ ٤٥ هەزار تەن لە خۆڵی کرۆم و ٤.٢ ملیۆن تەن بەردەخەڵوز، لە نێوچەی کەبان ـ ۲۰ هەزار تەن لە خۆڵی قوڕقوشم، لە نێوچەکانی مەعدەن و ئەرغەنی ـ۳۰ هەزار تەن لە خۆڵی مس، لە نێوچەی عفرین ـ ٦۰ تەن گۆگرد.

### ژێربابەتی۲. پیشەسازی گۆڕین

ئەوەیان، لە رووی بەرهەمی ساڵانە و ژمارەی کرێکار و دەزگاکانی بەرهەمهێنانەوە، گەورەترین سەرچاوەی بەرهەمی نیشتمانی پێک دێنی. پیشەسازییەکانی گۆڕین ئەوانەن:

ـ پیشەسازییەکانی خۆراک

بریتییە لە هەموو ئەو جۆرە پیشەسازییانەی کە لە ماڵەکاندا بە ئەنجام دەگەیەندرێ وەکو: نانکردن و چێشتلێنان و خۆشاو گرتنەوە و دۆ و ماست و پەنیر و کەرە کردن و رۆنگرتن و دۆشاوگرتن و گەلێ خواردنی دیکەش، کە تاکو کۆتایی پەنجاکان، بە زۆری لە ماڵەکان ئامادە دەکران، خەڵکی ئەو نێوچانەی کە خواردەمەنییەکانی لێ دروست دەکرا، پێویستییان بە بازر نەبوو. وەلێ دوای ماوەیە، لە ئەنجامی گۆڕانە کۆمەلایەتیی و ئابوورییەکاندا، خەڵکی وردە وردە بۆ دابینکردنی نەک هەر خواردنی سالانەیان، بەڵکو بۆ کڕینی خواردنی رۆژانەشیان، ڕوویان کردە بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، لە ماڵەکاندا کەم بووە. ئەوانە هەموو پێکەوە، بوونە هۆی ئەوەی، بوارێ بخولقێنێ و کارێکی زۆر لەو بوارانەدا پەیدا ببێ، بە سەدان دەزگای بەرهەمهێنانی خواردەمەنی، لە دوکان و کارگە و فابریکەکاندا بەرهەم بهێندرێ. پیشەسازییەکانی خواردن گەلێکن، وەلێ ئێمە لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

ـ پیشەسازی هاڕین

یەکێکە لە کۆنترین پیشەسازییەکانی کوردستان. دۆزینەوە و پەیدابوونی ئەو پیشەسازییە، بۆ سەرەتای چاندنی دەغڵودان لە گردی چەرمۆ و شوێنەکانی دیکەی ولات دەگەڕێتەوە. لە سەرەتاوە خەڵکی گەنم و جۆیان، بە بەرد دەکوتا و دەهاڕی. لە دواییدا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، جۆنیان بەکار هێنا، دواتریش دەستاڕ و ئاشی ئاو هاتە کایەوە. لە چلەکانیشەوە خەڵکی ئاشی ئاگر و لە کۆتایی حەفتاکانیشەوە، مەکینەی هاڕینی ئاردی کۆلانان بەکار هێنرا. ئەو ئامرازانە، لە هەموو شارەکان و زۆربەی گوندەکانی کوردستان هەن. ئارد بە پلەی یەکەم بۆ نانکردن بەکار

دەهێنـدرێ، ئینجـا بـۆ ماکـەرۆنی و هەرشـتە و پـاقلاوە و هەنـدێ پیشەسازی خواردنی دیکەش دەبی. پێویستی ساڵانەی کوردستان لـە ئـارد، دەگاتـە چەنـد هـەزار تـەنێک، کـە بـەشێکی زۆری لـە نێو وڵاتەکە خۆیدا، بەرهەم دەهێندرێ.

- پیشەسازی رۆنی ڕووەک

بەرهەمی کوردستان لە رۆنی ساغ، تاکو سەرەتای پەنجاکان، بەشێکی زۆری لە پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە، دابین دەکرد. وەلێ دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمبوونەوەی رۆنی ساغ، لە ئەنجامی سەربڕینێکی زۆری بێسەروبەری ئاژەڵەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێویاندا و بەرزبوونەوەی پلەی مردنی ئاژەڵەکان و گەشەکردنی باری ئابووریی و گەرمبوونی بازاڕی کڕین و فرۆشتن و تەسکبوونەوەی رووپێو لەوەڕگاکان و ماندوبوونی بێ رادەی ئاژەڵدارەکان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵاتەوە، بەرهەمهێنانی رۆنی ساغ، بە شێوەیەکی لەبەرچاو کەمی کرد، بە رادەیەک خەڵکی ناچار بوون، لە خواردنی رۆژانەیاندا، رۆنی رووەک بەکار بهێنن. بەشی زۆری ئەو جۆرە رۆنە، لە رووەکەکانی گوڵەبەڕۆژە و کونجی و تۆی لۆکە و کتان .... هتد دەردەهێندرێ. ئەوەی دڵخۆشکەرە، ئەو جۆرە رووەکانە لە کوردستاندا دەڕوێن. ئەورۆ لە شارە گەورەکاندا، چەندین جۆر کارگەی بەرهەمهێنانی رۆنی رووەک دامەزراوە.

- پیشەسازی شەکر

توانای بەرهەمهێنانی ماددەی خاوی شەکر (چەوەندەر و قامیشی شەکر)، بە نرخێکی هەرزان و پەرەسەندنی بەکارهێنانی شەکر لە کوردستاندا، لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پەیدابوون و گەرمبوونی بازاڕەکانی ناوخۆ و گەشەکردنی بازرگانییەکنی دەرەوەی وڵات و پاراستنی پارەی قورس، ئەوانە

هەمووی وای لە کاربەدەستانی دەوڵەت کردووە، لە هەندێ لە شارەکانی وڵاتدا، بیر لە دامەزراندنی کارگەی شەکر بکەنەوە. لێرەدا پەنجە بۆ هەندێ لەو کارگانە رادەکێشین:

**ـ کارگەی شەکری اسلام آبادغرب**

ئەوەیان، لە ساڵی ١٩٣٤ی زایینیدا دروست کراوە. بەرهەمی ساڵانەی تەنیا ٦٥٠ تەن شەکرە. سەرچاوەی ماددەی خاوی، لە چەوەندەری کێڵگەکانی دەوروبەری ئەستانی کرمنشاە پێک هاتووە. کارگەیەکی زۆر بچووکە و بەرهەمەکەشی، تەنیا بەشێکی کەم لە پێویستییەکانی دانیشتوانی ئەو بەشە ئیدارییە دابین دەکات.

**ـ کارگەی شەکری کرمنشاه**

ئەو کارخانەیە لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینیدا دروست کراوە، بەرهەمی ساڵانەی ٧٠٠ تەن شەکر و قەندە. بەرهەمەکەی گەلێ کەمترە، لە پێویستی ئەستانی کرمنشاە، وەلێ دەتواندرێ بەرهەمەکەی زیاد بکرێ، ئەگەر بەرهەمی چەوەندەر و قامیشی شەکر لە کێڵگەکان، زیاتر بچێندرێ.

**ـ کارگەی کۆمپانیای گشتی شەکری موسڵ**

یەکێکە لە کارگە گەورەکانی شەکری کوردستان، لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینیدا، لە باشووری شاری موسڵ، دەست بە دروستکردنی کراوە و لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨دا تەواو بووە و لە مانگی کانوونی دووەم ، دەستی بە بەرهەمهێنانی شەکر کردووە. ئەو کارگەیە دوو ملیۆن و نیو دیناری عێراقی تێچووە. توانای بەرهەمهێنانی ئەو کارگەیە، لە سەرەتای دامەزراندنیدا تەنیا ٨٠ تەن شەکری سپی بوو، کە لە ٨٠٠ تەن چەوەندەر دەردەهێنرا و زۆربەشی لە دەوروبەری شارۆچکەی مەخمور دەچێندرا. هەر بە تەواوبوونی چەوەندەری وڵات، هەموو ساڵێ کارگەکە لە کارکردن و

بەرهـەمهێنان دەوەستێ، تـا وەرزی ئاینـدەی کشـتوکاڵ دەسـت پـێ دەکاتـەوە. کرێکارەکـانی کارگەکـە بیـر لـەوە دەکەنـەوە، کـە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام کـار بکـەن و کارگەکـە لـە کـارکردن و بەرهـەمهێنان رانەوەستێ، تاکو بەو شێوەیە بتوانن، بەرهـەم زیـاد بکـەن و قـازانجێکی پتـر بـە دەسـت بهێـنن، بۆیـە پـاش تـەواوبوونی وەرزی چەوەنـدەر، هـەموو سـاڵێ لـە دەرەوەی وڵات، ١٠٨ تـەن شەکری خاویان بۆ دەهێنا، لـەو شـەکرە خـاوەش، ١٠٠ تـەن شـەکری سپییان دەردەهێنا. بـەو شێوەیە توانـای بـەرهـەمهێنانی کارگەکـە زیادی کرد و بەرهەمی ساڵانەی گەیشتە ١٨٠ تەن.

کارگـەی شـەکری موسـڵ، لـەبـەر نـەبوونی کرێکـاری شـارەزا و لێزان، کەمی بەرهـەمی ساڵانەی وڵات لە ماددەی خاو ـ چەوەندەر، تـاکو ئـەورۆ هـەموو توانایـەکی بەرهـەمهێنانی بەگـەڕ نەخستووە. بەرهەمی ئێستای ئەو کارگەیە، لە دەوروبەری ١٥٠٠ تـەن (١٩٧١ ـ ١٧٣٠ تـەن)، (١٩٧٢ ـ ٨٩٠ تـەن)، (١٩٧٣ ـ ٣٤١ تـەن). لـە شـەکری سپی و کلۆ و ئالیک ونورە و خومرە.

**ـ کارگەی شەکری مياندوآب**

ئـەو کارگەیـە لـە سـاڵی ١٩٣٤دا لـە شـارۆچکەی میانـدوآب دامەزراوە. بەرهەمی ساڵانەی لە سەرەتای دروستکردنیدا، تـەنیا ٦٥٠ تـەن بـوو، لـە سـاڵی ١٩٨٩دا ، دوو تـا سـێ جـار بەرهـەمی ساڵانەی زیادی کرد و گەیشتە ٢٠١ ٢٦ تەن. ئەو کارگەیە ساڵی تـەنیا ٢٠٧ رۆژ کـار دەکـات، رۆژەکـانی دیکـە لـەبـەر نـەبوونی ماددەی خاو، لە کارکردن دەوەستێ.

**ـ کارگەی شەکری اورمیە**

ئەو کارگەیە لـە ساڵی ١٩٣٩دا ، لـە شاری اورومیـە دامـەزراوە، بەرهـەمی ساڵانەی لـە سـەرەتادا، تـەنیا ٧٠٠ تـەن شـەکر بـوو، لـە

دواییدا زیادی کرد تا لە ساڵی ١٩٨٩دا، گەیشتە ٢٥٤ تەن لە شەکری ورد و کلۆ.

کارخانەی شەکری ارومیە، لەبەر نەبوونی ماددەی پێویست، هەموو رۆژەکانی ساڵ کار ناکات، بەڵکو کە چەوەندەری لێ بڕا، ئیدی لە کارکردن دەوەستێ.

**ـ کارگەی شەکری خرم آباد**

لەم ساڵانەی دواییدا دامەزراوە. تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی ١٢٠٠تەنە لە شەکر و کلۆ. بەرهەمی ساڵانەشی لە ساڵی ١٩٨٩دا ٨٣٠٠ تەن بوو. ساڵی تەنیا ٦٢ رۆژ کار دەکات، رۆژەکانی دیکە لەبەر نەبوونی ماددەی خاو، لە کار دەوەستێ.

**ـ پیشەسازی سپیاتی**

مەڕدارەکان و خاوەن مانگا و گامێشەکان، لە شیری ئاژەڵەکانیان ماست و پەنیر و کەرە و دۆ و کەشک، بە هەموو جۆرەکانییانەوە، دروست دەکەن. ئەو کارانەش بە شێوەیەکی گشتی، لە لایەن ژنانەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێ و بە هەمان شێوەی دەیان ساڵی لەمەوبەر، تاکو ئێستاش لە ماڵەکاندا، مەشکە و مەنجەڵی سفر و زنجیردار و پێستە و هەموو جۆرێ لە ئامرازە سەرەکییەکانی ئەو پیشەیە، نەوەک هەر لە نێو کۆچەرەکان، بەڵکو لە نێو نیشتەجێکانیشدا بەکار دەهێندرێ. وەلێ لەو ساڵانەی دواییدا، لە زۆر نێوچەی کوردستان، بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا، بۆ بەرهەمهێنانی سپیاتی، گەلێ کارگە پەیدا بوون، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانەدا بوو، کە بەسەر شێوازی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتدا هات و هەندێ کێڵگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ کرایەوە، کە خۆی لە بەخێوکردنی مانگا و گامێشدا دەبینی. کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سپیاتی لە شارەکانی

ئــــەرزنجان و وان و هـــــەولێر و کرمنشـــــاه ... هتـــد دامـــــەزران، هەندێکیان ئەوانەی خوارەوەن.

- کۆمپانیای سپیاتی اورمیە

ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٨١دا ، بۆ بەرهەمهێنانی ماست و پەنیر و کەرە و سەرتو و رۆنی خاو، لە شاری اورمیە دروست کراوە. بەرهەمی لە ساڵی ١٩٨٩دا، ٣٢١٦ تەن بوو، (١٩٨١ ـ ٤٢٥٥ تەن) و دەستکوتی ساڵانەشی ٢٠٦ ملیۆن ڕیاڵ بوو (١٩٨١ ـ ١٧٣ ملیۆن ڕیاڵ).

- کۆمپانیای سپیاتی جەیلانپنار

کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەمهێنانی سپیاتی و بەخێوکردنی ئاژەڵە لە کوردستاندا. بەرهەمی ساڵانەی لە ماست و پەنیر دەگاتە سەدان تەن و لە گۆشت لە چەند هەزار تەنێ تێپەڕ دەکات. لەم کۆمپانیایەدا سێ هەزار کرێکار کار دەکەن.

- پیشەسازی لە قتوکردن

ئەگەرچی هەڵگرتنی گۆشت و پەنیر و دۆشاو و دۆشاوی تەماتە و هەندێ بەرهەمی دیکەش، لە گۆزەی شین و مەشکە و پێستە و مەنجەڵدا لە کوردستاندا باوە، لە قوتوکردن تاکو ساڵەکانی شەستیش نەبوو، وەلێ لەو ساڵانە بە دواوە، لە هەندێ شوێن کارگەی تایبەتی بۆ لە قوتوکردنی خواردەمەنی، بە تایبەتی بەرهەمی کشتوکاڵ، لە هەریر و دهۆک و دیاربەکر و کرمنشاه و هەندێ شوێنی دیکە، پەیدا بوون. پیشەسازی لە قوتوکردن لە لایەکەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵ، لە نێوچە دوورەکان لە بازاڕەوە، لە رزین و لەنێوچوون رزگار دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە، خواردەمەنی جۆراوجۆر، لە وەرزەکانی بەرهەم نەهێناندا، بۆ خەڵکی دابین دەکات.

ـ پیشەسازی دیکە

پیشەسازی سرکە لە کوردستاندا زۆر بڵاوە، بە تایبەتی لەو نێوچانەدا کە میوەیەکی زۆری لێ دەڕوێ، وەکو ترێ و هەرمێ و هەنار و هەنجیر. هەروەها وشککردنەوەی ناوکە کولەکە و دەنکە گوڵەبەڕۆژە و بایەم و فستق... هتد. لە زۆربەی زۆری نێوچەکانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێ.

۲. پیشەسازییەکانی چنین و ڕستن

یەکێکە لە هەرە پیشەسازییە کۆنەکانی کوردستان. ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان، بە تایبەتی ژنان لە ماڵەکان و لە کارخانەکان، لەو بوارەدا کاردەکەن. بەرهەمی ساڵانەی پیشەسازی خۆماڵی، خۆی لە چەند هەزار تەنێ دەدات و بەشێکی گەورە لە پێویستییەکانی دانیشتوانی وڵات. دابین دەکات. ئەو پیشەسازییانەش بریتین لەم جۆرانەی خوارەوە:

ـ پیشەسازی پەمۆ

مەبەست لە رستنی پەمۆ بە تەشی و مەکینە، زیاتر بۆ ئەوەیە کە چەند شتمەکی پیویستی وەکو قوماش و فانیلە و گۆرەوی و چارشێو و چەرچەف و هەندێ جاریش بۆ بەرماڵ و کڵاشی... هتد لێ دروست بکرێ. ئەورۆ ئەو جۆرە پیشەسازییە، زیاتر لە نیوەی پێویستییەکانی خەڵکی لەو کەلوپەلانەی لە پەمۆ دەچندرێن، دابین دەکات. هەروەکو لە کارگەکانی موسڵ و دیاربەکر و گازی ئانتەب و ئادیەماندا هەیە.

ـ پیشەسازی رستن و چنینی خوری

بەرهەمی ساڵانەی وڵات لە خوری، بە دەیان هەزار کیلۆگرام دەبی. بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی، لە قوماش و گۆرەوی و فەرش و جاجم و رایەخی جۆراوجۆر، چەند کارگەیەک لە

شارەکانی کوردستاندا، دروست کراون. هەندێکیان لە سەرەتای سییەکاندا دامەزراون. جگە لەو کارخانانە، رستن و چنین کە بە دەست لە لایەن ژنانەوە ساز دەدرێ، بە تایبەتی لە گوندەکاندا. بەرهەمەکانیان، زیاتر لە لایەن خۆیانەوە ساغ دەکرێتەوە.

**ـ کۆمپانیای رستنی کرمنشاه**

ئەو کۆمپانیایە لە شاری کرمنشاه، لە ساڵی ١٩٧١دا ، بۆ خۆری و لۆکە رستن دامەزراوە. بەرهەمی ساڵانەی بریتییە لە ٦٠٠هەزار مەتر قوماشی جۆراوجۆر. ئەگەر بێتو کرێکاری لێزان و ماددەی خاو مسۆگەر بکرێ، ئەوا دەتواندرێ بەرهەمی ساڵانە زیاد بکرێ.

**ـ کۆمپانیای چنین و رستنی موسڵ**

یەکێکە لە کۆنترین کارگەکانی چنین و رستن لە کوردستاندا، ساڵی ١٩٥٣ لە شاری موسڵ دامەزراوە. لە شوباتی ١٩٥٧دا تاکو ئەورۆ، چەندین ملیۆن مەتر قوماشی جۆراوجۆری هێناوەتە بەرهەم (١٩٧٢ ـ ٣٣ ملیۆن مەتر). ئەو کارگەیە تاکو حەفتاکانیش، شەش ملیۆن و ٦٩٨ هەزار دیناری تێچووە. ژمارەی کرێکارەکانی لە ساڵی ١٩٧٢دا ٢ ١٧٩ کەس بوون (٢ ١٥٤ ـ کرێکار ١٢ ـ فەرمانبەر ١٢ ـ خزمەتکار ١ ـ پسپۆڕ) .

**ـ پیشەسازی درومان و جلوبەرگی دورواو**

ئەو پیشەسازییە لە کوردستاندا، پیشەسازییەکی تازەیە. وەلێ لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێویستییەکانی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا، لەبەر هەرزانی و تەواوبوونی خێرایی ئەو جۆرە جلوبەرگانە، لە شارەکاندا زۆر بە خێرایی بڵاو بۆوە. کارخانەکانی ئەو کەرتە چەندین جۆر گۆرەوی و فانیلە و بلوزی پیاوانە و ژنانە و جلوبەرگی منداڵانە دێننە بەرهەم. کارگەی چنینی دیاربەکر و گازی ئانتەب وئەرزوروم و ئەرزنجان و موسڵ، اورمیە و گەلێ شوێنی دیکەش، بە ناوبانگترین کارگەکانی

جلوبەرگی دوروای کوردستان بوون. بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە چەند هەزار تەن و ساڵی بە سەدان کرێکار کاری تێدا دەکات.

**- پیشەسازی فەرش**

بەناوبانگترین و کۆنترین و بڵاوترین پیشەسازی لە کوردستاندا، فەرش چنینە، بە تایبەتی بە تەون، بە شێوەیە ماڵ نەبوو لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستاندا، تا کۆتایی پەنجاکان کەرستەی تەونی لە ماڵدا نەبێ. لەو دەزگایانەدا، ساڵانە بە سەدان مەتری چوارگۆشە، لە فەرش دەچێندرا. لەو ڕووەوە نێوچەی چهار محال و بختیاری و کردستان ناوبانگیان دەرکردووە. لەو ساڵانەی دواییشدا، بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەم و سوودوەرگرتن لە تەونکردن و خوری وڵات و لەنێوبردنی بێکاری لە نێو ژنان و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوە، چەندین کارخانەی فەرش چنین دامەزران. هەندێکییان ئەوانەی خوارەوەن.

**کارخانەی فەرشی دەست لە هەولێر**

ئەو کارخانەیە لە ساڵی ١٩٧١ی زایینیدا دانراوە و تاکو ساڵی ١٩٧٤، بەرهەمی سەرەکی فەرشی نەخشداری نۆگرێ بوو. بەرهەمی مانگانەی ٨٨٢ مەتر چوارگۆشە بوو، وەلێ لەو ساڵانەی دواییدا، نەوەک هەر بەرهەمی ٤ ـ ٥ جار زیادی کرد، (١٩٧٣ ـ ٧٥٨٦ مچگ، ١٩٧٤ ـ ١٠ ٥٧٩ مچگ)، بەڵکو هەروەها بەرهەمی فەرشی جۆراوجۆریش زیادی کرد. ژمارەی کرێکارانیش لە ساڵی ١٩٧٢دا، لە دەوروبەری ١٩٤ کەسدا بوو، (فەرشچن ـ ١٣٧ کەس، فەرمانبەر ـ ٥٧ کەس). چەندین ساڵە لەکار کەوتووە.

**- پیشەسازی هۆنینەوە**

بەن بۆ هۆنینەوەی گوریس و سەرکەڵە و ڕەشمە و دەسترازە و لیفکە و کڵاو و شەدە و هەوری و دوخێن و گول بەکار دەهێندرێ.

لەو ساڵانەی دواییشدا، لە کارخانەکان کندریان لە داوی نایلۆن و ئەلیاف و گوش دروست دەکرد. بەرهەمی ساڵانەی چەند هەزار مەترێ دەبی. ژمارەی کرێکارانیش، خۆی لە چەند سەد کەسی دەدات.

### ٣. پیشەسازی چەرم

ماددەی خاوی ئەو پیشەسازییە لە کوردستاندا زۆرە و توانای پەرەپێدانیشی کەم نییە. بەرهەمی ساڵانەی بەشێکی کەم لە پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی دابین دەکات. مەبەست لە پیشەسازی چەرم، ئەوانەن:

#### ـ پیشەسازی پێستەخۆشکردن

خەڵکی پێویستییەکانی لە مەشکە بۆ دۆ ژەندن و دودانە بۆ دۆ هەڵگرتن و کوندە بۆ ئاوهێنان و ساردکردن و هەڵگرتن و خواردنەوە و فەرو و قاپوتی چەرم لە پێستەی خۆشکراو بە دەست دەهێنن.

#### ـ پیشەسازی پێڵاو

بازاڕەکانی کوردستان، ساڵانە پێویستی بە سەدان ملیۆن جووت پێڵاو هەیە. بۆ دابینکردنی ئەو پێویستییە، لە هەندێ شار کارخانەی دروستکردنی پێڵاو، لە قایش و پێستەی دەستکرد دامەزراوە. لە هەندێ شوێنی دیکەش، هەندێ لە دانیشتوان بە کاری پێڵاو دروستکردن و سۆل و قەڵتاغ و کڵاش چنینەوە، بە دەست و بە مەکینەی بچووک خۆیان خەریک کردووە.

#### ـ پیشەسازی جانتا

بەشێک لەو پێستە خۆشکراوانە، بۆ دروستکردنی جانتای گەورەی بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ و جانتای دەستی پیاوانە و ژنان و جانتای منداڵانی قوتابخانەکان بەکار دەهێندرێت. ئەو

پیشەسازییە لە شاری موسڵ و دیاربەکر و ارومیە و ئەرزوروم .... هتد زۆر گەرمە.

**٤. پیشەسازی کەرستەی خانوو**

پیشەسازی کەرستەی خانوو، شوێنێکی دیاریکراو لە کەرتی پیشەسازی وڵاتدا، بۆ خۆی دیاری دەکات. لەو رووەوە کارێکی راستەوخۆ، لە کردنی خانوو و چالاکییە ئابوورییەکانی وڵات دەکات. ماددەی خانووبەرە بریتییە لە وانەی خوارەوە:

**- پیشەسازی خشتی سوور**

لە ئەنجامی گەشەکردنی دانیشتوان و پێویستییەکانی زیادبوونی ژمارەی خانووی تازە، شارەکان بە شێوەیەکی بەردەوام، پێویستییان بە خشتی سوور، ساڵ لە دوای ساڵ بەرز دەبیتەوە و لە زیادبوون دایە. ژمارەی کارخانەکانی ئەو جۆرە پیشەسازییە لە کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٩دا، نزیکەی ٨٠٠ کورەی خشت بوو. ژمارەی کرێکارانیش زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەبوون. بەرهەمی ساڵانەشیان لە دە ملیۆن خشتی سوور تێدەپەڕی.

**- پیشەسازی قسڵ و گەچ**

ئەوانە، لە کوردستاندا دوو ماددەی سەرەکی خانوو کردنن. بە تایبەتی بۆ ئەوکەسانەی کە لە خشتی سوور خانوو دروست دەکەن. کارگەی قسڵ و گەچ لە زۆر جێگەی کوردستان هەن، بۆ نموونە، لە آذربایجان غربی ـ ٤ کارگە، لە کرمنشاه ـ ١٣ کاگە، هەندێکی دیکەش لە شارەکانی دیکەدا هەن. ئەو دوو ماددەیە، لە سوتاندنی قسڵەبەرد و وردکردنی دێتە بەرهەم.

**- پیشەسازی چیمەنتۆ**

ئەو پیشەسازییە، بە بەراوردکردن لەگەڵ پیشەسازییەکانی دیکەی کەرستەی خانوودا، بایەخێکی تایبەتی هەیە.

بەرهـەمهێنانی چیمـەنتۆ لـە کوردسـتاندا، بـۆ سـاڵی پـەنجاکان دەگەڕێتەوە. هەندێ لەو کارگانەی ئەورۆ کاردەکەن، ئەوانەن:

**ـ کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار**

ئـەو کارگەیـە لـە سـاڵی ١٩٥٦دا ، لـە لایـەن کۆمپانیایـەکی فەرەنسـی دامـەزراوە. سـەرەتا بـە نـاوی مصلحة سمنت سرجنار دامـەزراوە، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٧٠دا، ناوەکـەی گـۆڕا و بـوو بـە کۆمپانیـای گشـتی چیمـەنتۆی سـەرچنار. ئامـانجی سـەرەکی لـە دامەزراندنی ئەو کارگەیە لە سەرچنار، لە سەرەتادا زیاتر بۆ دابینکردنـی پێویسـتییەکانی هـەردوو ئاوبەنـدی (دوکـان و دەربەندیخان) بوو لە چیمەنتۆ. هۆی دووەمیش ئەوە بوو، کە لە نێوچەکەدا ماددەێکی خاوی زۆر بۆ دروستکردنی چیمەنتۆ هەیە، وەک بـەردی کلس و خـۆڵی سپی، کـە یەکـەمیان یـەک کیلۆمـەتر و دووەمیـان سـێ کیلۆمـەتر، لـە شـوێنی کارگەکـەوە دوورە. کارگـەی سـەرچنار لـە ساڵی دامەزراندنییـەوە تـاکو ئـەورۆ، گـەلێ گـۆڕانی گرنگی بـە خۆیـەوە دیوە. لە هـەموویان لەبـەر چاوتر، زیادکردنی تـەندورێکـە، کـە توانـای بەرهـەمهێنانی لـە ڕۆژێکدا، ٤٠٠ تـەنـە، لەگـەڵ دوو دەسـتاڕی گـەورەدا، کـە یەکـەمیان توانـای هـاڕینی ٤٠ تـەنـە و دووەمیشیان توانـای هـاڕینی ٣٠ تـەنـە لـە یـەک کـاژمێردا. بەرهـەمی ساڵانەی کارگـەی چیمـەنتۆ ئـەورۆ، سـەدان هـەزار تـەن دەبـی، (١٩٧٣ ـ ١٠٥ هـەزار تـەن، ١٩٧٤ ـ ١٧١ هـەزار تـەن). ئەگـەر ژمـارەی کرێکارەکـان و مادهـەی خـاوی بـۆ زیـاد بکـرێ، کارگەکـە توانای زیادکردنی بەرهەمی هەیە.

**ـ پیشەسازی بلۆک**

کەرستەێکی خانوودروستکردنی تازەیـە بلـۆک لـە کوردسـتاندا. سـەرهەڵدانی ئـەو پیشەسـازییە بـۆ سـەرەتای حـەفتاکان دەگەڕێتـەوە. لەبـەر هـەرزانێ و گـەورەیی و کـەم مانـدووبوون بـە

دروسکردنییەوە، بلۆک لە کوردستاندا و لە دروستکردنی خانوودا، بە تەواوی جێگەی خشتی سوری گرتۆتەوە.

**٥. پیشەسازییە کیمیاوییەکان**

ماددەی خاوی پیشەسازییە کیمیاوییەکان لە کوردستاندا زۆرە. ئەگەر بێتو بایەخ بەو ماددە کیمیاوییانە بدرێ، وەکو ئەوەی پارەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ، ژمارەی کرێکاران زیاد بکرێ، بازاڕ بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی بدۆزرێتەوە، ئەوا ئەو پیشەسازییە دوارۆژێکی باشی دەبی و جێگایەکی تایبەتیش لە ریزی کەرتەکانی دیکەی پیشەسازییەکانی وڵاتدا، بۆ خۆی داگیر دەکات. پیشەسازییەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١. پیشەسازی نەفت**

ئەوەیان. لە دوارۆژدا بۆی هەیە، لە نێو پیشەسازییەکانی دیکەی وڵاتدا، جێگایەکی تایبەتی و مەزن بۆ خۆی بگرێ. هەندێ لەو پیشەسازییانە لێرەدا باس دەکەین:

**ـ پیشەسازی پاڵاوتن**

ئامانجی سەرەکی ئەو جۆرە پیشەسازییە، پاڵاوتنی نەفت و جیاکردنەوەی بەرهەمەکانێتی، بۆ ئەوەی کۆمپانیاکانی نەفت و دانیشتوان لە ناوخۆدا بەکاری بهێنن. زۆربەی پاڵێوگاکانی نەفت بچووکن و توانای پاڵاوتنیان لە ساڵێکدا، لە چەند هەزار بەرمیلێ زیاتر نابێ، ئەگەرچی لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەمدا، رۆژانە لە سەروو نیو ملیۆن بەرمیلەوەیە.

**پاڵێوگەکانی نەفت لە کوردستاندا**

بە مەبەستی دابێنکردنی بەروبۆمی نەفت وەکو بەنزین و نەفتی سپی و گازوایل، دەوڵەت و کۆمپانییەکانی خۆمانی و بیانی چەند پاڵیوگەیان لە شوێنی جوداجودا لە کوردستاندا دامەزراندوە. هەندێکییان ئەوانەی خوارەوەن.

- پاڵێوگەی ئەڵوەند

کۆنترین پاڵێوگەی نەفتە لە کوردستاندا و لە ساڵی ١٩٢٧دا، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزی ـ فارسییەوە دا. لە مەزراوە. ئەو پاڵێوگەیە حەوت کیلۆمەتر لە باشووری شارۆچکەی خانەقینەوە دوورە. نەفتی خاوی بە لولەیەکی ٣٧ کیلۆمەتر درێژیی و تیرەی دە ئینجی، لە مەیدانی نەفتی نەفتخانەی باشووری رۆژهەلاتی خانەقینەوە بۆ دێ. بەرهەمی رۆژانەی پاڵێوگەی ئەڵوەند، لە ساڵی ١٩٧٨ دا ١١ هەزار بەرمیل بوو، (١٩٦٨ ـ ١٢ هەزار بەرمیل)، هەمووی بۆ بازارەکانی ناوخۆ بوو. وەلێ لەو سڵانەی دواییدا، بەشێکیان بۆ زیاد کردووە، کە لە رۆژێکدا پێنج هەزار تەنەکە نەفتی سەرمۆر بەرهەم دەهێنێ.

- پاڵێوگەی باباگوڕگوڕ

کۆمپانیای نەفتی عێراق، لە ساڵی ١٩٢٧دا، لە نزیک شاری کەرکوکەوە، بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی نەفت، ئەو پاڵێوگایەی دامەزراند. ئەو بەرهەمانەی لەو پاڵێوگایەدا جیا دەکرێنەوە، بریتین لە گازۆیل و نەفتی سپی (کیرۆسین) و رۆنی سوتەمەنی و نەفتی خاو. توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی بە ١٥٠ هەزار تەن دادەنرێ.

دەزگای پاڵێوگەی نەفت، لە ساڵی ١٩٧٣ دا، دوو بەشی تازەی دیکەی دروست کرد. لە باباگوڕگوڕەوە بە بۆرییەکی دە ئینجی نەفتی بۆ دەهێنا، کە ١.٥ کیلۆمەتر لێوەی دوورە. توانای پالاوتنی پاڵێوگەی باباگوڕگوڕ لە ڕۆژێکدا، بریتییە لە ٤٢ هەزار گالۆن کیرۆسین و ٣٠ ملیۆن گالۆن گازۆیل و ١٠٧ ملیۆن گالۆن نەفتی ڕەش.

- پاڵێوگەی باتمان

دۆزینــەوەی نــەفت لــە دۆڵــەکانی چیــای مــەیمون، لــە ســاڵی ١٩٤٠دا، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ دروستکردنی ئەو پاڵێوگایە.

ئــەو پاڵێوگایــە لــە ســاڵی ١٩٤٤دا، لــە لایــەن ئینســتیتوتی جیۆلۆجی دەوڵەت(تورکیا)، بۆ دۆزینەوەی نەفت دامەزراوە. توانای پاڵاوتنی لە نەفتی خاو، لە سەرەتاوە تەنیا دوو ملیۆن تەن بوو لــە ســاڵێکدا. دوایــی بــە هــۆی زیــادبوونی بەرهەمهێنانــەوە، کۆمپانیای نەفتی تورکی، لە هەمان شوێندا و بە توانای پاڵاوتنی ٧٠٠ هەزار تەن لە ساڵێکدا، دەزگایەکی گەورەتری دروست کرد.

- پاڵێوگەی کرمنشاه

ئەوەیان، بە مەبەستی پاڵاوتنی نەفتی مەیدانی نەفتی شا و دابینکردنی پێویستی بازاڕەکانی ناوخۆ، لە بەرهەمەکانی نەفت، وەکو کیرۆسین و بەنزین گازۆیل و رۆنی ترومبێل و گریس... هتد، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزی - فارسی، لە ساڵی ١٩٣٥دا، دامەزراوە. توانای رۆژانەی پاڵاوتنی پاڵێوگەی نەفتی کرمنشاه، لە ساڵی ١٩٩٣دا نۆ هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا.

- پاڵێوگەی نەفتی مسجد سلیمان

لە نزیک شارۆچکەی مسجد سلیمانەوە هەڵکەوتووە. لە لایەن کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزەوە دامەزراوە. لە سەرەتای دۆزینەوەی نەفت لەم نێوچەیەدا، توانای پاڵاوتنی رۆژانەی لە نەفت، لە ساڵی ١٩٩٣دا ٢٥٢٠ بەرمیل بوو (١٩٥٠ - ٢٥ هەزار، ١٩٧٧ - ٢٧ هەزار بەرمیل).

**٢. پیشەسازی گازی شل**

توانــای گەشــەکردنی ئــەو پیشەســازییە لــە کوردســتاندا زۆرە، ئەگەر هاتوو ماددهەی خاو بە تایبەتی گۆگرد، بە شێوەیەکی زۆر

دابــین بکــرێ. وەلــێ تــاکو ئێســتا، نــە دەوڵــەت و نــە کۆمپانیــا نەفتییەکان، کارێکی ئەوتۆیان لەو بارەیەوە نەکردووە.

### ٣. پیشەسازییە پیترۆکیمیاوییەکان

ماددەی خاو لە بەرهەمەکانی نەفت، وەکو بەنزین و نەفتی سپی ـ کیرۆسین و نەفتی رەش و هەروەها گازی سروشتی لە کوردستاندا، گەلێ زۆرە. بۆیە ئەگەر بێتو پسپۆڕ و کرێکاری شارەزا و ئامرازی تەکنیکی بۆ دابین بکرێ، دەبیتە پیشەسازییەکی گەشەدار لە وڵاتدا. وەلێ ئەو توانایانە تاکو ئەورۆ، بێسوود ماوتەوە. لقە گرنگەکانی ئەو پیشەسازییە، کە ئەورۆ لە کوردستاندا لە کارکردن و بەرهەمهێنان دان، ئەوانەن:

#### ـ پیشەسازی پاککردنەوەی گۆگرد

گۆگرد لە گازی سروشتی پاقژ دەکرێ و توانای بەرهەمهێنانی لە زۆر نێوچەی کوردستاندا هەیە، بە تایبەتی لە مەیدان گازەکانی دەوروبەری کەرکوک و مسجد سلیمان و باتمان... هتد.

ئەورۆ پرۆژەی پاقژکردنەوەی گۆگرد لە گازی سروشتی لە شاری کەرکوکدا، بەناوبانگترین و مەزنترین کارگەیە لە کوردستاندا. ئەو دەزگایە لە شەستەکاندا، لە لایەن کۆمپانیایەکی پۆڵۆنییەوە دروست کراوە. بەرهەمی ساڵانەی بە سەدان تەن دەبی. ژمارەی کارگەرانیشی لە پسپۆڕ و کرێکار و پاسەوان، زیاتر لە ٢٥٠ کەسێک دەبی.

#### ـ پیشەسازی جگەرە

داگرتنی جگەرە لە ماڵان و دوکانەکان، بە کۆنترین پیشەسازییەکانی کوردستان لە قەڵەم دەدرێ. لەو شوێنانەدا، ساڵی بە سەدان هەزار تەن جگەرە دێتە بەرهەم و بە سەدان کەس کاریان تێدا دەکات. کارگەی جگەرە لە شارەکانی بیتلیس و سلیمانی و هەولێر و کرمنشاه، لە سەرەتای شەستەکان و بە دواوە

دامەزراوە. هەر یەکێ لەو کارگانە، ساڵانە بە هەزاران گڵۆز پاکەتی جگەرەی جۆراوجۆر، دەهێنێتە بەرهەم و کاری رۆژانەشیان بۆ سەدان کرێکار لە ژن و پیاو مسۆگەر کردووە.

**٤. پیشەسازی سابوون و ماددەی پاککردنەوە**

سابوونی دەست شووشتن و جل شووشتن و ریشتاشین وسابوونی تۆز و دەرمانی دان شووشتن و دەرمانی قاپوقاچاغ شووشتنن، دەرمانی شوشە پاککردنەوە، لە کارگەی دروستکردنی سابوونی شارەکانی گازی ئانتەب و دیاربەکر و سنندج و هەولێر و موسڵ ... هتد دروست دەکرێن. لەو کارگانەدا، رۆژانە بە سەدان کرێکار کاری تێدا دەکات.

**٥. پیشەسازی گازی**

گرتنەوەی شەربەتی هەنار و مێوژ و کاڵەک و بەرهەمێنانی خواردنەوە گازییەکانی وەکو و بیبسی و کۆکاکۆلا ... هتد، لەگەڵ هەندێ خۆشاوی دیکەدا، لە ماڵان و دوکانی شارەکان دروست دەکرێن. بەرهەمی ئەو جۆرە پیشەسازییە، لە هاویناندا دوو ئەوەندەی بەرهەمی زستانان دەبی.

**٦. پیشەسازییە بنچینەییەکانی کانزاکان**

دواکەوتووترین کەرتی پیشەسازی لە کوردستاندا، چ لە رووی جۆراوجۆر و چەشن و چ لە رووی بەرهەمی ساڵانە و چ لە رووی ژمارەی کرێکارەوە و چ لە رووی پێکهێنان و هاوبەشیکردن لە بۆدجەی ساڵانەی دەوڵەتدا، ئەو جۆرە پیشەسازیەیە. گرنگترین لقەکانی ئەوانەن:

**- پیشەسازی کەلوپەل و ئامانی مەعدنی نێو ماڵ**

لە هەر شارێکی وڵاتدا، سێ تا چوار دوکان بۆ دروستکردنی دۆلاب و قەرەوێڵە و کورسی و مێز و رەفکەی ئاسن و پەردەی مەعدەنی و ئامانی مەعدەنی جۆراوجۆری نێو ماڵ، وەکو مەنجەڵ

و مقــەڵی و کــەوگیر و کــەوچک و چەمچــە و تەشــت و مەســینە و دەشۆر و کتلی ئاو، هەن.

**ـ پیشەسازی چاککردنەوە**

شــارەکانی دیاربــەکر و گــازی ئانتــەب و ئــەرزوروم، هــەولێر، کرمنشاە اورمیە و سنندج، بە پیشەسازی چاککردنــەوەی هۆیــەکانی گواستنەوە ـ وەک کاری فیتەری قەمەرە و پاس و لۆری و پیکاب و جێب و چاککردنــەوەی مەکینــە و ئامێرەکــانی کشتوکاڵی وەکــو ـ تراکتۆر و کەمباین و تۆدەرر و پەمپی ئاو، ناوبانگیان دەرکردووە.

**ـ پیشەسازی تەنەکەسازی**

پیشەسازییەکی زۆر بڵاوە، بە تایبەتی لە شارە گەورەکاندا، بۆ دروستکردن و راسکردنەوەی بۆنیتی ترومبێل و یەخچاڵ و زۆپای نەفت و گەلێ شتی دیکەش.

# سەربابەتی پێنجەم
# ڕێگەوبان

ڕێگەوبان لە ژیانی دەوڵەتانی سەر ڕووی زەمیندا، ڕۆڵێکی یەکجار گەورە وازی دەکات، ئەو ڕۆڵە بە شێوەیەکی تایبەتی، کار لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی گەلان دەکات. بۆیە هەرچەندە ڕێگەوبان لە هەرێمێکدا یا لە وڵاتێکدا، ڕێکوپێک و باش پێشکەوتوو بێ، ئەو هەرێمە یا ئەو وڵاتە، ئەوەندە پێشکەوتوو دەبی و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕێگەوبانی چاک لەو وڵاتەدا نەبوو، باری وڵاتەکە لە زۆر ڕووەوە خراپ دەبی.

## ژێربابەتی ١. ڕۆڵی ڕێگەوبان لە کوردستاندا

ڕێگەوبان کار لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری کوردستان دەکات. لە خوارەوە باسی هەر لەو لایەنانە دەکەم.

### ڕۆڵی ڕێگەوبان لە ژیانی ئابووریدا

ڕێگەوبان کارێکی زۆر لە ژیانی ئابووری وڵات دەکات. ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەیە، کە هەموو جۆرە گواستنەوە و کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنێکی ڕۆژانەی بەرهەمەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی، لە شوێنی بەرهەمهێنانیانەوە و بارکردنیان بۆ شوێنی هەڵگرتن و ساغکردنەوە و بازاڕ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بە بوونی یا نەبوونی سروشت و جۆری ئەو ڕێگا و بانانەوە بەستراوەتەوە، کە لەو وڵاتەدا ڕاکێشراون. ئەگەر هاتوو ڕێگەوبانەکان خۆش بوون، ئەوا لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، توانای بارکردن و گواستنەوەی بەرهەمەکان، زیاتر دەبی. واتە لە لایەکەوە جوتیارەکان سود لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن، کە بە

درێژایی ساڵ پێوەی ماندوو بوون، لە ئەنجامیشدا هەم دەبیتە هۆی باشکردنی باری ئابووری جوتیارەکان و هەم زیاتر هانی جوتیارەکان دەدا، بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و بەرهەمی زیاتر و باشتر لە ساڵەکانی داهاتوودا، بهێننە بەرهەم. لە لایەکی دیکەشەوە، بازاڕەکانی ناوخۆ بە بەرهەمە جۆراجۆرە خۆماڵییەکان پڕ دەکرێ و لە رووی کەلوپەلە پێویستییەکانی ژیانەوە، کەموکوڕی کەمتر دەبیتەوە و کۆمەڵانی خەڵکیش دەتوانن، بە نرخێکی گونجاو پێویستییەکانی رۆژانەیان دەست بکەوێ. وەلێ ئەگەر هاتوو، رێگەوبانەکان خراپ بوون، ئەوا بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا دەمێننەوە و زۆربەیان خراپ دەبن، بەبێ ئەوەی کەس کەڵکیان لێ وەربگرێ و هەموو ئەو رەنج و تەقەلایەی جوتیارەکانیش، لە ماوەی ئەو ساڵەدا داویانە، بە فیڕۆ دەچێ.

**رۆڵی رێگەوبان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا**

ژیانی کۆمەڵایەتی لە رووی پلەی پێشکەوتن یا دواکەوتنەوە، تاکو رادەیەکی زۆر پەیوەندی، بە بوون و نەبوون و جۆری رێگەوبانەوە هەیە. بوونی رێگەوبان لە هەر وڵاتێکدا، زیاتر پەیوەندی لە نێوان خەڵکیدا دادەمەزرێنێ و تێکەڵاوی لە نێوانیاندا دروست دەکات، بە تایبەتی ئەو تێکەڵاوییە، لە نێوان دانیشتوانی شارەکان و گوندەکاندا، بە هۆی رێگەوبانەوە زیاتر رەنگ دەداتەوە و گوندنشینەکان زیاتر لە شارەزایی و توانای شارنشینەکان، کەلک وەردەگرن، وەک لە شوێنە گشتییەکانی بازاڕ و نەخۆشخانە و قوتابخانە و پەیمانگاکان و زانکۆکان و لە کاروبارە ئیدارییەکاندا دەردەکەوێ. لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی پەیوەندی بەردەوام و بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری لە

گوندەکاندا، لایەنە نەرینی وەکو شەڕکردن و ناکۆکی تیرەگەریی و کوشتن و بڕین... هتد، لە کۆمەڵگەی لادێدا کەم دەبیتەوە.

**ڕۆڵی ڕێگەوبان لە ژیانی رامیارییدا**

ڕۆڵی ڕێگەوبان لە ژیانی رامیاریی و بە تایبەتی لە رووی سەربازییەوە، لە لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەمتر نییە. ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی ڕێگەوبانی باشن، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی ڕێگەوبانی خراپن، زۆر توانای داکۆکییان لە خاک و نەتەوەکەی خۆیان گەلێ زیاترە. لە هەمان کاتدا، توانای دامرکاندنەوەی هەموو هەراو و ئاژاوەیەکی ناوخۆشیان زیاترە. بە هەمان شێوەش، لەو نێوچانەدا کە خەباتی چەکداری دژی دەسەلات دەکرێ، ئەگەر ڕێگەوبانەکان باش بن، ئەوا لە رووی کۆکردنەوەی خەڵکی و دەستوەشاندن لە دوژمن، بۆ پارتیزانەکان گەلێ ئاسانتر دەبی.

**ژێربابەتی٢. ڕێگاوبانی زەمینی**

درێژی ئەو چەشنە ڕێگایە لە کوردستاندا، بو گوێرەی خاملان، بیست و سێ هەزار (ساڵی ١٩٨٥ ـ ١٨ هەزار) کیلۆمەتر دەبی. واتە هەر یەک کیلۆمەتر، بەرامبەر یەک ملیۆن و نیە کەس. ئەوەش لە هی وڵاتەکانی دیکەی باشووری رۆژئاوای ئاسیا وەکو ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق کەمترە.

تۆڕی ڕێگاکانی ئەوڕۆی کوردستان، لە ئەنجامی فاکتەرەکانی سروشتی و مرۆیی یەوە پێک هاتوون. هەندێ خەسڵەتەکان، کە لە ئەنجامی ئەو دوو فاکتەرە پەیدابوونە، ئەوانەی خوارەوەن.

١. راکێشانی ڕێگە بۆ هەر کون و قوژبنێکی کوردستان، هەر لەسەرەتاوە بە مەبەستی سەربازیی و کۆنترۆڵکردنی نێوچە جیاجیاکان و سەرکوتکردنی جولانەوە نەتەوەییەکانی کورد و

جەنگ بەرپاکردن بووە. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، لەو ڕێگایانەوە زۆر بە خێرایی و بە کورترین ڕێگە، مەکینە جەنگییەکانی خۆیان، گەیاندووتە ئەو شوێنانە و کەوتوونەتە گیانی خەڵک و شەریانکردووە.

٢. پانایی ڕێگایەکان، کەمێکییان نەبێ، ئەویدیکەیان نۆمەترە، واتە ڕێگاکان باریک و تەسکن. بۆیە هاتوچۆکردن بەو جۆرە ڕێگایانە، هەرگیز بەبێ مەترسی نییە و چەندین کارەساتی ناخۆشیشیان تێدا روو دەدات.

٣. کەمی یا نەبوونی دەزگای تایبەتی بۆ پاراستنی جادەکان، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە لە شارەکانەوە دوورن، ئەوەش وای کردووە، کە بەشێکی زۆر لە جادەکان، کەند و کۆسپیان تێبکەوێ و هاتوچۆ لەسەر ئەو ڕێگایانە، ئاسان نەبێ.

٤. ڕیگاکان، بە تایبەتی ئەوانەی لە نێوچە شاخاوییەکاندا هەڵکەوتوون، پێچاوپێچی زۆریان تێدایە و کاتێکی زۆریان دەوێ، تا ترومبێلەکان لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی دیکە. دیارە ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوەیە، کە دەوڵەت ئەو ڕێگایانەی بۆیە بەو شێوە کێشاوە تاکو بە کەمترین کاتی تەواویان بکات و پارەشی کەم تێ نچی.

٥. زۆربەی ڕێگاکان یەک لایین. هاتوچۆ لەسەر ئەو چەشنە ڕێگایەنە زۆر خۆش نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ترومبێلێ بیەوێ لە ڕێگایەکەوهە بۆ ڕێگایێکی دیکە لا بدا، پێویستی بەوەیە کە مەودایەکی درێژ ببڕێ، تاکو شوێنێکی بۆ هەڵدەکەوێ و پێچی لێ دەکاتەوە و دەچێتەوە سەر ڕێگایەکەی دیکەی کە دەیەوێ پێیدا تێپەڕ ببێ.

٦. لەبەر ئەو هێڵە سەربازییانەی(سنووری سیاسی) کە ئەوڕۆکە، لە لایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، لە نێو جەرگەی

کوردستاندا راکێشراون، ڕێگایەکان لە نێوان نێوچە جیاجیاکاندا تێکەڵ بە یەکدی نابن، لەبەر ئەوە لە کاتی هاتوچۆکردن بە ترومبێل، مرۆڤ ناچار دەبی، بە یەک شوێنی دیاریکراو و لە ژێر کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی ئەو دەوڵەتانەدا بڕوا و لا نەدات.

٧. گوندنشینەکان زۆر کەم سود لە جادە قیرتاوەکان دەبین، بە تایبەتی ئەوانەی لە گوندی دوورە و لاچەپەدا دەژین، چونکە لەو نێوچانەدا، ڕێگای قیرتاوەکان لقیان لێ نابێتەوە، تاکو بەو نێوچانە بگات، ئەوەش خۆی لە خۆیدا، بارێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی، لە نێو دانیشتوانی ئەو نێوچانەدا خوڵقاندووە و بەو زووانەش، ئەو بارە ناهەموارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەش، چارەسەر ناکرێ.

**چەشنی ڕێگاکانی زەمینی**

ئەوەیان سێ جۆرە بە ناوی ڕێگای ترومبێل و ئاسنەڕێ و بۆری نەفتی. لە خوارەوە لە سەریان دەنووسم.

**یەکەم. ڕێگای ترومبێل**

مەبەست ڕێکانی وەکو قیرتاوکراو و بەردرێژکراو و خۆڵ کە ترومبێل بەسەریاندا هاتوچۆ دەکات. ئەوەش دەکرێ بە دوو جۆر.

**١. ڕێگای سەرەکی**

مەبەست لە ڕێگای سەرەکی (جادە، ماگیستراڵ)، ئەو ڕێگا پانوبەرین و قیرتاوە درێژانەیە، کە سەرانسەری وڵات بە یەکەوە دەبەستن و لەو ڕێیانەشەوە، وڵاتەکە بە ڕێگاکانی دەرەوەی وڵاتەوە دەبەستنەوە.

ڕێگا سەرەکییانە، ساڵ دوازدەی مانگ هاتوچۆیان لەسەر نابڕێ. ڕۆژی بە دەیان ترومبێل بە بار و بە خەڵکەوە، هاتوچۆیان بەسەردا دەکەن. درێژایی ڕێگا سەرەکییان، یەک لەسەر سێی

گشت ڕێگا قیرتاوکراوەکانی وڵات پێک دەهێنن. گرنگترین ڕێگا سەرەکییەکانی کوردستان، ئەوانەن:

**کرمنشاه ـ ئەرزنجان**

درێژاییەکەی سەدان کیلۆمەتر دەبی. بە زۆربەی شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕ دەبی، وەکو شارەکانی سنندج و ارومیە و قاراکۆسە، ئەرزوروم. ئەو ڕێگایە بە نێو دۆڵەکاندا دەڕوات و لە زۆر شوێنیشدا، ناچار بوون پرد دروست بکەن، بۆ ئەوەی لە ئەوبەر و ئەوبەری دۆڵەکانەوە بپەڕنەوە.

**ارومیە ـ مەلاتیە**

یەکێکە لە ڕێگا درێژەکان لە کوردستاندا، چەندین شاری گەورەی وەکو وان، موش، بینگۆڵ ئەلازیغ، لە نێوەڕاست وڵاتدا پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو ڕێگایە وەکو ئەوەی پێشوو، بە نێو دۆڵەکاندا دەڕوات و گەلێ چیای سەخت دەبڕێ، یاخود لە گەلێ شوێندا، هەندێ چیایان بۆ داتاشیوە و لە زۆر شوێنیشدا، پردیان لە میانەی ئەوبەر و ئەوبەری دۆڵەکاندا دروست کردووە.

**سلیمانی ـ گازی ئانتەب**

درێژترین ڕێگایە لە کوردستاندا، بە گەلێ لە شارە گەورەکاندا تێپەڕ دبێ، وەکو شارەکانی کەرکوک، هەولێر، موسڵ، دهۆک، ماردین، ئورفا. لەو جێگایانەی ئەو جادەیەی پێدا تێپەڕ دەبی، زۆربەی زۆری لە دەشتاییەکی تەخت پێک هاتووە، یاخود تەپۆڵکەی بچووک بچووکە، بۆیە ئەو پارەیەی لە کێشانی ئەو جۆرە ڕێگایەدا خەرج کراوە، لەچاو ئەو پارەیەی لە ڕێگاکانی پێشوودا خەرج کراوە، زۆر کەمترە.

**٢. ڕێگای لاوەکی (لاڕێ)**

مەبەست هەموو ئەو ڕێگایانەن، کە دەکەونە نێوان سەنتەری ئەستانکان و یەکە ئیدارییەکانی دیکەوە و بەردەڕێژ و قیرتاو و

خۆش کراون. لاڕێ لەچاو ڕێگا سەرەکییەکاندا، تەسکترن و کەمتر هاتوچۆی پێدا دەکرێ. لەبەر تەسکی و خاوێن نەکردنەوە و بەردو خۆڵی قەراغ ڕێگاکان، لە هەندێ ڕۆژانی زستاندا، بە تەواوی هاتوچۆیان لەسەر دەبڕێ. درێژایی ئەو جۆرە ڕێگایانە لە کوردستاندا، لەچاو ڕێگا سەرەکییەکاندا، دوو جار زیاتر دەبی.

ڕێگاکانی زەمینی لە ئەستانەکانی کوردستاندا، بەو شێوەن کە لە خوارەوە باسیان دەکەم.

**ئەستانی ئادیەمان**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٨٠دا ، خاوەنی ٣٦٢ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. درێژی ڕێگای شاری ئادیەمان تاکو بەسنی ـ ٣٧ کم، تاکو چیلکهان ـ ٦٠ کم، تاکو گەڕگەڕ ـ ١١٩ کم، تاکو کاهاتە ـ ٤٠ کم، تاکو سەمسات ـ ٣٨ کم دەبی.

درێژی ڕێگای شاری ئادیەمان تاکو گازی ئانتەب ـ ١٥٣ کم، تاکو ئورفا ـ ١٦٠ کم، تاکو مارش ـ ١٦٤ کم، تاکو مالاتیا ـ ١٧٤ کم، تاکو دیاربەکر ـ ٢٠٧ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ٢٧٩ کم، تاکو موش ـ ٢٩٣ کم دەبی.

**ئەستانی ئاگری**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٩٣دا، خاوەنی ٥٢٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. لە مانە قیرتاوکراو ـ ٢١٢ کم، بەردەڕێژکراو ـ ١١٦ کم، ڕێگەی دیکە ـ ١٩٢ کم.

درێژایی ڕێگای شاری کاراکۆسە تاکو دیادین ـ ٦٢ کم، تاکو دۆغوبایەزیت ـ ١٠٦ کم، تاکو ئەلەشکیرت ـ ٣٢ کم، تاکو هامور ـ ١٢ کم، تاکو پاتنۆس ـ ٦٨ کم، تاکو تاشلی چای ـ ٣٠ کم، تاکو توتاک ـ ٣٦ کم.

درێژی ڕێگای شاری کاراکۆسە تاکو وان ـ ١٩٤ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ١٦٦ کم، تاکو ئیغدیر ـ ١٧٢ کم.

**ئەستانی بینگۆڵ**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٨٠دا ، خاوەنی ٢٩٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. درێژی ڕێگای شاری بینگۆڵ(چەولیک) تاکو ئەلازیغ ـ ١٤٣ کم، تاکو موش ـ ١١٨ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ١٩٦ کم، تاکو دیاربەکر ـ ١٥٩ کم.

**ئەستانی بیتلیس**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٢٧٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو.

درێژی ڕێگای شاری بیتلیس تاکو دیاربەکر ـ ٢٢٥ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ٣٥٨ کم، تاکو موش ـ ٨٥ کم، تاکو سییرت ـ ٩١ کم، تاکو ڤان ـ ١٦٢ کیلۆمەترە.

**ئەستانی دیاربەکر**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٩٤٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. درێژی ڕێگای شاری دیاربەکر تاکو بیسمیل ـ ٥٨ کم، تاکو چەرمیک ـ ٩٠٠ کم، تاکو چنار ـ ٣٠ کم، تاکو چونگوش ـ ١١٤ کم، تاکو دیجلە ـ ٨٨ کم، تاکو ئەرغانی ـ ٥٦ کم، تاکو هانی ـ ١١٩ کم، تاکو هازرۆ ـ ٧٦ کم، تاکو کولپ ـ ١٣٥ کم، تاکو لیجە ـ ٩٠ کم، تاکو سیلڤان ـ ٨٤ کم.

درێژی ڕێگای شاری دیاربەکر تاکو ماردین ـ ٨٦ کم، تاکو بینگۆڵ (چەولیک) ـ ١٥٨ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ١٦٥ کم، تاکو ئورفا ـ ١٨٥ کم، تاکو ئادیەمان ـ ٢٠٧ کم، تاکو بیتلیس ـ ٢٢٥ کم، تاکو مارش ـ ٣٧١ کم. تاکو وان ـ ٣٨٧ کم، تاکو گازی ئانتەب ـ ٦٨٦ کم.

**ئەستانی ئەلازیغ**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٤٦٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. درێژی ڕێگای شاری ئەلازیغ تاکو ئاغین ـ ٧٦ کم، تاکو باسکیل ـ ٣٨ کم، تاکو قەرەقۆچان ـ ١١٦ کم، تاکو کەبان ـ

٤٩ کم، تاکو مەعدەن ـ ٦٢ کم، تاکو پالو ـ ٩٤ کم، تاکو سیڤریجە ـ ٣٠ کم.

درێژی رێگای شاری ئەلازیغ تاکو تونجەلی(مامەکییە) ـ ١٥٣ کم، تاکو دیاربەکر ـ ١٦٥ کم، تاکو کاهرامانمارش ـ ٢٧٥ کم، تاکو ئەرزنجان ـ ٢٨٢ کم، تاکو بیتلیس ـ ٣٥٨ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ٣٩٨ کم.

**ئەستانی ئەرزوروم**

ئەو ئەستانیە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٥١٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری ئەرزوروم تاکو ئاش قەلا ـ ٤٤ کم، تاکو چات ـ ٥٧ کم، تاکو خنس ـ ٩٦ کم، تاکو هەکیم خان ـ ٨٢ کم، تاکو پاسینلەر ـ ٣٨ کم، تاکو تەکمان ـ ٥٥ کم.

درێژیی رێگای شاری ئەرزوروم تاکو کاراکۆسە ـ ١٨٣ کم، تاکو ئەرزنجان ـ ١٩٢ کم، تاکو تونجەلی ـ ٢٤٥ کم، تاکو کاهرامانمارش ـ ٢٥٧ کم، تاکو بینگۆڵ(چەولیک) ـ ٣٤٧ کم.

**ئەستانی گازی ئانتەب**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٣١٣ کیلومەتر چوار گۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری گازی ئانتەب تاکو ئەرغانی ـ ٦٤ کم، تاکو ئیسلاحیە ـ ٨٩ کم، تاکو کیلیس ـ ٦٠ کم، تاکو نیزیب ـ ٤٥ کم، تاکو ئۆغوزەلی ـ ١٨ کم، تاکو یاوزئەلی ـ ٣٧ کم.

درێژی رێگای شاری گازی ئانتەب تاکو کاهرامانمارش ـ ٨٠ کم، تاکو شانلی ئورفا ـ ١٤٤ کم، تاکو ئادیەمان ـ ١٥٣ کم، تاکو ماردین ـ ٣٣٢ کم.

**ئەستانی هەککاری**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٥١١ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری هەکاری(جۆلەمێرگ) تاکو ماردین ـ ٦٢٨ کم، تاکو سیبرت ـ ٢٨٥ کم، تاکو وان ـ ٢٠٤ کم.

**ئەستانی مەلاتیە**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ۱۹۸۰دا، خاوەنی ۵۳۳ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری مەلاتیە تاکو ئارابکیر ـ ۱۱۵ کم، تاکو ئەرگوڤان ـ ٦۰ کم، تاکو دارەندە ـ ۱۱۰ کم، تاکو دۆغان شەهیر ـ ۵۷ کم، تاکو هەکیم هان ـ ۷٤ کم، تاکو پۆتورگە ـ ۷٤ کم، تاکو یەشیل یورت ـ ۹ کم.

درێژی رێگای شاری مەلاتیە تاکو ئەلازیغ ـ ۱۰۰ کم، تاکو ئادیەمان ـ ۱۸۷ کم، تاکو کاهرامانمارش ـ ۲۲٤ کم، تاکو گازی ئانتەب ـ ۲٤۸ کم، تاکو دیاربەکر ـ ۲۵۳ کم.

**ئەستانی کاهرامانمارش**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ۱۹۸۰دا، خاوەنی ۳۲۱ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری کاهرامانمارش تاکو ئەلبیستان ـ ۱٤۸ کم، تاکو پازارچیک ـ ٤۸ کم، تاکو تورک ئۆغڵۆ ـ ۲۵ کم.

درێژی رێگای شاری کاهرامانمارش تاکو گازی ئانتەب ـ ۸۱ کم، تاکو ماردین ـ ۱٦۸ کم، تاکو مەلاتیە ـ ۲۲٤ کم.

**ئەستانی ماردین**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ۱۹۸۰دا، خاوەنی ۸۷۷ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری ماردین تاکو جیزرە ـ ۱٦۰ کم، تاکو دەریک ـ ۷۰ کم، تاکو گەرچوش ـ ۸۱ کم، تاکو ئیدیل ـ ۱۳۲ کم، تاکو قزل تەپە ـ ۲۲ کم، تاکو مازی داغی ـ ٤۳ کم، تاکو میدیات ـ ۵۸ کم، تاکو نوسەیبین ـ ۵۸ کم، تاکو ئۆمەرلی ـ ۱۸ کم، تاکو ساڤور ـ ٤٤ کم، تاکو سیلۆپی ـ ۱۹۱ کم.

درێژی رێگای شاری ماردین تاکو دیاربەکر ـ ۹٤ کم، تاکو شانلی ئورفا ـ ۱۸۳ کم، تاکو سیبرت ـ ۲۸۰ کم، تاکو گازی ئانتەب ـ ۳۲۸ کم، تاکو هەکاری (جۆلەمێرگ) ـ ٦۲۸ کم.

**ئەستانی موش**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٣٠٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری موش تاکو بولانیک ـ ١١٣ کم، تاکو مەلازگیرت ـ ١٤٠ کم، تاکو وارتۆ ـ ٥٣ کم بوو.

درێژی رێگای شاری موش تاکو بیتلیس ـ ٨٥ کم، تاکو بینگۆڵ (چەولیک) ـ ١١٨ کم، تاکو سییرت ـ ١٨٥ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ٢٧٥ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ٢٥٧ کم، تاکو دیاربەکر ـ ٢٧٢ کم.

**ئەستانی سییرت**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٧٣٥ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو.

درێژی رێگای شاری سییرت تاکو بایکان ـ ٤٨ کم، تاکو بەشیری ـ ٧٤ کم، تاکو ئەروە ـ ٥٤ کم، تاکو کۆزلوک ـ ٧٥ کم، تاکو کور تەلان ـ ٣٢ کم، تاکو شرناک ـ ٩٤ کم، تاکو شیروان ـ ٢٦ کم.

درێژی رێگای شاری سییرت تاکو بیتلیس ـ ٩١ کم، تاکو موش ـ ١٧٤ کم، تاکو دیاربەکر ـ ٢١٦ کم، تاکو ماردین ـ ٢٤٤ کم، تاکو وان ـ ٢٥٣ کم، تاکو هەکاری(جۆڵەمیرگ) ـ ٢٨٥ کم.

**ئەستانی تونجەلی**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری تونجەلی تاکو ئەرزوروم ـ ٢٤٥ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ١٥٣ کم بوو.

**ئەستانی شانلی ئورفا**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٧١٨ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری شانلی ئورفا تاکو بیرەجیک ـ ٨٤ کم، تاکو بۆزۆڤا ـ ٣٨ کم، جەیلانپنار ـ ١٤٢ کم، تاکو هالفەتی ـ ١٢١ کم، تاکو هیلڤان ـ ٥٤ کم، تاکو سیڤەرەک ـ ٩٣ کم، تاکو سوروچ ـ ٤٤ کم، تاکو وێران شەهر ـ ٩٠ کم.

درێژی ڕێگای شاری شانلی ئورفا تاکو گازی ئانتەب ـ ١٤٤ کم، تاکو ئادیەمان ـ ١٦٠ کم، تاکو دیاربەکر ـ ١٨٥ کم، تاکو ماردین ـ ١٨٨ کم، تاکو ئەلازیغ ـ ٣٣٨ کم، تاکو مەلاتیە ـ ٣٣٩ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ٦٨١ کم.

**ئەستانی ڤان**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٨٠دا، خاوەنی ٤٩٦ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. درێژی ڕێگای شاری وان تاکو باش کاڵا ـ ١١٢ کم، تاکو چاتاک ـ ٨٢ کم، تاکو ئەرجیش ـ ٩٥ کم، تاکو گەڤاش ـ ٤٠ کم، تاکو گورپیار ـ ٢١ کم، تاکو موورادیە ـ ٨٢ کم، تاکو ئوزالب ـ ٦٤ کم.

درێژی ڕێگای شاری وان تاکو بیتلیس ـ ١٦٢ کم، تاکو هەکاری ـ ٢٠٤ کم، تاکو قاراکوسە (ئاگری) ـ ٢٢٩ کم، تاکو سییرت ـ ٢٥٣ کم، تاکو دیاربەکر ـ ٣٨٧ کم، تاکو ئەرزوروم ـ ٤١٢ کم.

**ئەستانی آذربایجان غربی**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٩٣دا، خاوەنی ١٤٧٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. لەوانە ڕێگای ئەسفەڵتکراو ـ ١٧٢ کم، بەردەڕێژ ـ ٣٥٨ کم، ڕێگای گوندی ـ ٤٤٢ کم.

درێژی ڕێگای شاری ارومیە تاکو خوی ـ ١١٦ کم، تاکو مهاباد ـ ١١٠ کم، تاکو میاندوآب ـ ١٥٢ کم، تاکو بوکان ـ ١٧٢ کم، تاکو نغدە ـ ٨٥ کم، تاکو پیران شەهر ـ ١٢٤ کم، تاکو ماکو ـ ٢٣٨ کم، تاکو سلماس ـ ٨٢ کم. شاری *ارومیە*، بە جادەی ئەسفەلت بە شارەکانی دیکەوە بەستراوە.

درێژی ڕێگای شاری ارومیە و سنندج ـ ٣٤٨ کم، تاکو کرمنشاە ـ ٥٠٠ کم، تاکو خرم آباد ـ ٨٤٠ کم، تاکو ایلام ـ ٨٠٤ کم.

**ئەستانی کرمنشاه**

ئەو ئەستانە لە ساڵی ١٩٩٣دا، خاوەنی ٤٤٩٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. لەوانە رێگای ئەسفەڵتکراو - ٩٢٩ کم، بەردەڕێژ - ١٠٨٣ کم، رێگای گوندی - ١٠٦٦ کم. رێگا پێشنیازکراوەکان - ١٤١٢ کم.

درێژی رێگای شاری کرمنشاه تاکو سنندج - ١٣٦ کم، تاکو ایلام - ٢٠٨ کم، تاکو خرم آباد - ١٩٧ کم، تاکو اسلام آباد- ٥٧ کم، تاکو پاوه - ١١٢ کم، تاکو جوانرو - ٨٠ کم، تاکو سنقور - ٨٥ کم، تاکو صحنه - ٥٤ کم، تاکو کرند - ٩٣ کم، تاکو کنگاور - ٨٥ کم، تاکو هرسین - ٤٤ کم.

**ئەستانی کردستان**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٩٣دا، خاوەنی ٢٢٨٧ کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. لەوانە، رێگای ئەسفەلتکراو - ٢٢٨ کم، بەردەرێژ - ٨٠٩ کم، رێگای گوندی - ١١٩٠ کم.

درێژی رێگای شاری سنندج تاکو سقز - ١٥٨ کم، تاکو مریوان - ٩٤ کم، تاکو بانە - ٢٠٠ کم، تاکو قروه - ٨١ کم، تاکو بیجار - ١٢٢ کم.

درێژی رێگای سنندج تاکو کرمنشاه - ١٢٨ کم، تاکو ارومیە - ٣٧٨ کم، تاکو خرم آباد - ٢٨٠ کم.

**ئەستانی ایلام**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ١٩٩٣دا، خاوەنی چەند سەد کیلۆمەتر چوارگۆشە رێ بوو. درێژی رێگای شاری ایلام تاکو دهلران - ٢٣١ کم، تاکو درەشهر (بدره) - ١٢٨ کم، تاکو مهران - ٩٧ کم، تاکو شیروان و چرداول (لومار) - ٥٤ کم، تاکو آبدانان - ١٦٤ کم، تاکو ارکەوازی (قلعە دره) - ٥٠ کم، تاکو ئەیوان - ٥٠ کم، تاکو زرین آباد (میمە) - ٩٠ کم، تاکو چوار - ١٤ کم.

درێژی ڕێگای شاری ایلام تاکو کرمنشاه ـ ۲۰۸ کم، تاکو خوڕەم ئاباد ـ ٤۰٥ کم، تاکو یاسوچ ـ ۹٦۹ کم، تاکو شهر کرد ـ ۸۸۷ کم، تاکو سنندج ـ ۳٤٤ کم، تاکو /*رومیه* ـ ۸۰٤ کم.

**ئەستانی لرستان**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ۱۹۹۳دا، خاوەنی ۱۱۲٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. لەوانە، ڕێگای ئەسفەلتکراو ـ ٥۰۸ کم، بەردەڕێژ ـ ٤۸۷ کم، ڕێگای گوندی ـ ۱۲۹ کم.

درێژی ڕێگای شاری خرم اباد تاکو بروجرد ـ ۹۸ کم، تاکو الیگودرز ـ ۱۳٦ کم.

درێژی ڕێگای شاری خرم آباد تاکو کرمنشاه ـ ۱۹۷ کم، تاکو ایلام ـ ٤۰٥ کم. تاکو دزفول ـ ۱۹۲ کم.

**ئەستانی چهار محال و بختیاری**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ۱۹۹۳دا، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. لەوانە، ڕێگای ئەسفەلتکراو ـ چەند سەد کم، بەردەڕێژ ـ ۱۳۸۰ کم، ڕێگای گوندی ـ ۷۷٤ کم.

درێژی ڕێگای شاری شهر کرد تاکو بروجن ـ ۸۰ کم، تاکو فارسان ـ ٤٤ کم، تاکو لردگان ـ ۱٦۸ کم بوو.

**ئەستانی کهگیلویه و بویر احمد**

ئەو ئەستانە، لە ساڵی ۱۹۹۳دا، خاوەنی ۱٥٦۲ کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێ بوو. لەوانە، ڕێگای ئەسفەلتکراو ـ ۱۸۰ کم، بەردەڕێژ ـ ۷۹۹ کم، ڕێگای گوندی ـ ٥۸۳ کم.

درێژی ڕێگای شاری یاسوج تاکو دهدشت ـ ۲۲۸ کم، تاکو دوگنبدان ـ ۱۱٦ کم بوو.

**ئەستانی هەولێر**

ئەو ئەستانە، ئەورۆ، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێیە.

درێژی ڕێگای شاری هەولێر تاکو مەخموور ـ ٣٦ کم، تاکو بارزان ـ ٧٨ کم، تاکو سپیلک ـ ٢٥ کم.

**ئەستانی کەرکوک**

ئەو ئەستانە، ئەورۆ، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێە.

درێژی ڕێگای شاری کەرکوک تاکو قادرکەرەم ـ ٦٥ کم، تاکو توزخورماتوو ـ ٣٥ کم. تاکو تەقتەق ـ ٤٥ کم.

**ئەستانی سلیمانی**

ئەو ئەستانە، ئەورۆ، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێە.

درێژی ڕێگای شاری سلیمانی تاکو قەرەداغ ـ ٤٥ کم، تاکو پێنجوین ١٢٠ کم، تاکو سەید سادق ـ ٧٠ کم.

**ئەستانی نەینەوا**

ئەو ئەستانە، ئەورۆ، خاوەنی سەدان کیلۆمەتر چوارگۆشە ڕێە.

درێژی ڕێگای شاری موسڵ، تاکو کەڵەک ـ ٤٥ کم.

**دووەم. ئاسنەڕێ**

سەرەتای وەرگرتنی مافی ڕاکێشانی هێڵی ئاسن لە کوردستاندا، بۆ کۆتایی ساڵەکانی نیوەی دووەمی چەرخی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە. یەکەم جار لە لایەن دەوڵەتەوە، لە ساڵی ١٨٧٢دا، ئەو مافە بە سەرمایەدارەکانی ئینگلیز دراوە. لە ساڵی ١٨٨٠دا، ڕێگە بە بانکی ئەڵەمانی دراوە، بۆ ئەوەی هێڵی ئاسنی نێوان بەرلین و بەغدا ڕابکێشی. وەلێ لەبەر گەلێ هۆی ڕامیاریی و ئابووریی، ئەو مافانە زۆر جار لە کۆمپانیاکان دەسێندرانەوە و جێبەجێ نەدەکران، لە دواییدا مافی ڕێگەدان، بە هەندێ کۆمپانیای دیکە دراوە.

**خەسڵەتەکانی ئاسنەڕێ**

کێشانی هێڵی ئاسن لە کوردستاندا، لە سەرەتاوە بە زۆری بۆ گواستنەوەی نەفت و بەرهەمەکانی نەفت بووە، لە پاڵاوگەکانەوە

بۆ بازاڕ. لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە، کرێی گواستنەوەی یەک تەن هەرزان بووە، لە لایەکی دیکەشەوە، بەرهەمی هەندێ لەو مەیدانە نەفتییانە، ئەوەندە نەبووە تاکو بۆ هەموویان، بۆری نەفت رابکێشرێ.

ئامانجی کێشانی هەندێ لەو هێڵە ئاسنیانە، بۆ گواستنەوەی هێزەکانی سوپا و چەک و تەقەمەنی بووە، بۆ مەیدانەکانی جەنگ. لە دواییدا کراون بە هێڵی گواستنەوەی ئاسایی، هەر لەبەر ئەوەش بووە، وێستگەی شەمەندەفەرەکان بەرە بەرە ئاوەدان بونەتەوە و پەرەیان سەندووە و گەورە بوون.

خێرایی ئەو شەمەندەفەرانەی لە کوردستاندا هەن، زۆر کەمە. بۆ نموونە، ئەگەر ماوەی نێوان دوو شوێن، بە شەمەندەفەر ١٣ کاژمێر بێ، ئەوا هەمان ماوە ترومبێل دەتوانێ، بە شەش کاتژمێر بیبڕێ.

هێڵە ئاسنیەکانی کوردستان ، زیاتر بەو شوێنانەدا تێپەڕ دەبن، کە لە یەک کیلۆمەتر رێگای ئاسنیندا، کەمترین پارەی تێچوو بێ. واتە لایەنی ئابووریی لە کاتی اکێشانی ئەو هێڵە ئاسنیانەدا، زیاتر لە لایەنە ئابوورییەکانی دیکە رەچاو کراوە، بۆ نموونە، وێستگەی شەمەندەفەرەکان لە شوێنی ژیانی خەڵکییەوە، ئەوەندە دوورن، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، بە شەمەندەفەر سەفەر بکات، ماوەیەکی زۆری دەوێ، تاکو دەگاتە ئەو وێستگانە و پێویستە قۆناغێ ببڕێ و پارەیەکی زۆریش بە ترومبێل بدات.

ئاسنەڕێکان، لە جۆرە هێڵی تەسک (یەک مەتری) و پان (زیاتر لە یەک مەتر) پێک هاتووە. وەلێ درێژایی جۆری یەکەمیان، دوو تا سێ ئەوەندەی جۆری دووەمیان دەبی.

درێژی ئاسنەرێ لە کوردستاندا بە هەردوو جۆرەکانییەوە، سەدان (ساڵی ١٩٨٥ ـ ١٨٠٠کم) کیلۆمەتر دەبی. درێژی ئاسنەرێ لە

کوردستاندا بە بەراوردکردن لەگەڵ هی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق کەمترە. ئاسنەڕێیەکانی کوردستان ئەوانەن:

**ئەرزوروم ـ دیڤریغی**

یەکەمین هێڵی ئاسنی کوردستانە. لە دوا ساڵەکانی چەرخی نۆزدەیەم کێشراوە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، درێژی بە سەدان کیلۆمەتر دەبی. ساڵانە لە نێوان شارەکانی ئەرزوروم و ئەرزنجان و هەندێ شوێنی دیکەدا، بە سەدان نەفەر و بە هەزاران تەن شتومەک دەگوازێتەوە.

**ئۆزالب ـ ئەلازیغ**

درێژی لە شاری ئۆزالب تاکو ئەلازیغ، بە سەدان کیلۆمەتر دەبی. ئەو هێڵە بە نێو گۆمی ڤاندا تێپەڕ دەبی. وەلێ بە شارە گەورەکاندا تێناپەڕی. توانای گواستنەوەی ساڵانەی لە نەفەر و لە کەلوپەل، زۆر نییە.

**کورتەلان ـ ئۆسمانیە**

یەکێکە لە درێژترین ئاسنەڕێ لە کوردستاندا. درێژی سەدان کیلۆمەتر دەبی. لە شارۆچکەی کورتەلانەوە دەست پێ دەکات، بەرەو ڕۆژئاوا درێژ دەبیتەوە، تاکو دەگاتە شاری ئۆسمانیە. ئەو هێڵە بە شارەکانی باتمان و دیاربەکر و مەلاتیە و کاهرمانمارش دا تێپەڕ دەبی. لە مەلاتیەوە هێڵێکی بەرەو باکوور درێژ دەبیتەوە و لەگەڵ هێڵی ئەرزوروم ـ دیڤریغی، لێک دەدەنەوە، لە دواییدا لە خاکی کوردستان دەچێتە دەرەوە.

**موسڵ ـ گازی ئانتەب**

ئەو هێڵە، درێژترین ئاسنەڕێیە لە کوردستاندا. درێژی بە سەدان کیلۆمەتر دەبی. دوای ئەوەی، لە شاری موسڵ دەردەچێ، بە چەند شارۆچکەیەکی وەکو نوسەیبین و راس العین و جەیلانپنار و نیزیب دا تێپەڕ دەکات، تاکو دەگاتە گازی ئانتەب.

لێرەشەوە درێژ دەبێتەوە و بەرەو هێڵی کورتەلان ـ ئۆسمانییە دەڕوات و لێک دەدەن. ئەو هێڵە، ئەگەرچی بە هێڵی ڕۆژهەڵاتی خێرا ناسراوە، وەلێ هاتوچۆی زۆر لەسەر نییە.

**مقدادیە ـ هەولێر**

ئەو هێڵە دواکەوتووترین ئاسنەڕێیە لە کوردستاندا. لە سەرەتاوە، بە مەبەستی گواستنەوەی نەفت، لە کەرکوک بۆ هەولێر دروستکراوە، لە دواییدا و لە هەندێ شوێن و کاتدا، خەڵکیشی سوار دەکرد. وەلێ لەو ساڵانەی دواییدا، نەک هەر لە کارکردن کەوت، بەڵکو شێلمانەکانیشیان هەڵگرت و بە تەواوی کۆتاییان پێ هێناوە. خەتی جەلەولا بۆ خانەقین، لە کار نەکەوتووە.

**خرم آباد ـ دزفول**

درێژی لە چەند کیلۆمەتر زیاتر نابی. بۆ گواستنەوەی خەڵک و هەندێ شتمەکی نێوان خرم آباد و دزفول بەکار دەهێندرێ.

**شرفخانی ـ رازی**

درێژی لە شرفخانەوە تاکو دەرەی قطور ٩٥ کیلۆمەتر دەبی. لە وێشەوە تاکو رازی ٤٥ کیلۆمەترە. ئەو هێڵە، بەسەر پری قطور یەکێ لە هەرە بەناوبانگترین پردەکانی ڕۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ. درێژی ئەو پردە ٤٤٨ مەترە. بەرزاییەکەی ١٢٧ مەترە و کەمەرەکەشی ٢٣٣ مەترە.

**سێیەم. بۆری نەفتی**

بەرهەمی ساڵانەی کوردستان لە نەفت، بە سەدان ملیۆن تەن دەبی. ئەو بەرهەمە بە بۆری نەفتی، بە ڕێگای جیاواز و بە کەمەر و توانا و ئامانج و درێژایی جیاوازا، بۆ گوێی دەریای ناوەڕاست و بەندەری ئەسکەندەرون و کەنداو دەگوازرێتەوە.

لەوێشەوە تانکەری لێ پڕ دەکرێ و بەرەو بازاڕەکانی جیهان ڕەوانە دەکرێ.

کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا، لە رووی درێژی بۆری نەفتەوە، بە یەکێ لە گەورەترین وڵات دادەنرێ. درێژی بۆری نەفتەکانی، خۆیان لە سەدان هەزار کیلۆمەتر دەدەن. بڕوانە خشتەی ١٥.

بە چاوخشاندنێک بە نەخشەکەدا ، بۆمان دەردەکەوی، کە تەنیا ئەو بۆریانەی لە سیبیرتەوە بۆ کەناری کەنداوی ئەسکەندەرون و بۆری مەیدانی کەرکوک بۆ شارۆچکەی دۆرتیۆڵ، لەسەر هەمان کەنداو، بە تەواوی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبن. ئەگینا ئەوانی دیکە کە زۆربەن، بە خاکی وڵاتەکانی دەوروبەردا دەڕۆن. بۆیە لە رووی ستراتیژییەوە خراپن، لە رووی رامیاریی و ئابوورییەوە، هەمیشە لە مەترسی دان. لە خوارەوە، باسی بۆرییە نەفتەکان دەکەم:

**- بۆری نەفتی زەنبور - بای حەسەن - کەرکوک**

کۆمپانیای نەفتی عێراق، لە ساڵەکانی ١٩٥٥ و ١٩٦١دا، بۆ بردنی نەفت لە مەیدانی نەفتی زەنبور و بای حەسەنەوە، ئەو بۆرییانەی کێشاوە. کەمەرەی بۆرییەکان هەندێکیان ٦ - ٨ ئینج و هەندێکی دیکەشیان ١٦ ئینج دەبی. درێژاییان لە ٣٢ - ٥٨ کم دەبی. ئەو بۆرییانە نەفت دەگەیننە بۆرییەکانی کەرکوک و لەوێشەوە بۆ شاری طرابلوس، کە دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاستەوە دەنێردرێ.

خشتەی ١٥

درێژی و کەمەرەی بۆڕییەکانی نەفتی خاو
لە کوردستاندا( هەشتایەکان)ا

| بۆڕی | درێژی | کەمەرە | بۆڕی | درێژی | کەمەرە |
|---|---|---|---|---|---|
| بای حسن ـ کەرکوک کم | ٣٢ | ١٦ | لەبی سفید ـ مسجد سلیمان میل | ٨٠ | ١٢/٨ |
| بێخمە ـ عین زالە ک ٢کم | ٢١٦ | ١٢ | هەفتگل ـ آهواز میل | ٧٤ | ١٢/١٠ |
| ک ٢ ـ دورە (عیراق) کم | ١٧٧ | ١٢ | مارون ـ آبادان میل | ٢٢١ | ٢٤/١٢ |
| کەرکوک ـ طرابلس (لوبنان) کم | ٨٥٤ | ١٢ | آغاجاری ـ جزیرە خارک میل | ٤٠١ | ٢٤/١٢ |
| کەرکوک ـ طرابلس (لوبنان) کم | ٨٩٤ | ٣٢/٣٠ | پازنان ـ جزیرە خارک میل | ٧٠ | ٢٤/١٢ |
| کەرکوک ـ بانیاس (سوریا) کم | ٨٩٣ | ٣٢/٣٠/٢٦ | مارون ـ رەگ سفید میل | ٧٠ | ٢٤/١٢ |
| جەمبور ـ کەرکوک کم | ٥٨ | ٨/٦ | مارون ـ جزیرە خارک میل | ٨٥ | ٢٤/١٢ |
| نەفتخانە ـ دورە (عیراق) کم | ١٣٠ | ١٢ | رامشیر ـ رەگ سفید میل | ٧٧ | ١٢/٨ |
| کەرکوک ـ جەیهان (تورکیا) کم | ١٠٤٩ | ٤٠ | گچساران ـ جزیرە خارک میل | ٢٣٥ | ٥٢/١٢ |
| ناوشار ـ کرمنشاە میل | ١٤٦ | ٨ | مەسجد سلیمان ـ اهواز میل | ٦٠ | ١٠ |
| گچساران ـ شیراز میل | ١٤٣ | ١٠ | قەرەجوغ ـ طرطوس میل | - | - |
| مسجد سلیمان ـ آهواز میل | ٣٤٠ | ٢٤/٨ | کورتەلان ـ دۆۆرتیۆل میل | - | - |

- بۆری نەفتی عەین زالە - بێتمە - پەمپی کەرکوک دوو

دوای دۆزینەوەی نەفت لە مەیدانی نەفتی عەین زالە و بێتمە، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی موسڵەوە، دەست بە کێشانی بۆری نەفت کراوە، بۆ بۆرییەکانی نەفتی کەرکوک و لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواو بوو. درێژی ئەو بۆرییە ٢١٦ کیلۆمەترە. کۆمپانیای نەفتی موسڵ لەگەڵ بۆرییەکاندا، سێ مەنجەڵی گەورەی داناوە، کە فراوانی هەر یەکێکیان لە ٨٢٠٠ تەن زیاتر بوو.

- بۆری نەفتخانە - دەزگای پاڵێوگەی نەفتی ئەڵوەند

یەکێکە لە کۆنترین بۆری نەفتی لە کوردستاندا، کە لە لایەن کۆمپانیایێکی نەفتەوە کێشراوە. ئەو بۆرییە، نەفتی مەیدانی نەفتخانە لە ساڵی ١٩٢٧ەوە، دەگەینتە دەزگای پاڵێوگەی نەفتی ئەڵوەند.

- بۆری نەفتی کەرکوک - طرابلوس (لوبنان)

مێژووی ڕاکێشانی ئەو بۆرییە، بۆ ساڵی ١٩٣٢ دەگەڕێتەوە، واتە دوای نزیکەی سێ ساڵ، لە دۆزینەوەی نەفت لە مەیدانی باباگوڕگوڕدا. لە سەرەتاوە، کۆمپانیای نەفتی عێراق دوو بۆری نەفتی لە کەرکوک یەک (ک١) ەوە، بەرەو باکووری رۆژئاوا کێشاوە، تاکو گەیاندییە پەمپی شارۆچکەی حدیثە لە عێراقدا. لە دواییدا تاکو پەمپی کەرکوک دوو(ک ٢) درێژی کردەوە. ئەو شوێنە لە شارۆچکەی بیجی عێراق نزیکە لەوێشەوە بەرەو پەمپی کەرکوک سێ(ک٣) درێژ دەبیتەوە، کە دەکەوێتە سەر رووباری فورات.

درێژی بۆری نەفتی مەیدانی باباگوڕگوڕ، تاکو کەرکوک سێ دەگاتە ٣٩٥ کم. بۆری نەفتی کەرکوک لە دوای کەرکوک سێ دەبی بە دوو بەشەوە، ئەوەی دەکەوێتە باکوورەوە (٤٢٧ کم) بە نێو خاکی سوریادا و (٢٧ کم) بە نێو خاکی لوبناندا تێدەپەڕێ، تاکو

بە پەمپی طرابلس یەک( ت ۱)  و بە پەمپی طرابلس چوار(ت ٤) ، لە شاری طرابلوس کۆتایی پێ دێ. بۆرییەکەی باشووریان، بەرەو اردن (۳۲۸ کم) و فلسطین (٦٤ کم) درێژ دەبیتەوە، دوای ئەوەی بە پەمپی حیفا یەک (ح ۱). تاکو  حیفا پێنج (ح ٥) دەڕوات. درێژی ئەو بۆرییە ۱۰۰۸ کیلۆمەترە . دوای ئەوەی بەرهەمی ساڵانەی نەفت زیادی کرد، دوای ئەوەی بازاڕی فرۆشتنی نەفت بە تەواوی گەرم بوو، لە ساڵی ۱۹٤٥دا، کۆمپانیای نەفتی عێراق، لە مەیدانی باباگوڕگوڕەوە بۆ شارەکانی طرابلوس و حیفا، تا سەر دەریای ناوەڕاست، دوو بۆری نەفتی دیکەی کێشاوە، کە کەمەرەی هەر یەکەیان ۱٦ ئینجە. ئەو دوو بۆرییە، پەنجا کیلۆمەتریان مابوو تەواو ببن، کە جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێ کرد، بۆیە لەبەر جەنگی وڵاتانی عارەبی و ئیسرائیل، کارەکە وەستا و ئەو بۆرییەی کە بڕیار بوو، بۆ شاری حیفا بکێشرێ، نەکێشرا و تەواو نەکرا. وەلێ بۆرییەکەی طرابلس بە بەردەوامی کاری تێدا کرا و لە ساڵی ۱۹٤۹دا تەواو بوو، تواناکەشی زیادی کرد بۆ ۷.٥ ملیۆن تەن لە ساڵێکدا.

**- بۆری نەفتی کەرکوک یەک - بانیاسی سوری**

دوای ئەوەی بەرهەمی نەفت، لە هەرێمی نەفتی ناوەڕاستدا زیادی کرد، بازاڕەکانی نەفت بە تەواوی گەرم بوون، ژمارەی کرێکارە شارەزا و لێزانەکانی نەفت زیادی کرد، ناکۆکییەک لەسەر نەفت، لە نێوان کۆمپانیاکانی ئینگلیزی - ئێرانی لە ساڵی ۱۹٥۱دا، لەسەر نەفتی هەریمی نەفتی باشوور روویدا. ئەوانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی، کە هەندێ بۆری نەفتی دیکە، لە کەرکوکەوە بۆ سەر دەریای ناوەڕاست بکێشرێ. لە ساڵی ۱۹٥۲دا، بۆرییێکی نەفت لە کەرکوکەوە بەرەو شاری بانیاسی سوری کێشرا. درێژی ۸۸۸ کم و کەمەرەکەی ۳۰ - ۳۲ ئینچ و توانای ساڵانەشی ۱۳

ملیۆن تەن بوو. لە ئابی ۱۹٦۱دا، بۆرییێکی دیکە لە کەرکوک یەکەوە بەرە طرابلسی سوری کێشراوە. کەمەرەکەی ۳۰ ـ ۳۲ ئینج بوو. لە ئەنجامدا، بۆرییە نەفتی و ناردەی نەفت لە باشووریی کوردستاندا زیادی کرد.لە ساڵی ۱۹۷۰دا، گەیشتە ٥٤ ملیۆن تەن نەفت لە ساڵێکدا.

**ـ بۆری نەفتی کەرکوک ـ دۆرتیۆڵ**

یەکەمین بۆری نەفتە، کە هەمووی بە نێو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبی. ئەو بۆرییە، لە مەیدانی نەفتی کەرکوکەوە دەست پێ دەکات و لە شارۆچکەی دۆرتیۆڵی سەر کەنداوی ئەسکەندەرون تەواو دەبی. درێژی ۱۰۰٥ کیلۆمەترە. خەرجی ۱٥۰ ملیۆن دینار بوو. توانای ساڵانەی ۲٥ ملیۆن تەن نەفتە، کە لە داهاتوودا توانای زیادبوونی بۆ ۳٥ ملیۆن تەن هەیە.

بەردی بناغەی ئەو بۆرییە، لە مانگی تەمووز ۱۹۷٥دا دانراوە. لە کانوونی یەکەم ۱۹۷٦دا، لە ماوەی شەش مانگدا تەواو کراوە. بۆری نەفتی کەرکوک ـ دۆرتیۆڵ، بە یەکێ لە درێژترین و لە بایەخترین بۆری نەفت، لە جیهاندا دەژمێردرێ.

**ـ بۆری نەفتی مەیدانی نەفتی کەرکوک ـ بەندەری فاو**

نەفتی مەیدانی کەرکوک و دەوروبەری، بەو بۆرییە دەگەیەندرێتە فاو(عێراق)، لەسەر کەنداوی بەسرە. ئامانجی اکێشانی ئەو بۆریە نەفتییە لە حەفتاکاندا، بۆ ئەوە بوو کە بە سەربەستی نەفت بۆ دەرەوەی وڵات بنێرێ.

**ـ بۆری نەفتی باتمان ـ ئەسکەندەرون**

ئەوەیان لە ساڵی ۱۹٦۱دا، بۆ گواستنەوەی نەفت لە مەیدانی نەفتی باتمان و دەوروبەری، بۆ سەر کەنداوی ئەسکەندەرون، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی تورکیاوە (APAO) کێشراوە. لەوێشەوە تا پلاتفۆرمی دۆرتیۆڵ درێژ بۆتەوە. پاشان تەنکەرە نەفتییە

گەورەکان، بۆ بازاڕەکانی نەفتی ئەوروپای دەگوازنەوە. تونای ڕۆژانەی دەگاتە ٧٠ ملیۆن بەرمیل.

**- بۆری نەفتی مسجد سلیمان - آبادان**

دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار، نەفت لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە، لە لایەن کۆمپانیای نەفتی ئینگلیزی - ئێرانی، ئەو بۆریە کێشراوە و لە ساڵی ١٩١٢دا تەواو بووە. کەمەرەکەی ١٠ - ١٥ سانتیمەترە. توانای ساڵانەی ٤٠٠ هەزار تەنە. چوار پەمپی مەزن (تمبی، مەلا ثانی، کوت عبدالله و دارخین) لەسەر ئەو بۆرییە لە کاردان.

**- بۆری نەفتی هفتکل - آبادان**

نەفتی مەیدانی هفتکل، بە بۆرییەکی چەند ئینجی دەگەیەندرێتە پەمپی کوت عبداللە، لەوێشەوە بۆ آبادان دەنێردرێ.

**- بۆری نفت سفید - آبادان**

ئەو بۆرییە نەفتی مەیدانی نفت سفید، لە سەرەتاوە دەگەینیتە پەمپی کوت عبداللە، لەوێشەوە بۆ هێڵی سەرەکی مسجد سلیمان و پاشان بۆ آبادان دەڕوات. درێژی ئەو بۆرییانە دەیان کیلۆمەتر دەبی.

**- بۆری نەفتی آغاجاری - آبادان**

ئەوەیان لە ساڵی ١٩٤٤دا کێشراوە. بۆ ئەوەی نەفتی مەیدانی آغاجاری بگەینیتە پاڵێوگەی آبادان. لەوێشەوە لە بەندەری ماه شهری ئێرانییەوە، تانکەرەکانی نەفتی لێ پڕ دەکرێ. لە راستیدا ئەو بۆرییانە، لە حەوت بۆری پێک هاتوون و لە تەنیشت یەکەوە ریز کراون، کە نەفتی مەیدانی آغاجاری دەگەیننە آبادان و بەندەر ماهشهری ئێرانی.

**- بۆری نەفتی گچساران - آبادان**

دوای دۆزینــەوەی نــەفت لــە مەیــدانی نــەفتی گچســاران، ئــەو بۆرییــە کێشــراوە. نــەفتی گچســاران بــەو بۆریــە دەگاتــە پاڵێوگــەی آبــادانی ئیرانــی. کەمەرەکــەی ٣٠ ســانتیمەترە و درێــژی بــە دەیــان کیلۆمەتر دەبی.

**- بۆری نەفتی لالی - آبادان**

درێژی سەدان کیلۆمەتر دەبی. نەفتی مەیدانی لالی بەو بۆرییە دەگاتە پاڵێوگەی آبادانی ئێرانی. لەوێشەوە بە تانکەری نەفت بۆ بازاڕەکانی ئەوروپای دەنێرن.

**- بۆری نەفت شاە - کرمنشاە**

ئــەو بۆریــە بــۆ گەیانــدنی نــەفتی نفــت شــاە بۆبــۆ پاڵێوگــەی کرمنشاە تەرخان کراوە. درێژی دەیان کیلۆمەتر و کەمەرهی چەند سانتیمەتر دەبی.

**ژێربابەتی٣. ڕێگاوبانی ئاسمانی**

ڕۆڵی ڕێگای ئاسمانی، لەچاو هی ڕێگای زەمینی بۆ گواستنەوەی بار و خەڵک، زۆر نییە. دوو جۆرە ڕێگەی ئاسمانی هەیە.

**١. ڕێگەی ئاسمانی نێودەوڵەتی**

پەیوەنــدی ئاســمانی راســتەخۆ لــە کوردســتانەوە بــۆ وڵاتــانی جیهان و لە وانیشەوە بۆ کوردستان، تاکو ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕێگەی وڵاتــانی ئێــران و تورکیــا و ســوریا و عێــراق، لەبــەر نــەبوونی دەســەڵاتی سیاســی ســەربەخۆ، ئــەنجام دراوە. ئــەمڕۆ ئــەو فرۆکەخانانە لە کوردستاندا هەن.

**- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر**

ئەو فرۆکەخانەلەسەر داخوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی دوو هەزار و پێنجدا، لە شاری هەولێری پایتەخت، لە

لایەن کۆمپانییایێکی تورکی دروستکراوە. دوای تەواوبوونی، بۆ یەک دوو ساڵان، هەر دەسەڵاتدارانی پایە بەرزی دەوڵەت، وەکو سەرۆکی هەرێم و سەرەک وەزیران هاتووچوویان پێدادەکرد .

یەکەم فرۆکە بە حەوت بازرگانەوە، لە ٧ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا، لە دوبەیەوە گەیشتە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر. لەو ساوە، تاکو ئەورۆ، فڕین و نیشتنی فرۆکەی سوارهەڵگر و بارهەڵگر، بەردەوامە.

ژمارەی کۆمپانیەکانی کە فرۆکەکانیان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر باڵ دەگرن، لە ساڵی ٢٠٠٧دا، گەیشتە ١٤ کۆمپانیا (کۆمپانیای فرۆشتنی بلێت - ٨ و کۆمپانیای بار - ٦). لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیش، ژمارەیێک لە کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی لەکاردان.

فرۆکەخانەی هەولێر، لەبەر گەرمی هاتوچۆ، پێویستی بە فرۆکەخانەیێکی گەورەتر هەبوو. حکومەتی هەرێمی کوردستان بیناکردنی ئەو فرۆکەخانەی بە کۆمپانیایێکی تورکی راسپارد و تەواویانکرد. خەرجی ٣٦٥ ملیۆن دۆلار بوو.

**ـ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل**

ئەو فرۆکەخانە ١٦ دەروازە و ٦ پردی ئاسمانی جێگیر لە خۆدەگرێت و یەکێک لە درێژترین راڕەوەکانی نیشتنی فرۆکە لە جیهانە کە ٤٨٠٠ مەترە لە هەمان کاتیشدا یەکێکە لە دوو فرۆکەخانەی جۆری Catl II لە رۆژهەڵاتی نێوەندا(٦).

کارگۆی نوێ توانای بۆ ٢٨٠٠٠٠ تەن ساڵانە هەیە لەگەڵ و پێشوازییخانەی مۆدێرن و خزمەت گوزاریVIP تێرمینالی خزمەتگوزارجۆراوجۆرو شوێنی خواردن و خواردنەوەی هەیە.

ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی ٢٠١٠ دا ٤٥٤ هەزار گەشتیار بوو. قەوارەی تۆنی کارگۆ ١٠٦١٩ بوو. جوولەی گەشتەکانیش ٧٨٥٣

گەشت بوو. ئەم گەشتانەش لە ١٣ بارهەلگری خشتەکراو بۆ خزمەتی ٢٣ شوێنی مەبەست بوو.

زیادبوونی سەرنشین لە ساڵی ٢٠٠٦ وە بە رێژەی ٠/٠١٧٨ و جوولەی گەشتیاران بە تێکرایی ساڵانەی ٠/٠٣٠ زیادی کردووە.

زیادبوونی تۆنی کارگۆ لە ساڵکی ٢٠٠٧ بە رێژەی ٠/٠٢٢ زیادی کردووە.

زیادبوونی جوولەی گەشتەکان بە رادەی ٠/٠٦٠ لە ساڵی ٢٠٠٦ زیادی کردووە.

درێژی مەدرەج ٤٨٠٠ مەترە و پانی ٩٠ مەترە و گەورەترین فرۆکە کە جۆری ٣٨٠ AIRBUSA دەتوانی بنیشیت.

**فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی**

فرۆکەخانەیەکی دیکەی نێودەوڵەتییە، لە کوردستاندا. رۆژانە چەندین رێس، بۆ وڵاتانی جیهان هەیە. سەدان تەن کەلوپەلی جۆراوجۆر لە دەرەوە، لەم فرۆکەخانەوە، بۆ باشووری کوردستان، دەهیندرێ .

**٢. رێگەی ئاسمانی ناوخۆ**

بە مەبەستی گواستنەوەی نەفەر، بۆ پایتەخت چەند فرۆکەخانە لە مەرکەزی ئەستانەکاندا کراوە. بە نموونە لە شارەکانی سنندج و کرمنشاه و ارومیە و دیاربەکر و هیدیکە. لەو فرۆکەخانانە ساڵێ هەزاران سوار(ساڵێ ١٩٨٩ ـ ٤٤٩ هەزار) و هەزاران تەن لە کەلوپەلی جۆراوجۆر دەگوازرێتەوە.

فڕۆکەخانەی دیاربەکر، لە رووی گواستنەوەی سوار و بارەوە ئاپۆرەترین فڕۆکەخانەیە لە کوردستاندا. هۆکەشی دەگەرێتەوە بۆ شوێنی جوگرافی لە نێو ئەستانەکانی دیکەی کوردستان. فرۆکەخانەی سنندج هاتوچۆی کەم لەسەرە.

### ژێربابەتی ٤. ڕێگاوبانی ئاوی

دوو جۆرە ڕێگاوبانی ئاوی لە کوردستاندا هەیە.

#### ١. ڕێگای نێودەوڵەتی

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەدا، کە سنووری کوردستان لە باشوور و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، دەگاتەوە سەر کەنداو و بوغازی ئەسکەندەرون، ئەو دوو شوێنە بۆ هاتوچۆی ئاوی دەست دەدەن و لەو ڕێیانەشەوە دەتواندرێ، پەیوەندی بە وڵاتەکانی دیکەی جیهانەوە بکرێ. لەسەر کەناری ئەو دوو ئاوەدا، چەند بەندەرێ هەڵکەوتوون، گرنگەکانیان ئەوانەن:

**ـ بەندەر گناوە**

ئەوەیان، لەسەر کەناری ڕۆژهەڵاتی کەنداو بیناکراوە. تێکڕای بەرزایی لە ڕووی دەریاوە، نزیکەی پێنج کیلۆمەتر دەبی. شوێنی سروشتی ئەو بەندەرە، زۆر باش هەڵنەکەوتووە، لەبەر ئەوە یەکسەر بە دەریاوە نەبەسراوەتەوە، بەڵکو لە ڕێی کەنداوێکی بچووکترەوە، دەگاتە سەر دەریاوە. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخی بازرگانی کەم نییە و ساڵانە لە ڕێی ئەو بەندەرەوە، چەندین تەن کەلوپەل دەهێندرێ و دەنێردرێ

بۆ دەرەوە. لە هەمان کاتیشدا، ژمارەی ئەو پاپۆڕانەی لەسەر کەناری ئەو بەندەرە لەنگە دەگرن، کەمن و ژمارەی ئەو کرێکارەنەشی لەو بەندەرە کار دەکەن، لە چەند سەد کەسێ تێپەڕ ناکات.

**ـ بەندەر ریگ**

بە دەیان کیلۆمەتر لە باشووری بەندەر گناوەوە دوورە. ڕاستەوخۆ لەسەر کەنداو هەڵکەوتووە. لە ساڵی ١٧٥٤دا ، کۆمپانیای هیندی ـ ئینگلیزی ڕۆژهەڵات، کەرستەیەکی زۆری لێ داگرت، بەو نیازەی لەوێدا و لەسەر قەراغی ئەو کەنداوە، بەندەرێکی گەورە دروست بکات، تاکو بتوانن پێشوازی لە گشت

کەشتییەکانی گواستنەوە و پاپۆڕە دەریاییەکان بکەن، کە کەلوپەل بۆ بەندەری بوشهری ئێرانی دەبەن. لەبەر هەندێ هۆی جوگرافی، هێشتا وەکو پێویست، بایەخێکی زۆر بەم بەندەرە نەدراوە، بۆیە لە رووی ئابووریشەوە، بایەخێکی زۆری نییە.

- بەندەر دیلم

ئەو بەندەرە ٧٢ کیلۆمەتر لە باشووری شارۆچکەی بهبهان ەوە دوورە. هەروەکو بەندەری گناوە، لەسەر کەنداو هەڵنەکەوتووە. لە رووی ژمارەی ئەو پاپۆڕانەی رۆژانە، لەو بەندەرەدا لەنگەر دەگرن و هینان و بردنی و کەلوپەل و سوارەوە، بایەخێکی ئەوتۆی نییە.

- بەندەری ئەسکەندەرون

کەوتووتە سەر بۆغازی ئەسکەندەرون و لە سنووری ئیلچەی دۆرتیۆڵ هەڵکەوتووە. بایەخی بۆ کوردستان لە گەڵ جیهانی دەرەوە و بە ئاوی دەریای ناوەڕاستدا، لە بەندەرەکانی دیکە زیاترە. لەو بەندەرەوە دەتواندرێ، ساڵانە چەندین هەزار ملیۆن تەن نەفت، بۆ بازاڕەکانی جیهان رەوانە بکرێ. مانگانە بە دەیان پاپۆڕ لەو بەندەرەدا، بەتاڵ و بار دەکرێن، بە سەدان کەسیش سەفەری پێدا دەکەن.

٢. رێگای ناوخۆ

رووبار و ئاوێکی زۆر لە کوردستاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا رێگای هاتوچۆی ناوخۆی ئاوی زۆر کەمە. چونکە زۆربەی رووبارەکان بە دۆڵە قوڵ و زۆر تەسکەکاندا دەڕۆن. جگە لەوەی ئاستی رووبارەکان لە ئاستی زەوییەوە، زۆر نزم و دوورە. وەلێ ئەوە ئەوە ناگەیەنی، کە ئیدی رووبارەکانی کوردستان، بۆ هاتوچۆکردن بە کەڵک نایەن، بەڵکو لە هەندێ شوێندا، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە ئاوی رووبارەکان هێور دەبنەوە، بە بەلەم و قەیاغ و چوپ و مەشکە... هتد توانای پەڕینەوە و هاتوچۆکردن هەیە.

# سەربابەتی شەشەم
# بازرگانی

چالاکی بازرگانی یەکێکە لە سێکتەرە دواکەتووەکانی ئابووری لە کوردستاندا. رێژەی ئەو کەسانەی بە بەردەوامی بەکاری بازرگانییەوە خەریکن لە یەک لە سەدی گشت دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووری زیاتر نیە. ئەو رێژە لە ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق دە جار کەمترە. رێژەی سالأنەی داهاتی بازرگانی، لە پێکهێنانی بەرهەمی نیشتمانیدا، ئەگەر ئەو سالە کاری بازرگانی زۆر باش بێ، لە دە لە سەدی گشت دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا کەمترە. رێژەکە لە ولأتانی دەوروبەر تاکو بیست لە سەد دەروات.

## ژێربابەتی ١. بازرگانی دەرەوە

مەبەست فرۆشتن و کرینی کالای بەرهەمهێندراوە لە نێوان دوو دەولەتدا. هەندێک لە خەسلەتەکانی بازرگانی دەرەوە، کە لە ئەنجامی فاکتەری ئابووری و سیاسی رەنگییان گرتووە. ئەوانەی خوارەوەن.

١. بازرگانی دەرەوە، لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی، لە رێگەی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق، لەگەڵ ولأتانی دیکەی جیهان ئەنجام دەدرێ.

٢. رەچاونەکردنی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی کوردستان لە بازرگانی دەرەوەدا. واتە ولأتانی دەوروبەر لەگەڵ کام دەولەت بازرگانی دەکەن تۆش لەگەڵ ئەوان دەیکەی.

٣. هیچ لە هیچی بازرگانی(صافی التجارة) لەگەڵ گشت وڵاتاندا، ئەگەر بازرگانی نەفتی لێ دەرکەی، هەمیشە بۆ کوردستان نەرینی بووە.
٤. بازرگانی راستەوخۆ، لە سەرەتایی نۆهەتەکانەوە، لە نیوان هەرێمی کوردستان و ڵاتانی جیهاندا دەستی پێکردوە.
٥. دەستکەوتنی مادده خاوەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵ و پەلەوەڕ و سامانی ژێر زەوی بە نرخێکی هەرزان لە کوردستاندا لە چاو نرخی وڵاتانی دیکەوە. هۆیەکەی بۆ دواکەوتووی پیشەسازی و ساردی بازار دەگەرێتەوە.
٦. بازاری کوردستان، شوێنێکی باشە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵیەکانی وڵاتانی دیکەوە.

**گەشەکردنی بازرگانی دەرەوە**

بازرگانی دەرەوە، لەسەرەتای ئەو سەدەیەوە تاکو ئەورۆ، وردە وردە گەشەی کردووە. بۆ ئەوەی زیاتر لە پرۆسەکە بگەین، بۆ قۆناغەکانی خوارەوە دابەشی دەکەم.

**قۆناغی یەکەم. ١٩٠٠ ـ ١٩٢٥**

نرخی سالانەی بازرگانی دەرەوەی کوردستان، لەگەڵ دەولەتەکانی دیکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی بارە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکەی هەردوو لا، لە سی هەزار دۆلار کەمتر بووە.

لەو رۆژگارانەدا، زۆربەی پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی، لە جلوبەرگ و پێلاو و کەلوپەلی نێو ماڵ و کەرستەکانی کشتوکاڵ و هەندێ خواردەمەنی و دەرمان ... هتد. جۆلا و بەرگدروو و کەوشچن و تەونچن و دارتاش و ئاسنگر، بە دەستی خۆیان دروستیان کردوون، خواردەمەنیش لە دانەوێڵە و گۆشت و سپیاتی، لە لایەن جوتیارەکان و مەڕدارەکان بە بەرهەم هێندراوە.

پێویستی گەورەی ئەو رۆژگارانە، تەنیا هەندێ قوماش و چا و شەکر و چەکی سووک بووە، ئەویش لە رێگەی بازرگانەکانی رۆژهەلات و دەولەتە ئەوروپاییەکانەوە، لە بازارەکان دەست کەوتوون و فرۆشراون. لە هەمان کاتیشدا، بەرهەمەکانی کوردستانیشیان کریوە و بۆ دەرەوەیان ناردووە، بۆ نموونە، بازرگانە ئەلەمانییەکان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، شاری آشنویە یان کرد بوو بە ناوەندێکی گەورەی خوری کرین، لەوێشەوە بۆ ئەو فابریکەیەیان دەنارد، کە لە توریز بۆ دروستکردنی رایەخ دایانمەزراند بوو. لەم جۆرە نموونانە، وێنەیان لە شوێنەکانی دیکەی کوردستاندا، کەم نییە.

**قۆناغی دووەم. ١٩٢٥ ـ ١٩٥٠**

لەم قۆناغەدا، لە ئەنجامی بەکارهێنانی تەکنیکی تازە وەکو تراکتۆر و خەرماشە بۆ جووت کردن و کەمباین بۆ دروێنەکردن و پەمپی ئاو بۆ ئاودان و بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی و قەلاچۆکردنی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی کشتوکال، بەرهەمی کوردستان بە تایبەتی هی کشتوکال، زۆری زیاد کرد.

زیادبوونی بەرهەم لێپرسراوانی بازرگانییان ناچار کرد، بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکان بە دوای بازاردا بگەرێن. یەکێ لەو بازارانە، یەکێتی سۆڤیەتی بوو. ئەو ولاتە لە سالی ١٩٤٦دا، یەک ملیۆن و هەشت سەد و حەفتا و پێنج هەزار کیلۆ، تووتنی لە نێوچەی مهاباد کری، کە پارەکەی نزیکەی هەشت هەزار دۆلار بوو.

بازارەکانی کوردستان، لە لایەکەوە بوژایەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، پێویستییەکانی لە شتمەکی دروستکراو زیادی کرد. ئەوە بووە هۆی ئەوەی، کە بوارێ بۆ جولانەوەیەکی بازرگانی چالاک خۆش بکات و بازرگانە بیانییەکان بۆ ئەو مەبەستە، روو لە بازارەکانی کوردستان بکەن، بە تایبەتی بازرگانە

ئەوروپاییەکان، کە لەو ساڵانەدا و بۆ جاری یەکەم، گرام و رادیۆ و ترومبێل و کارەبا و هەندێ شتی دیکە، کەوتنە بازاڕەکانەوە، بەو شێوەیش نرخی ساڵانەی بازرگانی، بۆ سەدان هەزار دۆلار بەرز بۆوە.

**قۆناغی سێیەم. ١٩٥٠ ـ ١٩٧٥**

تایبەتمەندی ئەو قۆناغە، لە زیادبوونی ژمارەی داواکارییەکانی کەلوپەلی دروستکراو دایە وەکو ترومبێلی جۆراوجۆر و رادیۆ و ریکۆردەر و تەلەفزیۆن و ئامرازی کشتوکاڵی وەکو تراکتۆر و کەمباین و داوودەرمان و ئامرزای پزیشکی و جلوبەرگی دوراو و خواردن... هتد. زۆربەی ئەو پێویستییانە، لە ناوخۆدا نایەتە بەرهەم، بەڵکو دەبی هەمووی لە رێگەی بازرگانی دەرەوە پڕ بکرێتەوە. بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەموکورییانەش، پێویستی بە سەدان ملیۆن دۆلار هەیە، کە ئەورۆ پەیداکردنی ئەو پارەیە، گەلێ دژوارە. چونکە کوردستان تاکو ئێستا، مافی ئەوەی نییە، کە بە ویست و ئارەزووی خۆی، سامانی سروشتی وڵاتەکەی بەکار بهێنێ، بە تایبەتی نەفت و پارەی قورس پاشەکەوت بکات.

بەرهەمی کوردستان بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دەنێردرێن، وەکو دەغڵودان و گیانلەبەری زیندوو و بەروبۆمەکانیان، نەک هەر لەسەر ئاستی قۆناغی پێشوودا نەماوە، بەڵکو کەمتریش بۆتەوە. واتە بازاڕەکانی کوردستان، زیاتر پشتیان بە بازرگانی دەرەوە بەستووە. گومانی تێدا نییە، کە ئەو جۆرە بەرنامە و پلانە لە بازرگانی دەرەوەدا، ئاکامەکەی بۆ ئابووریی نیشتمان باش نابی. نرخی ساڵانەی بازرگانی (ناردن و هاوردن) زۆر زیادی کردووە و لە سەدان ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە.

## قۆناغی چوارەم. ١٩٧٥ ـ ١٩٩٥

بازاڕەکانی کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا، زیاتر بە بازاڕەکانی جیهانەوە بەسترایەوە. چونکە کارەکە لەوە دەرچوو، کە تەنیا کەلوپەلە پێویستە کلاسیکییەکانی وەکو هۆیەکانی گواستنەوە و ئامرازەکانی کشتوکاڵ و پێویستییەکانی نەخۆشخانەکان و قوماش و هەندێ خواردەمەنی تایبەتی دیکە، لە دەرەوەی وڵات بهێندرێ، بەڵکو ئەو شتانەی ساڵانی رابوردووش، لە دوکان و بازاڕەکاندا دروست دەکران، وەکو هەندێ ئامرازی ئاسایی کشتوکاڵ و کەرستەی دارتاشی و ئاسنگری و هەندێ بەرهەمی چندراو، ئەوانە و گەلێکی دیکە هەموویان لە رێگەی بازرگانەکانەوە، لە دەرەوەی کوردستانەوە دابین دەکرێن.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی کوردستانیش، نەک هەر لەسەر ئاستی ساڵانی پێشوویان نەمانەوە، بەڵکو ساڵ بە ساڵ کەمتر بوون و ئاستی ناردنە دەرەوەشیان کەم بووە. لەو حاڵەتەدا، بۆ جێبەجێکردنی ئالوگۆڕی بازرگانی دەرەوە، پێویستی بە تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر هەیە. لەمەشەوە گەورەترین کەموکوڕی لە میزانی بازرگانی ساڵانەدا پەیدا دەبی، بە نموونە ئەو کورتییە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، خۆی لە چەند ملیار دۆلار داوە.

### هاوردە و ناردە

بە پشتبەستن بە ئاماری جۆراجۆر دەتواندرێ، بابەتی هاوردە و ناردە، زیاتر باس بکرێ و پتر روون بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا دەتوانرێ، لایەنە چاک و خراپەکانی زیاتر بخرێتە روو، جگە لەوەی کە لەبەر رۆشنایی ئەو ئامارانەدا دەتوانرێ، هەندێ خاڵی بە کەڵک پێشنیاز بکرێ. بە داخەوە تاکو ئێستا ئەو جۆرە ئامارانە لەبەر دەستدا نین و بەو زووانەشت دەست ناکەون.

هاوردە و ناردە لەسەر تێبینی کەسیێتی و ئامارەکانی بازرگانی دەرەوەی هەر یەک لە ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق، شیدەکرێتەوە.

**یەکەم. هاوردە**

ئەوەی لە هاوردەی کوردستان تێبینی دەکرێ ئەوانەی خوارەوەن.

١. زیادبوونی نرخی شتمەکی هاوردە لە چەند ملیارد دۆلارەوە بۆ دەیان ملیۆن دۆلار. ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ بێ توانای ئابووری و زیادبوونی پێداوستییەکانی ژیان لە کوردستاندا.

٢. فرەوانبوونی لیستی شتمەکی هاوردە لە دەیان بۆ سەدان جۆر. بە نموونە، جاران بە زۆری شتمەکی تەکنیکی بوو. ئەورۆ هی کشتوکاڵیشی هاتووتە سەر.

پ. شتمەکی دروستکراو بە زۆری، لە وڵاتەکانی دەرەوە دەهیندرێ. هۆکەشی بۆ دواکەوتوویی سێکتەری پیشەسازی دەگەڕێتەوە

**پێکهاتەی شتمەکی هاوردە**

شتمەکی هاوردە، بە گوێرەی شێوازی بەکارهێنانی، بەسەر ئەو بەشانەی خوارەوە دابەش دەکەم.

**١. ماددەکانی خواردن و ئاژەڵ بە زیندوویی**

بریتییە لە شەکر و چا و قاوە و سپیاتی و بەهارات و گۆشت و هێلکە و ئاژەڵ بە زیندوویی و ئالیک و ماسی و دەغڵودان و میوە .... هتد. لە نێو هەموو ئەو شتمەکانەشەوە، لە رووی چەندایەتی و پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەوە، شەکر و چا. ئەوانە نزیکەی سی و پێنج لە سەدی گشت شتمەکەکانی هاوردە پێک دەهێنن.

**٢. خواردنەوە و جگەرە**

خواردنەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە و تووتن و ئەو شتانەی لە تووتنیش دروست دەکرێن، بەشێکی بچووک لە رێژەی گشت شتمەکە

لـه دەرەوە هێنراوەکـان پێـک دەهێنـێ. توانـای بـەرهـەمهێنانـی ئـەو جۆرە شتمەکانـه لـه کوردستاندا، باشه. بۆیـه پێویستـه بـۆ داهـاتوو، ئـەو راستییه پێش چاو بخرێ.

**٣. ماددەی خاو**

بریتییه لـه پێستـه و فـەرووی خۆشنـەکراو و دەنـک و نـاوک و تـۆی چـەور و تـەپـەدۆری خـاو و دار و فلین و هـەویری کاغـەز و داوی چنین و مادەکانـی (دروستکراو و نـەکراو) و پـەینـی سروشتـی و کیمیـاوی و مـەعدەنـی خـاو. جگـه لـه بـەردەڕوژ و نـەفت و بـەردی بـەنرخ و مـادە خاوە مـەعدەنییەکان. ڕێژەی ئـەو شتمـەکه هێندراوانـه، نزیکـەی سێ لـه سـەدی گشـت کـەلوپـەلـه لـه دەرەوە هێنراوەکـان پێـک دەهێنـێ. ئـەو شـتمـەکانـه گـەلێ پێویستن، چونکـه لـەو بـەرهـەمانـەن، کـه لـه کوردستاندا بـەرهـەم ناهێندرێن، بۆیـه پێویستـه بـه دوای سـەرچاوەی هـەرزانـدا بگـەڕێین و تـەنیا لـەگـەڵ ئـەو دەوڵـەتانـەدا، لـەو رووەوە پـەیوندی بازرگانـی ببـەستین، کـه ئـەو شتومـەکانـەیان بـه هـەرزان لا دەست دەکـەوێ.

**٣. مـەعدەن و ماددەی سوتـەمـەنـی و چـەوری**

ئــەو شــتمـەکانـه لــه خــەڵوزی بــەردین و پیتــرۆل و بـەرهـەمــه جۆراوجۆرەکــانـی و گــازی سروشــتـی و دەســتکرد پێــک دێ. ئــەو شـتمـەکانـه هــەموویان لــه کوردسـتاندا، نــەک هــەر هــەن، بــەڵکو جێگـەیـەکـی دیاریکراویشیان بۆ خۆیان، لـه بـەرهـەمـی جیهانیدا (بـه تایبـەتـی نـەفت) داگیر کـردووە، وەلـێ بـه داخـەوە لـەبـەر نـەبوونـی قـەوارەیــەکـی سیاســی کوردسـتانـی، ئێمــه نـاتوانین، دەسـکارییان بکــەین و چۆنمــان دەوێ، بــەو چـەشـنـه بــەکاریان بهێنــین، بــەڵکو هـەموو ئـەو کـەلوپـەلـه خاوانـە، لـەبـەر چاوی خۆمان بـه تـاڵان دەبـرێ و بــۆ دەرەوە دەنێــردرێ، ئێمــه خۆشــمان بــه نرخێکــی گرانتــر

دەیکرپینەوە. رێژەی ئەو جۆرە شتمەکانە، لە دەوروبەری چەوار لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنێ.

**٤. ماددەی زەێتی و بەز و چەوری ئاژەڵ**

رێژەی ئەو چەشنە شتمەکە هێندراوانە، خۆی لە دە لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان دەدات. ئەو رێژەیە بۆ وڵاتێکی کشتوکاڵی وەکو کوردستان زۆرە، بۆیە لە دواڕۆژدا، پێویستە بیرێ لە کەمکردنەوەی بکرێتەوە.

**٥. ماددەی کیمیایی و بەرهەمەکانی**

ئەوڕۆ پیشەسازی لە کوردستاندا، لەو ئاستەدا نییە، کە بتوانێ شتمەکە کیمیاوییەکان بەرهەم بهێنی. هەندێک لە بەرهەکان ئەوانەن: کیمیاویە ئۆرگانیکەکان و نائۆرگانیکەکان و رەنگکردن و خۆشکردنی پیستە و رەنگکردنیان وبەرهەمەکانی پزیشکی و دەرمان و گرتنەوەی خواردنەوە گازییەکان و دەرمانی ئارایش (سووراو و سپیاو) و شووشتن و خاوینکردنەوە و پەینی کیمیاوی و تەقەمەنی و بەرهەمی ئاگری ... هتد. بۆیە کوردستان ناچار دەبی، ئەو جۆرە شتمەکانە لە دەرەوە بهێنێ، تا پێویستییەکانی خەڵک پڕ بکاتەوە. ئەو جۆرە شتمەکانە، نزیکەی پازدە لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنی.

**٦. هەندێ شتمەکی دروتسکراوی دیکە**

بریتییە لە پێستەی خۆشکراو شتمەکی دروستکراو لە تەپەدۆر و دار و کاغەز و کارتۆن و شتی رێسراو و چنراو و ماددەکانی مەعدەن و ئاسن و پۆڵا... هتد. ئەوانە هەموویان پێکەوە، نزیکەی سی و دوو لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنی. ئەگەر سەرنجێکی ورد لە سامان و توانای کوردستان بدەین، لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و سامانە کانزاییە جۆراجۆرەکان ورد ببینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ و دەتوانین

بڵێین، شانسی کەمکردنەوەی ئەو جۆرە شتومەکانە، لە کەرتی بازرگانی دەرەوەدا زۆرە.

**٧. ئامێرەکانی گواستنەوە**

بریتییە لە ئامێرەکانی بە دەسهێنانی وزە و ئامادەکردنی هەندێ پیشەسازی تایبەتی و رادیۆ و بێتەلەکان و کارەبایی و هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی. ئەوانە هەموویان بەسەریەکەوە، نزیکەی چوار لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنی.

**٨. شتمەکی دروستکراوی هەمەچەشنە**

بریتییە لە پێویستییەکانی گەرمکردنەوە و رووناککردن و رایەخ و سەفەرکردنی وەکو جانتا و شتمەکی بەرگ و پێخەف و پیل و کامێرا و کاتژمێر... هتد. رێژەیان لە یەک لە سەدی گشت کەلوپەلە لە دەرەوە هێنراوەکان پێک دەهێنی.

**جوگرافیای بازرگانی دەرەوە**

کوردستان وەکو وڵاتێکی بەرهەمهێنەر، پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ زیاتر لە سەد دەوڵەتی جیهاندا هەیە. وەلێ ئەو پەیوەندییە ئابوورییە، لەگەڵ زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا، لە بەرژەوەندیدا نییە، چونکە ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، کە بەرهەمەکانی کوردستان دەکڕن، ئەوانی دیکەیان تەنیا بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ دەفرۆشن. ئەو وڵاتانەی پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵیدا هەیە، لە رووی پلەی پەیوەندییەکانی بازرگانی و چەندایەتی و نرخ و جۆری شتمەک و کارتێکردنیان لە ئابوورییەکەی، بەسەر چەند دەستەا دابەش دەکەم.

**١. وڵاتانی باشووری ـ رۆژئاوای ئاسیا**

کوردستان پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەو گروپە وڵاتانەدا هەیە. بە تایبەتی ئێران و تورکیا و سوریا و

عێراق. مێژووی پەیوەندییەکە بۆ سەدان ساڵ لەمەو بەر دەگەڕێتەوە. ڕێژەی ئەو وڵاتانە لە نۆهەد لە سەدی گشت بازرگانی دەرەوە زیاترە.

کوردستان بە زۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرووبومی ئاژەڵ و ئاژەڵی زیندوو و دار و میوە و سەوزە و بەرهەمی دیکە، بۆ ئەو وڵاتانە دەنێری. لە بەرامبەر ئەوانەشدا، هەندێ شتمەکی پیشەسازی و جلوبەرگ و پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی دەهێنێ.

**٢. وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا**

وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵەمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و پورتوغال و ئیتالیا و یۆنان... هتد، پەیوەندییەکی بازرگانی زۆر تونددوتۆڵیان لەگەڵ کوردستاندا هەیە. ئەو دەوڵەتانە بە زۆری کەلوپەلی دروستکراوی بۆ دەنێرن، وەکو ترومبیل بە هەموو جۆرەکانییەوە و مەکینەی کشتوکاڵی هەر لە تراکتۆر و کەمباینەوە تاکو دەگات بە پەمپی ئاو و ئامێری کارەبایی و کەرستەی پزیشکی و داو و دەرمان. کوردستانیش کەمێک لە بەرهەمی کشتوکاڵ نەبێ، ئەگینا جگە لە نەفت، هیچ شتێکی دیکە، بۆ ئەو دەوڵەتانە رەوانە ناکات. لەبەر ئەوە ئەو جۆرە پەیوەندییە بازرگانییەی، لە نێوان کوردستان و ئەو وڵاتانەدا هەیە، تەنیا لە قازانجی ئەوان دایە.

**٣. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا**

کوردستان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا هەیە، بە تایبەتی روسیا و پۆڵۆنیا ... هتد. لە کوردستانەوە گەلێ بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و هەندێ بەرهەمی دیکەش، بۆ ئەو وڵاتانە رەوانە دەکرێ. لە بەرامبەر ئەوانەشدا، هەندێ مەکینە و کەرستەی کارەبایی... هتد دەهێنرێ.

ئەگەرچی تەرازووی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا، دیسانەوە لە بەرژەوەندیدا نییە، وەلێ لە هی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپادا کەمترە.

**٤. وڵاتانی ئەمریکای باکوور**

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە رووی پەیوەندی بازرگانییەوە لەگەڵ کوردستاندا، نەک هەر بە یەکێ لە وڵاتە گرنگەکانی ئەمریکای باکوور دادەنرێ، بەڵکو بە یەکێ لە هەرە گەورەترین و گرنگترین وڵاتەکانی جیهان دەژمێردرێ. بە شێوەیەکی گشتی، ئەو وڵاتە تازەترین بەرهەمی پیشەسازی و تەکنیکی بۆ کوردستان دەنێرێ، وەکو ترومبێل و شتمەکی کارەبایی و هەندێ شتمەکی ورد وردی دیکەش. ئەو شتممەکانەی کوردستان بۆ ئەو وڵاتەی دەنێرێ، لە هەموو روویەکەوە، شتێکی ئەوتۆ نییە کە لە بازرگانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بایەخێکی گرنگی هەبی و جێگەیەک بۆ خۆی داگیر بکات.

بازرگانی کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئەمریکای باکوور ، لە نیوانیاندا مەکسیک، زۆر کزە.

**٥. هەندێ وڵاتی دیکە**

جگە لەو وڵاتانەی لە سەرەوە باسمان کردن، کوردستان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەندێ لە وڵاتەکانی دیکەی جیهاندا هەیە. وەکو بەرازیل و یابان و چین، هەندێ لە وڵاتانی عارەبی لە کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و چەند وڵاتێکی ئەفەریقایی دیکەش. رێژەی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەوە زۆر کەمە و لە باشترین باردا لە دوو لەسەدی گشت بازرگانی دەرەوە تێپەڕ نابی.

دووەم. ناردە

چەشنەکانی شتمەکی ناردراو بۆ دەرەوە ئاستی پێشکەوتنی ئابووری وڵات بەرچاو دەخات و لە بواری چیدا. ئەگەر لیستی شتمەکی ناردراوی ساڵانە، پێش چاو بخەین، ئەوا دەگەینە ئەو راستییە، کە کوردستان نەوەک هەر وڵاتێکی کشتوکاڵییە، بەڵکو وڵاتێکی ئابووری دوا کەوتووشە.

پێکهاتەی ناردەی دەرەوە

ئەو شتومەکانەی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ، لەسەر بناغەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانیان، بەسەر سێ دەستەدا دابەشیان دەکەم.

١. بەرهەمی کشتوکاڵی

بریتیە لە گەنم و جۆ و برنج و نیسک و نۆک و ماش و تووتن و لۆکە و ترێ و هەنجیر و قۆخ و هەرمێ و سێو و شوتی و کاڵەک و تەماتە و باینجان و کولەکە و گەلێ بەرهەمی کشتوکاڵی دیکەش، ساڵانە لە کێڵگە و باخچەکانی کوردستاندا، بە سەدان هەزار تەنیان لێ بە بەرهەم دەهێندرێ و دەدورێتەوە و دەڕندرێ و کۆ دەکرێتەوە. ئەو بەرهەمانە، گەلێ لەوە زیاترە، کە بازاڕەکانی ناوخۆ پێویستییان پێی بی. لەبەر ئەوە، هەموو ئەو بەرهە زیادانە، بۆ بازاڕەکانی دەرەوە دەنێردرێ. ئەو پرۆسە لە لایەن دەزگا تایبەتییەکانی دەوڵەت و کۆمپانیا بازرگانییەکان و هەندێ بازرگانی ناوخۆوە، بە ئەنجام دەگەیەندرێ.

بەروبوومەکانی کشتوکاڵ، دەگاتە، تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و لە وێشەوە بۆ بازاڕەکانی وڵاتی ئەوروپای وەکو ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئینگلتەرە و فەڕەنسا و سوید و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ....هتد دەنێردرێ.

۲. بەروبۆمی ئاژەڵی

بارودۆخی سروشتی و هەڵکەوتی جوگرافی و ئاو و هەوای کوردستان، زۆر لە بارن بۆ ئەوەی بەروبوومی ئاژەڵ، بە شێوەیکی باش و بە دەستکەوتێکی چاک بەرهەم بهێندرێ. جگە لە ئەزموونی قووڵی سەدان ساڵەی جوتیار و مەڕدار ، لە رووی بەخێوکردنی مەڕومالاتی وردەی وەکو مەڕ و بزن و درشتەی وەکو مانگا و گامێش و وڵاخی بەرزەی وەکو ئەسپ و ماین و بارگین و هێستر و کەر و پەلەوەڕی وەکو مریشک و کەڵەشێر و قاز و مراوی و عەلەشیش، کە گەرەنتی بەرهەمێکی باشی ساڵانە دەدا و بازاڕەکانی ناوخۆ، بەو جۆرە بەرهەمانە بە زیادەوە پڕ دەکات. ئەوانەی بەم جۆرە کارانە هەڵدەستن، بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان، لە شتمەکی دروستکرا و و شەکر و چا ... هتد دابین بکەن، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانیان، بە جامباز و گۆشتفرۆش دەفرۆشن، ئەوانیش بەشێکی زۆر لەو بەرهەمانە، بۆ دەرەوە رەوانە دەکەن. شتێکی سەیر و کارێکی سەرسوڕهێنەر نییە، ئەگەر بڵێین، بەشێک لە سپیاتی کوردستان، لە زۆربەی بازاڕەکانی ئەوروپادا هەیە.

۳. بەرهەمی دارستان و رووەکی خۆڕسک

زۆربەی زۆری نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، بە دارستان و رووەکی سروشتی داپۆشراون و رازاونەتەوە. دارستانەکان سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنانی دار پێک دەهێنێن. لەم ساڵانەی دواییدا، لەبەر زیادبوونی پێویستییەکانی ژیان و داواکاری بەردەوام بۆ دروستکردنی کەلوپەلەکانی وەکو تەختە و خانوو و موبێل، هەروەها بۆ دروستکردنی کاغەز و کارتۆن... هتد، بازاڕی بازرگانیکردنی دار، گەلێ گەرم بووە. ئەوە جگە لە بەرهەمی هەندێ لەو درەختە بەردارانە، کە ئەوەندەی دیکە

ڕەواجی زیاد کردوون، وەکو قەزوان و جەفت و بنێشت و مێو و بەڕو و سیسی و کۆکردنەوەی هەندێ گژوگیای تایبەتی، کە بۆ دروستکردنی شتمەک و دەرمان گرتنەوە بەکار دەهێندرێ. ئەو جۆرە بەروبوومانەی لە کوردستاندا دێنە بەرهەم و لەسەرەوە باسمان کردن، بۆ تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دەبرێن و لەوێشەوە بە ڕێگەی ئاسمانی و شەمەندەفەر و ئاوی، بەرەو بازاڕەکانی ئەوروپا دەنێردرێ.

## ژێربابەتی ٢. بازرگانی ناوخۆ

جیاوازی تۆپۆگرافی و ئاووهەوا، لە نێوچەیەکەوە بۆ نێوچەیەکی دیکە، کارێکی ئەوتۆی کردووە، کە لە کوردستاندا گەلێ بەرهەمی جیاواز لە ساڵێکدا، بهێندرێتە بەرهەم. بە نموونە، لە نێوچە شاخاوییەکاندا دەتوانرێ، مەڕوماڵاتێکی زۆر بەخێو بکرێ و تووتن و بێستان بکرێ و هەموو چەشنە سەوزەیەک بە بەرهەم بهێندرێ و هەندێ داری بەرهەمداریش بڕوێندرێ. لە هەمان کاتدا لە نێوچە دەشتاییەکاندا دەغڵودان و بەرهەمی دیکە بچیندرێ. لە شارەکانیشدا، بە تایبەتی لە گەورەکاندا، خەڵکی بە کاروباری پیشەسازییەوە خەریکن. ئەوە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر یەکێ لەو نێوچە جیاوازانە، جۆرە بەرهەمێکی تایبەتی دەچێنن و بەو پێیەش، دانیشتوانی هەر نێوچەیەک، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتی هەرێمەکەی دیکە دەبی، واتە بەگوێرەی ئەو پێویستییانەی کۆمەڵانی خەڵکی نێوچە جیاجیاکانی کوردستان، جوڵانەوەیەکی بازرگانی ناوخۆ لە کڕین و فرۆشتن، لە نێوان هەرێمەکاندا دروست دەبی، بەرهەمی نێوچەیەکی دیاریکراو بۆ

نێوچەیەکی دیکە دەبردرێ. هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی بازرگانی ناوخۆ ئەوانەی خوارەوەن.

١. رێژەی هەموو ئەو بازرگان و دوکاندار و میوەفرۆش و وردەفرۆشانەی، کە ژمارەکەیان لە دەوروبەری یەک ملیۆن کەس دەبی، تەنیا چوار لە سەدی گشت دانیشتوانی چالاک لە بواری ئابووریدا پێک دەهێنن. رێژەکە بە شێوەیەکی بەردەوام، لە کەم و زۆری دایە، هۆکەشی بۆ جیاوازی وەرزەکانی ساڵ دەگەڕێتەوە. ڕێژەکە لە هاوین و پایزدا کەم دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی زیاتر بە کاروباری کشتوکاڵەوە خەریکن. لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاریشدا زیاد دەکات، لەبەر ئەوەی لەم وەرزانەدا، لە گوندەکانی کوردستاندا بێکارییەکی زۆر بڵاو دەبێتەوە.

٢. ژمارەی هەموو دەزگا بازرگانییەکانی ناوخۆی وەکو دوکان و مەخزەن، دەوروبەری ٧٥٠ هەزار دانەیەک دەبی. لەوانە سێزدە لە سەدیان بۆ کڕین و فرۆشتنی چەنددانە و هەشتاو حەفت لە سەدیان بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەدانە تەرخان کراون.

٣. بازرگانی ناوخۆ، حەفت لە سەدی گشت دارایی نیشتمانی کوردستاندا، پێک دێنی. رێژەکە لەچاو ژمارەی بازرگانەکاندا کەمە و ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە زۆربەیان دوکانداری بچووک و بێسەرمایە و دەستفرۆشەکانی سەر شەقامن لە شارەکاندا.

٤. ئەو شتومەکانەی لە بازاڕەکانی ناوخۆدا ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ، هەمەچەشنەن. لە هەمووشیان زیاتر(پەنجا لەسەد)، ئەو کەلوپەلانەن کە رۆژانە بەکاردەهێندرێن و بە تایبەتی خواردن و خواردنەوە. پاشان ئەو شتومکانە دێن، کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەکار دەهێندرێن، رێژەیان خۆی لە بیست لە سەد دەدات. ئینجا ئەو شتومەکانەی پاش ماوەیەک، پێویستیان بە گۆڕین هەیە.

ڕێژەیان لە بیست لە سەد دەبی. لە دوای ئوانەشەوەوە، کەلوپەلەکانی بەرهەمهێنان دێ، کە ڕێژەیان لە پێنج لەسەدی گشت شتمەکی بازرگانی ناوخۆ کەمترە.

٥. شارەکان بە شێوەیەکی گشتی و شارە گەورەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، بە مەڵبەندی سەرەکی بازرگانی ناوخۆن و حەفتا لە سەدی هەموو بازرگانی ناوخۆ پێک دەهێنن. لەو شارە بەناوبانگانەش، شارەکانی گازی ئانتەب و موسڵ و هەولێر و ارومیە و دیاربەکر و هیدیکە، کە دەستیان بەسەر زیاد لە نۆهەد لە سەدی بازرگانییەکانی ناوخۆدا گرتووە. گوندەکانیش تەنیا سی لە سەدی بازرگانی ناوخۆیان، تێدا بە ئەنجام دەگەیەندرێ.

٦. دوکانەکان لە لایەکەوە شوێنی بەرهەمهێنانە و لە لایەکی دیکەشەوە جێگای کڕین و فرۆشتنە، بە تایبەتی ئەو دوکانانەی بە بەرهەمهێنانی شتمەکی خۆماڵییەوە خەریکن، وەک زێڕینگرری ودارتاشی و ئاسنگری، کەوش و پێڵاودرووەکان... هتد.

٧. ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەی مەخزەنەکان زیادیان کردووە، وەلێ لەچاو ژمارەی دوکانەکاندا، زۆر کەمن. ئەوەش دواکەوتوویی باری ئابووریی کوردستان نیشان دەدا. لەوانەیە بەرامبەر هەر یەک مەخزەن پازدە دوکان هەبێ.

٨. پرۆسەی کڕین و فرۆشتن، هەندی جار، بە قەرزە. دوکاندارەکان ماوەیەک لەسەر کڕیارەکانییان دەوەستن.ئەو جۆرە کڕین و فرۆشتنەش، لەو کاتانەدا روو دەدات، کە بڕوایەکی تەواو لە نێوان فرۆشیار و کڕیاردا هەبی.

٩. دەزگاکانی هەرەوەزی بەکارهێنان، تا سەرەتای حەفتاکانیش هێشتا دانەمەزرا بوون. کاربەدەستانی دەوڵەت، چەند دەزگایەکیان دامەزراند، ئەوەش بە مەبەستی فرۆشتنی شتمەکی

بەکارهێنان بوو، کە بە نرخێکی کەمتر لە نرخی دوکاندارەکان، بە ئەندامانی کۆمەڵەکانی خۆیان دەفرۆشت.

١٠. لە زۆربەی گوندەکاندا، بۆ فرۆشتنی پێویستییەکانی ڕۆژانە، بە تایبەتی شەکر و چا و هەندێ جلوبەرگی ئامادەکراو و پێڵاو و وردەواڵە و پێویستییەکانی کشتوکاڵ، هەندێ دوکان پەیدا بوون و کرانەوە.

**پێکهاتەی بازرگانی ناوخۆ**

شتمەکی بازاڕی ناوخۆ، لە ڕووی شێوەی بەکارهێنان و دروستکردنەوە، بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکەم:

**١. بەرهەمی کشتوکاڵی**

شتمەکی ناوخۆ، زیاتر لە حەفتا لە سەدی لە بەرهەمی کشتوکاڵی، بە تایبەتی خواردن، پێک هاتووە. شوێنەکانی بەرهەمهێنانی دەغڵودان، وەکو گەنم و جۆ و برنج... هتد. لەو شوێنانەی بەرهەم دەهێندرێن، کە ساڵانە خۆی لە سەدان هەزار تەن دەدات، بۆ ئەو شوێنانە دەنێردرێن، کە بەرهەمی ساڵانەیان کەمە و بەشی تێرکردنی سکی دانیشتوانی ئەو نێوچانە ناکات. نرخی یەک تەن خواردن، بە تایبەتی گەنم، ئەگەرچی ساڵ بە ساڵ لە زیادبوون دایە، لە هاویندا لەچاو زستاندا کەمترە.

**٢. بەروبۆمی ئاژەڵ**

بازرگانی ئاژەڵی زیندوو لەگەڵ بەروبوومەکانیان، نزیکەی بیست لە سەدی گشت بازرگانی ناوخۆ پێک دەهێنێ. نێوچە شاخاوییەکان بە گرنگترین نێوچەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی بەروبوومی ئاژەڵ دادەنرێ. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، نێوچە شاخاوییەکان، لە ڕووی ناردنی ئەو بەرهەمانەوە، بۆ شوێنی بەکارهێنانیان، (بە زۆری شارە گەورەکان) بە نێوچەیەکی سەرەکی لە قەڵەم دەدرێ.

### ٣. شتمەکی پیشەسازی

شتمەکی پیشەسازی زیاتر لە شارەکاندا، لەچاو گوندەکاندا بە بەرهەم دەهێندرێ. لەبەر ئەوە شارەکان بە یەکەم مەڵبەندی سەرەکی ناردنی کەلوپەلە پیشەسازییەکان، بۆ گوندەکان دادەنرێ.

### ٤. بەروبوومی دارستان

نێوچە شاخاوییەکان، نەک هەر تەنیا مەڵبەندی سەرەکی دارستان و بەرهەمهێنانی دارە، بەڵکو بە هەمان شێوەش، بە جێگایەکی گرنگی بەرهەمهێنانی هەموو چەشنە میوەیەک دادەنرێ. بۆیە دانیشتوانی نێوچە دەشتاییەکان، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان لە میوە، پەنا بۆ بەر نێوچە شاخاوییەکان دەبەن.

## ژێربابەتی٣. بازرگانی دیکە

دوو جۆرە بازرگانی دیکە لە کوردستاندا هەیە. وەلێ رەژەیان لە بازگانی گشتییدا زۆر کەمە.

### ١. ترانسێت

کوردستان بۆ ئێران و تورکیا و سوریا و عێراق، هەروەها بۆ وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپا و وڵاتە کشتوکاڵییەکانی باشووری ئاسیا، بە ئەڵقەیەکی گرنگی پەیوەندی نێوان ئەو وڵاتانە دادەنرێ. خەرجی گواستنەوەی ساڵانەی شتمەکە بازرگانییەکانی ئەو وڵاتانە، ئەگەر بە نێو کوردستاندا تێپەڕن، هەروەها بۆ خەڵک ئەگەر هاتوچۆی پێدا بکەن، چ لە رێگای زەمینییەوە بێ، چ لە رێگەی هێڵی ئاسمانییەوە بێ، بۆ ئەوان گەلێ هەرزان دەکەوێ. لە راستیشدا هەر وایە و لە مێژە وڵاتەکانی دەوروبەر و ئەوروپا، کەڵکیان لە تایبەتمەندی هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان وەرگرتووە. خاکی کوردستانیان بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان،

بە لۆری گەورە، وەک ڕێگایەکی سەرەکی بەکار هێناوە، ساڵانە بە دەیان هەزار تەن شتمەکی بازرگانی هەمەچەشنە بار دەکەن و لەم دەوڵەتەوە بۆ ئەو دەوڵەتی دەنێرن.

لەبەر نەبوونی ئاماری بازرگانی ترانسێت، لەبەر نەزانینی قەبارە و پێکهاتەی شتوموکە بازرگانییەکانی نێوان ئەو وڵاتانە، ناتوانرێ رووی راستی بازرگانی ترانسێتی کوردستان، وەکو هەیە بخرێتە پێش چاو. وەلێ بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئابووری و پلەی پێشکەوتن، دەکرێ بگوترێ، کە شتمەکەکان بە زۆری بریتین، لە شتمەکی خواردن و هەندێ کەلوپەلی دروستکراو، ناوبەناویش بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی نەفت، وەک بەنزین و گازۆیل و رۆن و هیدیکە.

گومرگی ترانسێت، لە لایەن ئێران و تورکیا و سریا و عێراق وەردەگیرێ، بەشێکی زۆر کەمی نەبێ، ئەوی دیکەی هەمووی لە دەرەوەی کوردستان خەرج دەکرێ.

گومرگی هەندی خاڵی سنووری، بە نموونە، هی برایم خەلیل و حاجی ئۆمەران و باشماخ و هەندێ شوێنی دیکە، لە ساڵی ١٩٩١وە لە ژێر دەستی حوکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان دایە، گومرگەکەشی ساڵانە خۆی لە سەدان هەزار دۆلار دەدات.

**٢. قاچاغ**

کڕین و فرۆشتن لە نێوان دانیشتوانی ئەم بەر و ئەو بەری سنوورەکان، هەمیشە هەبووە. شتمەک دەکڕدرێ و بە قازانج دەفرۆشرێتەوە.

ئەو جۆرە بازرگانیکردنە، سەرچاوەی پەیداکردنی بژێوە بۆ سەدان خێزان گوندەکانی نزیک سنوورەکان و بەتایبەتی هی رۆژهەڵاتی کوردستان.

قاچاغ لە هەندێ سەردەمدا، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، تاکە رێگە بووە.

سەرچاوە و تێبینی

١. دولت احمد صادق و محمد السيد غلاب و جمال الدين الديناصوری. الجغرافية السياسية، الطبعة الرابعة، القاهرة، ١٩٧٠
٢. عباس جعفری. گیتا شناسی إیران، جلد آول، کوهها و کوهنامه إیران، تهران، گیتاشناسی، مهرماه، ١٣٦٨ . ص ٢٧٨ ـ ٢٨١
٣. کەنداو لە سەرچاوەکانی فارسییدا بە کەنداوی فارسی و لە هی عارەبیدا بە ناوی کەنداوی عارەبی و لە هی ئەوروپی(دوای جەنگی کەنداوی یەکەم) بە ناوی کەنداو تۆمارکراوە.
٤. عبدالقادر کوڕی ڕوستەمی بابان، ڕەوشی کوردان، مێژووی کوردستان. وەرگێڕانی کەریمی حیسامی، ستۆکهۆڵم – ١٩٩١ ل ٢٤
٥. جزا توفیق طالب. المقومات الجیوبولتیکی للامن القومی فی اقلیم کردستان. مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجی. السلیمانیة ـ ص
٦. ئەوەیان لە ڕۆژی شەممە ٢٠١١/٣/٢٩ بە شێوەیەکی فەرمی و بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و سەرۆکی وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئۆردوغان و مێوانێکی زۆر کرایەوە.

## ليتراتوره

### كوردى

*عەبدوڵلا غەفور. ئەتنۆ - ديمۆگرافياى باشوورى كوردستان، هەولێر ـ ١٩٩٥

* عەبدوڵلا غەفور. جوگرافياى باشوورى كوردستان. سلێمانى ـ ٢٠٠٨

* عەبدوڵلا غەفور. جوگرافياى دانيشتوانى كوردستان، ستۆكهۆڵم ـ ١٩٩٤

* عەلى ئەسغەرى شەميمى هەمەدانى. جوگرافياى كوردستانى ئێران.

*عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمين زەبێحى لە فارسييەوە كردوويە بە كوردى، چاپخانەى كۆڕى زانيارى عێراق، بەغدا ـ ١٩٨٠

*مستەفا شێخ نيعمەتوڵلا. جوگرافياى كوردستانى عێراق، گۆڤارى گەلاوێژ، ژمارە ... ، بەغدا ـ ١٩٤٣

### عارەبى

* احمد شريف الماردينى. محاظة الحسكة، دراسة طبيعية تاريخية بشرية اقتصادية تحولات و افاق مستقبليه، دمشق ـ ١٩٨٦

* جاسم محمد الخلف (الدكتور). جغرافية العراق الطبيعية، الاقتصادية، البشرية.القاهرة ـ ١٩٦٥

* خطاب صگار العانى نورى خليل البرازى. جغرافية العراق، بغداد ـ ١٩٧٩

* رجاء وحيد دويدرى. جغرافية سورية و الوطن العربى، دراسة فى الوضع الطبيعى و الكيان البشرى والبناو الاقتصادى، دمشق ـ ١٩٨٢

* شاكر خصباك (الدكتور). العراق الشمالى، دراسة لنواحيه الطبيعية و البشرية، مطبعة الشفيق، بغداد ـ ١٩٧٣
* عادل عبد السلام (الدكتور)
جغرافية سورية، الجزء الاول، فى الجغرافية الطبيعية و البشرية و الاقتصادية، دمشق ـ ١٩٧٣
جغرافية سورية الاقليمية، القسم الثانى (الوحدات الجغرافية الطبيعية دمشق ـ ١٩٨٣
* عبدالرحمن حميده. جغرافية سوريا البشرية. القاهرة ـ ١٩٧١
* كوردن هستد. الاسس الطبيعية لجغرافية العراق، ترجمه جاسم محمد الخلف، المطبعة العربية، بغداد ـ ١٩٤٨

**فارسی**

* احمد حسين عدل. اب و هوای ايران، تهران ـ ١٣٣٩
*جمهوری اسلامی ايران وزارت اموزشس و پرورش سازمان پرورش برنامه ريزی اموزشی.
جغرافيای كامل ايران ١ طهران ـ ١٣٦٦
جغرافيای كامل ايران ٢ طهران ـ ١٣٦٦
* مسعود كيهان
جغرافيای مفصل ايران. ١ طبيعی، مطبعه مجلس، طهران ـ ١٣١٠
جغرافيای مفصل ايران. ٢ سياسی، مطبعه مجلس، طهران ـ ١٣١١
جغرافيای مفصل ايران. ٣ اقتصادی، مطبعه مجلس، تهران ـ ١٣١١

**بڵاوكراوەكانی فەرمی**

* الجمهورية العراقية. وزاره التخطيط، الجهاز المركزی للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية
* جمهوری اسلامی ايران. سازمان برنامه و بودجه مركز امار ايران. سالنامه اماری كشور

* جمهوری اسلامی ایران. سازمان برنامه و بودجه مرکز امار ایران. سرشماری عمومی نفوس و مسکن
* الجمهورية العربية السورية. رئاسة مجلس الوزراء المكتب المركزی للاحصاء . عدد السكان وفقا لتعداد ١٩٩٤ و تقديراتهم فی منتصف العام خلال السنوات ١٩٩٥ ـ ٢٠٠٥ حسب التقسيمات الادارية محافظة الحسكة. محافظة الحلب. محافظة الرقة.

## Türkce

*Çemalettin Şahin.Türkiye fiziki Coğrafyası Ankara 2002.
*Genel Nüfus Sayımı.
*İbrahim Atalay.Türkiye Coğrafyası İzmir 1992.
*İbrahim Atalay.Türkıye Coğrafyası ve Jeopolitiği İzmir 2000.
*Hüseyin Saraçoğlu Doğu. Anadolu Bölgesi İstanbul 1989.
*Reşat İzbırak.Türkiye I İstanbul 2001.